# تەفسیری سورەتی

# یوسف

## علیه السلام

لەگەڵ دەرس و پەندو ئامۆژگاریەکانی

ڕاڤەکردنی
د.عبداللطیف أحمد مصطفى

# تەفسیری سورەتی
# یوسف علیه السلام
## لەگەڵ دەرس و پەندو ئامۆژگاریەکانی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی

سورەتی یوسف -ﷺ- سورەتێکی زۆر گەورەیە دەرس و پەندو ئامۆژگاری و عیبرەتی زۆری تێدایە بۆ هەموو چین و توێژێک، بۆ گەنج و بۆ پیر، بۆ ژن و بۆ پیاو، بۆ دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات زۆر سودی تێدایە، لە قورئاندا بەسەرهاتی زۆرێک لە پێغەمبەرانی علیهم الصلاة والسلام تێدایە، وە بەسەرهاتی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام دووبارە بۆتەوە لە قورئاندا، واتە بەچەند شێوازێک خوای پەروەردگار بەسەرهاتی پێغەمبەرانی باس کردوە؛ وە دووبارەی کردۆتەوە بە درێژی و بە کورتی، بەڵام بەسەرهاتی یوسف -ﷺ- تەنها یەک جار لەیەک سورەتدایەو دووبارەی نەکردۆتەوە، بەڵام درێژترین بەسەرهاتە لە قورئاندا سەدو یانزە ئایەتی لەسەرە کە بەدوای یەکدا لەسەر بەسەرهاتی یوسف -ﷺ-، وە چەند بەشێکە واتە ڕونی کردۆتەوە کە ژیانی یوسف -ﷺ- بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لە هەر قۆناغێکیدا کۆمەڵێک سودی زۆری تێدایە، لەهەر قۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانیدا چین و توێژێکی تایبەت سودێکی زۆری لێدەبینێت إن شاء الله؛ لەبەر ئەوە زۆر گرنگە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الر ۚ تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ ﴿١﴾

**ئەلیف لام ڕا**: سێ پیتن نەک یەک وشە بن، ئەم سورەتە موبارەکە بەم سێ پیتە دەستی پێکرد وەک کۆمەڵێک لەسورەتەکانی تری قورئان بە پیتێک یان دوان یان سیان یان چوار یان پێنج دەستی پێ کردووە، پیت واتە (حەرف) لەزمانی عەرەبیدا هیچ مانایەکی نییە؛ وە لەزمانی کوردیشدا مانای نیە ئێستا کەبڵێین (ب، ت، ث، ل) وەک خودی پیت هیچ مانای نیە، بەڵام کە پێکەوەت لکاندن وشەیان لێ دروست دەبێت، بۆنمونە (د، ا، ی، ک) ئەو پیتانە پێکەوە وشەیەکی دروست کرد کە وشەی (دایک)ـە، ئەلیف بەتەنیا هیچ مانایەکی نیە، ئەی کەوایە بۆچی خوای پەروەردگار هەندێ لەسورەتەکانی بە پیت دەست پێ کردوە کە زانیمان خودی پیت بەتەنها هیچ مانای نییە کەواتە حیکمەتەکە چیە؟

زۆربەی زانایانی تەفسیر دەڵێن حیکمەتەکەی ئەوەیە ئەم پیتانە بۆ ئەوەیە کەخوای پەروەردگار بە عەرەب وغەیری عەرەبیش بفەرموێت ئەگەر ئێوە باوەڕناکەن کە ئەم قورئانە قسەی خوابێت، وگومانتان وایە کەلام و قسەی مرۆڤ بێت، ئێ باشە خۆ ئەم قورئانە لەم پیتانەو هاوشێوەی ئەوانە پێک هاتوە، دەی خۆ ئێوەش قسە بەم پیتانە دەکەن و ئەم پیتانە لەبەردەستی ئێوەیەشن، کەواتە فەرمون:

١. قورئانێکی وەک ئەم قورئانە لەم پیتانە دروست بکەن،
٢. کە نەتان توانی تەنها (دە) سورەت هاوشێوەی قورئان بێنن،
٣. کە نەتانتوانی تەنها یەک سورەت وەکو سورەتەکانی قورئان لەم پیتانە دروست بکەن، ئەو کاتە قسەکەتان دێتە جێ وگومانەکەتان ڕاست دەردەچێت کە قورئان کەلامی خوانیەو کەلامی مرۆڤە،

ئەی کە نەتانتوانی! ئەوا دەرکەوت کە ئێوە ڕاستتان نەکرد وە قورئان کەلامی مرۆڤ نییە نە محمد -ﷺ- نە غەیری ئەویش، بەڵکو کەلامی خوای مرۆڤەکانە، ئەمەش تەحەددایەکی ویژدانیانەی مەنطقیانەیە، بۆنمونە ئەگەر وەستایەک بێت مزگەوتێک دروست بکات مزگەوتیش لە خشت و چیمەنتۆو گەچ وشیش و لەم شتانە دروست دەکرێت، ئێستا ئەگەر ئەم کەسە بێت بەخەڵک بڵێ مزگەوتێکم دروست کردوە تەحەداتان ئەکەم هیچ کەسێک لەسەر ڕوی زەوی ناتوانێ وەکو ئەم مزگەوتە دروست بکات فەرموون کەرەستەکەش کەمن مزگەوتم پێ دروست کردووە ئەوە لەبەردەستانە فەرموون دروستی بکەن، ئەوە کەرەستەکە لەبەردەستانە!

دەڵێین زۆرێک لە خەڵک دەتوانێ هەمان شێوەو باشتریش دروست بکات، چونکە هەمان کەرەستەی تۆ لەبەردەستیانە مزگەوتێکی پێ دروست دەکەن لە مزگەوتەکەی تۆ خۆشتر، کەواتە قسەکەی درۆ دەرچوو،خوای پەروەردگاریش پیتەکانی داوەتە دەست موشریکەکان کە دەیان وت {إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ} قورئان کەلامی خوانیە قسەی مرۆڤەو لەلایەن خواوە نەهاتوە محمد درۆ بەناوی خواوە دەکات، -والعیاذ بالله-، ئێ خوای گەورە دەفەرموێ ئەمە حەرفەکانن کە ئەم قورئانەیان لێ پێک هاتووە لەبەردەستتانە دەی پیاوبن قورئانێکی هاوشێوەی ئەوە بێنن، {فإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا} [البقرة: ٢٤]. جا کە نەتانتوانی وە ناشتوانن تا ڕۆژی قیامەت دەی لەخوا بترسن و تەوبە بکەن و بێڕێزی بەرامبەر کەلامی خوا مەکەن، کەواتە ئەم پیتانەی سەرەتای سورەتەکان بۆ ئیعجازە، واتە بێ دەسەڵات کردن و پەکخستنی بەرامبەرە کە دەیەوێ بوهتانێک بکات درۆیەک بکات بەناوی قورئانەوە کە گوایە قورئان کەلامی مرۆڤبێت.

دوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت:

{تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ} ﴿١﴾ یەکسەر دوای ئەو حەرفانە باسی قورئان دەکات زانایان فەرموویانە ئەمە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەو تەفسیرو لێکدانەوەیەی کە کردمان کە ئەم حەرفانە بۆ ئەوەیە کەبڵێ قورئان کەلامی خوایە؛ چونکە دیقەت بەن لەهەر سورەتێکدا کەبەو حەرفانە دەست پێ بکات دوا بەدوای ئەوە باسی قورئان دەکات هەر وەک لەم نمونانەدا دەبینین:

١. {الم (١) ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ} [البقرة: ١، ٢].
٢. {الم (١) اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ (٢) نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ} [آل عمران: ١ - ٣]
٣. {المص (١) كِتَابٌ أُنْزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُنْ فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِنْهُ} [الأعراف: ١، ٢]
٤. {الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (١)} [يونس: ١، ٢]
٥. {الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ} [هود: ١]
٦. {الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ} [يوسف: ١]
٧. {المر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ} [الرعد: ١]
٨. {الر كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ} [إبراهيم: ١]
٩. {الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَقُرْآنٍ مُبِينٍ} [الحجر: ١]
١٠. {طه (١) مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى} [طه: ١، ٢]
١١. {طسم (١) تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ} [الشعراء: ١، ٢]
١٢. {طس تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُبِينٍ} [النمل: ١]
١٣. {طسم (١) تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ} [القصص: ١، ٢]
١٤. {الم (١) تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (٢) هُدًى وَرَحْمَةً لِلْمُحْسِنِينَ} [لقمان: ١ - ٣]

١٥. {الم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ} [السجدة: ١، ٢]

١٦. {يس (١) وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ} [يس: ١، ٢]

١٧. {ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ} [ص: ١]

١٨. {حم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ} [غافر: ١، ٢]

١٩. {حم (١) تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} [فصلت: ١، ٢]

٢٠. {حم (١) عسق (٢) كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ} [الشورى: ١ - ٣]

٢١. {حم (١) وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ (٢) إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ} [الزخرف: ١ - ٣]

٢٢. {حم (١) وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ (٢) إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنْذِرِينَ} [الدخان: ١ - ٣]

٢٣. {حم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ} [الجاثية: ١، ٢]

٢٤. {حم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ} [الأحقاف: ١، ٢]

٢٥. {ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ} [ق: ١]

وە گشت سورەتەکانی قورئان کە بە پیت دەستیان پێ کردووە دوای پیتەکان ڕاستەوخۆ یان دوای چەند ئایەتێک باسی قورئان دەکەن.

## تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ ﴿١﴾

{تلك} اسم ی إشارەیە، واتە ئەو ئایەتانە جا چ ئایەتەکانی سورەی یوسف بێت کەباسی بەسەرهاتی یوسف دەکات -ﷺ- یان چ تێکڕای ئایەتەکانی تر بێت کە پێش ئەم سورەتە دابەزیون .

{آيَاتُ الْكِتَابِ} هەمویان ئایاتی کتابێکە کە ئەم قورئانە پیرۆزەیە کە {الْمُبِينِ} واتە: ڕونکەرەوەیە، واتە قورئانێکە ڕێگای ڕاست بۆخەڵک ڕوون دەکاتەوە، حەڵاڵ وحەرام بۆخەڵکی لەیەک جیادەکاتەوە، حەق و باطل بۆخەڵک دەردەخات، ڕێگای بەهەشت وڕێگای جەهەنەم ئاشکرا دەکات، کتابێکی موبینە هەموو ڕاستێکان دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە.

إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢﴾

{إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا} خوای گەورە دەفەرموێت بەڕاستی ئێمە دامانبەزاندووە ئەم کتابە بە چ شێوازێک دامان بەزاندوە؟

بەو شێوازە دامان بەزاندوە کە قورئانێکە بەزمانی عەرەبیە.

بۆچی بەزمانی عەرەبیە؟

لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ بۆ ئەوەی بەشکو لە ئایەتەکان بگەن ؛ چونکە ڕەوان ترین وفەصیحترین زمان لەسەر ڕوی زەویدا زمانی عەرەبیە، کە ئەمە نکۆڵی لێ ناکرێت، وە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات بە بەڵگەوە، ئەمما بەعینادی و بەسەرکەشی ئەوە جیاوازە، ئەوە قسەی لەگەڵ ناکرێت کەسێک عینادی بکات بەبێ بەڵگە، ئەمما بە بەڵگەوە هیچ کەسێک نیە بڵێت زمانێک هەیە لەزمانی عەرەبی فەصیحتر، مستحیلە، هەرچەندە ئێمە کوردین، بەڵام ڕاستی دەبێت دانی پیادابنرێت، بەڵام نەک ئەو زمانە عەرەبیە جلْفییەی کە ئەمڕۆ زۆر لە عەرەب قسەی پێدەکات (شکو ماکو) نا، بەڵکو ئەم زمانە عەرەبیەی کە لەقورئان و حدیثدا هاتوە، ئەمەی خوای گەورە قورئانی پێ دابەزاندوە، پرسیار لەهەر کوردێکی شارەزا بکەیت کە لە زمانەکانی تر شارەزابێت دەڵێت زمانی عەرەبی هیچ زمانێک نایگاتێ ئینگلیزی ناگاتە زمانی عەرەبی، فارسی ناگاتە زمانی عەرەبی گومانی

تێدا نیە فراوانترین وە دەوڵەمەندترین زمانە، وەرە سەیری فەرهەنگەکانی زمانەکان بکەن و بەراورد بکەن لەنێوانیاندا دەبینن فەرهەنگی عەرەبی کە وشەی عەرەبی هێناوە، زۆر گەورەترە لەو فەرهەنگانە کە وشەو مانای زمانی کوردی تێدایە، ئەوەی عەرەبی چەند قاتە هەر زۆر گەورەترە زۆر، زمانی عەرەبی فراوانترین وە دەوڵەمەند ترین زمانە، بۆ هەموو شتێک (بۆ دەنگی بۆق، بۆ دەنگی ئەسپ، دەنگی مار، دەنگی مریشک، دەنگی مرۆڤ، دەنگی با، دەنگی خوڕەی ئاو) ماناو وشەی خۆی هەیە، بەهەر حاڵ زمانەکان هەموی خوای گەورە دایناون یەکێک لە ئایاتەکانی خوای گەورە {اخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ} [الروم: ٢٢] جیاوازی زمان بەڵگەیە لەسەر گەورەیی خوای گەورە، زمانی کوردێک و عەرەبێک و ئینگلیزێک و فارسێک هەر پارچە گۆشتێکە ئێمە دەیجوڵێنین بەکوردی قسەی پێ دەکەین ئەوی تر دەیجوڵێنێ بە عەرەبی ئەویتر بە ئینگلیزی ئەوی تر بە فارسی، ئێ سبحان الله خوایەکی گەورە کە مرۆڤەکانی دروست کردووە هەریەکەی بەزمانێک، کە دەڵێین زمانی عەرەبی ڕوونترین و فەصیحترین زمانە مانای ئەوە نیە کە ئەوانەی قسە بە زمانی عەرەبی دەکەن باشترن لەوانەی کە کوردن یان لەوانەی تورکن یا فارسن، نا باشێتی خەڵک بە باشێتی ئیمان و ئەخلاقیانە و بەباشێتی کردەوەیانە، ئەبولەهەب بەزمانی عەرەبی فەصیح قسەی دەکرد ئەم قورئانە چۆن هاتوە بەو زمانە قسەی دەکرد بەڵام بۆ جەهەنەم بوو، بەڵام بیلالی حەبەشی بۆ بەهەشتە، پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموی لە بەهەشتدا گوێم لە تەپە تەپی پێیەکانی تۆ بوو ئەی بیلال لەپێش من، واتە لە بەهەشت دەڕۆیشتی هۆکار چیە بیلالێکی حەبەشی ڕەش پێست ئێ خۆ زمانی ئەو زمانی عەرەبی

نەبو[1]، صوهەیبی ڕۆمی، سەلمانی فارسی کەواتە کە دەڵێین زمانی عەرەبی لەهەموو زمانێک فەصیحترە ئەوە مانای تەفضیلدانی عەرەبێک نیە بەسەر کوردێک یا فارسێک یا ئینگلیزێک، نەخێر ئەمە جیاوازە خوای گەورە دەفەرموێت ئێمە ئەم قورئانەمان بەزمانی عەرەبی دابەزاندوە، ئەی ئەگەر کورد بڵێ ئەی بۆچی بەزمانی کوردی نەبوو باشە ئەگەر بەکوردی بوایە فارسەکە دەیوت ئەی بۆ بەزمانی فارسی نەبوو، کەواتە هەر دەبێت بە زمانێک بێت، کێشە لەوەدا نیە بەزمانێکە بەڵام خوای گەورە فەصیحترین زمانی هەڵبژاردووە بەو زمانە قورئانی دابەزاندووە بۆچی؟ دەفەرموێ:

{لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ} خوای گەورە دەفەرموێ ئێمە بەزمانی عەرەبی قورئانمان دابەزاند بۆئەوەی بەشکو تێی بگەن و لێی حاڵی بن.

بەداخەوە زۆرێک لە ئێمەی میللەتی کورد واحاڵی بوین دەڵێین ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە عەرەب بێ عەقڵ بوون قورئانیان بۆ دابەزیوە بۆئەوەی عاقڵ بن!

نەخێر وانیە تۆ لەخۆتەوە تەفسیری قورئان مەکە، تەفسیری قورئان ئاوا ناکرێت خوای گەورە دەفەرموێت بۆیە بەزمانی عەرەبیمان دابەزاندووە؛ {لعلکم} بەشکو ئێوە هەموتان تێی بگەن، نەیفەرموو (لعلهم) بەشکو ئەوان، وە وشەی تعقلون یعني تێی بگەن، بۆ نمونە کە دەڵێیت: (اعقِلْه أو لا اعقله) واتە لەو شتە تێدەگەم

---

[1] عن بُرَيْدَةَ رضي الله عنه، قَالَ: أَصْبَحَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم يَوْمًا، فَدَعَا بِلاَلاً، فَقَالَ: "يَا بِلاَلُ بِمَ سَبَقْتَنِي إِلَى الجَنَّةِ؟ إِنِّي دَخَلْتُ الْبَارِحَةَ الجَنَّةَ فَسَمِعْتُ خَشْخَشَتَكَ أَمَامِي". فَقَالَ بِلاَلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا أَذَّنْتُ قَطُّ إِلاَّ صَلَّيْتُ رَكْعَتَيْنِ، وَمَا أَصَابَنِي حَدَثٌ قَطُّ إِلاَّ تَوَضَّأْتُ عِنْدَهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: "بِهَذَا "خ.م

یا تێی ناگەم، بەڵام کە ئێمە دەیکەینە کوردی دەڵێین فڵانە کەس بێ عەقڵە یەعنی کەسێکی گێلە، کەسێکی گەمژەیە!

ئەوە جیاوازە (تعقل) ئەوە نیە، چونکە وشەی (أعقل) واتە من لێی حاڵی دەبم لەو بابەتە و لێی تێدەگەم؛ چونکە بەزمانێک دایبەزاندوە زۆر ڕوونە بەشکو تێی بگەن.

سەرژمێری ژمارەی وشەکانی زمانەکان لە جیهاندا کراوە:



ژمارەی وشەکانی زمانی عەرەبی دوانزە ملیۆن و سێسەدو دو هەزارو نۆسەدو دوانزە وشەیە، زمانی ئینگلیزی شەسەد هەزار، زمانی فەرەنسی سەدو پەنجا هەزار وشەیە، زمانی ڕوسی سەدو سی هەزار وشەیە.

کەواتە خوای پەروەردگار بەو زمانە دایبەزاندوە کە هەموو زمانی دونیا کۆ بکەیتەوە لەوەیە بەقەدەر زمانی عەرەبی نەبێت وشەکانی.

بۆچی بەزمانی عەرەبي؟ {لعلكم تعقلون} واتە: بەشکو ئێوە تێ بگەن لە ماناو مەبەستەکانی خوای پەروەردگار .

واتە هەموو حیکمەت و مەبەستەکانی خوای گەورە کە لە عەبدەکانی خۆی دەوێت و لەقورئاندا ڕونی کردۆتەوە کە کتابێکی موبینە وە بەزمانێکی موبینیش کە زمانی عەرەبیە بۆئەوەی تێی بگەن و حاڵی ببن لێی، ئایا کوردمان هەیە موفەسیری قورئان بێت یان نا؟

بەڵێ هەمانە، فارسیشمان هەیەو، وە هەیە زانایەکی هیندیەو تفسیری قورئانی کردووە، نەک تەنها بەکوردی و بەفارسی و بە هندی، بەڵکو بەعەرەبیش، پاکستانیەو تفسیری قورئانی بە عەرەبی کردووە، وە کوردەو تفسیری قورئانی بە عەرەبی کردووە؛ چونکە زمانێکە فێری دەبیت وە تیایشیدا لێهاتوو کارامە دەبی، زمانێکی ئاسانە وە زمانێکی زۆر بەسودە، هەرچەندە وشەکانی زۆرن بەڵام زمانێکی زۆر فەصیح و خۆشە.

بەڵام چونکە هیدایەت بەدەست خوایە دەبینین یەکەمین کەسانێک کە دژایەتی ئەم قورئانەیان کرد عەرەب خۆیان بون، یەکەمین کەسانێک کە دژایەتی رسولي خوایان کرد-ﷺ- عەرەب خۆی بوو کە دەستیان کرد بە کوشتاری صەحابە ڕەزای خوای گەورەیان لێبێ، دەستیان کرد بە ئەزیەتدانی پێغەمبەری خوا -ﷺ- بۆیە ئیسلام دینێکی قەومی نیە بەس بۆ عەرەب هاتبێ بەڵکو دینێکە بۆ تێکڕای خەڵک

{وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ} [الأنبياء: ١٠٧]، واللە هیچ فەرقێک نیە لەنێوان کوردێک و عەرەبێک و فارسێک {إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ} [الحجرات: ١٣] بەڕێزترینتان لای خوا بەتەقوا ترینتانە .

عَنْ أَبِي نَضْرَةَ، حَدَّثَنِي مَنْ سَمِعَ خُطْبَةَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي وَسَطِ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ فَقَالَ: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَلَا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ، وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ، أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى عَجَمِيٍّ، وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ، وَلَا أَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ، إِلَّا بِالتَّقْوَى [2]

هیچ عەرەبێک باشتر نیە لای خوا لە هیچ کوردێک، هیچ سپی پێستێک باشتر نیە لای خوا لە ڕەش پێستێک، ئیللا بە تەقوا نەبێ، لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین زۆرجار کەسانێک بەناوی عەرەبەوە زوڵم و ستەمیان لەمیلەتێک کردوە نابێت ئێمە ببینە دژی عەرەب و زمانی عەرەبی، هەڵەیە ئەمە، ئێستا ئایا لەناو کوردا بەناوی کوردایەتی زوڵم لەمیللەتی کورد کراوە؟

بەڵێ کەسانێک لە کاربەدەستان هەن ماڵی ئەم خەڵکەیان خواردووە ئەم خەڵکەیان چەوساندۆتەوە، وە بۆ مەصلەحەتی کورسی و مەنصەبی خۆیان سەدان کەسیان بەکوشت داوە، جا ئایا دەکرێت لەداخی ئەوان ببیتە دژی کورد؟ نابێ چۆن شتی وا دەکەیت چۆن دژایەتی قەومەکەی خۆت دەکەیت، یان ئایا ڕقت لەزمانی کوردی دەبێتەوە لەبەر ئەوان؟

نەخێر، چونکە هەرکەسێ وابکات ئەڵێین تۆ بێعەقڵی تۆ لەداخی کوردێک کە زوڵمی کردوە دەبیتە دژی کورد، ئەمە هەڵەیە، کەواتە با هەمان تەرازوش بۆ عەرەبەکە دابنێین، کەسێکی بەعسی زاڵمی خوێنڕێژ کەزوڵمی لەتۆی کورد

---

[2] مسند أحمد مخرجا (٣٨/ ٤٧٤)

کردووە نابێ تۆ بڵێی من ڕقم لەعەرەبە و من دوژمنی عەرەبم و ڕقم لەزمانی عەرەبییشە، ئەو کەسانەی کەبەم شێوەیەن کەم عەقڵن، یان هەندێ جار کەسێ بۆ چەواشەکردنی خەڵک یا بۆ مەبەستێکی گڵاو تەماشا دەکەین صەدام وشەی انفال ی بەکار هێنا، ئێ دەکرێ بڵێین ڕقمان لەسورەتی انفالە لە قورئاندا ئێ ئەوە هەڵەیە ناکرێ، بۆیە مرۆڤ دەبێ بیر فراوان بێت نابێت بیر تەسک بێـت.

کەواتە زانیمان بۆیە قورئان بەعەرەبی دابەزیوە چونکە ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، وە پێویستە ئەوە بزانین ئەم قورئانە لەلایەن خوایەکەوە هاتوە کە قسەی ئەو پیرۆزترین قسەیە وە لەڕێگەی فریشتەیەکەوە دایبەزاندوە کە پیرۆزترین و مەزنترینی مەلائیکەتە کە جبریلە وە بۆ سەر مرۆڤێکی دابەزاند کە باشترینی مرۆڤەکانە کە محمدە -ﷺ- وە بە زمانێک دایبەزاند کە باشترینی زمانەکانە کە زمانی عەرەبیە وە لە شوێنێک دایبەزاند کە پیرۆزترینی شوێنەکانە کە مەککەی پیرۆزە، وە لە مانگێک دایبەزاند کە پیرۆزترینی مانگەکانە ئەویش مانگی ڕەمەزانە وە لە شەوێکدا دایبەزاند کە پیرۆزترینی شەوەکانەو خێرترە لە هەزار مانگ!

جا توخوا کە ئەم کتابە لەهەموو ڕوانگەیەکەوە پیرۆزترین و بە بەهاترین و بەنرخترین شتە واز لەو پەیامەو لەو مەنهەجە دەهێنیت بۆ قسەی مرۆڤێک؟!

بۆ دەستورو یاسای مرۆڤێک پێچەوانەی شەرعی خواو کتابەکەی خوا؟!

کەواتە با ئەم قورئانە بە گەورە بزانین.

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ ﴿٣﴾

{نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ} ، واتە: ئێمە بۆت دەگێڕینەوە باشترینی چیرۆکەکان، شت لە دوای شت. نحن بۆ تعظیمە نەک بۆ تعدد

{نَقُصُّ عَلَيْكَ} واتە بەوردی باس و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشو، وە باسی ئومەتانی پێشوت بۆ باس دەکەین ئەی محمد -ﷺ-، بەڵام باشترینیت بۆ باس دەکەین، کەلیمەی {الْقَصَصِ} دوو مانا هەڵدەگرێت: یا مصدره وە یان اسم مفعوله:

١. قصص بەمانای مقصوص دێت أحسن القصص ئەگەر مصدر بێت واتە بۆت دەگێڕینەوە باشترین گێڕانەوە، واتە بەباشترین شێوە بۆت باس دەکەین جا کەس هەیە لەخوای گەورە باشتر بەسەرهاتی کەسێکمان بۆ باس کات؟ نەخێر کەواتە کە مصدر بوو ماناکەی تەواوە.

٢. مانای دوەمیش هەڵدەگرێت کە قصص بەمانای اسم مفعول بێ، واتە باشترین بەسەرهاتت بۆ باس دەکەین ئەوەش تەواوە بۆچی باشترین بەسەرهاتە؟ چونکە لەو چیرۆکەدا خوای گەورە بەسەرهاتەکان چۆن دەگۆڕێت بۆمان باس دەکات لە خەفەتەوە بۆ خۆشی، لەتەفرەقەو ناکۆکیەوە بۆ ئاشت بونەوەو بۆ برایەتی، لە زەلیلی و بێ دەسەڵاتیەوە بۆدەسەڵاتدارێتی، لەناو بیرێکەوە بۆ قەصری پاشایەتی، کە مرۆڤ بیر لەو چیرۆکە دەکاتەوە چەند حاڵەتی تێدا دەگۆڕێت کە هەموشی بەخۆشی تەواو دەبێت ئەمە عەجیبە، سورەتی یوسف یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە ئەو هەموو بەسەرهاتەی کە تیایدایە هەموی لە ناخۆشیەوە بەرەو خۆشی دەڕوات، واتە {فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (٥)} [الشرح: ٥]، باوکی خەفەت بارە دوایی خۆشحاڵ دەبێ، یوسف خراوەتە چاڵەوە دوایی دەبێتە وەزیری دارایی مصر، براکانی خراپن دوایی بەرەو باشی دەڕۆن و تەوبە دەکەن، والحاصل هەموو فەقەرات و جوزئیاتی ئەم قصەیە لەناڕەحەتی و ناخۆشیەوە بەرەو خۆشی دەڕوات.

{بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ} بەهۆی ئەوەی ئێمە ئەم قورئانەت بەوەحی بۆ دادەبەزێنین باشترین قصەمان بۆ تیادا باس کردویت.

{وَإِنْ كُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ} واتە هەرچەندە تۆ بەڕاستی لە پێشتر بێ ئاگا بوی لەم بەسەرهات و چیرۆکانە.

{وَإِنْ كُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ} واتە بەڕاستی تۆ لە ڕابردودا بێ ئاگا بویت لەو چیرۆکە هیچت نەدەزانی خوای گەورە وەحی بۆ ناردی و تێی گەیاندی کە حەقیقەتی ئەم باسە چۆنە ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد -ﷺ-، ئەم سورەتە لەمەککە دابەزی جولەکە لەمەککە نەدەژیان بەڵکو لە مەدینە دەژیان، جولەکە هاتن پرسیاریان لە پێغەمبەر -ﷺ- کرد سەبارەت بە یوسف، بە یەکجار ئەم سورەتە دابەزی، خوای گەورە باسی لە چیرۆکی یوسف کرد بە دوورو درێژی و وردی بۆ پێغەمبەر -ﷺ- بۆ ئەوەی بۆ جولەکەی باس بکات، وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە محمد پێغەمبەری خوایە -ﷺ- چونکە وە نەبێ پێشتر لەگەڵ ئەهلی کتاب ژیابێت و بەسەرهاتی یوسفی بیستبێت، هیچی نەبیستوە کەچی ئێستا پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەستی کرد بەخوێندنەوەی سورەتی قصەی یوسف یوسف هەروەک بۆ خۆی لەگەڵ یوسف ژیاوە لەحزە بە لەحزەو ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ یوسف ژیاوە ئاوا بە درێژی قصەی یوسفی باسکرد، دەی ئایا جولەکە دوای ئەوە دەبنە موسڵمان کە بینیان لەلایەن خواوە پێی گەیشت کە یوسف چۆنبوەو کێ بووەو چی بەسەرهاتووە؟!

ئەم چیرۆکە زۆر مەزنە دەرس و پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدایە.

**إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴿٤﴾**

{إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ} : وشەی (اذ) بەمانای (حین) دێت، واتە ئەی محمد -ﷺ- ئێمە باشترین بەسەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە کە بەسەرهاتەکە لەوەوە دەست پێ دەکات کاتێ یوسف -ﷺ- منداڵێکی بچوک بوو کە بەیانی لەخەو هەڵسا بەباوکی فەرموو: {يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ} ﴿٤﴾ من ئەمشەو لەخەونمدا یانزە ئەستێرەم بینیوە لەگەڵ خۆرو مانگ، یانزە ئەستێرەکان و خۆرو مانگ هەر هەمویان کڕنوش و سوجدەی ڕێزیان بۆمن برد، ئەی باوکە من ئەمشەو لەخەونمدا ئەوەم بینی، لێکدانەوەی ئەم خەوە چییە؟

یعقوب -ﷺ- لێکدانەوەی خەوی دەزانی، یەکسەر تێگەیشت کە یانزە ئەستێرەکە یانزە کوڕەکەی تریەتی کە بە یوسفەوە دوانزە کوڕی هەبوو، وە خۆرەکەش دایکیەتی و مانگەکەش باوکیەتی هەر هەمویان سوجدە بۆ یوسف ئەبەن -ﷺ-، یعقوب -ﷺ- تێگەیشت کە یوسف لە داهاتوودا کەسێکی مەزنی لێ دەردەچێت، خوای گەورە ڕێزێکی زۆری لێ دەنێت، ئێستا منداڵێکە بەڵام ڕۆژێک دێت کە بەباوک و بەدایک و بە برا هەرهەمووی سوجدەی ڕێزی بۆ دەبەن و ڕێزی لێ دەنێن، و بەگەورە سەیری دەکەن کە یعقوب ئەمەی بیست -ﷺ- یەکسەر هەستی بەوە کرد کە شەیطان ئیشی تەفرەقە نانەوەو ئاژاوە گێڕیە بۆیە بە یوسفی فەرموو:

**قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَىٰ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ ﴿٥﴾**

{قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَىٰ إِخْوَتِكَ} ئەی ڕۆڵە ئەم خەوە بۆ براکانت نەگێڕیتەوە، ئەوە بەڵگەیە لەوەی کە براکانیشی حاڵی دەبوون لەمە ئەگەر ئەو

خەوەی یوسفیان بیستبا تێدەگەیشتن کە یوسف -ﷺ- لە لایەن یانزە کەسەوە سوجدەی ڕێزی بۆ دەبرێت جگە لە باوک و دایکیشی، کەواتە یوسف باڵا دەست تر دەبێت ڕێزلێنراو تر دەبێت لەوان، ئێ ئەمەش ئاگری حەسادەت لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکات ئەگەر بە ڕوناکی تەقوا و بەهێزو ئاوی تەقوا ئەم ئاگرە نەکوژێنرێتەوە، ئەوە خاوەنەکەی بەرەو زوڵم و ستەم دەبات، طەبیعەتی مرۆڤ وایە تەنها ئەوانە نەبێ کەخوا ڕەحمی پێ کردون؛ کەسانێک هەن حەز بە کەسێک ناکەن سەرکەوتوتر بێ لەخۆیان تەنها باوک و دایک نەبێ؛ باوک و دایک حەز دەکەن منداڵەکانیان لە خۆیان چاکتر بێت، لەخۆیان دیندارتر بێت، لە خۆیان دەوڵەمەندتر بێت، لە خۆیان لەش ساغتر بێت، لە خۆیان بەختەوەرترو خۆشحاڵتر بێت، بەڵام براش بۆ برا وانیە، ئێستا کاتێ کە یعقوب -ﷺ- وەکو باوکێک ئەو خەوە دەبیستێت خەفەت بەوە ناخوات بڵێ من باوکم چۆن سوجدە بۆ کوڕەکەم ببەم، نەخێر بەلایەوە زۆر ئاساییە بگرە زۆریش دڵخۆشە بەوە بەڵام خەمی ئەوەیەتی براکانی یوسف تەحەمولی ئەوە ناکەن، بران و باوکیان یەکە تەحەمولی ئەوە ناکەن کە ببینن یوسف لەوانیش بچوکترە ئێستا ئەو باڵادەستتر بێت و ڕێز لێنراوتر بێت، بۆیە یەکسەر ئامۆژگاری کرد و فەرمووی:

{قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَىٰ إِخْوَتِكَ} ئەم خەوەی خۆت بۆ براکانت باس نەکەیت، بۆچی؟

چونکە: {فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ}؛ ئەوان نەخشەیەکی گڵاوت بۆ دادەنێن، فێڵێکی خراپت لێ دەکەن، پیلانێکی خراپت لێ دەگێڕن.

کید ئەوەیە بۆ نمونە تۆ بتەوێ کەسێک توشی ناڕەحەتی بکەیت بەشێوازێک کەخۆی هەستی پێ ناکات، کەواتە عیللەتی ئامۆژگاریکردنەکەی یعقوب ئەوەیە

ڕۆڵە گیان پیلانێکی خراپت لێ دەگێڕن براکانت، وەرە منالێکی ئاوا ئێستا لەوە تێبگات برای من فێڵ لەمن دەکەن!

پیلانی خراپ بۆمن دادەنێن بۆ؟

هەمیشە کەسە سەرکەوتووەکان دڵ صافترن لە کەسە دوا کەوتووەکان، کەسی سەرکەوتوو حەسودی بەژێر خۆی نابات، و خێری دەوێ بۆی، وە دڵیشی پاکە بەرامبەری و خراپەشی بۆی ناوێت، بەڵام ئەو کەسەی کە دوادەکەوێت ئەمە حەسادەت و رق و قینە ناخی سوتاندووە و ئاگری تێ بەرداوە هەر حەز بە بونی ناکات بۆیە لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت چۆن ئەزیەتی پێ بگەیەنێ و ئەو کۆسپە لەبەرچاویدا لاچێت.

سەیری ئەم ربطە بکەن بەسێ مەرحەلەدا ڕۆشت:

یەکەم: لَا تَقْصُصْ . خەوەکەت باس نەکەیت

دووەم: فَيَكِيدُوا لَكَ ؛ چونکە پیلانی خراپت لە دژ ئەگێڕن.

سێیەم: إِنَّ الشَّيْطَانَ ، پیلانی شەڕگێڕیشیان کاری شەیطانە

{وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا} [الإسراء: ٥٣].

کەواتە شەیتان وا لەتۆ دەکات حەسودی بە براکەت ببەیت، شەیتان وا لەمرۆڤ دەکات نیەتی خراپی بێت بەرامبەر بە برای خۆی، زۆر بە ئاشکرا شەیتان دژایەتی دەکات دێتە لات نەخشەت بۆ دادەنێت بۆ کوشتنی برات؛ شەیتان {عَدُوًّا مُبِينًا} دوژمنێکی ئاشکرایە؛ لەوە ئاشکراتر چی، پێت دەڵێ ئەم برایەی تۆ هۆکاری نەهامەتی تۆیە، تا ئەم برایەت هەبێ تۆ پیاو نیت، تا ئەم برایەت هەبێ تۆ دیارنیت، تا ئەم برایەت هەبێت تۆ ناگەیتە هیچ، تا ئەم برایەت هەبێت خەڵک حساب بۆتۆ ناکات، وای لێ دەکات بەدەستی خۆی براکەی خۆی بکوژێت پەنا

بەخوای گەورە، سبحان الله هەرچەندە دوژمنایەتی شەیتان ئاشکرایە بۆ مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ پێی هەڵدەخەڵەتێ ئەوەی کە دوژمنمانە دەیکەینە دۆستی خۆمان وادەزانین شەیتان دۆستایەتیمان دەکات بۆیە بە وەسوەسەکانی شەیتان دەخەڵەتێین و بەقسەی دەکەین خوا پەنامان بدات بۆخاتری ناوە جوانەکانی لەفێڵی شەیطان و لە وەسوەسەکانی، ئەگەر پێشبینی ئەوە بکرێت کە برا باوکیان یەکە پیلانی شەڕو لەناو بردن بۆ برای دابنێت کەواتە بەدوری مەزانە کە کەسێک برای خۆت نیە لە دایک و لەباوکت نیە پیلانی شەڕت لێ دابنێ؛ ئێ تاوانەکەت چیە؟ تاوانەکەت تەنها ئەوەیە تۆ سەرکەوتوتری لەو ئەو ئەوەی قبوڵ نیە، ئێستا یوسف -ﷺ- چ زوڵمێکی لە براکانی کردووە؟

ئەگەر بەویژدان و عەقڵەوە بیری لێبکرێتەوە سەربەرزی و بەڕێز بونیان یەکێکە بەڵام حەسود ئەوە نابینێت، ناڵێت سەر بەرزی ئەو سەربەرزی منیشە نەخێر ئەوە نابینێت، وە هەمیشە حەسادەت لەنێوان دوو هاوپیشە و دوو هاو ڕێگا ڕوو دەدات کە یەکێکیان سەرکەوتوو بو بەسەر ئەوەی تردا ئا لێرەدا حەسادەت ڕودەدات و ئاگر لەخاوەنەکەی بەردەدات وە حەسودیش بەرژەوەندی گشتی نابینێت، بەڵکو تەنها بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی دەبینێت، قوربانی دەدا بە بەرژەوەندی گشتی لەپێناو بەرژەوەندیە کەمە تایبەتییەکەی خۆی، گوێی لێ نییە چی ڕوو دەدات یا ڕوودبدات؛ تەفرەقە دروست دەبێت، ئاژاوە دروست دەبێت کوشتار دروست دەبێت، خوێن ڕێژی، فشل، غەیبەت، بوهتان، چی دەبێت با ببێت بۆ؟

بەس بۆ ئەوەی ئەو دڵی ئارام بێتەوەو ئەوەی کە دەیبینێت کۆسپە لەبەردەمی نەمێنێت ئەوە گەورەترین ئاواتێتی دەڵێت چی ڕودەدات باڕوو بدات پەنا بەخوای گەورە.

وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَىٰ أَبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦﴾

{كَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ} خوای گەورە هەروەکو چۆن ئەم خەوە خۆشەی پیشاندایت لە واقعیشدا هەڵتدەبژێرێت ئەی یوسف -ﷺ-، مرۆڤ کە خوا هەڵیبژاردنی خوا بۆ مرۆڤ لە گەورەترین نیعمەتەکانە، هەڵیدەبژێریَ کەببێتە زانا، هەڵیدەبژێریَ کەببێتە بەندەیەکی صالح و باش یان کەسێکی چاکەکار، هەڵی ئەبژێریَ کە ببێتە ئیمام، هەڵیئەبژێریَ کە ببێتە پێغەمبەر، ئەمانە لەگەورەترین نیعمەتەکانن، زۆرجار مرۆڤ خۆی هەوڵ دەدات بەڵام خوا هەڵینابژێریَ، بەڵام کە خوا هەڵیبژاردی ئەوە نیعمەتێکی گەورەیە بۆیە پشت بە کارو کردەوەی خۆمان نەبەستین بەڵکو بگەڕێینەوە بۆلای خوای گەورەو داوا لەو بکەین تا هەڵمانبژێریت، نەڵێین ئێمە خۆمان هەوڵ دەدەین و سەعی دەکەین و قورئان لەبەردەکەین و دەرس و زانست دەخوێنین، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بمانگەیەنێت بە لوتکە!

نا داوا لە خوا بکە و پشت بەو ببەستە بۆ ئەوەی خوای گەورە هەڵتبژێرێت و سەرکەوتوت بکات

بەڵیَ هەوڵ بدە؛ هۆکار گرتنەبەر پێویستە، ئەگەر خوای گەورە سەرکەوتوت نەکات مایە پوچ دەردەچیت، دەڕۆیت تا پێش لوتکە، لەویَ شەیتان فێڵێکت لیَ دەکات ئەتگەڕێنێتەوە خواری خوارەوە -پەنا بەخوای گەورە-، بۆیە بەردەوام مرۆڤ ڕوو بکاتە خوای گەورەو بڵیَ ئەی هەڵگەڕێنەرەوەی دڵەکان دڵمان لەسەر دینەکەت جێگیر بکە، خوای پەروەردگار پاشەڕۆژمان باش بکە لە هەموو

کارێکماندا، پێویستە بەردەوام مرۆڤ دوعا بکات خوای گەورە هەڵیبژێرێت، خوای پەروەردگار نیعمەتەکانمان بۆ زیاد بکەیت، لێمان کەم نەکەیتەوە، وە ڕێزمان لێ بنێ و بێ ڕێزمان مەکە، پێمان ببەخشەو بێ بەشمان مەکە، ئێمە هەڵبژێرەو کەسمان بەسەردا هەڵمەبژێرە، ڕازیمان بکەو لێمان ڕازیبە[٣]، ئەم دوعایانە زۆر گرنگە موسڵمان بیکات. ئەم ئاتەتەدا خوای گەورە سێ نیعمەتی خۆی بەسەر یوسفدا باس کردووە:

نیعمەتی یەکەم: {كَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ} خوای گەورە بەم شێوەیە هەڵت دەبژێرێت ئەی یوسف، چ نیعمەتێکی گەورەیە هەڵبژاردن بۆ پێغەمبەرایەتی؛ بەڵام بێگومان هەڵبژاردنی پێغەمبەر نەما دوای محمد -ﷺ- بەڵام هەڵبژاردنی خوا بۆ عەبدەکانی بۆ پلەی بەرز بەردەوام هەیە خوای گەورە هەڵتبژێرێت ببیتە کەسێکی پیرۆز لە هەر شوێنێک بیت سود بە موسڵمانان بگەیەنیت و ئیسلام سەرخەیت و خێر بڵاو بکەیتەوە، وە شەڕو خراپەکاری لا بدەیت، ئەمەشیان پلەیەکی موبارەکە کەخوای گەورە هەڵتبژێرێت بۆی، بۆیە مرۆڤ دوعا بکات بە بەردەوامی.

نیعمەتی دووەم: {وَيُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ} وە خوای گەورە فێری لێکدانەوەی خەویشت دەکات بە واقعی ئەی یوسف .

نیعمەتی سێیەم: {وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ آلِ يَعْقُوبَ} خوای گەورە نیعمەتی خۆی بەسەر تۆدا تەواو دەکات ئەی یوسف، دەتکا بە پێغەمبەر ئەو نیعمەتەی بەسەر تۆدا دەڕژێ بەسەر بنەماڵەی یەعقوبیشدا دەڕژێت؛ چونکە خێروخۆشی بۆ ئەم خێرو خۆشیە بۆ ئەوانیش، وە سەربەرزی ئەمیش سەربەرزیە بۆ ئەوان، وە دڵخۆشی ئەم دڵخۆشیە بۆ ئەوانیش، بەڵام ئایا براکانی هەستیان دەکرد کە

---

٣ اسْتَقْبَلَ رسول الله القِبْلَةَ وَرَفَعَ يَدَيْهِ وَقَالَ: «اللَّهُمَّ زِدْنَا وَلاَ تَنْقُصْنَا، وَأَكْرِمْنَا وَلاَ تُهِنَّا، وَأَعْطِنَا وَلاَ تَحْرِمْنَا، وَآثِرْنَا وَلاَ تُؤْثِرْ عَلَيْنَا، وَارْضِنَا وَارْضَ عَنَّا» سنن الترمذي ت شاكر (٥/ ٣٢٦)

سەربەرزی یوسف سەربەرزیە بۆ ئەوانیش؟ لە ئێستادا نەخێر بەڵام لە پاشەڕۆژ هەستی پێ دەکەن.

{كَمَا أَتَمَّهَا عَلَىٰ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ} هەروەکو چۆن پێشتریش نیعمەتی پێغەمبەرایەتی ڕشت بەسەر هەردوو باپیرە گەورەت کە ابراهیم و اسحاقە.

{إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ} ﴿٦﴾ بەڕاستی پەروەردگاری تۆ زانایە و دانایە، دەزانێت کێ شایستەی ڕێز لێنانە وە کێ شایستەی هەڵبژاردنە، وە دانایە دەزانێت کێ هەڵبژێرێ بۆ چ ئاستێک و چ پلەیەک، هیچ کارێک ناکات لەشوێنی خۆی نەبێت، وە خوای پەروەردگار زوڵم ناکات ئەمە قسەی یعقوبە بۆ یوسف، واتە ئەی یوسف دڵنیابە کە خوای پەروەردگار ئەم کارانە لەگەڵ تۆ دەکات و هەڵتدەبژێرێت و فێری لێکدانەوەی خەوت دەکات، وە نیعمەتیشت بەسەردا دەڕێژێت هەروەکو چۆن بەسەر ئیبراهیم و اسحاقیشدا ڕشتبوی.

سئل رسول الله -ﷺ-: من أكرم الناس؟ قال: " أتقاهم لله، قالوا: ليس عن هذا نسألك، قال: " فأكرم الناس يوسف نبي الله ابن نبي الله ابن نبي الله بن خليل الله... "

پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا -ﷺ- کێ بەڕێزترینی خەڵکە؟ فەرمووی بەتەقوا ترینیان، وتیان پرسیاری ئەوەت لێ ناکەیت، فەرمووی بەڕیزترینی خەڵک یوسف پێغەمبەری خوایە کوڕی پێغەمبەری خوا کوڕی پێغەمبەری خوا کوڕی خۆشەویستی خوا ئیبراهیمە، خۆی باوکی و باپیری و باپیرە گەورەشی پێغەمبەری خوان صەلات و سەلامی خوایان لەسەربێت.

لَقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِلسَّائِلِينَ ﴿٧﴾

{لَقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِلسَّائِلِينَ} ﴿٧﴾ خوای گەورە دەفەرمویت بە دڵنیاییەوە لە چیرۆک و بەسەرهاتی یوسف و براکانیدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ ئەو کەسانەی پرسیاری بەسەرهاتی یوسف براکانی دەکەن ئەوەی کە دەیەوێ تێبگات لەو بەسەرهاتە ئەوەی کە پرسیار دەکات یان حەزبکات کە ئەو بەسەرهاتە ببینێت بەڵگەی بۆ دەردەکەوێت لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد -ﷺ-وە لەسەر بەخشندەیی خواو، وە لەسەر دانایی و زانستی و گەورەیی خوای گەورە، لەو چیرۆکەدا بۆمان دەردەکەوێ محمد پێغەمبەری خوایە -ﷺ- بۆ؟

چۆن چیرۆکی یوسفی بۆ یهود گێرایەوە بەتەواوی لەکاتێکدا ئەو زمانی یەهودی نەدەزانی وە کتێبەکانیشیانی نەخوێندۆتەوە، باشە چۆنی زانی ئەم بەسەرهاتە وا بە تەواوی و بەوردی بگێڕێتەوە لەکاتێکدا ئەو نازانێت تەورات بخوێنێتەوە و ئەو چیرۆکەشی نەبیستوە ئەی چۆن؟

ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پێغەمبەرە -ﷺ- دیسان چیرۆکی یوسف بەڵگەو نیشانەی تێدایە لەسەر گەورەیی خوای گەورە کەسێک لەگەڵ خوابێت و خوا لەگەڵی بێت باخەمی نەبێت، ئیللا خوای گەورە سەری دەخات ئەگەر لەدوای ماوەیەکیش بێت، یوسفێک دەخرێتە چاڵەوە بۆ ئەوەی لەناو ببرێت کەچی خوای پەروەردگار لەوسەرەوە دەریدەهێنێتەوە و دەیکاتە گەورەو دەیکاتە دەسەڵاتدارو پێغەمبەرو -ﷺ- ئەوەی کە خۆی دەیەوێ دەیهێنێتە جێ، ئەوان چیان ویست وەخوای گەورەش چی ویست وە کامەشی هاتە جێ! بۆمان دەردەکەوێت کە نیەت پیسی زۆر خراپە، لەم چیرۆکەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی کە نیەتی خراپ بێت و ئەوەی کەچاڵ بۆ براکەی هەڵدەکەنێت خۆ تێی دەکەوێت ئەوەی کە زوڵم بکات وە عاقیبەتی زوڵمەکە ئیللا پەشیمانی لەدوایە ئیللا سزای لەدوایە

پەنا بەخوای گەورە کەواتە کەسێک کە بەدوای ئەم بەسەرهاتەدا بگەڕێت دەرسو عیبرەت و ئامۆژگاری زۆری دەست دەکەوێت.

**إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴿٨﴾**

{إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ} کاتێک کە براکانی یوسف کە لەدایکی ئەم نەبون وتیان دەبێت یوسف و براکەی کە بچوکیشن ئەوان لای باوکمان خۆشەویستربن لەئێمە لەکاتێکدا ئێمە کۆمەڵێکین! عصبة لە (دە) بەرەو سەر دەوترێت، ئێمە کۆمەڵێکین و گەورەترین و بەهێزترین و زیاترین واتە ئێمە شایستەی ئەوەین کە باوکم خۆشتری بوێین؛ چونکە ئێمەین دەتوانین سود بە باوکم بگەیەنین و زیان لەسەر باوکم لابەین نەک ئەو دومناڵە، ئێستا ئەو دوومناڵەی پێ باشترە لە ئێمە.

{إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ} ﴿٨﴾ وتیان بەڕاستی باوکمان لە سەرلێشێواویەک و هەڵەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرادایە، مەبەستیان ئەوە نەبو کە باوکیان گومڕایە واتە ڕێگای ڕاستی لێ ون بووە و لەسەر دینی حەق نیە نا، بەڵکو لەو مەسەلەیەی بەباشتر دانانی یوسف دا باوکمان بەهەڵەداچووە بۆچی؟

چونکە کەسی عاقڵ کەسی بەهێزو سودبەخش هەڵدەبژێرێ یان بێهێزێکی بێ توانا؟

کە بەتەرازوی خۆمان سەیری بکەین مرۆڤ دۆستایەتی ئەو کەسە ئەکات و ئەو کەسە لەخۆی نزیک دەکاتەوە کەسێک کە بەهێزەو دەتوانێت سودم پێ

بگەیەنێت ئەی کەسێ کە هیچ هێزێکی نەبێ و هیچ سودێکی نەبێت بۆ من لەوە نزیک ببمەوە؟

کەواتە وتیان ئەمە گومڕاییە باوکمان دەیکات زۆر هەڵەیە بەڵام ئەوان نابین و نازانن کە یوسف سود بەخش ترە بۆ باوکیشی و بۆ هەمووشیان یوسف دەبێتە پێغەمبەری خوا -ﷺ- یوسف خوای گەورە هەڵیدەبژێرێت کەواتە ئێوە بەعەقڵی خۆتان کەدەڵێن عەزەڵاتمان هەیەو شان و بازومان هەیەو زۆرین و ئێمە سود بەخشین نا وانیە قەزیەکە کەواتە دوومەنفەعەت هەیە مەنفەعەتێکی دونیایی و مەنفەعەتێکی دینی و ئوخرەوی، دینی و ئوخرەوی بەسود ترە، باوکێک دوو کوڕی هەیە کوڕێکیانی دەوڵەمەندەو پارەی هەیە کوڕێکیشیان دەوڵەمەند نیە بەڵام دینی هەیەو ئەخلاقی هەیەو ڕێزی هەیە کام لەم دوو کوڕە زیاتر سود بە باوکیان دەگەیەنن لە ژیانیدا وە لەدوای مردنیشیدا؟ دیندارە بەڕەوشتەکە بەدڵنیاییەوە؛ چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((إِذَا مَـاتَ الْإِنْسَانُ انْقطَعَ عَمَلُـهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَـةِ أَشْـيَاءَ: صَدَقَـةٍ جَـارِيَةٍ أوعلم يِنْتَفع بِـهِ أوولد صَالِـح يَدْعُـو لَـهُ))(٤).

واتە: پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێت نەوەی ئادەم کاتێک دەمرێت کردەوەکانی دەپچڕێت ئیللا بەسێ شت نەبێ کە پێی دەگات خێرێکی نەبڕاوە یان زانستێک کەسودی لێ ببینرێت یان منداڵێکی چاک و باش کە دوعای بۆ بکات؛ ئەوە سودە بەڕاستی بەڵام بە دیدی براکانی یوسف باوکیان بەهەڵەدا چوە باوکە تۆ زۆر هەڵەی؛ چونکە ئەوانت پێ باشترە لە ئێمە زۆر جاریش لە ڕاستیدا تەفضیل دان و بە باشتر دانان نیە و زیادە ڕێز لێنان نیە بەڵام هەر کەسەو پلەو پایەی خۆی هەیە و

---

(4)- مسلم (٣/ ١٢٥٥ رقم ١٦٣٢).

بەو گوێرەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، باوکێک دوو کوڕی هەیە یەکیان گەنجەو پێگەشتوەو ئەوەی تریان منداڵەو بچوکە، بچوکەکە دەکاتە باوەشی ئایا دەکرێت گەورەکەش بکاتە باوەشی! پلەی ئەو کوڕە گەنجە ئێستا وەکو هاوڕێی باوکێتی و جێی پرسوڕای باوکێتی و هاوڕێیەتی دەکات بۆ سەفەرو ڕاوێژی پێ دەکات ودڵی پێی خۆشە بەڵام ناچێ لەباوەشی بکات و وبیخاتە سەرشانی؛ چونکە مەقام و پلەی ئەم جیاوازە، بەڵام مەقامی ئەم منالە شتی تری دەوێت جا ئەگەر بێت و ئەم کوڕە گەنجە عەقڵی ئەوەی نەبێت کە ئەو باوکە ئەو منالە دەکاتە باوەشی دەڵێ ئەها سەیریکە چۆن جیاوازی دەکات لە نێوانمان، ئەمە جیاوازی نیە مەقام و پلەی منالێک ئەوەی پێویستە مەقامی تۆش ئەوەی پێویستە کە لەگەڵت دەکات بۆیە؛ چونکە یوسف منال بوو بچوکبو براکانی دەیانوت نا باوکمان ئەوی پێ باشترە لە ئێمە سەیریش ئەوەیە هیچ کوڕە گەنجێک لەیادی نەماوە و نازانێت کە کاتی خۆی باوکی ئەمەی بۆ ئەویش کردووە بەهەمان قۆناغدا ڕۆیشتوە، وتیان نا باوکمان یوسف وبراکەی لە ئێمە خۆشتر دەوێت ئەمەش نیشانەی سەر لێشێواوی باوکمانە لەم بارەیەوە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت ئەگەر باوک دادپەروەر نەبێت لەنێوان منداڵەکانی کێشە دروست دەبێت ئیللا ئەگەر وا پێویست بوو کە لە دادپەروەری لابدات چۆن؟

بۆنمونە باوکێک دو منداڵی هەیە بایەک تەمەنیش بن یان لەیەکەوە نزیک بن بەڵام یەکێکیان دەخوێنێ و ئەوی تریان ناخوێنێ، ئەوەی دەخوێنێ کۆمەڵێک پێویستی هەیە پێویستە کە بۆی بکات ناکرێ ئەوەی تر کە ناخوێنێت بڵێ باوکە تۆ دادپەروەرنیت بۆ جانتات بۆ براکەم کڕیوە بۆ منی ناکڕیت؟

ئاخر؛ چونکە تۆ پێویستت نیە، کورێکیانی نەخۆش دەبێت لەوەیە پارەیەکی زۆری تیا سەرف بکات لە عەمەلیات و چارەسەریدا، تۆ بڵێی من ئاگام لێیە پارەیەکی زۆرت بۆ سەرف کردوە دەبێ ئەوەنەش بدەی بەمن!

نەخێر ئەمە نابێت؛ چونکە لێرەدا دادپەروەری پێویست نیە بگرە ئەمەیە دادپەروەری؛ چونکە دادپەروەری واتە ماف بدرێ بەهەر خاوەن مافێک، بەڵام هەندێ لەمناڵ یەکسانی دەوێ لەباوکی بەڵام لە چ کاتێکدا یەکسانی شتێکی دروست و باشە ئەگەر ئەو کەسانە هاوشێوەی یەکبن بەڵام ئەگەر لەنێوان دوو جیاوازدابێت ئەوکات یەکسانی لەنێوانیاندا شتێکی خراپەبێت و دەبێتە زوڵم و ستەم کەواتە باوک دەبێ دادپەروەربێت.

زۆرجار باوک دوژمنایەتی دەخاتە نێوان مناڵەکانی بەهۆکاری نادادپەروەری لە تەرازوی شەرعدا نەک لە تەرازوی تێنەگەیشتنی مناڵەکان بەڵام کە نادادپەروەربوی لەتەرازوی شەرعدا هەڵەیەو زەرەر لە مناڵەکانت دەدەی.نوعمانی کوری بەشیر کاتێک هاتە لای پێغەمبەر -ﷺ- ئەو پیاوە بەشێک لە ماڵەکەی دابوە کوڕێکی فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا من ئەمەوی بتکەمە شاهێد لەسەر ئەوە ئەوەو ئەوەم داوەتە ئەو کوڕەم فەرمووی ئایا هەموو منداڵەکانت هاوشێوەی ئەوەت پێ بەخشیون وتی نا فەرمووی دەبڕۆ من شاهێدی لەسەر ستەم نادەم، ئەبێت دادپەروەربیت ئەی باوک، بۆیە زۆرجار باوک بەهۆکاری نادادپەروەربونی کێشە دەخاتە نێوان مناڵەکانی ئەمە هەڵەیە، کە باوک دادپەروەر بوو مناڵەکانیش هیچ ناکەوێتە دڵیان بەرامبەر بە یەکتر یان بەرامبەر بە باوکیان. وتیان باوکمان نا دادپەروەرە، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو تۆڵەیە بکەینەوە لەکاتێکدا باوکی خۆیان زۆر خۆشدەویست لەکاتێکیشدا کە دەڵێن باوکمان بەهەڵەدا چوە بەڵام باوکی

خۆیانەو خۆشیان دەوێت ئەی چی بکەن بۆ ئەوەی باوکیان لەمەبەدوا خۆشەویستێکەی هەمووی بۆ ئەمان بێت!

اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ ﴿٩﴾

{اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا} وتیان دوو ڕێگاتان لەپێشە، لەناو خۆیاندا مشاوەرەیان کرد یوسف بکوژن، یان دوری بخەنەوە فڕێی بدەن لەشوێنێکی دوور نەیەتەوە لای باوکم باوکم نەبینێتەوە جارێکی تر، ئەوکاتە ڕوی باوکتان بەس بۆ ئێوە دەبێت ڕوو دەکاتە ئێوە قسەی خۆش لەگەڵ ئێوە دەکات دانیشتنی لەگەڵ ئێوە دەبێت وە ژیانی لەگەڵ ئێوە دەبێت یوسف نامێنێت و ڕزگارمان دەبێ لێی، ئەی باشە ئەوە تاوان نیە بیکەین!

ئەمە هەر لەناو خۆیاندا مشاوەرە دەکەن ئەی تاوان نیە یوسف بکوژین یان دووری بخەینەوە!

خەمتان نەبێ دەرگای تەوبە کراوەیە دوای ئەو تاوانە کە ئەنجامماندا تەوبە دەکەین و دەبینە کەسانی باش إن شاء الله ئەی خوای گەورە مەگەر تەوبە قبوڵ ناکات! واتە پێش تاوانەکە نیەتیان وایە کە تەوبە بکەن و کەسانێکی باشیش بن سبحان الله برا ئەو پیلانە دابنێ بۆکوشتنی براکەی لەبەر ئەوەی باوکیان لەمەودوا بەس ئەمانی خۆشبوێت کەواتە ئەی باوکان وریابن ئەمە شتێکی ترسناکە، کارێک نەکەیت لەتەرازوی شەرعی خوا لابدەیت و زوڵم بکەیت لەشتێکیشدا کە منداڵەکانت لێت تێناگەن هەوڵ بدە تێیان بگەیەنە؛ چونکە زۆرجار منداڵەکە تێناگات وادەزانێ ئەوە زوڵمە باوکی دەیکات تێیگەیەنە کە ئەوە زوڵم نیە، ئەمەی کە ئێستا لەگەڵ ئەم منداڵە بچوکە دەکرێت لەگەڵ تۆشدا کراوە هەریەکەتان

بەسەردەمی خۆتان و بەشێوازی خۆتان سۆزی دایک و باوکتان وەرگرتوە، کەواتە باوک ئەبێ وریابێ ئەمە شتێکی ترسناکە بزانە چ نەخشەیەکیان داناوە بۆ یوسف -ﷺ-.

قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ ﴿١٠﴾

{قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ} : یەکێ لەبراکان لەکاتی مشاوەرەو نەخشە کێشانیاندا وتی: من بۆچونم وایە مەیکوژن (ئەمە کەمترینیان بو لەشەر و زەرەرو خراپە).

{وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ} بەڵکو بیخەنە ناو قوڵایی بیرێکەوە کەنەبینرێت، بەڵام بەو نیەتە نا کە بتانەوێ بیکوژن یا لەوێدا خۆی بمرێ.

{يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ} بەڵکو؛ چونکە بیر دائما لە بیاباندا خەڵکی ڕێبوار کە دێن ئەچنە سەربیرو ئاو دەر دەهێن کە ڕێبوارەکان یەن لەکاتێکدا ئێمە خستومانەتە ناو بیرەکەوە کە دەولکەکە شۆڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئاو دەربێنن یوسفیش قابیلە عەقڵی ئەوەی ئەبێت دەست بە دۆلکەکەوە دەگرێ ودەزانن چیەو دەریدەهێننەوەو دەیبەن لەگەڵ خۆیان ئەوکاتە دەبێتە کۆیلەی ئەوان و ئێمە ڕزگارمان دەبێ لێی .

{إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ} ﴿١٠﴾ واتە ئەگەر هەر دەتانەوێ یوسف دووربخەنەوە و زیانی پێ بگەیەنن وەرن ئەوە بکەن.

﴿قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ ﴿١١﴾

دوای ئەوەی کە براکانی یوسف بڕیاری ئەوەیاندا کەیوسف لەباوکی دووربخەنەو وە هاتنە سەر ئەو بۆچونەی کە فڕێی بدەنە بیرێکەوە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان چۆن قەناعەت بەباوکیان بکەن بۆ ئەوەی یوسفیان تەسلیم بکات؛ چونکە دەیانزانی باوکیان یوسفی زۆر خۆشدەوێت و زۆر بە پەرۆشە بۆی دڵی نایە یوسف لەخۆی جیابکاتەوەو لێگەڕێت بۆ هیچ شوێنێک بڕوات و لەبەرچاوی ون بێت، ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن کە درۆیەک ڕێکبخەن بۆ ئەوەی قەناعەت بەباوکیان بکەن، جا سەیر لەوەدایە تاوان چەن تاوانێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت ڕایدەکێشێت بۆ تاوانی تر، وە کە مرۆڤ نیەتی خراپەی بوو تەنها بەتاوانێک نەجاتی نابێت، ئێستا ئەوان حەسودن بەرامبەر ئەو برایەیان دەیانەوێت ئەو برایەیان دیارنەمێنێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی باوکیان بۆ ئەوانبێت بەڵام بزانە توشی چەند تاوانی تر دەبن (درۆ کردن، وە هەوڵی کوشتن، جیاکردنەوەی باوک و کوڕ لەیەکتر)، وەکۆمەڵێک درۆ نەک یەک دانەش، جابزانین یەکەم درۆیان کە دەستیان پێکرد چییە وتیان :

{قَالُوا يَا أَبَانَا} ئەی باوکمان.

{مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ} باشە تۆ بۆ ئێمە بە ئەمین دانانێیت لەسەر یوسف، متمانەت بە ئێمە نیە یوسف لەگەڵ ئێمە بۆ دەرەوە بێت بۆ پیاسەیەک بێت بۆ شوێنێک بڕوات؟

{وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ} لەکاتێکدا ئێمە برای یوسفین خۆ بێگانە نیەو دوژمنمان نیە ئێمە زۆر دڵسۆزین بۆ یوسف زۆر بە پەرۆشین بۆ یوسف وە زۆر لەسەر بەرژەوەندی یوسفین -ﷺ- ئێ کەواتە کە ئەوە حاڵی ئێمەبێت ئێمە ئەوەندە

دڵسۆزو بە پەرۆش و بەئاگاین بۆ یوسف چۆن دەبێت تۆ لە ئێمە ئەمین نەبیت! ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوان چاک دەیانزانی باوکیان متمانەیان پێ ناکات، وە باوکیان دەیزانی کە ئەوان ئامۆژگاریکارو بە پەرۆش نین بۆی ئەوەش یەکێکی ترە لەتاوانەکان کە توشی بوون خێریان بۆ براکەیان نەدەویست.

بۆچی ئەی باوکە تۆ گومانت هەیە لە ئێمە؟

**أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿١٢﴾**

{أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ} ﴿١٢﴾ لەدوای ئەوەی بەباوکیان وت ئێمە دڵسۆزین بۆ یوسف، واتە مەترسیت نەبێ لێی هیچ زەرەرو زیان و ناڕەحەتیەکی توشبێت، سەرەڕای ئەوەی کە لێی مەترسە ئێستا کۆمەڵێک بەرژەوەندی هەیە بۆ یوسف بۆ بێبەشی دەکەی لێی؟

تۆ بەس سبەی لەگەڵ ئێمە بینێرە بۆخۆی سەفرەیەک دەکات و خواردنی خۆش دەخوات،؛ چونکە مرۆڤ کاتێک دەچێتە سەفرە خواردنێکی تایبەت لەگەڵ خۆی دەبات، وە یاری دەکات و گاڵتەو گەپ دەکات و بۆخۆی دڵخۆش دەبێت و فعلا سەفرە هۆکارێکە لەهۆکارەکان بۆ دڵخۆشبونی مرۆڤ، ئیمام شافیعی دەفەرموێت سەفەر پێنج سودی تێدایە یەکێک لە سودەکانی سەفەر ئەوەیە مرۆڤ کە خەفەت و ناڕەحەتی لەسەر بێت لەسەری لادەچێت جگە لەوەی کۆمەڵێک سودی تریشی هەیە بۆیە وتیان لەگەڵ ئێمە بینێرە یوسف سود دەبینێت و خواردنێکی خۆش دەخوات یاری دەکات و دڵی خۆش دەبێت و جەوێک دەگۆڕێت وە دڵنیاشبە ئێمە پارێزەرین بۆ ئەو لەهەموو شتێک کە ئەزیەتی پێ بگەیەنێت کەواتە مەترسیت لێی نەبێت وەچاوەڕێی خێرو خۆشیش بکە کە

توشی ببێت ئەی بۆ نایتیری لەگەڵمان؟بەوە خەریکە قەناعەت بە یعقوبی باوکیان دەکەن.

قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ ﴿١٣﴾

{قَالَ إِنِّي} لەوەڵامیاندا باوکیان فەرمووی دوو ڕێگر هەیە لەوەی کە بینێرم لەگەڵتان.

{لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ} ڕێگری یەکەم ئەوەیە کەبێتاقەت و خەفەتبار دەبم کە یوسف ببەن و لێم دوربخەنەوە واتە باوکی ئەوەندەی خۆشویستوە؛ چونکە یعقوب پێغەمبەرە -ﷺ- خوای پەروەردگار پێی وتوە ئەم کوڕەت چ نەجیبێکە زۆر خۆشی دەوێت دەڵێت بەس دوورخستنەوەی لەمن ئەوە بێتاقەتم دەکات حەزناکەم لێم دووركەوێتەوە، وە بەتایبەتی؛ چونکە منداڵیشە .

{وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ} وە ڕێگری دووەمیش ئەوەیە کە مەترسی ئەوەم هەیە کە گورگ بیخوات .

{وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ} ﴿١٣﴾ لەحاڵەتێکدا گورگ بیخوات کە ئێوە بێئاگان لێی، مادام وتتان دەڕۆین بۆ یاریکردن و گاڵتەو گەپ لەوەیە ئێوە خەریکی یاری خۆتان بن و ئەویش منداڵە ئاگاتان لێی نابێ و گورگ بێت بیخوات منداڵە بەرگری پێ لەخۆی ناکرێت، لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت زۆر جار مرۆڤی تاوانبار سود لەقسەکانی ستەم لێکراو دەکات، واتە وەک ئەوە وایە یعقوب خۆی نەخشەی بۆ دانان چۆن دوایی بیانوو بێننەوە، ئێستا براکان بیردەکەنەوە دەڵێن باوکمان لەوە دەترسێ گورگ بیخوات زۆر چاکە ئەوە بیانویەکی چاکە دوایی دەڵێین گورگ خواردی بۆیە زانایان دەفەرموون هەندێ شت هەیە مرۆڤ

نەیڵێت کە بیڵێیت دوایی بەرامبەرەکەت سود لەو قسەیەت وەردەگرێت و بەخراپ بەکاری دەهێنێت بەرامبەرت، بەهەرحاڵ ئەمە دوو ڕێگرە و یعقوب -ﷺ- نایەوێ بینێرێت لەترسی ئەو دووخاڵەی کە باسمانکرد.

قَالُوا لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَخَاسِرُونَ ﴿١٤﴾

{قَالُوا} براکانی یوسف لەوەڵامی باوکیان وتیان:

{لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ} جا کەبێت و گورگ بیخوات.

{وَنَحْنُ عُصْبَةٌ} لەکاتێکدا ئێمە کۆمەڵێ کوڕی گەنجین لەگەڵ ئەوەشدا گورگ بتوانێ بێت لەناوئێمەدا ئەو برا بچوکەمان بخوات.

{إِنَّا إِذًا لَخَاسِرُونَ} ﴿١٤﴾ ئەوە ئێمە دۆڕاوین ئەی باوکە هەر وا حسابکە ئێمە هەر پیاونین هەر غیرەتمان نیە گورگ حدی چیە چۆن جورئەت دەکات لەناو ئێمەدا ئەو برا بچوکەمان بخوات خۆ ئێمە یەک کەس و دوان و سیان نین ئێمە کۆمەڵێکین، کەواتە بەم شێوەیە دڵ ئارامیان دایە باوکیان وتیان خەمی ئەوەت نەبێ لێی مەترسە گورگ بیخوات، کە یعقوبیش زانی ئەوان فعلا کۆمەڵێکن وە بەدەسەڵاتن کەواتە إن شاء الله گورگ ناتوانێت بیخوات کەواتە ئەو مەترسیەی لێی نەما سەیریشیکرد ئەگەر کورەکەی بۆخۆی بچێت جەوێک بگۆڕێت و سەفرەیەک بکات و خواردنێکی خۆش بخوات و یاری بکات قەیچێکە با لێی بێبەش نەکرێت، وە لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی دڵی کوڕەکانی تریشی نەڕەنجێنێت کە ئەوەنە داوا لە باوکیان دەکەن لەگەڵمان بنێرە، یعقوب -ﷺ- ڕازی بوو.

﴿فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ ۚ وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٥﴾

باوکیان ڕێگای پێدان کە بیبەن.

{فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ} جا کاتێک کەبردیان ابن جلیلی طبري ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت هەر ئەوەندەی خۆشبو کەلەبەر چاوی باوکی نەما دوایی ئەو ڕوخسارە جوان و بە پێکەنین و خۆشیەی کە لای باوکیان بۆ یوسفیان دەردەبڕی ئەوە گۆڕا، لە موفەسیرینی سەلەفەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت:

دەستیان کرد بە توڕەبوون و قسە پێوتن و لێدان ئەوە لە ڕێگا دەیبەن و لێی دەدەن؛ طبري دەفەرموێ: یەکێکیان لێی دەدا ئەویش ڕای دەکرد بۆ باوەشی ئەوەی تر بۆ ئەوەی ئەو بیگرێتە خۆی ئەوەی تریش لێی دەدا و ڕای دەکرد بۆلای ئەوەی تر، بەهەرحاڵ ئەوەندەیان لێدا هەر ئەوەنەی مابوو کە بمرێت دوای ئەوە ئەو برایەیان کەوتی یوسف مەکوژن فڕێی بەنە ناو بیرێکەوە وتی ئەی باشە ئێمە لەسەر ئەوە ڕێنەکەوتین کە نەیکوژین! خۆ ئێوە خەریکە دەیکوژن نابێت، ئینجا دەستیان لە لێدانی هەڵگرت .

{وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ} ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بیخەنە ناو قوڵایی شوێنێکی نادیاری بیرێکەوە طبري ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: شۆڕیان دەکردەوە بۆناو بیرەکە ئەویش لەترسی خۆی و لەترسی کەوتنە ناو بیرەوە بەلێواری بیرەکە خۆی گرتبوو توند بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو بیرەکە، هێنایانە دەرەوەو هەردوو دەستیان بەست وە جلەکەشیان لێ دانا کراسەکەیان لێ داناو دوای ئەوە فڕێیان دایە ناو بیرەکە، کەفڕێیان دایە ناو بیرەکە دەفەرموێ:کەوتە ناو ئاوەکەو دوایی خۆی هەڵسایەوە بۆسەر بەردێک لەوێ

بانگیان کرد بۆئەوەی بزانن ماوە یان مردوە، کە بانگیانکرد دڵی خۆشبوو یوسف -ﷺ- وتی لەوەیە بۆچونیان گۆڕابێ و دەرمکەن و بەزەییان پێمدا هاتبێتەوە دەفەرموێ کەوەلاَمیانی داوەتەوە وتیان کەواتە دیارە ماوە ئنجا دەی با بەرد بارانی بکەین تابیکوژین هەوڵی ئەوەشیاندا بەلاَم ئەو برایەیان کەوتی نابێ بیکوژین ڕێگری لێ کردن و وتی ئەی ئێمە لەسەر ئەوە ڕێ نەکەوتین کە نابێ بمرێ!

تەواو فرێماندایە ناو بیرەکەو لێی گەڕێن، لێرەدا بیر لەوە بکەینەوە کە کۆمەڵێک برا یەک ڕابن لەسەر ئەوەی ئەو کارەساتە بەسەر برایەکی بچوکی خۆیان بێنن چی وای کرد؟

یوسف نەماڵیانی خواردبوو نە جنێوی پێ دابون نەکەسیانی کوشتبو وە نە بێڕێزی بەرامبەر بە کەسیان کردبوو، بەڵکو تاوانی یوسف ئەوەیە کە دەبینن یوسف بەرەو سەرکەوتنێک دەڕوات جارێ نەشگەیشتوە پێی بەرەوبەرزاییەک دەڕوات کە ئەوان پێی ناگەن؛ وە مرۆڤی حەسود نایەت پیشبڕکێ لەگەڵ ئەو کەسە بکات کە پێشی کەوتۆتەوە بەڵکو بگاتە ئەوو پێشی بکەوێتەوە، بەڵکو هەوڵی کەسی حەسود هەوڵێکی کەمە دەیەوێ کەسە سەرکەوتوەکە لەناو بەرێت، بۆنمونە تۆ دەبینی هاوڕێکەت قوتابیەو قورئانی لەبەر کردووە تۆ تا ئێستا پێت لەبەر نەکراوە تۆ مەچۆ سومعە و کەرامەتی ئەو بشکێنی لەناو هاوڕێکاندا بڵێی ڕاستە ئەمە قورئانی لەبەر کردووە بەلاَم زۆر کەسێکی خراپە ئێوە نایناسن؛ چونکە خۆت ناگەیتە ئەو ئێستا ئەتەوێت بیشکێنیت، کێبڕکێکاری بازرگانیەکەت بازرگانیەکەی لەتۆ بەرەو پیشتر و دەچیٚ لەناو خەڵک دەڵێی ئەو بازرگانیەی کە دەیهێنێ بە غەش هێناویەتی یادزی کردووە یا شتەکەی ئەصلی نیە؛ یا مرۆڤی وا هەیە دەچێت ئەو کەرەستەیەی کە تۆ هێناوتە بۆ نمونە کارگەیەکی ئاو لەگەڵ کارگەیەکی ئاوی تر دێت شتێکی پیس دەخاتە ناو هەندێ ئاوی کارتۆنە ئاوێکەوە

دێت بەخەڵک دەڵێت سەیری بکەن ئەو کارگەیە ئەوە ئاوەکەیانە ئاوا پیسە لە ڕاستیشدا بەو شێوەیە نیەو واش نیە؛ بۆیە کە مرۆڤ حسودی گرتی پەنا بەخوای گەورە حەسود هەموو هەوڵ و تەقەلایەک دەدات بۆ ناشرین کردن و لەناوبردنی ئەو کەسەی حەسودی پێ دەبات؛ چونکە حەسود ئەو کەسەیە کەخۆی ئاستی نزمە کەخۆی لەدواوەیە، ئەو ورەیەی نیە کە بەرز بێتەوەو پێش کەوێتەوە ئەی ناچار چی دەکات؟ ناچار دەڵێ ئەو کەسەی لە پێشەوەیەو لە بەرزیەو لە پێشکەوتندایە بائەو دابگرم با ئەو لەکەدار بکەم وبا ئەو ڕاکێشم بەرەو خوارەوە خۆخۆم هەرناگەمە سەرەوە با ئەم هەر نەهێڵم، کە مرۆڤ وردبێتەوە لەو مەوقیفە کێ بیکات بەرامبەر برایەکی بچوکیان بە لێدان و خستنە ناوبیرێکەوە وە بەهەوڵی کوشتنی بەهەموو شێوازێک ئەی باشە تاوانی چیە، یەحیای کوڕی زەکەریا کە پێغەمبەرێکی خوابوو -ﷺ- کە ئەو پێغەمبەرەیە کە لە ژیانیدا نە تاوانی کردووە و نە بە خەیاڵیشیدا هاتووە سەریان بڕی، واتە مرۆڤ کە خراپ بوو دڕندەیەکی زۆر خراپی لێ دەردەچێت بۆیە مرۆڤ ناخی خۆی باش کات و پاکی کاتەوە ئەو ناخی مرۆڤەی کە غیل و حقدو حەسادەتی تێکەوت مرۆڤێکی زۆر دڕندەی لێ دەردەچێت بەرامبەر ئەوکەسانەی کە حەزیان پێ ناکات، بەرامبەر ئەو کەسانەی کە سەرکەوتون بەسەریدا، وە ئەم چیرۆکەی یوسف باشترین و ڕونترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە؛ بۆیە هەندێ کەس کە حەسودی دڵی داگیرکردوە بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێ من حەسودی دەبەم؟

ئەی تۆ کێی خۆتۆ لەکوڕەکانی یعقوب باشترو پاکتر و گرنگتر نیت، بەڵێ کوڕەکانی یعقوب حەسودیان بەبرای خۆیان برد ئێستا تۆ حەسودی بەبرایەکی ئیمانیت نابەیت! وەهەمیشە تۆمەتەکانی کەسی حەسود درۆو دەلەسەیە شتانێک

باس دەکەن کە ئەصل و بنەمای نەبێت بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی لەکەدار بکات و نەیهێڵێت،.

{وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا} دوای ئەوەی کە خستیانە ناو بیرەکە خوای پەروەردگار وەحی بۆ یوسف نارد فەرمووی: ئەی یوسف بە دڵنیاییەوە ئەو کارە قێزەونەی کە بەرامبەر بەتۆ کردیان لەڕویان دەدەیتەوە، واتە خەمت نەبێت تۆ ئێستا نامریت وە لەناوناچیت وەناشتوانن تۆ بکوژن، ئەوان دەتخەنە بیرێکەوە بۆ ئەوەی خۆیان بەرزببنەوە و تۆ نەمێنیت بەڵام ئەوەی خوای گەورە دەیەوێت شتێکی ترە تۆ بەرز دەبیتەوەو ئەوان دادەبەزن، سەیرکەن بو بە پەند قەزیەکە ؛ لەو کاتەوە تا ئەمڕۆو تارۆژی قیامەت باسی ئەو کارە قێزەونە دەکرێت کەبراکانی یوسف کردیان کەواتە مرۆڤ ڕاستکاو لەگەڵ خوابێت ئەگەر هەموو ئومەتیش وە نزیکترین کەسیشت کۆببێتەوە بۆ لەناوبردنت ناتوانێت بەومەرجەی مرۆڤ لەگەڵ خوای گەورەبێت؛ پەروەردگار وەحی بۆ یوسف نارد فەرمووی ئەی یوسف بەدڵنیاییەوە تۆ هەواڵی ئەو کارە قێزەونەی کەئێستا دەیکەن پێیان دەڵێیتەوە واتە پێیان دەڵێیت بە براکانت لەبیرتانە ئێوە چیتان کرد .

{وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ} ﴿١٥﴾ وە ئەوان هەستیش ناکەن، ئەمەش دوومانای هەیە، یان ئەوەیە ئێستا هەست ناکەن کە ئەوە ئێمە وەحیمان بۆتۆ ناردو موژدەمان دایتێ کە ڕۆژێک دێت تۆ لەسەرەوە دەبیت و ئەوان لە ژێرەوەن و پێیان دەڵێیتەوە کە چ تاوانێکیان کرد، یان ئەوەیە ئەوان ئێستا ئاگایان لەوە نیەو دڵخۆشن بەوەی کە ڕزگاریان بوو لەدەست تۆ کە ئێستا ئەوان نازانن ئێمە چ بەڵێنێکمان بەتۆ دا، یا لەو کاتە دا کە کاتی خۆی دێ و تۆ پێیان دەڵێی لەبیرتانە ئێوە چیتان بەیوسف کرد ئەوکاتەی کەپێیان دەڵێیتەوە ئەوان نازانن کە تۆ یوسفیت هەردوو ماناکەی هەڵدەگرێت و هەردوکیشی ڕاستە، ئەمە مژدەیەکی خۆشە لەخوای پەروەردگارەوە

بۆ یوسف کە دڵنیابە پاشەڕۆژی ستەم لێکراو خوای گەورە سەری دەخات بادوای ماوەیەکیش بێت .

{لَتُنَبِّئَنَّهُمْ} زانایان دەفەرمون فعلا دوای چل ساڵ پێیان ڕادەگەیەنێت سبحان الله واتە ئەم بەسەرهاتە زۆردرێژە دوای چل ساڵ براکانی دێنە بەردەستی و پێیان دەڵێ لەبیرتانە چیتان بەیوسف کرد، ئەوان لەژێرەوەو یوسف لەسەرەوە یوسف یارمەتیان دەدات، وە سودی دوەمیشیان ئەوەیە مرۆڤی ستەمکار ئیللا ڕۆژێک دێت دەر ئەنجامی زوڵم و ستەمەکەی خۆی وەرگرێتەوەو خوای گەورە سزای بدات.

## وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ ﴿١٦﴾

خستیانە ناو بیرەکەو ئێستا دڵیان خۆشە .

{وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً} کاتی عیشا گەڕانەوە بۆ ماڵەوە .

{يَبْكُونَ} ﴿١٦﴾ بەڵام هەمویان دەگریان، یعقوب وتی چیبوە ڕۆڵەکانم چی ڕویداوە؟

ئەم گریانەیان بۆ ئەوەبو ئەو کەسەی کە بڕیار دەدات و حاکمە بیخەڵەتێنن بە فرمێسکی درۆینە کاریگەری بکەنە سەر ئەو کەسەی بڕیار دەدات و لەسەر ئەو کەسەی هەواڵەکە دەبیستێت بەفرمێسکی درۆیینە قەناعەتی پێبکەن بەڵام قاضي عاقڵ و زیرەک و تێگەیشتوە بەهۆی فرمێسک ڕشتنەوە حوکم بۆ کەسەکە نادات کەتۆ لەسەر حەقیت، مادام تۆ ئەگریت تەواو دیارە تۆ ستەم لێکراویت! نەخێر فرمێسک ڕشتن نیشانەی ڕاستێتی نیە ئەوەش درۆیەکی ترو تاوانێکی ترچونکە گریانی ڕاستی نیە؛ چونکە خۆ لەپەرۆشیان بۆیوسف ناگرین.

قَالُوا يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ ۖ وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ ﴿١٧﴾

{قَالُوا يَا أَبَانَا} کە باوکیان بینینی بەو حاڵەتی گریانەوە کە گەڕانەوە وتیان ئەی باوکمان ئێمە کە ڕۆیشتین بۆ سەفرە لەو شوێنەی کەلێی لاماندا.

{إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ} ئێمە دەستمانکرد بە پێشبڕکێ کردن جا یا پێشبڕکێ بەڕاکردن تا بزانین کاممان خێراترین یان پێشبڕکێ بە تیر هاویشتن، بۆ ئەوەی یوسف ماندو نەبێ ئەو مناڵە ناتوانێ لەگەڵ ئێمە دەرکاو ڕاکا .

{وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا} یوسفمان لای کەلو پەلەکانمان دانا، طبعا ئەمانە هەموی درۆیە دوای درۆ، ببینن تاوانێک چەند درۆی بەدوای خۆیدا هێنا لەو کاتە کە ئێمە پیشبڕکێمان دەکرد و لە یوسف دوربوین .

{فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ} یەکسەر لەوکاتەدا گورگ هات و خواردی وە تۆش ئەی باوکە باوەڕمان پێناکەی هەرچەندە ئێمە عوزری خۆمانمان بۆ باسکردیت و ڕاستی شتەکەشمان بۆ باسکردوی .

{وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ} ﴿١٧﴾ هەرچەندە ئێمە ڕاستیش بکەین و ڕاستگۆشبین لەگەڵت تۆ باوەڕمان پێناکەی، بەڵام کە باوەڕیشمان پێنەکەین ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە عوزرە ڕاستەقینەکەت پێ نەڵێین ئەوە پێمان وتیت ئەی باوکە جا کەیفی خۆتە قەزیەکە ئاوا بوە کەواش نەبو!

وَجَاءُوا عَلَىٰ قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ ۚ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾

{وَجَاءُوا عَلَىٰ قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ} بۆ ئەوەی زیاتر درۆکەیان بخەنە قاڵبی ڕاستیەوە و باوکیان باوەڕ پێبکەن و باوکیان قەناعەت بکات بەدرۆکەیان سیناریۆیەکیان ڕێک خست، هاتن بەحساب زۆر زیرەکن، نازانن زۆرجار مرۆڤی تاوانبار بەڵگەی تاوانباریتیەکەی لە قسەکانی خۆیدا دەست دەکەوێت، لە هەموو یوسف تەنها کراسێکی یوسفیان هێنایەوە پێش فرێی بەنە ناو بیرەکە ئێ لێیان داکەنی بەسەلامەتی ئێستا کراسێکیان هێناوە و لەولاشەوە چون ئاژەڵێکیان سەربڕی و خوێنێکی درۆیینەیان لەکراسەکەی یوسف دا و کراسەکەیان خوێناوی کرد وتیان ئەی باوکە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یوسف گورگ خواردی و ئەمەش خوێنی یوسفە کاتێک کە گورگەکە دەیخوارد، یەکێک لە پێشەوایانی سەلەف دەفەرموێت: دیارە ئەو گورگە زۆر بە ڕەحم بووەو کراسەکەی نەدڕاندوە واتە بەس یوسفی خواردووەو نەهێشتوە کراسەکەی بدڕێت کراسەکە زۆر بەجوانی و بەسەلامەتی ماوەتەوە، واتە عەقڵی ئەوەیان نەبو؛ چونکە تاوانبار و زاڵم و خوێنڕێژ ئیللا خوای گەورە وادەکات کە شوێنەوارێک لەدوای خۆی جێبهێڵێت ببێتە بەڵگە بۆ ئەوەی بزانرێت، ئێ هەر نەبوایە تۆزێ کراسەکەتان دڕاندبایە بۆئەوەی بزانرێ کاتێ کە قەپی پیاکردووەو خواردویەتی دڕاندویەتی نا ئێستا بەس کراسێکی سەلامەت بەس خوێنی پێوەیە هیچ نەدڕاوە ئەمە نیشانەیەکی گەورەیە خوێنەکەش درۆیە خوێنی مرۆڤ نیە ئاژەڵێکیان سەربڕیوەو کراسەکەیان پێ خوێناوی کردووە.

{قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا} بەڵام یعقوب کە سەیری قەزیەکەی کرد تێگەیشت ئەم باسە دروست کراوە و درۆیە شتێکی تر لە ئارادایە فەرمووی بەڵکو ناخەکەی خۆتان شتێکی بۆ ڕازاندونەتەوە کە بیکەن ئەو شتە چیە من نازانم بەس بۆ ئەوەی یوسف لەمن جیابکەنەوە، ئەگینا ئەمەی باسی دەکەن شایەنی باوەڕ

پێکردن نیه، حاڵتیان بە گریانەوەیە، بەڵگەیان کراسێکی خوێناویە، بەڵام باوکیان نەخەڵەتا نە بەحاڵەتی گریانەکەیان و نەبە بەڵگە درۆیینەکەشیان فەرمووی ئێوە ناخە پیسەکەتان شتێکی بۆ ڕازاندونەتەوە و کردوتانە چیە نازانم حاکمیش کە بەڵگەی نەبێت لەخۆیەوە ناتوانێت حوکم بەسەر بەرامبەردا بدات، بۆیە کەهیچ بەڵگەی نەبوو یعقوب لەسەر ئەوەی کە ئەوان کوشتویانە یان شتێکیان لێ کردووە فەرمووی .

{فَصَبْرٌ جَمِيلٌ} ئەوەی لەسەر من پێویستە ئارام دەگرم ئارامگرتنێکی جوان، ئارامگرتنی جوانیش ئەوەیە کە سکاڵا بۆلای مرۆڤ ناکەیت وە بێزاری لەقەدەری خوا دەرنابڕیت و ڕازی بەقەدەری خوای گەورە وە کەشتێکت بەسەر یەت مەڵێ والله من شایستەی ئەوە نیم کە بەسەرم هاتوە ئەبێ بڵێی لەوەیە بەهۆی کەمتەرخەمی خۆمبێ لەوەیە تاوانی خۆمبێ لەوەیە هۆکار خۆمبم لەکاتێکیشدا ئەگەر سەد لەسەدیش بەرامبەرەکەت زاڵمبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەزکیەی خۆت مەکە، کاتێ کە موشریکەکان لە غەزوەی ئوحود حەفتا صەحابەیان شەهید کرد ئێ بەدەستی موشریکەکان شەهیدکراون واش خوای گەورە دەفەرموێت لۆمەی خۆتان بکەن ئێوە کارێکتان کرد کە بوو بەهۆی ئەوە، کەواتە ئارامگرتن ئەوەیە کەتۆ شتێکت بەسەردێت فەقیریە، زەرەرە لە مامەڵە، ماڵسوتانە،وەرگەڕانی سەیارەیە،نەخۆشیە، بەلایە، هەرچیبێ صبر جمیل ئەوەیە سکاڵای خوا لای خەڵک نەکەیت، نەخێر بەڵکو سکاڵای خۆت لای خوا بکە وە سکاڵای خەڵکیش لای خوابکە .

{وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ} ﴿١٨﴾ من خۆم دەدەمە دەست خوا و پشت دەبەستم بەخوا، وسکاڵا دەکەم بۆلای خوا، هانا دەبەم بۆخوا، وە خوای گەورەیە کە ئەو زاتەیە کە داوای یارمەتی لێ دەکرێ بەتەنها؛ چونکە کەس فریای من

ناکەوێت کەس ناتوانێ لەو موصیبەتە ڕزگارم بکات خوانەبێ تەواو خۆم تەسلیمی خوای گەورە دەکەم، وە داوای یارمەتی بردنی من بەس بۆ خوایە لەسەر ئەو وەصفەی کەوا ئێستا ئێوە دەیکەن، ئەو هەموو درۆیەی کەوا کۆتان کردۆتەوەو ڕێکتان خستوە ئەوانە هەموی بۆ خوا لێدەگەڕێم خوای گەورە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان دەربخات و بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات وە بۆ ئەوەی ڕوی ڕاسەقینەی ئێوەش دەربخات لەمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت مرۆڤی موسڵمان کاتێ بەڵایەک یا موصیبەتێکی بۆ یەت چیبکات؟

پێش هەموو شت خۆمان تۆمەتباربکەین لای خوا، واتە لەومەی خۆمان بکەین خوایە من ستەمم لە نەفسی خۆم کرد خوایە من هەڵەمکرد تاوانمکرد خوایە کە ڕەحمم پێنەکەیت و لێم خۆشنەبی من لە زەرەرمەندان دەبم کێشەکەشمان لەگەڵ خەڵک بەوە دەبێت بە چاکبونی پەیوەندیمان لەگەڵ خوا چارەسەر دەبێ؛ چونکە بەخوا کە خوا سەرت نەخا بەسەر نەیارانتدا بەخوا سەرناکەوی چۆن سەرت دەخات؟ بەوەی کەتۆ بەسەر نەفسی خۆتدا سەربکەویت و ملکەچی خوابی و پشت بەخوای گەورە ببەستی خوای گەورە کارت ئاسان دەکات ان شا ءالله،لەیەکێک لە ریوایەتەکاندا دەفەرموێت لەدوای ئەوەی براکانی یوسف زۆریان لێداو ڕایان دەکێشا و ئەیانویست بیخەنە ناو بیرەکەوە یوسف زەردەخەنەیەک بە لێویدا هات -ﷺ-، وتیان سەیرە ئێمە لێمانداویت و ئەتخەینە ناو بیرەوە تۆش پێدەکەنیت و دڵت خۆشە!

یوسف دەڵێ نا من سەیرم لەوەدێت جاری واهەبوو بەخەیاڵمدا دەهات دەموت من یانزە برام هەیە کەس ناتوانێت زوڵم لەمن بکات دڵم بەوە خۆشبوو کەمن خاوەنی یانزە برام لەخۆم گەورەتر، کەچی ئێستا یانزە براکەمن دەیانەوێ بمکوژن وە دەیانەوێ بمخەنە ناو بیرێکەوە بەهەرحاڵ ئەم قسانە هیچ دڵی

براکانی نەرم نەکرد فڕێیان دایە ناو بیرەکەوە ئێستا لەناو بیردایە، وە بەهەواڵێکی درۆ گەڕانەوە بۆلای باوکیان وە کراسێکی درۆییەیان هێناوەو خوێنێکی درۆیینەیان پێدا کردووە کە گوایە ئەمە خوێنی یوسفە -ﷺ-.

وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ ۖ قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾

{وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ} خوای گەورە دەفەرموێت کاروانێکی بازرگانی کە ئیشیان ئەوەبو لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێکی تر دەگەڕان و لەشارێکەوە بۆشارێکی تر دەڕۆیشتن بۆ بازرگانی گەڕۆک بوون گەیشتنە نزیک ئەو شوێنەی کە بیری لێیە و ئەوبیرەی یوسفی تێدا فڕێ دراوە .

{فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ} کابرای نێرداو بۆدۆزینەوەی ئاو بیرێکی دۆزیەوە،ئەوبیرەی کەیوسفی تێدا فرێدراوە .

{فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ} سەتڵەکەی شۆڕ کردووە بۆناو بیرەکە بۆ ئەوەی ئاو دەربێنێت بۆ خۆی و بۆ کاروانەکە، کاتێ سەتڵەکە دەگاتە خوارەوە یوسف دەیبینێت دڵخۆش دەبێت -ﷺ- توند دەست دەگرێت بەسەتڵەکەوە، هەمیشە مرۆڤیش کە شتێکی شۆڕکردەوە کە قورس بوو دەڵێ دیارە ئاوی تێچوە ئێستا هەست دەکات سەتڵەکەی زۆر قورسبێت کەواتە بەدڵنیاییەوە سەتڵەکە پڕ لەئاو بووە ڕایدەکێشێتە سەرەوە کە نزیک دەبێتەوە دەبینێت منالێکە چ منالێک یوسف سەلامی خوای لەسەربێت ئەگەر جوانی هەموو مرۆڤەکان بکەیت بە دوو بەشەوە نیوەی هی یوسف بوە واتە منالێکی ئەوەنە جوان بوو، ئێستا مندالێک دەموچاوی دەدرەوشێتەوە دەڵێی مانگە، کاتێ کە ئەوەی بینی وتی مژدەبێ ئەی هاوەڵەکانم

من ناڵێکم دۆزیەوە لێرە قەزیەکە تەنها ئەوەنیە ئاومان دەست کەوتبێت بەڵکو مناڵێکی جوانیش ئەوە لەناو ئەو بیرەدا هاتە دەرەوە بەهۆی سەتڵەکەوە

{وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً} کاروانەکە قەزیەکەیان شاردەوە تا کەشف نەبێت واتە ئەو کەسەی کە سەتڵەکەی شۆڕکردەوە لەگەڵ بەرپرسەکەی خۆی و گەورەکەی خۆی کە یوسف بکرێت بە شتو مەکێک بۆ فرۆشتن بۆ ئەوەی سودمەندبن لێی، یوسف دانرا بۆ فرۆشتن

{وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ} ﴿١٩﴾ خوای پەروەردگار تەواو زانایە بەوەی کە ئێستا کاروانەکە دەیکاو بەوەی کە براکانی یوسف کردیان و ئێستا خەریکن یوسف بکەن بە کۆیلەیەک و بیفرۆشن و وەکو کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەکاتێکدا خوای گەورە یوسفی داناوە ببێت بە پێغەمبەرێک ببێت بە هیدایەتکارو ڕێنمایی کاری ئوممەتێک کەچی ئێستا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن خوای گەورە ئاگای لێیە، لەوانەیە کەسێک بڵێ کە خوای گەورە عەلیمە ئەی بۆ هێشتی بۆ ڕێگەیدا وا لە خۆشەویستەکەی و پێغەمبەرەکەی بکرێت -ﷺ- دەڵێین ئەمە بۆ ئەوەیە ئێمە تێبگەین کە ئێمە لەدونیاداین دونیاش دونیای تاقیکردنەوەیە خوای گەورە هەمومان تاقی دەکاتەوە بەجۆرەها شێواز، تاقیت دەکاتەوە بەخۆشی ئایا سوپاسی خوا دەکەیت لەسەری وە تاقیشت دەکاتەوە بەناخۆشی ئایا ئارام دەگریت لەسەری لەهەردولایەنەکەشدا کە سەرکەوتوو بیت لەتاقیکردنەوەکە پلەت پێی بەرزدەبێتەوە لای خوای گەورە خۆشەویست دەبیت لای خوای گەورە ڕێز لێنراو دەبیت لای خوای گەورە وشایستەی بەهەشت دەبیت لای خوای گەورە؛ بەڵام هەیە لەتاقیکردنەوەی خۆشی دەرناچێت، وهەشە لەتاقیکردنەوەی ناخۆشی دەرناچێت، هەشە لەهیچیان دەرناچێت هەشە لەهەردوکی دەردەچێت خوای گەورە لەوانمان بگێڕێ، هەیە تاهەژارە خواپەرستە کەخوای گەورە تۆزێ

ماڵی پێدا یاخی دەبێت لەخوای گەورە، هەیە بە پێچەوانەوە تا دەوڵەمەندەو هەیەتی سوپاسی خوا دەکات بەڵام کەتوشی ناخۆشیەک یان نەخۆشیەک بوو یاتوشی فەقیرییەک بوو یاخی دەبێت لەخوا ودەست دەکات بەکوفر کردن و نارِەزایی دەربڕین، دەبێت بزانین ئێمە لەتاقیکردنەوەداین؛ بەخوا لەشت ساغبیَ ئەوە تاقیکردنەوەیە بزانیَ سوپاسی خوا ئەکەی و گوێڕایەڵی خوا ئەکەی یان نا، کە نەخۆشیشیت هەر تاقیکردنەوەیە ئارام دەگریت کەخوای گەورە بەهۆی ئەو نەخۆشیەتەوە تاوانەکانت دەسرێتەوە ئارام دەگریت یان نا بۆیە دەڵێین خوای پەروەردگار چاک زانایە بەوەی کە ئێستا بەرامبەر بەیوسف دەکرێت بەڵام هەمویان ئێستا لەتاقیکردنەوەدان، براکانی یوسف ئێستا لەتاقیکردنەوەیەکدان زۆر قورسە، باوکی یوسف لەتاقیکردنەوەدایە ئارام دەگرێت؟

بەڵیَ ئەوەتا ئەو فەرمووی فصبر جمیل یعقوب بڕیاریدا ئارامێکی زۆر جوان بگرێت ئەی یوسف بیَ ئومێد دەبێت لە ڕەحمی خوا یان بەردەوام ئومێدی بەخوای گەورەیە؟

هەموی تاقیکردنەوەیە، کەواتە ئەگەر خوا ڕێگا نەدا کەس نەخۆش بێت و ڕێگا نەدا هیچ ستەمکارێک هەبێت کەواتە ئێمە لەدونیادا نین یەکسەر ڕۆژی دوایی هات و ڕۆژی تاقیکردنەوە ڕۆی، دونیاش شوێنی تاقیکردنەوەیە کیَ دەردەچیَ تیایدا!

هەموو ڕۆژێک ئێمە لەتاقیکردنەوەداین بەجۆرەها تاقیکردنەوەوە بەدرێژایی تەمەنیشمان هەر لەتاقیکردنەوەداین.

﴿وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ ﴿٢٠﴾

{وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ} براکانی یوسف -ﷺ- یوسفیان بەو کاروانە بازرگانیە فرۆشت، کە کاروانەکە لەناو بیرەکە یوسفیان دەرهێنا، براکانی یوسف تەماشایان دەکرد بزانن کەس یەت بۆلای بیرەکە و کەس یەت دەری بێنێت، ئنجا کە دەرهاتەوە ناکا بگەڕێتەوە بۆلای باوکمان، لەکەمیندان بۆ ئەوەی دڵنیابن کە یوسف کۆتایی پێ بێت و نەگەڕێتەوە جارێکی تر جا چەند ڕۆژ ماوەتەوە لەناو بیرەکە قورئان باسی نەکردوە، کاروانەکە هاتن و یوسفیان دەرهێنا براکانیشی لەدوورەوە چاودێرن کە بینیان بەپەلە هاتن وتیان ئەمە کۆیلەی ئێمەیە ڕایکردبوو ئەوە چۆن دۆزیتانەوە؟ ئەی دەستان خۆشبێت کە دۆزیتانەوە دیارە لەناو ئەوبیرە خۆی شاردۆتەوە کەچی وای زانی لەدەست ئێمە ڕادەکات باشە قەیناکات پێتان دەفرۆشین، ئێستا لەوەیە بڵێن ئەی بۆ یوسف نەی وت ئەوان برای منن ئەوان ڕاست ناکەن کە دەڵێن ئەوە کۆیلەی ئێمەیە؟

چونکە ڕوی ڕاستەقینەی براکانی خۆی ناسی زانی کە براکانی لەوەدان کە لەناوی ببەن ئێستا بێدەنگە کە دەڵێن کۆیلەمانە بێدەنگە ناڵێ ڕاست ناکەن؛ چونکە دەترسێ کە کەشفی بکات و بڵێ برامن کاروانەکە دەیدەنەوە دەست براکانی و دواتر براکانی لەوەیە بیکوژن بۆیە یوسف بێدەنگە لەو زوڵمە گەورەیە؛ براکانی ئێستا بەکۆیلە لە قەڵەمیاندا ئەویش لەترسی ئەوەی کە نەیکوژن بێدەنگە ناڵێ من برایان نیم .

{دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ} بەڵام بەنرخێکی زۆر کەم فرۆشتیان بە چەن درهەمێک باشە بۆ؟

ئەی ئەگەر ئەوە کۆیلەشتان بێت پارەی زۆر دەکات واتە چەند درهەمێک چیە کەنرخی کۆیلەیەک بێت بەڵام ئەوان بۆیە بە نرخێکی کەم فرۆشتیان.

{وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ} ﴿٢٠﴾چونکە ئەوان هەر نەیاندەویست ئەیانەوێت ڕزگاریان بێت لێی، ئاخر ئەوان نازانن یوسف کێیەو قەدری یوسف لای خوا چەندە ئێستا ئاوا بەکەمی سەیری دەکەن؛ بەکەم نرخی دەیفرۆشن؛ موفەسیر دەفەرموێ تەواو دڵنیاشبوونەوە کەلەگەڵ خۆیان دەیبەن ئینجا وازیان هێناو ڕۆیشتن نەکا بگەڕێتەوە، تەماشابکەن ستەم لەدوای ستەم ئەم منداڵە ئێستا کە تەماشا دەکات براکانی فرۆشتیان ئێ زانراویشە کە فرۆشرا واتە بو بەکۆیلە ئیتر، پێغەمبەرێکی خوا لەداهاتودابە چ قۆناغێکی ژیاندا ڕۆیشتوە؟

بەو قۆناغەدا کە کرا بە کۆیلە وە بەنرخێکی زۆر کەم فرۆشرا ئەمە ئەوەمان فێردەکات کە دونیا یەک قۆناغ نیە، ئەوەت فێردەکات کە لەناخۆشیدابویت بێئومێد مەبە لە ڕەحمی خوا وامەزانە خۆشی بەدوادانایەت ئەوەت فێردەکات کەتۆ لەناخۆشیدابویت وابزانیت کەسی تر ناخۆشی نەبینیوە وانەزانی خوا ڕقی لێتە، ئەوەتا خۆشەویستی خۆیەتی و پێغەمبەری خۆیەتی ئێستا کرا بەکۆیلەو فرۆشرا کەواتە مرۆڤ ئارامی هەبێت لەسەر ناڕەحەتیەکان لەدوای ناڕەحەتی خۆشی دێت إن شاء الله.

وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِن مِّصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَىٰ أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا ۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ ۚ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾

یوسف -ﷺ- کڕدرا بەنرخێکی کەم، ئێستا کاروانەکە کەوتنەوەڕێ کەبەرەو مصر دەڕۆیشتن لە فەڵەستینەوە بەرەو مصر، یوسفیان وەک کۆیلەیەک لەگەڵ خۆیان برد ئەو کاروانە بازرگانیە بەئومێدی ئەوەن پارەیەکی زۆریان بۆ بکات هەرچەندە بەنرخێکی کەم کڕیویانە، گەیشتنە مصرو لە مصریش داوای نرخێکی

وا زۆریان کرد کە تەنها گەورەی مصر پێی کرِدرا وەزیرێکە لەوەزیرە گەورەکانی پادشای مصر؛ چونکە زۆر جوان و ئاقڵ و ڕێکو پێک بوو بۆیە نرخێکی زۆریان داواکرد لەسەری کەسێکی ئاسایی نەیتوانی بیکرِێت بۆیە عەزیزی مصر کڕی، {وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَىٰ أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا} گەورەی مصر ئەو کەسەی کە کڕی و هێنایەوە بۆ ماڵەوە بەخێزانی خۆی وت ڕێز زۆر لەم کۆیلەیە بگرە جێگاو ڕێگاو شوێنی حەوانەوەی بۆ ئامادە بکەو بۆی چاک بکە ئەم کۆیلەیە شایستەی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێ بەشکو سودمان پێ بگەیەنێت، کۆیلە چ کارێک دەکات بەشکم ئەم بەباشترین شێواز دەوری کۆیلایەتی ببینێ و خزمەتمان بکات لەماڵەوە، یاخود لەوە زیاتر ئومێدی شتی گەورەترم پێیەتی یان بیکەین بەمناڵی خۆمان؛ چونکە ئێمە مناڵمان نیە بەڵکو بگونجێ لەگەڵمان و ئەوەندەمان خۆشبوێت وەکو مناڵی خۆمان مامەڵەی لەگەڵ دەکەین ئەوکاتە، فعلا ڕێزی زۆریان لەیوسف گرت -ﷺ- وە وەکو کۆیلەیەک سەیریان نەکرد بەڵکو وەک کوڕی خۆیان سەیریان دەکرد {وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ} ئنجا خوای گەورە دەفەرموێت بەو شێوازە چۆن ئێستا لەدەستی ستەمی براکانی ڕزگارمان کرد و چۆن لەناو بیرەکە ڕزگارمان کرد ئێستا هێنامان لەماڵی وەزیرێکی بەدەسەڵاتی دەوڵەمەندی مصر ڕێزی لێدەگیرێت ئا بەو شێوەیە کاروبارمان بۆ ڕێک خست لەزەویدا کە تواناو دەسەڵاتی پێ بدەین، یوسف ئەوەنامێنێت کەمناڵێکی بچوکەو کە براکانی لێی دەدەن و دەیانەوی بیکوژن و فرِێیبدەن .

{وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ} بۆیی سەرەڕای باڵادەستی لەزەویدا فێری زانستی لێکدانەوەی خەونی دەکەین، کەواتە لێکدانەوەی خەون زانستێکە

بەهرەیەکە خوای گەورە بەکەسانێکی دەبەخشێت کە بزانێت ئەو خەوە چی دەگەیەنێت کۆتاییەکەی چیە و بە چ ئاقارێکدا دەڕوات .

{وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} ﴿٢١﴾ زۆر جار هەیە خوای گەورە دەرسێکت فێردەکات بە تەجروبەی ژیانی خۆت ئێستا یوسف لەچیەوە فێری لێکدانەوەی خەون دەبێت؟لەژیانی واقعی خۆی کە دەبینێ یانزە ئەستێرەو خۆرو مانگێک سوجدەی بۆ دەبەن ئێستا خۆی بەو ژیانەدا دەڕوات وردە وردە بەرەو ئەوێ دەڕوات ژیانی کۆتایی بریتیە لە لێکدانەوەی خەونەکەی {وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ} خوای پەروەردگار زاڵە بەسەر بڕیارەکانی خۆیدا بەتوانایە لەسەر بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی، واتە خوای پەروەردگار کە فەرمووی فڵانە شت دەبێ ئاوای لێبێت وای لێدێت کەس نیە ڕێ لەخوا بگرێت، ئێستا یوسف کوڕێکی بچوکە براکانی حەسودی پێدەبەن لەماڵی باوکی وە پیلانی کوشتنیان بۆی داناوە بەڵام خوای گەورە نەخشەی بۆ داناوە کە یوسف ببێت بەدەسەڵاتداری گەورەی مصرو ببێ بە پێغەمبەری خوا ئێستا پیلانەکەی ئەوان سەردەگرێ یان نەخشەکەی خوای گەورە؟

خوای گەورە بەسەر بڕیارەکانی خۆیدا زۆر بەدەسەڵاتە بەجێی دەگەیەنێت ئەوە نەبێت وەک پادشایەک بێت بڕیار دەردەکات بەڵام هیچی پێ جێبەجێ ناکرێت کە پەروەردگارمان بڕیاری ئەوەبێت کە لەم پەڕی دونیا بۆ ئەوپەڕی فڵانەکەس ببێت دەبێت فڵانە کەس بمرێ دەمرێت بەدەسەڵاتبێ بەدەسەڵات دەبێ زەلیل بێ زەلیل دەبێ ئەوە خوای پەروەردگارە {ولَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵک خوا ئاوا ناناسێ، نازانێ کەخوای گەورە ئاوا باڵادەستە کەشتێکی ویست دەیکات کەمەبەستی شتێک بێت دێتە جێ، کەواتە ئەمە عەقیدەیەکمان دەداتێ کەمتمانەمان بەخوای خۆمان بێت کە خوای

پەروەردگار بیەوێ شتێ بکات دەیکات بۆیە مرۆڤ ڕو لەخوا بێت پشت بەخوا ببەستێت داوا لەخوا بکات کە لەپشتی بێت؛ چونکە کەخوای گەورە لەگەڵت بێ ئەوە مەترسی هیچت نەبێت بۆیە زانایان دەفەرمون:من فقد الله فماذا وجد..؟؟! لا شيء والله ولو توهم أن الدنيا بين يديه..!! من وجد الله فماذا فقد؟؟لا شيء والله ولو أدارت له الدنيا أكتافها..

هەرکەسێ کەخوا لەگەڵی بێت هیچ وامەزانە کەست لەدەست چوە ئەگەر هەموو دونیا لەدژت بێت هیچ نیە، کە خوای پەروەردگاریش لەگەڵت نەبێ ئەگەر هەموو دونیا لەگەڵت بێ هیچ نیە ناتوانن لە عقوبەی خوا بتپارێزن، موسا خوا لەگەڵی بوو، فیرعەون خوا لەگەڵی نەبوو، موسایەک کە بەرەو بەحرێک دەڕوات بەڵام؛ چونکە خوا لەگەڵیەتی بەحری بۆ کردە جادەیەکی وشکی پان و بەرین و بە ئیسراحەت لێی پەڕینەوە، فیرعەونێک کە هێزێکی زۆری لەگەڵە بەڵام خوای لەگەڵ نیە خوای گەورە ڕێگایەکی وشکی لێ کردەوە بەحرێک و لەناوی برد کەواتە مرۆڤ لەهەولی ئەوەدابێت خوا لەگەڵی بێت، کاتێک کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- لە ئەشکەوتەکەدان موشریکەکان پارەیەکی زۆریان ئامادە کردوە بۆ ئەوکەسەی کەبیاندۆزێتەوە تا بیانکوژن کەچی ئێستا چون لەسەر ئەشکەوتەکەن، پێغەمبەرو ئەبو بکریش لەژێر ئەوانەوە بوون، ئەبوبەکرد دەڵێ ئەی پێغەمبەر -ﷺ- خۆ ئێستا بەس سەیرێکی ژێرپێی خۆیان بکەن دەمانبینن،دەفەرموێ ئەی ئەبو بەکر لەهیچ مەترسە خوا لەگەڵمانە چۆن ئەبێ خەفەت بخۆیت!

مەترسی ئەوەت نەبێ، پێغەمبەری خوا -ﷺ- لە مەککەیەو موژدە دەدات پاشەڕۆژ ئاوا دەبێ و ئاوا دەبێ لەحاڵەتێکدا کەبێ دەسەڵاتە بەڵام؛ چونکە دەزانێ کە خوا لەگەڵیەتی ئومێدی پتەوە هیوای بەرزە کەواتە با دڵمان بەهۆکار خۆش نەبێ دڵمان بەخوای هۆکار خۆشبێ، دڵت بەوە خۆش نەبێت کەخەڵکێکت

لەگەڵە، دڵت بەوە خۆش نەبێت کە کەسابەتێکت هەیە، دڵت خۆش نەبێت کە پارەیەکت هەیە بەڵکو دڵت بەوە خۆشبێ کە یەقینت هەبێ کەخوا لەگەڵتە، ئەی چۆن بزانین خوا لەگەڵمانە؟

خۆ وەحیمان بۆ نایە تاپێمان بڵێ چۆن بزانین خوا دەمانپارێزێ؟

ئیشەکە زانراوە تۆ فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکە والله خوا لەگەڵتەبێ هەرگومانت نەبێت، تۆ لەکاتی ئاسایی و شێنەیدا لەکاتێکدا کە لەناڕەحەتی و تەنگانەدا نیت خوا بناسەو ئاگات لەخوای خۆتبێت ئەوە لەکاتی تەنگانە خوا لەگەڵتەبێ.

{وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} نازانن کەخوای گەورە بڕیاری داوە یوسف بۆ چ بەرزیەک بەرێت ئێستا بەعەقڵی خۆیان دەڵێن تەواو یوسفمان فرۆشت و کردمانە کۆیلەو کۆتایی پێهات نەجاتمان بوو تەواو لەمەودوا باوکمان بەس ئێمە دەبینێ، نازانن ئەو بڕیارەی کەخوای گەورە داویەتی و لەخەوەکەیدا نیشانی یوسفی دا دەبێت بێتەجێ.

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾

{وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ} لێرەدا خوای پەروەردگار باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یوسف گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنی کامڵێتی و تەواوێتی هێزی لاشەو عەقڵ و بیر کردنەوە، {آتَيْنَاهُ حُكْمًا} دوو شتمان پێ بەخشی، هەندێ لە ئەهلی عیلم دەفەرمون {حُكْمًا} واتە تێگەیشتنێکی تەواو وە {وَعِلْمًا} زانستیشمان پێبەخشی بەڵام زۆرێک لە موفەسیرەکان لەم ئایەتەدا باسی ئەوەناکەن کەبوبێ بە پێغەمبەر؛ چونکە جارێ هەر لەماڵی گەورەی مصرە بەڵام خوای پەروەردگار پێش ئەوەی

بیکات بە پێغەمبەر پێشەکی دوو شتی تری پێبەخشیوە کە بتوانێ حوکم بکات لەناو خەڵک و بڕیار بدات لەناو خەڵک وە بەم شێوەیە هەروەک چۆن پاداشتی یوسفمان دایەوە بەوەی کە حکم و علیمان پێ بەخشی {وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ} ﴿٢٢﴾ ئا بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکارانی تریش دەدەینەوە جگە لەیوسف ئەمە دووسودی گەورەی تێدایە.

یەکەم: هەرکەسێ چاکەکاربێت خوای گەورە حوکم و علیمی دەداتێ لەوپاداشتەی کەبە یوسفی دابە هەموو چاکەکارێکی دەدات ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەنابێ ئەم ئایەتە باسی پێغەمبەرایەتی بکات؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێ ئابەو شێوەیەش پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە؛ چونکە خۆ هەموو چاکەکارێک نابێت بە پێغەمبەر لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت خوای گەورە لەپاداشتی چاکەکاری یوسف حوکم و علیمی پێ بەخشی کەواتە چاکەکاری پاداشتی لای خوای گەورە هەیە بەبەڵێنی خوا ئەمەش ئامۆژگاریەکە بۆ ئەو کەسانەی داوای فێربونی زانست دەکەن تەنها بەوە نابێ کەتۆ طەلەبی زانست دەکەی با کتاب لەدوای کتاب بیخوێنیت ڕاستە ئەمە هۆکارە بەڵام لەوە گەورەترو هۆکاری سەرەکی بریتیە لە وەی کە کەسێکی چاکەکاربیت ئەگەر وابویت ئەوە خوای گەورە ئەو پلەیەت پێ دەبەخشێت؛ بۆچی طەلەبی عیلم زۆرە بەڵام ئەهلی عیلم کەمە و کەمێکی خوای گەورە عیلم و زانستی پێ دەبەخشێ؟ چونکە چاکەکارنین بۆیە خوای گەورە ئەو پلەیەت پێ نابەخشێ.

ئەی چاکەکاری چیە؟ چاکەکاری دوو جۆری هەیە: چاکەکاریەک لەگەڵ خوا،و چاکەکاریەک لەگەڵ دروستکراوەکانی خوا، چاکە لەگەڵ خوا ئەوەیە کە وا خوا بپەرستی و پەرستنی بۆ بکەی بەو شێوەیەی کە خوا دەبینیت خۆ ئەگەر نەشگەشتیتە ئەو پلەیە هەست بە چاودێری خوا بکەی هەست بکەیت کە خوا

دەتبینێت و مراقبە بەسەرتەوە کەواتە شەرمی لێبکەو لێی بترسە؛ وە چاکە کردن لەگەڵ خەڵکدا ئەوەیە کە ڕوت گەشبێ لەگەڵیان و قسەی خێریان بۆ بکەی ئەزیەتی موسڵمان نەدەیت و نارەحەتیان نەکەیت ئەوەندەی کە لەتواناتدایە چاکەکاربیت لەگەڵیان چیت بۆخۆت پێ خۆشبێت ئەوەشت بۆ برای موسڵمانت پێ خۆشبێت، ئەو دو چاکەکاریەت تیادا بێت خوای گەورە دەتگەیەنێت بەو پلەیە وە بە ئەندازەی چاکەکاریەکەت خوای گەورە حوکم و عیلمت پێ دەدات.

سودی دووەم: ئەم ئایەتە دڵدانەوەی پێغەمبەر محمدی تێدایە -ﷺ- واتە ئەی محمد ببینە یوسف -ﷺ- لەلایەن نزیکترین کەسانی قەومی خۆی ئەزیەت درا وەهەوڵی کوشتنی درا وە خرایە ناو بیرەوە وەکرا بەکۆیلەو بە نرخێکی زۆر کەم فرۆشرا، لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە ویستی بیپارێزێ و بەرزی بکاتەوە پاشەڕۆژ بۆ یوسف بوو دەسەڵاتی درایەو واتە بەهەمان شێوەش کەدەبینی قەومەکەی تۆ ئەی محمد -ﷺ- ئەزیەتت دەدەن و نارەحەتت دەکەن و دەربەدەرت دەکەن خوای گەورە دەفەرموێ: {وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ} [الأنفال: ٣٠].کاتێک کە بێ باوەڕان پیلانیان لێ گێڕایت بۆ گرتنت یا کوشتنت یا بۆ دەربەدەر کردنت؛ ئەی محمد -ﷺ- عاقیبەت دەبێت بێن بەیعەتت پێ بدەن دەبێت هەمویان بێت تەسلیمی تۆبن، پێغەمبەری خوا -ﷺ- لەگەڵ ابو بکر بەدزیەوە لەمەککە دەردەچن بەڵام بەوپەڕی دەسەڵاتەوە دێتەوە فەتحی مەککە دەکات و هەمویان دێن لەسەر دەستی موسڵمان دەبن و بەیعەتی پێ دەدەن هەروەکو چۆن پاداشتی یوسفمان دایەوە کە چاکەکار بوو، ئێ خۆ محمد -ﷺ- لەو چاکەکارترە کەواتە دڵنیابە ئەی محمد خەمت نەبێت خوای گەورە پاداشتی تۆش دەداتەوە، ئەم سورەتە لەمەککە دابەزیوە واتە جارێ پێغەمبەری خوا -ﷺ-

هیچ دەسەڵات و توانایەکی نیە جاری لەو مەرحەلەیەدایە کە یوسفی تێدایە کەلە ئەزیەت دان و نارەحەت کردندایە؛ پێغەمبەریش -ﷺ- لەمەککەدایەو نارەحەتی دەکەن بەڵام خوای گەورە ئەو موژدەیەی پێدەدات تۆ محسن و چاکەکاریت ئەی محمد خەمت نەبێت چۆن خوای گەورە پاداشتی یوسفی دایەوە پاداشتی تۆش دەداتەوەو عاقیبەتەکەش بۆتۆیە إن شاء الله، خوا گەورە یوسفی سەرخست و ڕزگاری کردلەدەستیان ئەوان فێڵ دەکەن و خوای گەورەش نەخشەی خۆی داناوە بەڕاستی خوای گەورە باشترینی نەخشەکێشانانە بۆیە لەپاشەڕۆژ هەمویان ملکەچی تۆ دەبن.

﴿وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ ۚ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ ۖ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ ۖ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ ﴿٢٣﴾

{وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ} تاقیکردنەوەی سێیەمی یوسف دەستی پێکرد یەکەم نارەحەتی کەتوشی بوو ئەوە بوو کە خرایە بیرێکەوە؛ دووەم نارەحەتی ئەوەبوو کە کرا بەکۆیلەو فرۆشرا؛ ئێستا تاقیکردنەوەی سێیەم بەشێوازێکی ترەو لەجۆرێکی ترە، ئەویش بریتیە لەتاقیکردنەوەی لەماڵی گەورەی مصر، کاتێ یوسف گەورەبو بو بەگەنجێکی جوان و ڕێک و پێک خێزانی گەورەی مصر عاشقی یوسف بوە وە دەیەوێت بە هەر شێوازێک بێت وەک خۆی لێبکات و یوسفیش عاشقی بێت یاخود هەرنەبێ یوسف تەسلیمی بێت و بەقسەی بکات بۆ بەجێهێنانی ئارەزوەکانی؛ ڕۆژێکیان نەخشەیەکی دانا بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانی، یوسفی بانگکرد بۆ ژوری خۆی و خۆی ڕازاندۆتەوە؛ وە دەرگاکانیشی هەمووی داخست، {وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ} ئێستا ئەو ئافرەتەی کە یوسف لەماڵیانە زۆر بەنەرمی و

ناسکی ونازو فیڵاویەوە داوا لەیوسف دەکات کە زینای لەگەڵ بکات، دیقەت بدە دەڵێ ئەو ئافرەتەی کە یوسف لەماڵیانە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەبونی پیاوی بێگانە لەماڵ ترسناکە؛ چونکە یوسف لەماڵیاندایەو مێردی ئەو ژنەش وەزیرێکە ڕۆژانە دەبێ بڕوا بۆ وەزارەتەکەی و ماڵ جێ دەهێڵێ با ئەو پیاوەی کە لەماڵیشە یوسف بێت با پێغەمبەرێکی خواشبێت ئەو سەلامەت دەبێت بەڵام ژنەکە سەلامەت نابێت، ئێستا سەیر بکە؛ چونکە ئەو پیاوە لەو ماڵەدایە شەیطان فێڵی لێکردووەو زاڵ بوە بەسەریدا، {وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ} ئێستا ئافرەتەکە کە یوسفی بانگکرد دەفەرموێ تەواو هەموو دەرگاکانی داخستوە کەواتە چەند دەرگایەک بوە ئێستا یوسف لەژورێکدایە لەگەڵ ئەو ئافرەتە هەرچی دەرگاش هەیە داخراوە ئافرەتەش داوا لەیوسف دەکات کە زینای لەگەڵ بکات دەڵێ وەرە لێم نزیک بەرەوە وەرە زینام لەگەڵ بکە پەنا بەخوا؛ خۆی بۆ عرض کرد {وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ} جا دەڵێ وەرە پێشەوە، لێرەدا دەبینین ئەم ئافرەتە بەسێ شێواز بەرەو یوسف ڕۆشتوەو دەیەوێ یوسف کاری خراپەکاری لەگەڵ بکات، خۆی بۆی نمایشکردو دەرخست کرد، وەخۆی دەرگاکانی داخست، وەخۆی یوسفی بانگکرد بۆئەوەی کاری خراپی لەگەڵ بکات پەنا بەخوا، کەواتە ئەگەر یوسف ملکەچی بوایە ئایا هیچ مەترسی لەسەر یوسف دەبوو؟ نەخێر؛ چونکە ئەو ئسلوبو وەسائیلانەی کە پێویست بون بۆ ئەوەی یوسف توشی خراپەبێ کە توش نەبوو هۆکارەکان زۆربوون کەوابکات یوسف توش بێت، لەوهۆکارانە دەرگاکان داخراون مەترسی ئەوەی نیە کەس بێت و بیانبینێت؛ وە لەوهۆکارانە ئافرەتەکەش خۆی داخوازی دەکات نەک کوڕە شەرم بکات ئایا من بەو ئافرەتە بڵێم بڵێی ئەو ئافرەتە ڕازیبێت!بەڵکو ئافرەتەکە خۆی داوا دەکات؛ لەوهۆکارانە ئافرەتەکەش ئافرەتێکی کەم نیە خاوەن پلەو جوانیە و ژنی وەزیرە کەواتە بەهۆی پلەکەیەوە یوسف

لەکەس ناترسێت کەبێ سزای بدات، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە یوسف گەنجە پیرێک نیە کە بڵێین ئارەزوی ئافرەتی نەبێت، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە یوسف لەوڵاتی غەریبیە لەوڵاتی خۆی نیە کە بڵێ عەیبەو کە کەشف بم ئەوکاتە حەیامان دەچێ، هۆکارێکی تر ئەوەیە یوسف کۆیلەیە ئەوەی کە لە ئازادێک بە عەیب دەگیرێت لەکۆیلەدا بەعەیب ناگیرێت وە لەگەڵ ئەوەشدا کەسی لێنیەو کەس نایانبینێت بەس خۆی و ئەو ئافرەتەیە؛ وە ئەو ئافرەتەش گەورەی یوسفە ئێستا فرمانی پێدەکات بەزۆری کەواتە بڕیاری لەدەستی خۆیدا نیە؛ چونکە کۆیلەی ئەو ئافرەتەیە، کەواتە زانیمان لەچەند ڕوانگەوە ئاسانکاری کراوە بۆ ئەوەی یوسف توشی خراپە بێت بەڵام وەڵامی یوسف ئەوەیە وتی: {قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ} پەنا دەگرم بەخوا لەوەی وەڵامت بدەمەوە و ئەوەی تۆ دەتەوێ من بیکەم؛ لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەخوا پەنات نەدا بەخوا پەنا نادرێیت،کەخوای گەورە نەتپارێزێ بەخوا ناپارێزرێیت، بۆیە مرۆڤ پشت بە جگە لەخوا نەبەستێ هەتتا خۆشت نەڵێی من تێگەیشتوم من بە تەقوام من شەو نوێژم هەیەو...هتد کاریگەریم تێناکات نا کەخوا نەتپارێزێت کاریگەریت لێ دەکات،بۆیە یوسف یەکسەر دەزانێت پەنا بەکێ بگرێت، دەڵێ پەنا بەخوای گەورە لەوەی کەمن ئەو کارە بکەم؛ یەکەمیان لەترسی خوا و خوای لەیادە، دووەمیان {إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ} لەبەرووەفا ئەڵێ مێردی تۆ ئەی ژنە گەورەی منە رب بەمانای گەورە دێت، ئەو ڕێزێکی زۆری لەمننا،جێگاو ڕێگایەکی باشی بۆ من دانا وباشەیەکی زۆری لەگەڵ من کردوە چۆن من سپڵە دەرچم بەرامبەری،چۆن بێ وەفایی بکەم بەرامبەری، {إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ} ﴿٢٣﴾ بەڕاستی ئەوانەی کەزاڵم و ستەمکارن بێوەفان و سپڵەن ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتو نابن، وە کەمن ئەوکارە

بکەم ئەوە من ستەم لە گەورەکەم کردوە کە ڕێزی گرتم ئەوە ئەوکات من لە ستەمکاران دەبم وە ستەمکاریش هیچ کات پاشەڕۆژی بۆ نابێ و سەرفرازنابێ .

﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ ۖ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَن رَّأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ ۚ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ ۚ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾

بەم شێوەیە یوسف وەڵامی ئەو ئافرەتەی دایەوە، {وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ} بەڵام قەزیەکە نەوەستاوە ئێستا ئەو ئافرەتە بێئومێد نەبوە بەکرداری هەوڵی دا خۆی بخاتە باوەشی یوسفەوە یوسف ڕاکێشێ بۆ خۆی، {وَهَمَّ بِهَا} یوسفیش وەکو پیاوێک کە هەموو پیاوێک خوای گەورە شەهوەتی لەدڵدا دروست کردوە خطورەیەک بەدڵیدا هات {لَوْلَا أَن رَّأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ} ئەگەر بەڵگەو نیشانەی لەلایەن خوای گەورەوە نەبینیبایە جا لێرەدا دوو تەفسیر هەیە، یەکیان ئەوەیە کەیوسف خطورەی بەدڵدا هات ئەگەر لەلایەن خواوە ڕەحمی خوای بۆ نەهاتایە و بەڵگەو نیشانەی لەلایەن خواوە بۆ نەهاتایە کە ئەو کارە نەکات لەوەیە توش بوایە، وە تەفسیری دووەمیان واتە ئەگەر بەڵگەی خوای بۆ نەهاتبا ئەویش بیری لەوە دەکردەوە کە بەرەو ئافرەتەکە بڕواو کاری خراپە بکات بەڵام مادام بەڵگەی خوای گەورەی بۆهات بیریشی لێنەکردەوەو بەخەیاڵیشیدا نەهات و خوای گەورە پاراستی هەردوو تەفسیرەکە هەیە ئەهلی عیلم هەردوکیان هێناوە، ئایا ئەگەر تەفسیری یەکەم بێت یوسف گوناهباردەبێت؟ نەخێر یوسفیش وەک هەموو پیاوێک خاوەنی حەزو ئارەزوە ئەو خاطیرەیە بەدڵیدا هاتووە کە ئەوەی ئافرەتەکە داوای دەکات دەبینێت ئەو هەموو خاڵەی کە باسمانکرد هەموی کار ئاسانیە بۆ ئەوەی یوسف توشبێت، ئافرەتێکی جوان لەبەردەستێتی و خۆی ڕازاندۆتەوەو خۆی ڕوت کردۆتەوە لەولاوە دەرگاکان هەموی داخراوە وعەبدێکە کەس

نایناسێت وخۆی داوای نەکردوە ئافرەتەکە داوا دەکات، واتە کۆمەڵێ هۆکارمان باس کرد کەهۆکاربون ئەگەر یوسف ئەوەی بەخەیاڵدا هاتبێت گوناهە؟نەخێر؛ چونکە خوای گەورە لەسەر وەسوەسەی دڵ و خاطیرەی دل محاسەبەی کەس ناکات وە ئەوەش شتێکیشە لەتوانای مرۆڤدا نیە، بەڵکو مرۆڤ لەسەر ئەوە لێپێچینەوەی لێدەکرێت کە ئەو وەسوەسە خراپەی کە بەدڵتایەت خراپ بێت تۆ بێیت بیکەیتە واقعی عەمەلی، ئەوەی بەدڵتایەت بەدەم بیڵێیت و بیکەیت ئەوکاتە تۆ تاوانباریت، ئەگینا حدیثی صحیحمان هەیە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: « مَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةً وَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَعَمِلَهَا كُتِبَتْ لَهُ عَشْرًا إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا لَمْ تُكْتَبْ وَإِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ »[٥] واتە هەرکەسێ بیر لەخراپەیەک بکاتەوە نیەتی خراپەیەکی هەبێت وە لەبەر خوا واز لەو نیەتەی بێنێت بۆی بەچاکەیەکیش دەنوسرێت کەواتە کاتێ یوسف کۆمەڵێ هۆکار دەبینێ وا لەیوسف دەکات مەیلی بۆی ببێت دوایی بیر لەگەورەیی وترسی خوا دەکاتەوە وازی لێدێنێت، ئێستا لێرە ئەمە صیفەتێکی چاکە بۆ یوسف نەک ڕەخنەبێت لەیوسف بگیرێت -ﷺ- لەبەر خوا نەیکرد ووازی هێنا ئێستا ئەوەشی بۆ بەچاکەیەک حساب دەکرێت، بۆیە ئەوەی کە لەتوانای مرۆڤدا نیە خوا محاسەبەی ناکات لەسەری بەڵام ئەوەی کە لەتواناتدایە چاکە بکەیت ئەجرت هەیە و ئەگەر خراپە بکەی ئەوە محاسەبە دەکرێی لەسەری، یوسفیش

-ﷺ- لەنیەتدا ئەوخاطیرەیە بەسەر دڵیدا هات کە تەسلیمی واقعەکە بێت بینا لەسەر تەفسیری یەکەم وەلەوەیە توشبوبا پەنابەخوا ئەگەر ئەو بورهان و بەڵگەیەی

(5)- صحیح مسلم: ١٣٠.

لەلایەن خوای گەورە نەبینیبایە، ئەی باشە ئەو بەڵگەیە چیبو کەبینی لەلایەن خوا؟ هەندێ لەزانایان دەڵێن: جبریل علیه السلام لەسەر شێوەی یعقوبی باوکی خۆی پیشاندا شەرمی کرد علیه السلام ئەوە باوکم دەمبینێت چۆن شتی وابکەم یا باوکم لەسەر ئەم کارە ڕازی نیە؛ یان دەڵێن: بەڵگەکە شتێکی هەست پێکراوبوو کۆمەڵی لەزانایانیش دەڵێن نەخێر نە یەعقوبی بینی و نە یەعقوب لێی دابێ هیچ کام لەم شتانە نیە، بەڵگەکە ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمان ماوەیەکی بەسەردادێت کە خەریکە غافڵبێ لەخوا دوایی بیر لەخوای گەورە دەکاتەوە و گەورەیی خوا دێتەوە یادی و واز دێنێت ئەوە بەڵگەکەیە ئەویش بە بەڵگەی {إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ} [الأعراف: ٢٠١]. مرۆڤی تەقوادار ئەگەر وەسوەسەیەکی شەیطان بەسەریاندا بێت و بیەوێ بەرەو خراپەیان بەرێ بیر دەکەنەوە ئەوە خەریکە من چی بکەم و بەنیازی چیم! یەکسەر خوای گەورە دێتەوە یادی و ڕاستی دەبینێت و لەو خراپەیە خۆی بەدوور دەگرێت، کەواتە بەڵگەکە ئەوەیە کەخوای گەورە یوسفی بەخەبەر هێنا،نەکەی توشی غەفڵەتبێ نەکەی توشی بێ ئاگایی بێت ئەمە بەڵگەی پەروەردگارە خوای گەورە دەفەرموێ: {كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ} خوای گەورە دەفەرموێت بەو شێوازە بەڵگەمان نیشاندا بۆ ئەوەی تاوانی گەورەی لەسەر لابەرین کە زینایە توشی نەبێت، باشە لەپاداشتی چی خوای گەورە ئەوەی لەگەڵ یوسف کردو لەو کاتە ترسناکەدا فریای کەوت و ئەو شتەی خستە دڵیەوە کەپاراستی لەوەی ئەو کارە نەکات؟ {إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ} خوای گەورە دەفەرموێت؛ چونکە یوسف بەڕاستی لەو بەندانەی ئێمەیە کە مخلصن و کە هەڵمانبژاردون و تایبەتمان کردون و ڕێزێکی زۆرمان لێناون، ئەی مرۆڤ بەچی دەگات بەو پلەیە؟ بێگومان پلەی پێغەمبەران کەس نایگاتێ؛ بەڵام پلەی ئەوەی کە خوای گەورە هەڵتبژێرێ بەوە

دەبێ کەتۆ لەگەڵ خوابیت مخلص بیت،متقي بیت،شاکربیت چەند زیاتر صیفەتی باشەت تیابو ئەوە زیاترخوای گەورە گرنگیت پێ دەدات و دەتپارێزێت ئەگەر ئەووت تێدا نەبێت تاکەمتربێت کەمتر خوات لەگەڵ دەبێ، بۆیە هەریەکێ لە ئێمە بۆ ئەوەی خوابە فریامان بێت هەروەکو وتمان ئەگەر خوا بەفریای عەبدی خۆی نەیەت توشی هەموو خراپەیەک دەبین مرۆڤ پشت ببەستێتە سەر خۆی بەخوا هیچ نیە زۆر لاوازین یوسف -ﷺ- {وَهَمَّ بِهَا} من و تۆ دەبێ چی بکەین؛ بۆیە سەعیدی کوڕی جوبەیر سید التابعين لە تفسیری تابعیندا دەفەرمووی ئەگەردامبنێن بە ئەمیندار لەسەر هەرچی گەنجینەی دونیایە ئەوە لەخۆم ناترسم یەک درهەم بدزم و خیانەتی لێبکەم واتە پارە تأسیرم تێناکات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئافرەتێکی کۆیلەی ڕەش پێستی ناشرین بەتەنیابم لە خودی خۆم دڵنیا نیم کەتوشی خراپەنەبم؛ چونکە خوای گەورە بە دانایی خۆی وایکردووە مەیلی پیاو بۆلای ئافرەتە و مەیلی ئافرەت بۆلای پیاوە؛ وە کەبێت و کچ و کور بەتەنها بێت خەلوە دروستەبێ ئەوکاتە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((... لا يخلوَنَّ رَجُلٌ بامرأةٍ، فإن ثالثَهمُا الشيطانُ...))[٦] بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ

-ﷺ- هیچ کچ و کوڕێ پێکەوە نابن بەتەنیا ئیللا سێیەمیان شەیطانە جا پێت وایە شەیطان سێیەمیان بێت چ ئامۆژگاریەکیان دەکات! ئاشکرایە چی دەکات، بۆیە مرۆڤی موسڵمان بابەخۆی نەنازێ پشت بەخوا بەستێ وخۆی بەدوربگرێ لەکارو شوێنی خراپ خوای گەورە پەنامان بدات.

---

(6)- في مسند أحمد ج ١ ص ٢٣٠ حديث رقم ١٧٧ وأوله (أحسنوا إلى أصحابي) وإسناده صحيح.

وَاسْتَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ ۚ قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلَّا أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٥﴾

{وَاسْتَبَقَا الْبَابَ} ئێستا خوای گەورە زیاتر نوری ئیمانەکەی پتەوکرد لەدڵی یوسفدا یوسف زیاتر خوای گەورەی هاتەوە یاد کەبورهانەکەی خوای بینی و بەجارێک کۆتایی بەم شتە هات لەلایەن یوسفەوە، ئەی ئێستا چیبکات ئێ خۆنابێ هەر لای ئەو ئافرەتە بۆستێ کەخۆی ڕازاندۆتەوەو خۆی ڕوت کردۆتەوە بەرامبەری دابنیشێ؛ چونکە کە بەرامبەری دانیشێ لەوەیە کاریگەری لەسەری هەبێ بۆیە هەڵساو ڕایکرد؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەجێگایەک کەبزانێ خراپە یا لەوەیە توشی خراپە بێ لێی ڕاکە {وَاسْتَبَقَا الْبَابَ} یوسف هەستاو ڕایکرد بەرەو دەرگاکە واستبقا صیغەی تشارک ە ئافرەتەکەش بەدوایدا ڕایکرد یوسف ڕادەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، ئافرەتەکەش ڕادەکات بۆ ئەوەی یوسف بگرێ و ڕانەکات لەدەستی،ظاهیري هەردووکیان ڕادەکەن، یوسف لەپێشەوەو ئافرەتەکەش بەدوایدا ڕادەکات،یوسف بۆ ئەوەی دەرگا بکاتەوە، ئەو بۆ ئەوەی نەهێڵێ دەرگا بکاتەوە، یوسف ڕادەکا بۆ ئەوەی بەرەو بەهەشت بڕوا کەچی ئەو ڕادەکات بۆ ئەوەی بەرەو جەهەنەم بڕوات، یوسف ڕادەکات بۆ ئەوەی توشی خراپەکاری نەبێت ئەویش ڕادەکات بۆ ئەوەی خراپەکاری بکات، ئەوەشی ظاهرە و دیارە هەردوکیان ڕادەکەن بەڵام نیەتی هەر یەکەیان لەو ڕاکردنەدا شتێکە، {وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ} ئافرەتەکەش ئەوەنە ئارەزو بازەو زۆر سورە لەسەر ئەوەی کە ئیللا کاریگەری لە یوسف بکات ئەوەندە بەتوندی ڕادەکات بەدوایدا دەگات بە یوسف کراسەکەی ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی بیگرێ و نەهێڵێ دەرگاکە بکاتەوە و نەڕواتە دەرەوە کراسەکەی یوسف لەپشتەوە دەدڕێنێت {وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ}

گەیشتنە دەرگاو ڕاکە ڕاک و کراس دڕاندن و مێردی ژنەکە لای دەرگاکەیەو دەرگاکە دەکاتەوە ئەمە ژنەکەی بۆ ئەم جلانەی لەبەرە! ئەی یوسف بۆچی جلی دڕاوە! ئەی ئەم ڕاکە ڕاکەیان لەچیە! کە دەڵێ (گەورەی ژنەکە) ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پیاو سەرکردەو شوانە لەماڵەوە و گەورەی ماڵە، پێویستە ڕێز لە ئافرەت بگیرێت، پێویستە قەدری بزانین، پێویستە لەگەڵی ئەوپەڕی مامەڵەی جوان بکەین بەڵام دەبێت گەورەی ماڵ پیاوبێت، نابێت بڕیاری ماڵ بڕیاری کۆتایی بەتایبەتی لەشتی مەصیری و گەورەدا بەدەستی ژن بێت؛ چونکە سۆزی ئافرەت زۆرجار لەپێش بیرکردنەوەکەیەتی ولەپێش ژیریکەیەتی، ئەوەتا لێرەدا نەیفەرموو مێردەکەی بەڵکو فەرمووی گەورەکەی کەواتە پیاو گەورەی ماڵە، هەرکاتێک کە ئەو نیزامە تێک چوو کە پیاو گەورەی ماڵ بێت یا بو بەشەراکەت یا ژن بو بەگەورەی ماڵ شیرازەی ئەو خێزانە تێک دەچێت، ئەگەر ڕێشمەی شتەکان بەدەستی پیاوەکە بێت ئەوماڵە خۆشبەختترو خۆشحاڵتردەبێ؛ ئەگەر چوە دەستی ئافرەت وەزعەکە تێک دەچێت لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئافرەتان، بەڵام ئەوان پیشەو کاری خۆیان و پیاوانیش پیشەی خۆیان و کاری خۆیان، ئەی ئەگەر هەردووکیان وەکو یەکی لێهات کەواتە وەکو دوو هاوبەشی لێدێت کە بەردەوام لێیپێچینەوە لەیەکتر دەکەن،بەردەوام لەیەکتر لەبیانون،بەردەوام چاودێرن بەسەر یەکەوە بەڵام کە پیاو گەورەی ماڵبێت وانابێت.

ژنە کە پیاوەکەی خۆی بینی یەکسەر ئەوەندە زیرەکە پێویستی بەبیرکردنەوە نەکرد،یەکسەر لەوەوە کەئەو ستەمکارەو خراپەکارە یەکسەر بو بەستەملێکراو خۆی وا دەرخست کە ئەو ستەمی لێکراوە لەلایەن یوسفەوە یەکسەر دەستی کرد بە شکایەت کردن وە بەووشەوە ناوەستێ ئەوجا دەشبێ بە دادوەرو خۆشی بڕیارەکە دەردەکات {قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلَّا أَنْ يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ

أَلِيمٌ} ﴿٢٥﴾ وتی: سزای ئەو کەسەی کە دەیەوێ خراپە لەگەڵ خێزانی تۆ بکات لەوە کەمتر نیە یان سجن یائەبێ تعذیبێک بدرێت کەوێنەی نەبێ؛ ئای سبحان الله واتە یەکسەر وای دەربڕی کە ئەو ستەملێکراووویوسف هاتوە دەیەوێ خراپە لەگەڵ خێزانی عەزیزی مصر بکات، ئێستا وای دەربڕی لە ستەمکارەوە خۆی کرد بە ستەم لێکراو، هەندێ کەس ئاوا فێڵبازە خۆی ستەمکارە بەڵام وا دەردەبڕێت کەزۆر ستەم لێکراوە، ئەمەش لەفێڵی ئافرەتە ئەی چۆن تۆ ئەو قسەیەت بۆ ئامادە کرا وا بەخێرایی بەبێ شڵەژان یەکسەر کەپیاوەکەی بینی وتی سزای ئەوکەسەی کە خراپەیان ویست لەگەڵ ژنی تۆ بیکەن یا ئەبێ سجن بکرێ یان سزایەکی بە ئێش بدرێت، ئەی بۆ نەیوت بکوژرێت؟ چونکە ئەو یوسفی خۆش دەوێت چۆن دەبێت بکوژرێت! یەکسەر بڕیاریشیداو بو بەقاضي و حوکمیشی دا کە تۆ بۆت هەیە ئەم دوو هەڵبژاردەیە بکەیت بۆ ئەوەی مێردەکەی بیر لە هەڵبژاردنی سێیەم نەکاتەوە بڵێ دەیکوژم، بەڵام بزانین مێردەکەی ئەوەنە بەغەیرە بوە لەسەر ژنەکەی یان مونەرم بوە بزانین چی دەکات.

قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَن نَّفْسِي ۚ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٢٦﴾

یوسف -ﷺ- دەستی نەکرد بەقسە کردن بەڵکو ژنە تاوانبارەکە دەستی کرد بە قسە کردن، ستەم لێکراو قسەی نەکرد، زانایان دەفەرمون: ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەرانە مادام قەزیەکە قەزیەی شەرەف و ناموسە یوسف ویستی بیشارێتەوەو پەردەپۆشی بکات نەیویست باسی بکات، بەڵام کە تۆمەتبارکرا ئێستا ئەو دەستی کرد بە قسە کردن ناچار دەبێ بەرگری لەخۆی بکات {قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَنْ نَفْسِي} وتی نەخێر بەو شێوەیە نیە بەڵکو ئەو داوای لێکردم کە من بچمەلای و

زینای لەگەڵ بکەم نەک من دەست پێشخەریم کردبێ یا داوام کردبێ یامن هۆکار بم ابدا، لەوە زیاتری نەوت سبحان الله ئێستا بەڵگە چیە بۆ ئەوەی گەورەی مصر باوەڕ بە یوسف بکات و باوەڕ بە ژنەکەی نەکات لەکاتێکدا ژنەکەی بەشێوازێک قسەی کرد کەزۆر متأکیدەیە کە ئەو ستەملێکراوەو لەسەر حەقەو یوسف ستەمکارەکەیە وەک وتمان یەکسەر بڕیاریشی دەرکرد ئێستا چۆن ئەو پیاوە بزانێت کەکێ لەسەر حەقەو کێ ڕاست دەکات و کێ درۆ دەکات.

{وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا} خوای پەروەردگار لێرەشدا بەفریای یوسف دێت ئەمە دووەم جێگا، یەکسەر یەکێ لەخزمانی ئافرەتەکە هات شایەتی بۆ یوسفدا و قسەیەکی حەقی کرد لەبابەتەکەدا ئەو شاهیدەش کێیە؟ دوو تەفسیر هەیە لە ابن عباسەوە هاتوە کە مناڵێکی شیرە خۆر بو یەکسەر کەوتە قسە کردن، وەوتەی تر هەیە لە سدي و جگە لەو ئەڵێن نەخێر پیاوێکی کامڵی ئامۆزای ژنەکەی گەورەی مصرە کە لەگەڵ مێردی ژنە بەیەکەوە دانیشتبون یا بەیەکەوە هاتنەوە لەپڕ کە دەرگاکە کرایەوەو ئەو واقعەیان بینی ئەویش شایەتیەکی دا ئەوەشیان والله اعلم لە ڕاستیەوە نزیکە ئەمما مناڵ بوبێ وبەجواب هاتبێ هیچ بەڵگەی صحیحي لەسەر نیە لە حەدیثدا وەئەوەش کەدەڵێت چوار کەس قسەیان کردوە لەبێشکەدا ئەوە حەدیثێکی ضعیفە، ئەوەی کە ڕاستە سێ مناڵ لە بێشکەیا قسەیان کردوە عیسا علیه السلام، مناڵەکەی جورەیجی ڕاهیب، مناڵەکەی اصحاب الاخدود، لەحەدیثی تردا هاتووە مناڵێکی تریش باسکراوە بەڵام ئەویشیان ئەوەنیە کەدەوترێت شاهیدەکەی یوسفە،ئەو مناڵەیە کەلەباوەشی دایکیدابوو شیری دەخوارد لەبوخاریدا هاتوە پیاوێکی سوارچاک بەوێدا هات ئەودایکە کە ئەو پیاوەی بینی سواری وڵاخێک بوە وتی یاربی خوایە مناڵەکەی منیش بکەیتە پیاوێکی ئاوا، مناڵەشیرەخۆرەکەش دەمی لەمەمکی دایکی کردەوەو وتی یاربی

خوایە قەت من وەکو ئەو پیاوەم لێ نەکەیت، ئافرەتە بەلایەوە سەیربوو وتی ئەوەچیە ئەو منالە چۆن قسەی کرد دوایی ئافرەتێکی جاریە بەوێداهات و ڕایان دەکێشا ئافرەتەکە وتی خوایە قەت منالەکەم وەکو ئەو لێ نەیەت، منالەکە وتی یاربی خوایە من وەکوئەو لێبکەیت، ڕوی تێکردوتی بۆ وادەڵێی؟وتی ئەو سوارچاکە یەکێک بوو لەزاڵمە ستەمکارە خوێنڕێژەکان جێگای ئەو لای خوا جەهەنەمە خوایە قەت وەکو ئەوم لێنەیەت، بەلام ئەو ئافرەتە جاریەیە پێی دەڵێن زینات کردو، پێی دەڵێن دزیت کرد، ئەویش نەزینای کردووەو نەدزیشی کردوە تۆمەتباری دەکەن بەناحەق بۆیە ئەجری لای خوا زۆرە دوعام کرد خوایە وەکو ئەوم لێبکەیت، ئەوەی جورەیجی راهیبیش ئافرەتێک هات لەگەڵ شوانێک زینای کردو دوایی تۆمەتی دایە پاڵ جورەیج کەمنالی بوو وتی ئەوە منالی جورەیجە، جورەیجیش هات دورکعات سونەتی کردو لەخوا پاڕایەوە وبانگی منالەکەی کردو وتی کێ باوکی تۆیە وتی الراعي واتە شوانەکە باوکمە ئەو منالە بچوکە هاتە قسە، عیساش لەبێشکەدا قسەی کردوە، وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا لێرە ئەو پیاوەی کەوتمان ئامۆزای ژنەکە بوە دەڵێ من حوکمێکم هەیە لەم باسەدا، {إِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ} ﴿٢٦﴾ ئەگەر کراسی یوسف لەپێشەوە لای سنگیەوە دڕابێ (دیارە نەیبینیوە جارێ کراسەکە لەکوێوە دڕاوە) ئەوە ژنەکە ڕاستەکاو یوسف لە درۆزنانە؛ چونکە کە لەپێشەوە دڕابی دیارە کورە پەلاماری ژنەی داوەو ژنەش ویستوێتی دوری بخاتەوە لەخۆی و کراسەکەی دڕاندوە ئەو بڕیارەی داو قسەکەی مەنطقیەو عەقلیە و ویژدانیانەیە.

وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٢٧﴾

{وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ} ﴿٢٧﴾ بەڵام کە کراسەکەی لەپشتەوە دڕابێ ئەوە دیارە کوڕە ڕای کردوە لەدەستی و ئەو ویستویێتی ڕایکێشێ کەواتە ئافرەتەکە درۆ ئەکات و یوسف لە ڕاستگۆیانە.

فَلَمَّا رَأَىٰ قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ ۖ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾

{فَلَمَّا رَأَىٰ قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ} کاتێ کە مێردی ژنە دەبینێ کراسی یوسف لەدواوە دڕاوە نەک لە پێشەوە {قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ} وتی کەواتە ئەو تۆمەت خستە پاڵ یوسفە ئەمە لەفێڵی خۆتانە {إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ} ﴿٢٨﴾ بەڕاستی فێڵ و پیلانی ئێوە ئەی ئافرەتان زۆر گەورەیە واتە چۆن گەورەنیە! پەلاماری یوسفیشی داو هانی یوسفی داوەو داواشی لێکردوە و ئێستاش یوسفی کردە تاوانبار و خۆی کردە بێتاوان ئێ ئەمە فێڵێکی زۆر گەورەیە ئەو شاهێدە لەوێ پەیدا نەبوایەو ئەو قسە هەقەی نەکردایە کە تەرازوە بۆ دەرکەوتنی ڕاستگۆو درۆزن ئەی یوسف تاوانبار دەکرا بۆیە ئەی ژنان فێڵی ئێوە زۆر گەورەیە، ئەمە قاعیدەی قورئانە فعلا فێڵی ئافرەت گەورەیەو ترسناکە؛ چونکە پیاو ماسولکەی هەیە و بەهێزە بەڵام فێڵی بەهێز نیە ئافرەت ماسولکەی نیەو بەهێزوتوانا نیە بەڵام لەبری ئەوە فێڵی ئافرەت زۆر ترسناکە ئەگەر لەخوا نەترسێ و تەقوای خوا نەکات دەتوانێ فێڵیش لەپیاوی بکات و پیاویش پێی نەزانێ و بە چاکەکاریش خۆی دەربڕێت پەنا بەخوای گەورە.

يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا ۚ وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ ۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ ﴿٢٩﴾

ئێستا بزانین بڕیاری مێردەکەی چیە واتە هەر یەکێ کە جورئەت و غیرەتی پیاوەتی هەبێت کە ببینێ ژنەکەی ئاوای کردوە چ کارێک دەکات؟ لەسەردەمی عمر رەزای خوای لێبێ پیاوێ هاتە لای خەلیفە عومەر و وتی پیاوم بینیوە بەسەر ژنەکەمەوەو کوشتومە عومەر رەزای خوای لێبێ قیصاصی لێدەرنەکرد ئێستا ئەو پیاوە دەبینێ ژنەکەی داوای زینای لەیوسف کردوە وە بەدوایدا ڕادەکا بۆ ئەوەی نەڕواو ڕزگاری نەبێ لەدەستی هەر زینا پێ بکات کەچی بڕیارەکەی ئەوەیە دەڵێ {يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا} سەبارەت بەتۆ ئەی یوسف بۆمان دەرکەوت کە تۆ پاکیت بەڵام واز لەم مەوزوعە بێنە لای کەس باسی مەکەو لەبیر خۆتی بەرەوە وەک ئەوەی هیچ نەبوبێ بەس ئەوەندە!!!گرنگ بەلایەوە ئەوەیە خەڵک نەزانێت، {وَاسْتَغْفِرِي لِذَنْبِكِ} بە ژنەکەشی دەڵێت داوای لێخۆشبون بکە لەسەر تاوانەکەت نەک لەلای خوا؛ چونکە ئیماندار نەبوە واتە داوای لێخۆشبون لەمن بکە بۆ ئەوەی لێت خۆشبم لەسەر ئەو تاوانەی کە کردوتە سبحان الله بەوە کۆتایی پێهات {إِنَّكِ كُنْتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ} ﴿٢٩﴾ تۆ لە هەڵەکارەکان بویت و تۆ هەڵەت کردوە، هەڵە هەڵەی تۆیە هیچی تر کۆتایی پێهات سبحان الله؛ ناڵێین هەموو وەناڵێین زۆرینە بەڵام زۆرێکیش هەیە لە بنەماڵە راقی و دەوڵەمەندە دەسەڵاتدارەکان کە زۆرینە وایە حەرەس لەماڵیانە، سایەق لەماڵیانە، خزمەتکاری پیاو لەماڵەکەیانە، جۆرەها شت ڕودەدات پەنا بەخوا ئەوانیش ئەوەندە مو نەرمن ئەو بڕیارە دەدەن کە مێردی ژنەکە دای، تا ئێرە یوسف -ﷺ- لەو تەڵەیە ڕزگاری بوو پاکێتی یوسفمان بۆ دەرکەوت وە ئیمان وپاکی وتەقوای یوسف، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئێمەی کۆمەڵگای پیاوان پەنا بەخوای گەورە بگرین لەهەموو فیتنەیەک وە کەسانێکبین دڵسۆزبین بۆ ئەوەی خوای گەورە هەڵمانبژێرێ و بمانپارێزێ توشی خراپە نەبین و کە مرۆڤ لەگەڵ خوابێ خوای گەورە دەیپارێزێ کە لەخوا دور

کەوتیتەوە هەر لەحزەیەک قەت ئەمین مەبە لەخۆت کەتوشی خراپە بیت خوای گەورە پەنامان بدات.

وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ ۖ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا ۖ إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴿٣٠﴾

ئێستا تاقیکردنەوەی سێیەمی یوسف دەست پێ دەکات تاقیکردنەوەیەکی تری قورس دەست پێدەکات بۆ یوسف -ﷺ-:زانایانی تەفسیر دەفەرمون ژنی عەزیزی مصر حەوت دەرگای لەسەر یوسف داخست بۆ ئەوەی کەس نەزانێت کەچی خەبەر بڵاوبۆوە لەناو ئافرەتانی شاردا، بۆیە دەڵێن کەویستت خەبەرێک بڵاوبێتەوە بەئافرەتێک بڵێ ئیتر هەموو ئافرەتانی شار دەیزانن ئێستا هەموو ئافرەتانی شار پێی دەزانن؛ چونکە ئافرەت کەمیان نهێنی دەپارێزن؛ سودی دوەمیش لەمە وەردەگرین ئەوەیە کەمرۆڤ کە پەردەی نێوان خۆی و خوای لادا واتە کەمرۆڤ شەرمی لەخوا نەکرد تاوانی کرد باوانەزانێت خوای پەروەردگار پەردەی نێوان ئەویش و خەڵکیش لانادات بۆیە دائما مرۆڤ زیاتر لەخوا شەرم بکات لەوەی لەخەڵک شەرم دەکات؛ وە هەروەها لەم ئایەتەدا ئەوە تێگەیشتین ئەو ئافرەتە نایەوێ کەس بزانێت کەچی خوای گەورە وایکرد نزیکترین کەسی بزانێت کە مێردەکەیەتی و ئامۆزاکەیەتی وە هەروەها ئافرەتانی شاریش، ئێستا کە پیاوان بزانن بەلای ئافرەتەکەوە زۆر قورس نیە وناخۆش نیە بەڵام ئافرەتانی هاوشێوەی خۆی بزانن و دەست بکەن بە سەرزەنشتکردنی و لەومە کردنی و عەیب دارکردنی ئافرەت بەوە دەشکێتەوە وپێی ناخۆشە، لە لایەنی لغوي بۆیە وترا قال نسوة نەوترا قالت نسوة؛ چونکە نسوة جەمعی تەکسیرە بەهەردووحاڵەتەکەی دەتوانرێ فعلي بۆ بەکاربهێنرێت، {وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ

امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ} خەبەر بڵاوبۆوە لەناو ئافرەتانی شاردا کە ژنەکەی عەزیزی مصر داوای لەکۆیلەکەی خۆی کردوەکە فاحیشەی لەگەڵ بکات، دیقەت بدەنێ فەرمووی ژنی عەزیزی مصر نەیفەرموو کچی فڵانە باوک؛ چونکە کچ تا لەماڵی باوکی بێت عەیبەی لەسەر باوکی حسابە بەڵام کەشوی کرد عەیب و کەموکوڕیەکانی لەسەر مێردەکەی حیسابە، وە هەروەها ناوی ئافرەتەیان نەبرد دیسان گەڕاندیانەوە بۆ مێردەکەی ژنی عەزیزی مصر لەبەر چەند شتێک یەکەمیان: بۆ ئەوەی ناشرینی ئەوکارەی کە ئەو ئافرەتە کردویێتی دەرکەوێ لەچەند ڕوانگەیەکەوە یەکەم تۆ ژنی پیاوێکیت ئەوەنەبێ کچێک بیت، دووەمیان ژنی پیاوێکی ئاسایش نیت ژنی پیاوێکیت کە عەزیزی مصرە، لەتۆ ناوەشێتەوە ئەو کارە بکەیت، سێیەم ئەوە تێدەگەین ئەو پیاوە کە مێردێتی عەیبداربێ لەناو خەڵکدا؛ چونکە هەر پیاوێک کەمتەرخەم و شلگیربێت لەپاراستنی خێزانی و کچ و منداڵی دوایی هەر شتێک ڕووبدات ئەو عەیب دار دەبێت، تۆ وەزیرێکی گەورەی وڵات بیت لەگەڵ ئەوەشدا ئاوا شلگیرو کەمتەرخەم بیت لەپاراستنی شەرەف و ناموسی خۆت دە ئەنجامەکەی وەرگرە کەچی ڕویداوە ئێستا، بۆیە پیاوان دەبێ غەیرەیان هەبێت خێزانەکانیان بپارێزن ئەو کەمتەرخەمی و ئاسانکاریە بەناوی کرانەوەو ئازادی و مافی ئافرەت ئەمە دوایی قوڕبەسەری بەدوادادێت، تۆ ئەی عەزیزی مصر کوڕێکی گەنجت هێناوە جوانترین کوڕی سەر ڕوی زەویە لەوکات و لە ئێستاشدا هێناوتە لەماڵەکەی خۆت داتناوە لەگەڵ خێزانت، خۆت دەڕۆی بۆ ئیش و کاری خۆت و ئەوانت بەتەنیا داناوە کەواتە نەتیجەکەی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینی چی بڵاو بۆوە لەسەر خێزانی عەزیزی مصر؛ پێغەمبەری خوا

صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((إِيَّاكُم وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ))[(٧)]. واتە: وریابن نەچنە ماڵێکەوە کە تەنها ئافرەتی لێبێت.

بۆیە لێرەدا عەیبەکە بۆ مێردەکەی گەڕایەوە؛ چونکە لێرەدا ئەو کەمتەرخەم بوو زۆرێک لەپیاوان لەم سەردەمەدا ئەوە حاڵیانە، کاتێک دەچنە میوانی بەتێکەڵی دادەنیشن کە لە اصلدا دەبێت پیاو لەگەڵ پیاوو ئافرەت لەگەڵ ئافرەتبێت، {تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ} دەفەرموێ ئافرەتەکان وتیان خێزانی عەزیزی مصر داوا لەکۆیلەکەی خۆی دەکات واتە بەردەوامە چەندجارێک داوای کردووە و سورە لەسەر ئەو مەسەلەیە جارو دوجار نیە ئەو داواکردنە، ئێستا وا بڵاوبۆتەوە ئافرەتەکەیە داوا دەکات نەک یوسف داوابکات، خۆی لە عادەتدا فیطرەتی مرۆڤ وایە پیاو داوای ئافرەت دەکات، کەچی ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، {تُرَاوِدُ فَتَاهَا} نەچوە داوا لەوەزیرێک یا کاربەدەستێکی گەورە بکات بەڵکو داوای لە کۆیلەکەی خۆی کردوە کاری خراپەی لەگەڵدا بکات، {قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا} ئەوە قسەی ئافرەتانی شارە، بەڕاستی خۆشویستنی ئەو ژنە بۆ یوسف چۆتە ناخی دڵیەوە پەردەی دڵی دڕیوە تەواو خۆشەویستی یوسف لەناخی ئەو ئافرەتەدا جێگیربوەو چەسپاوە واتە ئەوپەڕی خۆشویستنی بۆ یوسف هەیە؛ وە هەروەها ئەوپەڕی هەوڵیش دەدات بۆ ئەوەی کە کاری خراپەی لەگەڵ بکات کەواتە لەسنور دەرچوە ئێستا ئافرەتان ئاوا لەومەی ژنەکە دەکەن دەڵێن خۆشەویستی بۆ یوسف لەسنوردا نیە هەوڵدانی بۆ کردنی فاحیشە لەگەڵ یوسف لەسنوردا نیە {إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ} بۆیە ئافرەتانی شاردەڵێن ژن زۆربەی مەکربازن دەڵێن ئێمە وا دەبینین ئەو ژنە سەرلێشێواوو گومڕایە نەک لەبەر ئەوەی کە داوای فاحیشەی لەو کوڕە کردوە؛

---

(7)- البخاري (٩/ ٣٣٠ رقم ٥٢٣٢)، ومسلم (٤/ ١٧١١ رقم ٢١٧٢).

چونکە بەلایانەوە ئاسانە زیناو خراپەکردن بەڵکو لەبەر ئەوەی داوای لە کۆیلەکەی خۆی کردوە چۆن داوای لەکۆیلەو خزمەتکاری خۆی کردوە ئەوە بەلایانەوە جێگای سەرسوڕمان و جێگای داخە بۆیە دەڵێن ئێمە وا دەبینین ئەو ئافرەتە سەرلێشێواوەو داماوە بەهەڵەدا چووە طبعا ڕاست ناکەن؛ چونکە هەریەکێ لەوان ئاواتی دەخواست ئەوەی بۆ ئەو ژنە هەڵکەوتوە بۆ ئەمانیش هەڵکەوێت بەڵام هەمیشە ژن دەیەوێ خۆی پاک دەرخاو ئافرەتی بەرامبەری بشکێنێت، ئنجا ئەم هەواڵە بەژنەکەی عەزیزی مصر دەگاتەوە پێی ناخۆشە لەناو شاردا ژنان بەو شێوازە خەریکی غەیبەت کردنی بن خەریکی پیلانگێڕان بن بۆ شکاندنی و سومعە بردنی، هەڵدەستێ تۆڵە دەکاتەوە هەڵدەستێ بە فێڵێک کە لەفێڵی ئەوان زۆر گەورەتر.

فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ۖ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾

{فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ} کاتێ کە مەکری ژنەکانی بیست و زانی کەچیان وتوەو چی دەڵێن لەناو شاردا سەبارەت بەم {أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ} یەکسەر کەبیستی باسی دەکەن ڕاستەوخۆ بانگی ئەو ئافرەتانەی کرد بۆناو کۆشک بۆلای خۆی وکۆی کردنەوە، کەواتە ئەوەبەڵگەیە ئەوانەی کەبانگیانکرون وغەیبەتیان کردوە ژنانی ناو کۆشکن ژنە وەزیرەکان و ژنە بەدەسەڵاتدارەکانن ئەگینا ژنی عەزیز ناچێ کەسێکی کرێکارو هەژار بانگکات، {وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً} شوێنی پاڵکەوتن و دانیشتن و ئیسراحەتکردنی بۆ دانان بۆ هەریەکێکیان متکأ ئەو شوێنەیە کە ئانیشکی لەسەر دادەنێیت و پاڵ دەدەیتەوە لەسەری {وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ

سِكِّينًا} جا هەر یەكێك لەوان كەمیوەی بۆ داناوە چەقۆیەكیشی یاوەتە دەستی بۆ لەت كردنی میوەكەی وە یوسفیش عەبدێكە هەرچی پێیبلێت دەبێت بەقسەی بكات كە بێ شەرعی نەبێت، ئێستا جوانترین جلی لەبەری یوسف كردوە كە یوسف خۆی مانگە ئەوەندە جوانە وە یوسفیشی زیاتر ڕازاندۆتەوە لەپشت پەردەیەكەوە دایناوە ئەمیش هاتوە ئەو ئافرەتانەی بانگكردوە كەپێش ئەوەی بێنە قەصرەوە باسی دەكەن و غەیبەتی دەكەن و لەومەی دەكەن و گاڵتەی پێ دەكەن، كە هێنانی و لەو شوێنە دایانا ئێستا وتی: {وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ} دەی یوسف ئێستا وەرە بابتبینن، {فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ} هەر بەیەكەم بینینیان بۆی بەگەورەیان دانا ئەمە شتێكی ئاسای نیە!ئەمە پیاوێكی ئاسایی نیە جوانی ئەم كوڕە بێوێنەیە {وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ} ئاگایان لەخۆیان نیە هەر كەسە چەقۆ لەدەستی خۆی دەدات و دەستی خۆی بریندارو خوێناوی كردووە واتە بەهۆی ئەو صەدمەیەی كەتوشیان بو بەهۆی بینینی ئەو كوڕە جوانە ئاگایان لەئێش و ئازاری برینی دەستیان نەما جا ئەبێ چ واقعێك بوبێت، {وَقَطَّعْنَ} چەنجارێك دەستی خۆیان بڕیوە نەک تەنها جارێک، ئێستا ئاگایان لەخۆیان نیە، وە {وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ} ﴿٣١﴾وتیان پاكی بۆ خواقەت ئەمە مرۆڤ نیە مرۆڤی واجوان نیە ئەوە جگە لەوەی كە فریشتەیەكی زۆر بەڕێزبێ كەسی تر نیە، ئەوەی كە هەموو دەیزانین ئەوەیە مەلائیكەت جوانەو شەیتانیش ناشرینە بۆیە هاوشێوەیان كرد بە مەلائیكەتێک بۆیەش وتیان مەلائیكەتێكی بەڕێز؛ چونكە یوسف زۆر بەڕێز بوو زۆر بەهەیبەت بوو یەک قسە ناكات ناڵێ مەجلیسێكی خۆشە هەمووی ئافرەتە و هەموی حەزدەكات من قسەیەكی لەگەڵ بكەم و بكەومە قسەكردن لەگەڵیان نا هەرگیز، قسە لەگەڵ كەسیان ناكات بەڵام كۆیلەیەكی فەرمان پێكراوە كە پێی وت وەرە دەرەوە هاتە دەرەوە بەڵام بەشكۆمەندی و سەنگینی خۆی و بەڕێزی

خۆیەوە، دیقەت بەن کە دەڵێ لەدوای بینینی بەیەکجار یەکسەر چیان بەخۆیان کرد، ئێستا مەکرو فێڵەکەی عەزیزی مصر سەری گرت.

قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ ۖ وَلَقَدْ رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ ۖ وَلَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِنَ الصَّاغِرِينَ ﴿٣٢﴾

{قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ} دەی ئەوە ئەو پیاوەیە کە ئێوە لەومەی منتان کردوە لەسەری یەکجار بینیتان سەیری دەستانکەن چیتان بەخۆتان کردوە؛ ئەی چۆن کەچەن ساڵە لەگەڵ من لەیەک ماڵدایە ئەی کە لەشوێنی من بونایە چیان دەکرد ئێوە؟ ئێستا وا ئەبینێ کە ئەو سەرکەوت ئێستا کەس بۆی نیە لەومەی بکات لەمە بەدوا کەس بۆی نیە ڕەخنەی لێبگرێ، ئەوان لەیەک بینین ئەوەیان بەخۆیان کرد ئەی هەریەکەیان تاک تاک لەگەڵی بوایە لەماڵێک لە ژنی عەزیز زیاترو خراپتری دەکرد، وتی دەی ئەوەیە کەئێوە لەومەی منتان کردوە لەسەری کەواتە من شایستەنیم لەومە بکرێم، کەواتە ئەوەی نهێنی بوو کە شەرمم دەکرد بیڵێم ئێستا دوای ئەوەی ئێوەم بەوحاڵە بینیوە ئێستا بە ئاشکرا دەڵێم {وَلَقَدْ رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ} بەڵێ من داوام لێی کرد کە بێت خراپەکاریم لەگەڵ بکات، بۆچی شەرم ناکات ئێستا؟؛ چونکە بەرامبەر کەسانێک قسە دەکات کە هەمویان لەم خراپ ترن بۆیە ئەو نهێنیە لەدڵی خۆیدا ناهێڵێتەوەو ڕاستیکە دەڵێت بەڵام یوسف -ﷺ- خۆی گرتووە تەسلیمم نەبوە وە هەر مەنعی کردوە تا ئێستاش نەیهێشتوە بەڵام کە تا ئێستا مەنعی کردووە تەسلیمم نەبووەو ڕێگری کردوە؛ وا مەزانن من لێی دەگەڕێم هەڕەشە دەکات ئێستا، {وَلَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِنَ الصَّاغِرِينَ} ﴿٣٢﴾خۆ سوێندبێ ئەگەر لەداهاتودا ئەوەی من پێی دەڵێم بەقسەم نەکات ئەوە سجن دەکرێت وە لەو کەسانە دەبێت کە سوکایەتیان پێ دەکرێت و

لەو کەسانە دەبێ کە زەلیل دەکرێن و کە بەچاوێکی کەم تەماشا دەکرێن و لەناو قەصر نامینێتەوەو فڕێ دەدرێتە ناو سجنێکەوە، سبحان الله ئێستا هەڕەشە دەستتی پێکرد کەواتە هەوڵی ئەو ئافرەتە بەردەوامە، کەواتە تاقیکردنەوەی یوسف علیه الصلاة و السلام جارێ لەدەستی ئەو ژنە کۆتایی نەهاتووە ئەی ئەم ئافرەتانەی کەهاتون و خۆیان ڕازاندۆتەوە.

**قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ ﴿٣٣﴾**

ژنەکان کاتێ کە بینیان وەزعەکە ئاوایە و خێزانی عەزیزی مصریش هەڕەشە دەکات وتیان ئێمەش ئامۆژگاریت دەکەین ئەی یوسف کە بەقسەی گەورەکەت بکەیت ئەو ئافرەتە گەورەی تۆیە تەسلیمی بەو بەقسەی بکە چیت لێ داوا دەکات جێبەجێی بکە، یوسفیش یەکسەر هانای برد بۆ خوا و دوعای کردو وتی {قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ} ئەی پەروەردگار ئەگەر بێتو ئەو سجنەی کە هەڕەشەم پێ لێدەکات زۆر بەلامەوە خۆشەویسترە و أَحَبُّ واتە زەرەرەکەی کەمترە {مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ} لەوەی ئەو ئافرەتانە تێکرا من بانگ دەکەن بۆی واتە ئەوانە تێکرا من بانگ دەکەن بۆ شتێک ئەویش زینایە نەوەڵا سجنەکە بەلامەوە ئاسانترە، سزای خوا بەلایەوە گەورە ترە لە سزای خەڵک، لە سجنی خوا دەترسێت بۆیە ئێستا ئەو سجنەی هەڵبژارد، قەینا باسجن بکرێم، ئەگەر کەسێکی ئیمان لاوازبوایە دەیوت چیبکەم ئێستا چارم نیە زۆرم لێکراوەو هەڕەشەم لێکراوەو شتەکە لەدەست خۆمدا نیە، لێرە ئیمان دەردەکەوێت بۆیە عقوبەی خەڵکی هەڵبژارد باسجن بکرێم قەیناکات، {وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ} ﴿٣٣﴾ئەی پەروەردگار ئەگەر بۆخۆت بە فەزڵ و کەرەم و حەول

و قوەتی خۆت فێڵ و مەکری ئەو ئافرەتانەم لەسەر لانەبەیت ئەوە من لاوازی دەمگرێت و منیش مرۆڤم حەزم دەچێت بەلایاندا لەوانەیە لەخشتە بچم بۆیە خوایە هانا بۆتۆ دەبەم، وە ئەگەر من مەیلم بەلادا کردن و وەڵامیانم دایەوە ئەوکاتە من لە نەفامە جاهیلەکان دەبم لەو کەسانە دەبم کە ڕێگای نەفامێتیان هەڵبژارد، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت مرۆڤی موسڵمان هانا بۆخوا بەرێت، لەوانەیە تۆ وەکو مرۆڤێک نەفست زاڵ بێ بەسەرتدا بۆتوشبونت بەتاوانێک هەرچەندەکەی دەڵێی تەوبە دەکەم دەگەڕێیتەوە سەری دەستی لێ هەڵدەگری دواتر دەگەڕێیتەوە سەری لاوازیت بەرامبەر ئەو تاوانە چی بکەی باشە؟ ئەوە بکە کە یوسف کردی خوای بۆخۆت لەو نەخۆشیە لەو دەردە لەوتاوانە بۆخۆت ڕزگارم نەکەیت خوای پەروەردگار من تێدەکەوم و توش دەبم داوا لەتۆ دەکەم فریام بکەویت، کەواتە زۆر تاوان هەیە کە موسڵمان پێوەی دەناڵێنێ و ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ و خۆی لێ ڕزگاربکات؛ چونکە بەڕاستی هانای بۆ خوا نەبردوە تۆ وەرە بەڕاستی هانا بۆ خوا ببە، خوایە گیان من هەوڵم زۆر داوە زاڵنیم بەسەر نەفسی خۆمدا خوایە داوا لەتۆ دەکەم و هانا بۆ تۆ دەهێنم رب العالمین کە ڕزگارم بکەیت لەو نەخۆشیە، ڕزگارم بکەیت لەو عادەتەی کەتێیدام.

فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾

{فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ} پەروەردگار یەکسەردوای دوعاکە وەڵامی یوسفی دایەوە دوای ئەوەی یوسف پاڕایەوە بەدڵسۆزی بەدڵێکی پڕ لە خشوعەوە یەکسەر خوای گەورە وەڵامی دایەوە {فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ} مەکرو فێڵی ئەو ئافرەتانەی لەسەر لادا کۆتایی هات، ئەی یوسف ڕزگارت بوو هەم لە فیتنەی ژنەکەی عەزیزی مصر وە هەم لەفیتنەی ژنەکانی شاریش ڕزگارت بوو، لەو تاقیکردنەوەیە

دەرچویت، دوای هانابردن بۆ خواو داوای یارمەتیکردن لەخوای گەورە، {إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} ﴿٣٤﴾؛ چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگارە کەتەواو بیسەری دوعاو پاڕانەوەی عەبدەکانێتی وە تەواو زانایە بەحاڵیان کە بیستی یوسف بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لێی دەپاڕێتەوە خوای گەورە وەڵامی دایەوەو ڕزگاری کرد لەو ناڕەحەتیەش.

**ثُمَّ بَدَا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا رَأَوُا الْآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٣٥﴾**

{ثُمَّ بَدَا لَهُمْ} مشاوەرەیان کرد لە کۆشک و لە ڕیئاسەت و دوای ئەوەی کەبەڵگەکانیان بینی لەسەر پاکێتی و بێتاوانی یوسف بەڵگەکانیش:

1 - کراسەکە لەپشتەوە دڕابوو.

2 - شایەتێک لەخزمی ژنەکە شایەتی لەسەردا.

3 - ژنە خۆی دانی بە تاوانەکەیا نا لای ئافرەتانی شار واش هەڕەشە دەکات.

خۆی دوای ئەوە دەبو ئەستۆپاکی بۆ یوسف دەرکرایە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەڵگەکانیشیان بینین {ثُمَّ بَدَا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا رَأَوُا الْآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّىٰ حِينٍ} ﴿٣٥﴾ئەوە دەبێ یوسف سجن بکرێ تا کاتێکی دیاری نەکراو خوا بزانێ چەند ساڵ، بۆ تاوانی چیە؟ دوای ئەوەی ئەو ژنانە ئەو هەموو فێڵەیان کرد بێڕێزی و بەدڕەوشتیان بەرامبەر کردو ئەو هەموو محاوەلەیەیان کرد ئێستابۆ دەبێ یوسف سجن بکرێ؟ لەجیاتی ئافرەتەکە سجن بکرێ، بەڵام دەسەڵاتدارەکان بۆ کڕینەوەی سومعەتی خۆیان بایوسف لەپێش چاوی خەڵک نەبێت ونی کەن و لەناوی بەرن با سجن بێ.

یوسف سجن دەکرێ، لەسجن کردنی یوسف ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ مەرج نیە هەرکەسێ سجن کرا پیاوی خراپبێت، مەرج نیە ئەوانەی لەسجنن هەمویان

تاوانبار بن، تۆمەتبارن بەڵام تاوانبار نین تۆمەتێکی ناڕەوا دراوەتە پاڵ زۆرێک لە ئەوانەی کە سجن دەکرێن لەڕاستیشدا بێ تاوانەو هیچ تاوانێکی نەکردوە زۆرێک لە ستەمکارو خوێنڕێژەکان کەسانێک سجن دەکەن کەشایستەی سجن نین بەڵکو شاستەی ڕێزلێنانن بەڵام بۆیە سجنیان دەکەن بۆیی ڕوی ڕەشی خۆیان دەرنەکەوێ بۆ خەڵک، بۆیە یوسف سجن کرا -ﷺ- تاقیکردنەوەی تر دەست پێدەکات بۆ یوسف لەناو سجن کە دەخرێتە ناو سجنەوە لەهەموشی ناخۆشتر ئەوەیە کە سجن دەکرێ بەڵام ماوەکەی دیاری نەکراوە زۆر ناخۆشە وابێت و کەسیش لێت نەپرسێتەوە؛ چونکە لەوڵاتی غەریبیە کۆیلەیەکە کەسیشی نیە وە عەزیزی مصرو ژنی عەزیزیش دژیەتی، بەڵام مرۆڤی موسڵمان باوەری بەخوای گەورەیە، ئەگەر بکرێتە بیرێکەوە خوای گەورە نەیەوێت لەبیرەکەدا تیابچێت بەخوا دێتە دەرەوە وەک چۆن یوسف هاتە دەرەوە، کە بیخەنە سجنەوەو بیانەوێ لەبیر خەڵکی بەرنەوە خوای گەورە هەر دەیهێنێتە دەرەوە بەڵام جوانترین هێنانە دەرەوە، کەواتە گرنگ ئەوەیە مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ خوابێت ئەم هەموو تاقیکردنەوەیەی یوسف پیایدا دەڕوات -ﷺ- ئەو هەموو ناڕەحەتیەی کە یوسف دەیبینێت ئەوەمان پێدەڵێ کە ژیان مەواقیف و مەراحیلە دەکرێ لەوپەری دەسەڵاتەوە بێیتە ناو سجنەوە لەوەشە لەناو سجنەوە دەربێیت و بگەیتە ئەوپەڕی دەسەڵاتەوە؛ وە لەوەیە لەوپەڕی بێتاوانیتەوە تۆمەتت بۆ دروست بکەن، کەواتە مرۆڤی موسڵمان بەردەوام ڕوو لەخوا بێت خۆی بداتە دەست خوای گەورە وە پشتی بەخوا پتەوبێ بە ئیزنی خوا زەرەر ناکات و و دەرەنجام بۆ ئەو دەبێت إن شاء الله؛ وە جوانترین سودی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمان دائما لای خوا هەڵبژێری لەسەر لای خەڵک عەزابی روح و جەستە لەگەڵ عەزابی لاشە عەزابی لاشە هەڵبژێرە کیشە نیە بەس توشی گوناهو تاوان نەبیت.

﴿وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ ۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ ۖ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾﴾

یوسف -ﷺ- سجن کرا ئێستاوتمان سجن کردن و بەند کردنی یوسف بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی تاوانبارە، وەمەرجیش نیە هەموو بەند کراوێک خراپ بیت بەڵام بێگومان زۆرینەی بەند کراوەکان خراپن ئەصل وایە، ئێستا یوسفێکی بێ تاوانی بەڕێز لەگەڵ کۆمەڵێک تاوانبار وە لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی خراپ خراوەتە سجنەوە، {وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ} وە دووگەنجیش لە گەڵ یوسف خرانە سجنەوە، بەڵام تۆمەتی ئەوان جیاوازە یەکێکیان بەرپرسی خواردن و نانی پادشا بوو، دوەمیشیان بەرپرس بوو لەخواردنەوەی پادشا ئەوەی کە شەربەت و ئەرەق و ئاوی بۆ پادشا دەهێنا، وەک زانایانی تەفسیر دەفەرموون تۆمەتی ئەوە دراوەتە پاڵیان کە گوایە ژەهریان بۆ پادشا کردبێتە ناو خواردنەوە یەکەمیان، دووەمیشیان کردبێتێ ناو خواردنەوەکەیەوە، ئێستا هەردوکیان خراونەتە ناو سجنەوە لەگەڵ یوسف، {قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا} یەکێک لەم دوو گەنجە بە یوسف دەڵێت:وتی ئەی یوسف من لەخەودا وام بینی (خمر)واتە ئەرەق بەڵام لە ئەصلدا واتە ترێم دەگوشی و دەمهێلایەوە ماوەیەک تابیێت بە ئەرەق بۆ پادشا لەخەودا بینیم من خەریکی ئەوەم، دارمێوی زۆر هێشوە ترێکانم لێ دەکردەوەو دەمگوشی و دەبوە شەربەتی ترێ و دەمهێشتەوەو تا دەمکرد بە ئەرەق بۆ پادشا ئەو خەوەم بۆ لێک بدەرەوە، بەقەدەری خوا لەیەک شەودا هەردوو گەنجەکە خەویان بینی سبحان الله هەریەکەیان بەجۆرێک خەوی بینیوە کەتایبەت بە پیشەکەی خۆیەتی {وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ} هەروەها

گەنجەکەی دوەمیشیان وتی من لەخەومدا بینیومە لەسەر سەرم نانم دانابوو چەند نانێک، بەڵام باڵندە دەهات نانەکەی کە بەسەر سەرمەوەبوو دەیخوارد من ئەوەم بینیوە، {نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ} دەی لێکدانەوەی ئەو دوو خەوەمان پێبڵێ ئەی یوسف، باشە ئێ خۆ ئەوان یوسف ناناسن وە یوسف بانگەشەی ئەوەی نەکردوە کە ئەو لە لێکدانەوەی خەون شارەزایە وە هیچ ڕابردویەک و پێشەکیەکیش لەسەر یوسف نازانن سەیرە ئێستا هاتن بۆلای یوسف داوای لێکدانەوەی خەوی لێدەکەن وە پرسیار لەو دەکەن و متمانەیان پێیەتی سەیرە!سەیرێتێکە لەوەدا لامان دەڕوا کە دەفەرموێ: {إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ} ﴿٣٦﴾ ئێمە واتۆ دەبینین کە بەڕاستی تۆ لەچاکەکارانیت تۆ لە کەسە باشە باشکەرەکانیت ئێمە واتۆ دەبینین باشە چۆن وایان دەبینی؟ ئێمە تۆ بە باشکار دەبینین بەهەڵسوکەوت و مامەڵەت لەگەڵ هاوەڵەکانت لە سجنا ئەوەی نەخۆشبا دەچو دوعای بۆ دەکرد ئەوەی خەفەتبارو بێتاقەت بوایە دەچوو دڵی دەدایەوە و دڵنەوایی دەکرد ئەوەی کە پێویستی بەهاوکاریەک بوایە لەناو سجندا یارمەتی دەدا یا لە عیبادەتکردنەکانیدا، بۆیان دەرکەوت کە یوسف زۆر کەسێکی باش و چاکەکارە خۆی (حسن) هەیەو (محسن) هەیە وە هەروەها (صالح) هەیەو (مصلح)هەیە،حسن و صالح واتە باش و چاک کەسێک کە لەخودی خۆیدا باشبێ و چاکبێت،محسن و مصلح یەکەمیان صفەی مشبهەیە لازمە دوەمیان اسم فاعلە بۆ تعدي دێت واتە چاکەکارو باشکار لەگەڵ بەرامبەری خۆیدا، ئەوە گرنگە کەتۆ محسن و مصلح بیت هەر ئەوە گرنگ نیە کەتۆ لەخودی خۆتدا باشی ئەوەندە بەس نیە، ئەوە گرنگە کە مرۆڤ باشکاریش بێت لەگەڵ بەرامبەری و چاکەکاربێت لەگەڵیاندا خێری هەبێ بۆ دەوروبەرەکەی ئەوە گرنگە، مرۆڤ خۆی لەخۆیدا نوێژدەکات و ڕۆژو دەگرێ و غەیبەتی کەس ناکاو جنێو بەکەس ناڵێت وزەرەری بۆ کەس نیە

ئەوە پێی دەڵێن پیاوێکی صالح و باش ئەمە شەڕی نیە بۆ خەڵک، بەڵام لەوە باشتر و چاکتر لەگەڵ ئەوەی شەڕو خراپەت نیە بۆ خەڵک خێریشت هەیە بۆیان و چاکەکار بیت لەگەڵیان، ئێستا ئەوان بەس بینیان لەناو سجندا هەڵسوکەوت و مامەڵەی یوسفیان بینی تێگەیشتن کە یوسف لەکەسە چاکەکارەکانە مادەم لەچاکە کارەکانە کەواتە شایستەی ئەوەیە پرسی پێبکرێ و شایستەی ئەوەیە کە شت بزانێت؛ چونکە ئەوەی کە وا لە مرۆڤ دەکات کە چاکەکارو محسن بێت لەهەموو شت لەپێشترو بەهێزتر هۆکاری زانستە، مرۆڤ زانستی هەبێت ئەوە فێری دەکات چۆن قسە لەگەڵ خەڵک بکەیت چۆن هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەیت ڕەوشت و مامەڵە چۆن دەبێ لەگەڵ بچوک، گەورە، دەوروبەر، دراوسێ، لەگەڵ فەقیر، لەگەڵ نەخۆش لەگەڵ هەموی، وتیان مادام یوسف چاکە کارە ئەمە لە بەتاڵ و لە هیچەوە نەهاتوە بە دڵنیاییەوە ئەمە کەسێکی تێگەیشتو زانایەو چاکەکارە بۆیە شایستەی ئەوەیە، کەواتە مرۆڤ کە چاکەکاربوو دەبێتە جێگای متمانەی خەڵک، خۆشیان دەوێ و متمانەی پێدەکەن، پرسیاری لێ دەکەن وە دەگەڕێنەوە بۆلای وڕاوێژی پێدەکەن بەبێ ئەوەی کە یوسف بناسن تەنها صیفات و ئەخلاق و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و مامەڵە چاکە جوانەکەی بو بەهۆکاری ئەوە ی کە متمانەی پێبکەن و بچن پرسیاری لێبکەن.

قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَكُمَا ۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي ۚ إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ ﴿٣٧﴾

یوسف -ﷺ- ئێستا پرسیارێکی لێکراوە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو نەفەرە دەکات و چۆن وەڵامیان دەداتەوە، {قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلَّا

نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَكُمَا} فەرمووی: ئەی ئەو دوانەی پرسیارتان لێکردوم هیچ خواردنێک نیە کە بدرێ بە ئێوە رزق بدرێ بە ئێوە جا لەلایەن پادشاوە بێت یان لەهەر جێگایەکی ترەوە پێش ئەوەی بۆتان بێت من پێتان دەڵێم چی خواردنێکتان بۆ یەت، واتە تێبگەن من شت دەزانم کەواتە متمانەتان هەبێت ئەو خەوەی ئێستا بۆتان لێک دەدەمەوە دڵنیابن وەکو خۆی دێتەجێ؛ چونکە من لە بەتاڵەوە قسە ناکەم وە ئەوەشی کە دەشیلێم فاڵ گرتنەوەو کەهانەت و عەرافەت و سیحرو جادوو نیە، ئەوەی کەمن دەیلێم بەشێکە لەئەو عیلمەی کە خوا فێری کردوم ئەوغەیبەی کە دەیزانم لەلایەن خواوە ئێستا وەکو خۆی دەیلێم، باشە بۆچی جارێ مەدحی خۆی دەکات وەباسی ئەوەدەکات کە ئەو هەر خواردنێک پێش ئەوەی بگا پێیان ئەو دەزانێ چیە؟ بۆ ئەوەی متمانە پەیا بکات لەلایان زیاتر، {ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي} بەڵام با پێتان بلێم ئەو عیلمەی کەوا من دەیزانم ئەو بەشە غەیبەی کە من دەیزانم ئێوە نایزانن ئەوە بەشێکە لەو عیلمەی کەخوا فێری منی کردوە، ئێستا لەناو سجندا وشەی (ربي) دەبیستن، یەک پەروەردگاری من کە خوایەو ئەو فێری کردوم ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە مرۆڤ کەشتێکی زانی نەڵێ هی زیرەکی خۆمە،هی شان و بازوی خۆمە،هی شەون و خونی خۆمە، نەخێر ئەوە خوا فێری کردوی، دەنا کەسانێک هەیە زۆریش هەوڵ دەدا زۆریش دەخوێنێتەوە هیچ بەرهەمی نابێ و هیچ فێر نابێ وەکو کیسەیەکی دڕاو وایە لەسەرەوە تێی دەکەیت لەخوارەوە لێی دەرژێت لە گوێیەکیانێوە دەچێتە ناوەوە لەوەی تریانەوە دەچێتە دەرەوە هیچ تێناگەیت، بەڵام هەشە خوای گەورە فێری دەکات،کەواتە مرۆڤ هەمیشە کەچاکەیەک نیعمەتێک بەخششێکی پێبوو بەهی خوای گەورەی بزانێت و فەضلەکەی بگەڕێنێتەوە بۆلای خوای گەورە، کەواتە ئەوەی من لە شەیتانەوە نیەو سیحر نیە وجادو نیە لەخواوەیە، ئێستا ئەوان

چاوەڕێی وەڵامی خەوەکەیانن کەچی جارێ یوسف -ﷺ- خۆی پێ ناساندن کە ئەو لەلایەن خواوە فێری عیلمێک کراوە کە خەڵکی تر نایزانێت بۆیی متمانەی پێ پەیدا بکەن، ئێستا لەوەوە دەڕوات بۆ شتی تر جارێ جوابی پرسیارەکەیان هەر نەهاتوە {إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ} فەرمووی:من بناسن من کە هاتومەتە سجنەوە کەسێکی بێ کەس و کارو بێ نەسەب نیم وە کەسێکی خراپەکار نیم دەزانن من وازم هێناوە لە دینی قەومێک کە باوەڕ بەخوا ناهێنن بۆیە من باوەڕم بەدینی ئەوان نیە وازم لەودینە هێناوە وە باوەڕیشیان بە ڕۆژی دوایی نیە؛ دەفەرموێ من وازم هێناوە لەڕێچکەو ڕێبازی قەومێک {وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ} ﴿٣٧﴾ کە باوەڕیان بەخوا نیەو باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیە.

وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ ۚ مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٨﴾

ئەی کەتۆ لەسەر ڕێبازی ئەو مولحیدە کافرانە نیت کەواتە ئەی یوسف تۆ لەسەر دینی کێیت؟ {وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ} فەرمووی شوێن دینی باوک و باپیرانم ئەوانیش ابراهیم و اسحاق و یعقوب ە کەوتوم ئەی باشە ئەمانە هەموی پێغەمبەرن ئەی باشە واتە یوسف کوڕی یعقوب پێغەمبەرە کوڕی اسحاق پێغەمبەرکوڕی ابراهیم خلیل الرحمن ە ئەوە ئەمە! بەڵێ یوسف ئەو کەسەیە، سبحان الله مرۆڤ بیری لێبکاتەوە ئەو مرۆڤە موبارەکە کە یوسفە پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەرە ئێستا لە سجندایە لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی خراپ و لەگەڵ کۆمەڵێ تاوانبارو لەسجنێکدایە لە مصر؛ وە بەتۆمەتێکی خراپیشەوە خراوەتە سجنەوە کەچی ئەو مرۆڤە

موبارەکەشە، کەواتە مرۆڤ کاتێ موصیبەتێ تاوانێکی توش دێت نەڵێ خوایە من فڵانە کەسم بۆ توش بووم، ئەی بەڵێ فڵانەکەسیش بیت خوای گەورە تاقیت دەکاتەوە، لەهەموو کەس زیاتر کەتوشی نارەحەتی بوبێت پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام لەپاشان کێ زیاتر لەسەر ڕێبازی ئەوان بڕوات زیاتر توشی نارەحەتی دێت لەپاشان کێ زیاتر توش نارەحەتی دێت؟ ئەوەی لەسەر ڕێبازو سوننەتی ئەوانە، ئێستا یوسف خۆی دەناسێنێت، سەرەتا خۆی ناساند کە ئەو لەسەر ڕێبازی موشریکەکان نیە دواتر خۆی ناساند کە ئەو لەسەر ڕێبازی ئەو سێ پێغەمبەرەیە لەسەر دینی تەوحید و یەک خواپەرستیە {مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ} بۆ ئێمە نەبووە ناشبێت کە هیچ شتێک بکەین بەهاوەڵی خوا لەکاتێکدا کەخوای گەورە بەتەنها دروستی کردوین {ذَٰلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ} ئەوەش کەئێمە خوا بەتەنهاپەرستین و هاوەڵی بۆ دانەنێین ئەوە فەضلی خوایە بەسەر ئێمەوە وە بەسەر خەڵکیش بەوەی کە پێغەمبەرانی بۆ ناردون بانگیان دەکات بۆ ئەوەی تەوحیدیان هەبێت و خوا بەتەنها بپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن فەضلی خوایە بەسەر خەڵکەوە {وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ} ﴿٣٨﴾بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاسی خوا ناکەن وبەتەنها ناپەرستن، خۆیان لە شیرک بەدورناگرن،شوێن پێغەمبەرانیان ناکەون،خوای گەورە بەتەنها دروستی کردون کەچی ئەوان کۆیلایەتی بۆ غەیری خوا دەکەن، خوای گەورە بەتەنها ڕزق و ڕۆزیان دەدات کەچی ئەوان سوپاسی یەکێکی تر دەکەن مردن و ژیانیان بەدەست خوایە کەچی ئەوان لەیەکێکی تر دەترسن، ئەو هەموو نیعمەتەی خوا بەسەریاندا ڕشتون کەچی یەکێکی تریان زیاتر لەخوا خۆشدەوێت زۆربەی خەڵک سوپاسی خوا ناکات، کەواتە یوسف هەم خۆی ناساند وە هەم ئەوەشی لەو دووکەسە گەیاند کەنابێت شەریک بۆخوای گەورە دابنرێت، دوای ئەوە ئەوان

هەر چاوەڕێن یوسف -ﷺ- خەوەکەیان بۆ لێک بداتەوە کەچی یوسف ئێستا دەستی کردوە بە ئامۆژگاری و دەعوەو بانگەوازی.

**﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٣٩﴾**

{يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ} ئەفەرموێ: ئەی دوو هاوەڵەکەی سجنم، بۆیەش دەڵێ هاوەڵ؛ چونکە ماوەیەکی زۆرە بەیەکەوە ماونەتەوە، واتە ئەگەر دووکەس زۆر مانەوە پێکەوە لە شوێنێک دەبنە هاوڕێ با ئەگەر لەسەر یەک دینیش نەبن، {يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ} ﴿٣٩﴾ ئەی دوو هاوەڵی سجنم پرسیارێکتان لێ دەکەم بەو پرسیارە دەیەوێ عەقڵیان بجولێنێت دەیەوێ بەو پرسیارە وایان لێبکات قەناعەت بکەن کە تەنها خوا بپەرستن واز لەدینی شەریک بۆخوا دانان بێنن، ئایا چەند گەورەو خوایەکی لێکجیاو دژ بەیەک باشترە مرۆڤ ببیێت یان ئەو خوایە بەخوای خۆت بزانی و بیپەرستی و بەندایەتی بۆ بکەیت کە تاک و تەنهایەو زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا؟هەرچی غەیری خوایە خوا زاڵە بەسەریدا بەسەر هەموو مەلائیکەت و بەسەر هەموو پێغەمبەران و بەسەر هەموو پیاوچاکان و بەسەر هەموو مرۆڤ و جنۆکەیەکدا، بەسەر خۆرو مانگ و هەموو حەیوانات و دارو بەردا، ئایا مرۆڤ عەبدی ئەو خوایە بێت و پشت بەوخوایە ببەستێ باشترە یان بۆخۆی بتێکی داناوەو قەبرێکی هەڵبژاردوە بۆخۆی و پیاوچاکێک و والله من ئەوانە دەپەرستم و ئەوانە شتم بۆ دەکەن و ڕزگارم دەکەن! کامیان باشترە؟ ئەمە هەر نمونەیەکی عەقڵیە هەرکەسێ کە عەقڵی هەبێ بیربکاتەوە،خوای گەورە نمونە دەهێنێتەوە بەدوو کۆیلە بەدو پیاو، بۆنمونە تۆ دەچیتە بازاڕ ئەو شوێنەی کە کرێکارو وەستاکان دەوەستن خەڵک بیانبات بۆئیش ڕۆژانە، تۆچویت وەستایەک یان کرێکارێکت هێناوە بۆ

ئەوەی ئیش بۆتۆ بکات لەخانوەکەت، جیرانەکەشت پێنج شەش بران و باوکیان نەماوە هەر هەمویان بەسوار سەیارە چون ئەوانیش کرێکارێکیان هێناوە بۆ ئەوەی ئیشیان بۆ بکات،ئێستا ئەو کرێکارەی کەتوشی ئەو کۆمەڵە برایە بوە برایەکیان دەڵێت ئەبێ ئەمڕۆ ئەو جێگایەم بۆ هەڵکەنیت،ئەوەی تر دەڵێ خەریکی چیت ئەڵێ ئەویا هەڵەکەنم ئەڵێ چاوت دەردێنم جارێکی تر دەسکاری ئەویا بکەی وەرە ئێرە هەڵکەنە! یەکێکی تریان یەت ئەڵی ئەو دیوارەم لەویا بۆ بکە ئەوی تریان یەت ئەڵێ لێرە پایەیەکم بۆ دابنێ ئەوی تر یە ئەڵی بۆریەکم لێرە بۆ بکە وەستاکە تێک دەچێت لە نێوان کۆمەڵێک خاوەن ئیشی جیا لەیەک ئەوەنەبێ پرۆژەیەکیان هەبێ پێکەوەو بڵێ ئەوە لەسەر ئەو پرۆژەیە ئیشمان بۆ بکە نەخێر هەر یەکەو فرمانێک دەکات ئێ ئەو کرێکارە فەقیرە ئەو ڕۆژە سەری لێدەشێوێت،ئەی جیرانەکەی کە یەک خاوەن ئیشی هەیە دەڵێ کاکە گیان وەرە ئیشەکەی من ئەوەیە ئەلێرەوە دەست پێ دەکەیت و ئەلەویاوە کۆتایی بە ئیشەکە دێنیت، ئیسراحەت دەزانێ ئیشەکەی چیە؛ چونکە یەک خاوەنی هەیە بەڵام ئەوەی کە چەند خاوەنێکی هەیە ژیانی لێ تێکدەچێت، ئایا مرۆڤایەتی کۆمەڵێک خوای هەبێت و ملکەچی کۆمەڵێ طاغوتبێ باشترە کە هیچیشیان هیچ نین یان خۆیان خۆیان لەخەڵک کردوە بەشت یان خەڵک کردونی بەشت یا مرۆڤایەتی هەمویان ملکەچی ئەو خوایەبن کە دروستی کردون و زاڵیشە، بۆچی نەیفەرموو اارباب متفرقون قهارون بەڵام فەرمووی الله القهار؟؛ چونکە خواکانی تر پوچن درۆیینەن هیچی زاڵ نین هیچیان بەدەست نیە بەڵام ئەو تاکە خوایە هەموو شتێکی بەدەستە، ئەگەر تۆ کرێکاربیت بۆ ئیش بچیت ڕۆژانە لەگەڵ یەک خاوەن ئیش دەچێت یان لەگەڵ نۆ براکە؟ بەدڵنیاییەوە ئەوەی عەقڵی هەبێت لەگەڵ یەک خاوەن ئیشەکە دەچێت ئەگەر بێتو مرۆڤ هەموی لەسەر دین و بەرنامەی یەک

خالق بێت خەڵک ژیانی ئاسودە دەبێت و دەبن بەبرای یەکتر؛ چونکە یەک خوامان هەیەو یەک خوا دەپەرستین و دین و ڕێنمایی و بەرنامە لەیەک خوا وەردەگرین تەواو کۆتای پێهات قەزیەکە ژیانی خەڵک دەبێت بەبەهەشت هەر لەدونیادا هەر لەدونیادا ژیانی خەڵک خۆش دەبێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ژیانی خەڵك هەمووی یەکتر کوژی و یەکتر بڕی و خوێنڕێژی و کاولکاریە؟؛ چونکە هەر یەکەی خوایەکی بۆ خۆی داناوە الا ئەوانە نەبێ کەخوا ڕەحمی پێکردون لە ئەهلی تەوحید هەر یەکەی ڕو لە یەکێک دەکات و هەریەکەی ئەمر لەیەکێ وەردەگرێت و هەریەکەی بەگوێرەی ڕێنمایی یەکێکی تر دەڕوات و هەر یەکەی زەلیلی و ملکەچی بۆ کەسێک دەنوێنێ وئەگینا بۆیە دەبینین ئەم هەموو کاولکاری و خوێنڕێژیە ڕودەدا لەنێوان عەبدەکاندا، ئێستا ئەم پرسیارەی لەم دوکەسە کرد ئێستا ئەم دوانە واقیان وڕماوەو بیر دەکەنەوە فعلا ئەم قسەیە قسەیەکی مەنطقی و عەقڵیە،قسەیەکی ویژدانیانیە،قسەیەکی پڕلەژیریە، ئایا چەند خوایەک کە دژ بەیەکن باشترە یان الله الواحد القهار ئێستا یوسف ناوەستێت -ﷺ- دەستی کردوە بە دەعوە، یوسف بە سێ قۆناغدا ڕۆیشت دوای ئەوەی کە لەباوکی دورکەوتەوە، قۆناغی ناوبیرو دەرهێنانی و کردنی بەکۆیلە قسەناکات یوسف بێدەنگە نەیوت ئەمانە برامن من کۆیلەی ئەوان نیم دەمفرۆشن نا حەکیمە دەزانێت لە چ شوێنێ بێدەنگی باشە و لەکوێش قسە باشە ئێستا هات کرا بەکۆیلەیە و فرۆشرا بەماڵی عەزیزی مصر دیسان بەو پەڕی ئەدەبەوە بەبێدەنگی ئیشی خۆی دەکات وخزمەتی ماڵی عەزیزی مصر دەکات قورئان هیچی بۆ نەگێڕاوینەتەوە یوسف چی دەوت ابد، بەڵام ئێستا یوسف لەناو سجن دەستی کردوە بەقسە کردن ئێستا یوسف دعوە دەکات -ﷺ- سەرەتا خۆی ناساند کە کێیە وەخوای پەروەردگاری بە خەڵکی ناو سجنەکە ناساند کە کامی باشە مرۆڤ

عەبدی کێبێت ئێستا لەوەدایە، بۆیە مرۆڤی عاقڵ و حەکیم دەبێ بزانێت کە کەی قسە بکات وە کەی بێدەنگبێت وە کەیش دروستە بۆ مرۆڤ کە ڕاستی کەسایەتی خۆی بۆ خەڵک باس بکات یوسف -ﷺ- ئەگەر نەیوتایە من ئەو کەسەم کە شوێن دینی باو باپیرانم کەوتوم باوو باپیرانم یعقوب و ئیسحاق و ئیبراهیمە وە ئەگەر نەیوتایە کەمن ئەو عیلمە دەزانم هەر وایان دەزانی تاوانبارێکە حاشا لەسەر تۆمەتێکی خراپ گیراوەو خراوەتە ناو سجنەوە، بەڵام ئێستا بێتاوانی خۆی دەربڕی خۆی بە اهلی ناو سجن ناساند؛ چونکە پەیامێکی گەورەی پێیە دەبێت بیگەیەنێت، ئایا خەڵک پەیامی گەورە لە دزێک یان لە زیناکارێک وەردەگرێت؟نەخێر بۆیە پێی ناساندن کە ئەو کێیە -ﷺ-.

مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ ۚ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾

{مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ} ئێستا پێیان دەڵێت ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن خۆتان و جەماعەتی سجن و پادشاو خەڵکی مصر ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن، واتە جگە لەو خوایە تاک و تەنهایە زاڵە دەسەڵاتدارە هیچ شتێک ناپەرستن {إِلَّا أَسْمَاءً} ئیللا کۆمەڵێ ناو دەپەرستن نەک کۆمەڵی ناولێنراو کۆمەڵی ناو دەپەرستن {سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ} کەخۆتان و باوک و باپیرانتان ناوتان لێناون بەخوا بە پەرستراو ئەگینا هیچ نین {مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ} خوا هیچ بەڵگەیەکی دانەبەزاندوە کە ئەوانە خوابن و شایستەی پەرستن بن، وەرن دیقەت بدەنە ئەم عیبارەتە ئێوە هیچ ناپەرستن ئیللا کۆمەڵێ ناو نەبێ؛ چونکە عیبرەت بە ناوەڕۆکە نەوەک بە ناو، بەکەسێک دەڵێی سەیارەیەکی لاندکرۆزەری ئاخیر مۆدێلم بۆ بکڕە

ئەویش دەچێ گوێدرێژێکی گەڕت بۆ دەهێنێ، دەڵێی ئەوە چیە! دەڵێ ئەوە لاندکرۆزەرە! دەڵێی ئەوە کەی لاندگرۆزە! ئەڵێت هەقت چیە من ناوم ناوە لاندکرۆزەر وەرە چەند هاورێم هەیە پێی دەڵێن لاندکرۆزەری ئاخیر مۆدێل کابراش دەڵی ئاخر ئەمە بەس ناوە ناوەڕۆک نیە تۆ ئەتەوێ بەناو من بخەڵەتێنی، ئەوەی کە خەڵکی دەیپەرستێ بەس ناوە ناوەڕۆک نیە، شێخ عبدالقادری گەیلانی خوانیەو شایستەی پەرستن نیە تۆ هەر ناوی بنێ غەوسی بەغدا غەوسی بەغدای چی! ئەمە درۆیەکە تۆ ناوت ناوە غەوس، غەوس ئەوەیە کە بەفریات دێ مردویەک لەژێر خاکدا بەفریای تۆ دێت ڕزگارت بکات! خۆی مردوە ئێستا لەوانەیە گۆشتی نەمابێت لاشەی نەمابێت ئێسقانەکەشی لەوانەیە ئێستا بوبێتە خۆڵ ئێستا تۆناوت ناوە غەوسی بەغدا واتە ئەوەی بەفریای مرۆڤ دێت؛ غەوس واتە بەفریا هاتن ئەوە بەس ناوە ناوەڕۆک نیە غەوس الله یە کەسی تر نیە جگە لەخوا کەسی تر غەوس نیە بەفریات بێت لەناڕەحەتیدا؛ جا تۆ هەر ناوی بنێ غەوسی بەغدا و چی وچی، ئەو الله یەی کە بێت و بیەوێ تۆ ناڕەحەتیەکت توشبێت کەس لەسەرت لانابات جگە لەخۆی نەبێت ئەو الله یەی کە خۆشیەکی بوێ توشت بکات هەموو دونیا کۆبێتەوە ناتوانێ ڕێی لێبگرێ جگە لەو بەس ناون بێ ناوەڕۆک، سبحان الله سەیری ئەو دەعوەیە بکەن کەیوسف دەیکات

-ﷺ- بۆیە ئەوەی ئێستا ئەم خەڵکە دەیکات و کەدەڵێن: یارسول الله هاوار یا عباس یا حسین یا زهراء یا کاک احمدی شێخ بەس ناون بەخوا نە رسول الله بە فریات دێ نە شێخ عبدالقادر بەفریات دێ نە کاک احمد بەفریات دێ والله نە عباس و حسێن بەفریات دێ؛ ئێ حسین سەر بڕدرا بەزوڵم ئێ حسین فریای خۆی نەکەوت ئێستا فریای تۆ دەکەوێ! بۆیە تەنها ناون لەکۆمەڵێ شت نراون ؛ ئەڵێن ئەمانە اولیای خوان بەفریامان دێن، ئەمە دینی ئەو موشریکانەیە کە

لەسجندا بون لەگەڵ یوسف کەی دینی موسڵمانە؟ ئێمەی ئەهلی تەوحید کە بەخەڵک دەڵێین تەنها الله بپەرستە لەسەردینی محمد و یوسفین علیهم الصلاة والسلام، بەڵام ئەوەی کە دەڵێ لەگەڵ خوا هاوارکە شێخ فلان ئەوە لەسەردینی ئەو موشریکانەن کە لەسجندان لەگەڵ یوسف جا کامیان هەڵدەبژێری بۆخۆت؟بەلام شەیتان وا فێڵی لێکردون لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەر دینی شیرکن دێت ئێمە کافر دەکات، ئەم وەهابیانە کافرن وەهابی چی! والله غەیری قورئان و سوننەت هیچ نین ئەڵێن ئەمانە کافرن ئەڵێن پێغەمبەر مەپەرستن!! باشە کە بڵێین پێغەمبەر مەپەرستن کافر دەبین!یا پێغەمبەر بپەرستی کافر دەبی؟والله نەخوایان ناسیوە نەپێغەمبەریشیان ناسیوە -ﷺ- هەرچی پێغەمبەرە کەناسیبێتیان هاتوە دەڵێ {وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ} [الزخرف: ٤٥] خوای گەورە دەفەرموێ: وەرەپرسیارکە لەهەرچی پێغەمبەرە لە یەکەمەوە تا کۆتا جگە لەخوا کەسی تر پەرستراوە؟ بۆیە ئەوانە نەخوا دەناسن و نە پێغەمبەر دەناسن، ئەوەی کە شەریک بۆ خوا دادەنێ، ئەوەی کە پیاوچاکان و پێغەمبەران دەکەنە شەریک بۆ خوای گەورە نەخوایان ناسیوە نەپێغەمبەریشیان ناسیوە وەکو خۆی، دەزانێ زاتێک هەیە ناوی الله یەو زاتێ هەیە ناوی محمدە -ﷺ- بەس نازانێ محمد -ﷺ- کێیەو الله کێیە تێکەڵی دەکات ئێ قەیچەکە ئێمە تۆزێک دەڵێین یا الله و دوایی دەڵێین یا رسول الله دوایی دەڵێین یاحسین فەرقی چییە؟بەخوا تۆ نەخوات ناسیوە نەپێغەمبەریشت ناسیوە -ﷺ-، کەخوا بناسی ئەزانی خوا تاک و تەنهایە قل هو الله احد پێغەمبەریش بناسی -ﷺ- دەزانی هەموو دەعوەو جیهادەکەی بۆ ئەوە بوە کە بەس هاوار بکرێتە خوای گەورە بەتەنها کەچی تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەی پێغەمبەرت خۆشدەوێ -ﷺ- بۆیە شەخص پەرستی و گۆڕ پەرستی و پیاوچاک پەرستی و پێغەمبەر پەرستی!

هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە کە دروست بێ، جارێکیان دوسێ بەناو مەلای گۆڕپەرست هاتنە لام وتیان بیستومانە دەڵێی مەولود دروست نیەو دەمانەوێ مناقشە بکەین وتم جارێ مناقشەتان لەسەر مەولود لەگەڵ ناکەم وەک ئەوە وایە کەسێک هەلامەتی بێ و صەرەتانیشیبێ دەڵێ جارێ وەرە با هەلامەتەکە چاکەین نا صەرەتانەکەپیسترە، وتم ئێوە شەریک بۆخوا دادەنێن لەگەڵ خوا هاوار دەکەنە پێغەمبەر -ﷺ- هاوار دەکەنە پیاوچاکان؟ وتی بەڵێ دەیکەین وتم ئایەتێکم بۆ بێنن لە قورئان، وتیان: والله خۆ هیچ ئایەتی لەسەر نیە ڕێک ما انزل الله علیها من سلطان، ئێ کە ئایەتی لەسەر نیە ئەو هەموو ئایەتە هەیە کە دەڵێت {فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا} [الجن: ١٨] لەگەڵ خوا هاوار بۆ کەس نەبەیت و داوا لەکەس نەکەیت ئەی کە هیچ بەڵگەی لەسەر نیە بۆ دێن شتێک لەخەڵک دەکەن بەدین کە شیرکە، کوفر لەخەڵک دەکەنە ئیمان و شیرک لەخەڵک دەکەنە تەوحید، {إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ} لەهەموو مەسئەلەیەکدا حوکم و بڕیار دان بۆ کەس نیە خوای گەورە نەبێ {أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ} فرمانی کردوە کەس نەپەرستن جگە لەخۆی نەبێت تەواو حاکمیەتی خوا بەوە دەست پێدەکات {ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} ﴿٤٠﴾ ئا ئەمە دینی ڕاستەقینەو تەواوەوموافقی فیطرەتێکی پاکە موافقی عەقڵێکی تەندروستە موافقی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانە بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەو دینە ڕاستەقینە کەدینی تەوحیدە نایناسن، ئەم ئایەتە دەرسی زۆری تێدایە:

یەکەم: ئایا تا ئێستا وەڵامی خەوەکەی داونەتەوە؟نەخێر بۆ؟چونکە جارێ لە وەڵامدانەوەی خەو گرنگتر ئەوەیە کە ئەو کەسەی کەلایداوە لەسەر ڕێگەی خواپەرستی بیهێنیتەوە سەرڕێگەی خواپەرستی؛ دەبێ دەست پێبکەین بە

گرنگترین شت، گرنگترین شتیش ئەوەیە خەڵک بانگ بکرێت بۆ ئەوەی واز لە شیرک بێنن و خوا بەتەنها بپەرستن.

دووەم: یوسف لەسجن دەعوەی تەوحید دەکات، لەسجن کۆمەڵێ خەڵکی لەگەڵە هەیانە فعلا لەوەیە تاوانباربن لەوانەیە هەندێکیشیان وەک خۆی بێ تاوانبن لەلایەن پادشاو دەسەڵاتدارانێکی ستەمکاری بێ دین، ئایا یوسف بەسیاسەت دەستی پێکرد؟ ئەی ئەهلی ناو سجن وەرن بەس لەگەڵمبن جا بزانن چۆن ئەو حکومەتەتان بۆ سەرەو بن دەکەم جا بزانن چۆن ئەو طاغوت و زاڵمانەتان بۆ لەناو دەبەم بەس لەگەڵمبن با بچینە دەرەوە مظاهەرەیەك بکەین خەڵک هاندەین بزانە چۆن وەزعەکە دەگۆڕین، کە ئەوەی وتبا بۆ دڵی سجنەکان زۆر خۆشبوو؛ چونکە هەمووی دەیەوێ لەسجن ڕزگاری بێت و لەدەستی زاڵم نەجاتی بێت و فعلا زاڵم لە ئارادایەو گەندەڵی هەیە زوڵم هەیە ستەم هەیە کوفر هەیە،یوسف -ﷺ- دەستی نەکرد بەدەعوەی سیاسی بەڵکو وتی ئایائێمە یەک خوا بپەرستین چاکترە یان کۆمەڵێ خوا وە هەروەها {مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ} باسی عبادەتە، ئەوەی ئێوە دەیانپەرستن جگە لە الله هیچی ناوەڕۆک نیەو شایستە نیە اله نیە تەنها ناوە بێ ناوەڕۆک، بەدەعوەی توحید دەستی پێکرد ئەوەشە دەعوەی پێغەمبەران، بۆیە کە ڕێگای چاکەکاریمان دەوێت ئەوەیە کە پێغەمبەران لەسەری بوون علیهم الصلاة والسلام، بەدەعوەی توحید دەستی پێکرد نەک بەدەعوەی شۆڕش گێڕێتی و کودەتایەکی سیاسی، نا بەڵام دعوەی توحید یوسفی گەیاند بە قیممەی دەسەڵات، ئەی بۆ ئێستا بۆ قیممەی دەسەڵات ڕادەکەن بەڵام بەدەعوەی توحید دەست پێ ناکەن بۆیە هەر لەشوێنی خۆیەتی، دەی هەڵبژاردنی ئەمساڵ هیواداریین دەنگێکی زیاتر بێنین وەکو مارو پەیژەکە زۆر هاتۆتە خوارەوە ساڵێکی تر تۆزێ دەچێتە سەرەوە دوساڵی تر دێتەوە خوارەوە هەر ئەوەیە هیچی تر نیە؛

چونکە ململانێ لەسەر توحیدو شیرک نیە ململانێ لەسەر کورسی و دەسەڵاتە کورسی و دەسەڵاتیش فێڵی دەوێ درۆی دەوێ پشتگیری دەوڵەتانی دەوێ و پارەی دەوێ شەقی دەوێ ئێ ئەوەش خۆ بەوە پەیدا نابێت تۆ بەڕواڵەت باسی ئیسلام بکەیت و دەعوەکەشت دەعوەی توحید نەبێت، بۆیە چیرۆکی یوسف تەماشاکەن، یوسفێک بەدوای پلەو پایەوە نیە بەدوای خوێنڕێژی و کاولکاریەوە نیە هانیان نادا دەی وەرن ئائەم طاغوتە نیە کە چوینە دەرەوە ئەبێ لەناوی بەرین، نا خەریکی دەعوەی تەوحیدە بەوەش دەگاتە قیممەو تەوحدیش لەناو قەصری پاشایەتی و هەموو مصردا بڵاو دەکاتەوە ئەوەی دەوێ یوسف-ﷺ-؛ چونکە ئامانجی پێغەمبەران هیدایەت بو، ئەم دەعوە تەوحیدە وە ئەم صبرە وە ئەم بانگەوازیە بو بەهۆی ئەوەی کە یوسف ببێتە هۆکاری هیدایەتی خەڵکی ناوسجن دوایی بێتە دەرەوە دوایی لەناو کۆشک دەعوەی تەوحید بکات اهلی ناو کۆشک ئیمانی پێ بێنن دینی ئیسلام بڵاوبێتەوە لەو سەردەمەدا بەهۆی دەعوەی تەوحیدەوە، بەڵام کەتۆ بێیت دەست بکەیت بەململانێی دەسەڵات لەسەر کورسی ئێ هیچ لەخاوەن کورسیەک ئامادە نیە کورسیەکەی بداتە تۆ، کورسیەک کە ساڵەهای ساڵە ئەو شەڕی لەسەر کردوە خوێنی لەسەر ڕشتوە ئێستا ئەڵێی تۆ بەکەڵک نایەی من بەکەڵک دیەم؛ چونکە من ناوم لەخۆم ناوە ئیسلامی تۆ ناوت لەخۆت نەناوە ئیسلامی دەبێت من لەشوێنی تۆ دانیشم، ئێ بۆ ئەوەی ئیسلامیە ئیسلامیەکی تر بچێ داوای لی بکات ئەییاتێ؟ نا، بۆیە شەڕ لەسەر کورسی بەس خوێنڕێژی و کاولکاریە فێڵ لەیەکتر کردنە، وەرە دەعوەی توحید بکە ئاخر چەنساڵی تر! ئەوەی لەسەرمانە هەوڵ بدەین و دەعوە بکەین نەتیجەکە بەدەست خوایە، پێغەمبەری وا هەبوە یەک کەس ئیمانی پێ هێناوە، هەیە دوسێ کەس، هەیە کۆمەڵێ کەس هەشە ئوممەتێک هەشە کەس، هەشە سەربڕدراوە کەواتە

نەتیجە بەدەست من و تۆنیە ئەوەی لەسەرمانەهەوڵدەین چۆن پێغەمبەران دەعوەیان کردووەو خەڵکیان بانگکردووە بۆ دینی خوا ئێمەش ئاوا هەوڵدەین وە ئەو ئایەتەش گەورەترین بەڵگەیە کە حاکمیەت دەبێ لە تەوحیدەوە دەست پێ بکرێت.

﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا ۖ وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ ۚ قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ ﴿٤١﴾

ئەوە تێگەیشتین کە یوسف -ﷺ- چۆن لەناو سجن دەستی کرد بە دەعوەو بانگەوازی، دەعوەبۆدینی خوای پەروەردگار بە ئسلوبێکی موقنیع و زۆر مەنطقی و عەقڵانی و بەبەڵگەی بەهێزو بەقوەت وەزانیمان یوسف -ﷺ- جارێ لەخەمی شتێکی گرنگتردایە بۆ ئەم دوهاوەڵەی سجنی، لەخەمی ئەوەدانیە جارێ خەوەکەیان بۆلێک بداتەوە بەڵکو لەخەمی ئەوەدایە لەئاگری جەهەنەم ڕزگاریان بکات، لەخەمی ئەوەیاندایە لەکوفرو گومڕایی ڕزگاریان بکات بۆ ئیسلام و تەوحید؛ بۆیە هەر دوای ئەوەی بون بەموسڵمان و خوا هیدایەتی دان ئەوەشیان کەدەکوژرێت و بەگوێرەی خەوەکە کەبینیوێتی بشکوژرێت خەسارەتێکی گەورە نیە؛ چونکە إن شاء الله عاقیبەتی بەهەشت دەبێت جارێ خەمی ئەوەیەتی، بۆیە بانگخواز ئەوەی کە بەڕاستی خەڵک بانگکات بۆلای خوا دەبێت لەخەمی ئاخیرەتی خەڵکدابێت، لەخەمی ئەوەدابێت خەڵک توشی جەهەنەم و غەزەبی خوا نەبێت؛ نابێت خەڵک بکاتە پردێک بۆ ئەوەی بەمەرامەکانی خۆی بگات؛ دەبێت چ خێری دونیاو قیامەتی خەڵکە بەوە ئامۆژگاری خەڵک بکات، دەبینین یوسف -ﷺ- جارێ لەناو سجندایە ئەو دووڕەفیقەی بانگ دەکات بۆ ئەوەی باوەڕ بێنن بەخوای تاک و تەنهاو شەریکی بۆ دانەنێ، ئێستا دوای دەعوەکردن و

بانگەوازی دوو هاوەڵەکەی و دوای ئەوەی کە حەقی بۆ ڕون کردنەوە ئێستا دەست دەکات بە لێکدانەوەی خەوەکە بۆیان، {يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا} دەفەرموێ: ئەی دوو هاوەڵەکەی سجنم، ئەمەش کەلیمەیەکی زۆر خۆش و جوانە بەو شێوازە مرۆڤ لەگەڵ بەرامبەرەکەی بدوێت ئەگەر موسڵمانیش نەبێت لەمەقامی تعامول و دەعوەکردندا کاریگەری خۆی دەبێت، بەکارهێنانی ئُسلوبی جوان وشیرین وە وشەی ڕێزداری کاریگەری لە بەرامبەردەکات کە دڵی دەکاتەوە بۆ دەعوەوە گوێت لێ دەگرێت؛ بەپێچەوانەی کە تۆ بەکافرو بە مەلعون ناوی بێنیت و یەکسەر هەڕەشەی جەهەننەمی لێبکەیت و بەو شێوەیە هەر گوێت بۆ ناگرێت، سەیرکەن یوسف -ﷺ- لەگەڵ ئەمانە کە قەومێکی موشریکن ئەم دوهاوەڵەش موشریکن بۆیە بانگیان دەکات بۆ توحید واش پێیان دەفەرموێت: ئەی دوهاوەڵەکەی ناوسجنم واتە ئێوە هاوەڵی منن و ڕەفیقی منن کەواتە سودی ئەوە لەمە وەردەگرین کە پێویستە بانگخوازان بەوشەی شیرین و ڕێزدار لەگەڵ خەڵک بدوێین و بانگی خەڵک بکەین نەک یا کافر یا ملحد یاطاغوت یامجرم بەو شێوازە لەگەڵ خەڵک بدوێی خەڵک ئامادە نیە گوێت بۆ بگرێت ئەوکاتە تۆ دەبیتە هۆکاری ئەوەی خەڵک لەدینی خوا ڕاکات، ئەفەرموێ یەکێ لەم دوەتان، یەکێکتان دەگەڕێتەوە بۆناو کۆشکی پاشاو وەجارێکی تر دەست دەکاتەوە بەپیشەکەی خۆی کە شەراب پێشکەش بە پادشا دەکات، {وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ} بەڵام ئەوەی ترتان دەکوژرێ و لەخاچ دەدرێت وە دوای ئەوەی کوژراو لەخاچ درا خاچیش وەکو شێوەی زائیدە بەڵام بەشی خوارەوەی درێژترە ئاوا بەتەختەیەکی گەورە لەخاچ دەدرێت و پێوەی هەڵدەواسرێ دوای کوشتنی ئەوکاتە باڵندەدێت لەتەوقی سەری دەخوات و گۆشتەکەی سەری دەخوات سبحان الله خەبەرێکی ناخۆشە، بەڵام خەوەکە

ئەوە دەگەیەنێت، یوسفیش ڕاستگۆیە نایەوێ درۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەی بکات، بەڵام دیقەتتان دایە یوسف -ﷺ-؛ چونکە خەبەرێکی ناخۆش هەیە لە ئارادا نەیفەرموو تۆ ڕزگارت دەبێ و تۆش لەخاچ دەدرێی، فەرمووی یەکێکتان وای لێ دێت و ئەوی تریشتان ئاوای لێ دێت، ئەمەش دەرسی ئەوەی لێ وەردەگرین کە خەبەرێکی ناخۆشت پێبوو پێویست ناکات تعیین و ناو بردن و دیاری کردن بکەیت کە بزانیت بەرامبەرەکەت خەفەتبار دەبێت،بێتاقەت دەبێت پێش ئەوەی کەکاتی موصیبەتەکەش بێت تۆ لەئێستاوە خەفەتباری مەکە بۆیە هەندێ جار ناوهێنان و دیاریکردن لەحیکمەتدا نیە وکار لەجێیی نیە یوسف -ﷺ- لەجیاتی ئەوەی ئیشارەتکا بڵێ ئەوەتان وای لێیەت و ئەوەی تریشتان وای لێیەت، ئێستا هەردوکیان گومان دەبەن و لەنێوان خەوف و رجاء دا دەبن ئایا کاممان ئەوەین کامان ئەوەی ترین! لەوەیە بڵێن بەگوێرەی خەوەکە من ڕزگارم دەبێ ئەوەی تر دەکوژرێ لەوانەیە بڵێ ئەی خەو بەپێچەوانەوە نیە! بەهەرحاڵ دیاری نەکرد -ﷺ- ، زانایانی تفسیر دەفەرموون کاتێ یوسف خەوەکەی لێکدایەوە بەو شێوازە کە یەکێکتان دەکوژرێ و لەخاچ دەدرێ ترسان هەردوکیان مەترسیان هەیە {قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ} ﴿٤١﴾ ئێستاوتیان نانا خەومان نەبینیوە بۆیی نەیەتە جێ، یوسف فەرمووی ئەو شتەی ئێوە داوای فەتواتان لەمن کرد(لێکدانەوەی خەویش زانستەو فەتوادانە)کەواتە بەبێ عیلم کەس فەتوا نەدات بەبێ عیلم نەیەیت بۆخۆت شتێ بۆ کەسێ لێک بدەیتەوە خەوێک بەگوێرەی هەواو ئارەزوی خۆت بۆیە فەرمووی {تَسْتَفْتِيَانِ} بۆیە وەکو فەتوا وایە، فەتواش بەبێ عیلم تاوانە جا کەوتیان نانا هیچمان نەبینیوە فەرمووی ئەم مەوضوعەی بۆتان باسکردم ئەوە بەوشێوازەی لێکمدایەوە بۆتان ئەو مەوزوعەی داواتان کرد بۆتان لێکبدەمەوە تەواو ئەمە دێتە جێ مەجالی تیانەما بڵێی نەمبینیوە ئەمانە چۆنم وتوە ئاوا دێتە

جێ، چۆن زانیان؟ کە فعلا وتی {قُضِيَ الْأَمْرُ} تەواو کۆتایی پێهات؛ چونکە پێشتر خەبەرێکی پێدان فەرمووی هەرخواردنێک بێت پێش ئەوەی بگات پێتان من ئەزانم چیە کەواتە بزانە ئەوە خوای گەورە فێرم دەکات وا مەزانن ئەو قسانەی کەمن دەیکەم (واگومان ئەبەم، یا بۆچونی من وایە) نەخێر ئەمە ڕێک دێتە جێ، کەواتە لێرەوە ئەو سودە فێردەبین کە مادام لێکدانەوەی خەون فەتوایە فەتواش بەبێ عیلم نابێت، کە خەوێکت بینی پرسیار لەکەسێک بکە کە شارەزایی هەبێت نەک هەرکەسێ هات و بینیت بڵێی توخوا خەوێکم بینیوە و بۆم لێکبدەرەوە نا وامەکە پرسیار لە کەسێک بکە کە ئەهلی ئەو مەیدانەو ئەهلی ئەو مەجالە بێت و عیلم و زانستی پێبێت.

وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ ﴿٤٢﴾

{وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ} ئێستا یوسف -ﷺ- بەدزیەوە بەوەیان دەڵێ کە گومانی برد (کە گومانەکەشی بەمانای یقین بوو؛ چونکە خوای گەورە فێری کردبوو) دەزانێ کە نەجاتی بوە ئەوەیان کە ڕزگاری دەبێ و دەگەڕێتەوە کۆشکی پادشا بێ ئەوەی ڕەفیقەکەی تری بزانێت دەفەرموێ تۆ بەر دەبیت و دەچیتەوە لای پادشا بەڵام لای گەورەت لای پادشاکەت (رب بەمانای گەورەدێت، لای گەورەکەت باسم بکە پێی بڵێ کەسێکی مەزڵوم بەبێ تاوان خراوەتە ناو سجنەوە، لێرە چەند دەرسێکی تێدایە:

یەکەم: ئایا چ پێویست دەکات کەسانێک لەناو سجن دەربازبن و بگەڕێنەوە ناو کۆشکی پادشا ئەوان بەپادشا بڵێن حاڵی سجنەکان فلان سجن ئاوایەو فلانە سجن ئاوایە؟ وشەی {اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ} بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پادشا بێ ئاگا

بوو لەحاڵی یوسف و حاڵی سجنەکانیش وە نەیدەزانی کێ گیراوەو بۆ گیراوەو کەی گیراوە، ئەمەش تاوانێکی گەورەیە کە سەرکردەکان تێیدەکەون، بەڵام لە ئیسلامدا پێویستە قاضي ڕۆژانە سەیری زانیاری بەندکراوەکان بکات، بۆیە مسئولیەت ئەوەنیە تۆ سەیارەی باشت پێبێت و مەعاشی چاکت هەبێت و دەسەڵاتت هەبێ و خەڵک لێت بترسێ وا دەزانن مەسئولیەت ئەوەیە، مەسئولیەت تۆ بۆلای خوا بەرپرسیت، بەرپرسی لەتاک تاکی ئەوخەڵکە کە لەژێر دەستی تۆدان ڕۆژی قیامەت خوا محاسەبەت دەکات لەسەریان بۆیە واللہ ئەو کەسانەی کە تێبگەن مەسئولیەت واتە بەرپرسێتی دەبێ لێی ڕاکەن، بەڵام ئەمڕۆ؛ چونکە هەست بە مەسئولیەت ناکرێ بۆی ڕادەکەن، زۆرێک خەڵک هەیە تەزویری بۆ دەکات،زۆرێک خەڵک هەیە بە پارە دەیکڕێ بەهەڕەشە دەستی دەخات مع الاسف دیارە نازانن پاشەڕۆژی بەرپرسێتی چیە،

دووەم:کاتێ یوسف دەڵێت اذكرني عند ربك ئەمە پێی دەوترێت استعانة یوسف -ﷺ- داوای یارمەتی لەکەسێک کرد کە لەتوانایدایە کەیارمەتی بدات لەو شتەدا، لای پادشا باسیکە مەزلومێک بەبێ تاوان سجن کراوە، ئێ ئەمە ئاساییە ئەزانێت کە هاوەڵەکەی دەگەڕێتەوە کۆشکی پاشایەتی، ئایا ئەم کارەی کەیوسف کردی هەڵە بوو؟زانایانی تەفسیر هەندێکی دەڵێن نەدەبوو یوسف داوای یارمەتی لەو بکات؛ چونکە هەرکاتێ کەخوای پەروەردگار بیەوێ کەیوسف بەربێت ئەوە دەیخاتە بەردەستی پادشا کە یوسفێک هەیە بەمەزلومی سجن کراوە، نەدەبو داوای یارمەتی لەو بکات کە لە ئەصلیشدا دروستە، سبحان الله هەندێ جار غەفلەت و لەبیر چوون بەسەر زاناکان و کەسە بەرزەکانیشدادێت هەروەکو چۆن یوسف لەبیری کرد، خوای گەورە وایکرد کە شیطان ئەو ئامانەتیەی کە یوسف بە هاوەڵەکەی سجنی سپارد بیری بەرێتەوە، خوای گەورە ویستی وایە کە ئەو هەواڵە

نەگاتە پادشا جارێ خوای گەورە نایەوێ یوسف ئاوا بێتە دەرەوە بەس چیە مەزڵومەو بێتە دەرەوەو تەواو نا خوای گەورە دەیەوی هەم یوسف بێ تاوانی دەرکەوێ وە هەم بە پلەیەکی بەرزەوە بێتە دەرەوە هەموو ئەهلی وڵات و پادشا هەر هەمویان موحتاجی یوسف بن،دەیەوێ یوسف بە بەرزتر بێتە دەرەوە ئەمە دەرسێکی گەورەی تێدایە، یوسف کاتێ بەکابرا دەڵێ لای پادشا باسم بکە هەڵبەتە حەزدەکات ڕزگاری ببێت، بەڵام حەزی ئەو شتێکەو ویستی خوا شتێکی ترە کامیان گرنگترو بەسود تر بوو بۆ یوسف؟ ویستی خوا گرنگتر بوو ئێستا کەلای پادشا باسکرابائەمە بەمەزڵومی گیراوە پادشاش مراجعەیەکی ئەوراقەکانی کردبا بۆی دەرکەوتبا کە ستەم لێکراوە دەیوت دەری بکەن لەسجن و تەواو نابێت بگیرێت بەس کۆتایی پێهات قەزیەکە، بەڵام نا خوای گەورە دەیەوێت بەشێوازێکی تر یوسف بێتە دەرەوە کە لەخودی پادشاوە تا کۆتا خەڵکی ئەهلی مصر موحتاجی یوسف بێت دەیەوێ یوسف بە بەرزتر بێتە دەرەوە، بۆیە زۆر جار هەڵبژاردنی ئێمە شتێکەوە هەڵبژاردنی رب العالمینیش شتێکی ترە، یەکێک لە عولەمای سەلەف دەفەرموێت:((إذا سألت الله شيئا فأعطانيه فرحت مرة، وإن لم يَعطِن فرحت مرتين لعلمي أن اختيار الله خير من اختياري لنفسي)) کە داوای شتێکم لەخوا کردوو خوای گەورە پێی بەخشیم دڵخۆشم خوای بۆی کردوم، بەڵام کەپێی نەبەخشیم دووجار دڵخۆشم، دەڵێ متمانەم بەخوای خۆم هەیە ئەوەی کەخوا بۆم هەڵدەبژێرێت ئەوە چاکترە بۆمن لەوەی کەمن بۆخۆم داوای دەکەم ئەوەیان خێری زیاترە بۆمن مادام خوای گەورە نەیکرد وەعدی داوە وەڵامان بداتەوە وەڵامی نەدامەوە لەوە ئەوە خێری تێدانیە خێر لەشتێکی تردایە خوای گەورە بۆمنی هەڵگرتوە، بۆیە مرۆڤ ئاوا مامەڵە لەگەڵ خوای خۆی بکات سیقەی بەخوای خۆی هەبێت خوای گەورە مەولات بێت بە زایەت نادات وە

هەمیشە خێری بۆت دەوێت، {فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ} خوای گەورە وایکردکە ڕزگاربووەکە شەیطان لەبیری بەرێتەوە کە ئەمانەتەکەی یوسف بگەیەنێت، {فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ} ﴿٤٢﴾ الفاء لترتیب مابعدها علی ما قبلها واتە بەهۆی ئەو لەبیر کردنەوە چەندساڵێکی تر یوسف -ﷺ- لە سجندا مایەوە، کە ظاهیری سەیری بکەین واللە ناخۆشە ئەوەی کە لەسجن و کە لە بەندایە ڕۆژێک و سەعاتێک بۆی زۆرە جا ئێستا تاوەکو بەینی سێ ساڵ بۆ دەساڵێک لە سجندا بمێنێتەوە زۆر قورس و ناخۆشە، بەڵام عاقیبەتەکەی زۆر شیرینە و زۆر خۆشەبێت، لە لایەکەوە لەسجندا خەریکی دەعوەیە، وە لەسجنیش بێتە دەرەوە ڕزگاربون و سەربەرزیە، کەواتە مرۆڤ کە بەڕاستی لەگەڵ خوابێت لەهەرشوێنێک بێت هەر موبارەکە، شیخ الاسلام ابن تیمیە دەفەرموێت: ((دوژمنانم چیم لێدەکەن، بمکوژن إن شاء اللە شەهادەتە و لەپێناوی خوایە، دەربەدەرم کەن سیاحەتەو دەگەڕێم لە پێناوی خوا، سجنیشم بکەن ئەوە خەلوەیەو بۆخۆم لەگەڵ خوای خۆم یەکلا دەبمەووخەریکی زیکرو عیبادەت دەبمەوە قورئان و سونەتیش لە سنگمدایە دەیفەرموو لەهەرکوێیەک بم من زەرەر ناکەم إن شاء اللە گرنگ خوا لێم ڕازی بێت))، یوسف -ﷺ- چەند ساڵێکی ترمایەوە لە سجندا ئەو زانایانەی کە دەفەرمون یوسف بۆداوای یارمەتی کرد دەفەرموون: (حسنات الابرار سیئات المقربین) أبرار ئەوکەسانەن بەس چاکەکان دەکەن و لەخراپە بەدور دەبێت واتە واجب دەکەن و لەحەرام خۆیان دەپارێزن بەڵام سونەت ناکەن، بەڵام مقرب پلەی بەرز ترە سەرەڕای واجب سونەتیش دەکات سەرەڕای حرام خۆشی لە مکروە بەدور دەگرێت زۆر شت هەیە بۆهەقی تێکڕای خەڵک ئاساییە بەڵام بۆ حەقی پلە بەرزەکان نا؛ تۆ نابێت ئەوە بکەیت، ئێستا خوای پەروەردگار وای کرد نێردراوەکەی یوسف یاخودبەندکراوەکەی کە

یوسف ئەمانەتیەکەی پێدانارد وای کرد شەیطان لەبیری بەرێتەوە بۆ ئەوەی یوسف علاقەی دڵی تەنها بەخوا بێت وا نەزانی کە ئەم ڕێگایەی کە ئەم هەڵیبژارد ئەگەر بە فڵانە سجنە بڵێم و لای پادشا باسی بکات و سودی دەبێت نا، لێگەڕێ خوای گەورە خۆی تدبیری حاڵی تۆ دەکات خۆی تەوەلای کارەکانی تۆ دەکات ئەی یوسف واز بێنە لەوە خۆت تەسلیم خوای پەروەردگار بکە، خوای گەورە بەرزتری بۆ یوسف دەوێ -ﷺ-.

وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ ۖ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ ﴿٤٣﴾

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کەخوای گەورە یوسف بەو پەری بەرائەت و بەوپەڕی قیممەو سەربەرزیەوە بێنێتە دەرەوە واتە کەخوای گەورە شتێکی بوێت هۆکاری وای بۆڕێک دەخات بە ئەقڵی کەسدا نایەت،خوای گەورە بۆ ئەوەی یوسف بەرزکاتەوە ئێستا پادشا خەوێکی عجیب و سەیر دەبینێ، وە ئەو خەوە سەیرەش خوای گەورە وادەکات کەس توانای لێکدانەوەی نەبێت ئیللا یوسف نەبێ دەبێ پادشاش و وەزیرو هەرچی دارو دەستەی پادشا هەیە ئێستا موحتاجی یوسف بن داوا لە یوسف بکەن خەوەکەیان بۆ لێک بداتەو، کە بۆشی لێکدانەوە و زانیان چ عالمێک و پیاوێکی بەرزە ئێستا مەمنونی دەبن بێت ئیدارەی وڵات بکات و لایەنی وەزارەتی مالی و ئابوری و زراعی و هەموی یوسف بەڕێوەی بەرێت، پادشا لەخەویا بینی و بەیانی هەستا ئەهلی مشاوەرەی خۆی لەناو قەصر کۆ کردەوە {وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ} وتی من ئەمشەو لەخەومدا بینیم حەوت مانگای قەڵەو هاتن دوایی حەوت مانگای لەڕو

زەعیف حەوت مانگا قەڵەوەکەی خوارد من ئەمشەو ئەوەم بینی ئەمە یەکەمیان، {وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ} وە خەویکی تریشم بینی حەوت گوڵەگەنمی سەوزو جوان لەبەرامبەریشیدا حەوت گوڵەگەنمی وشکیشم بینیوە، {يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ} ﴿٤٣﴾ ئەی دارو دەستەو وەزیرەکانم و ڕاوێژکارەکانم پیم بڵێن فەتوام بۆبدەن لەسەر ئەو خەوەی کە بینیومە ئەمە چیە ترسناکە ئەگەر ئێوە خەو لێکدەدەنەوە کە ئەیزانن ئەگینا قسە نەکەن لەخۆتانەوە، کەواتە مرۆڤی ئاقڵ پرسیار لەکەسێک دەکات کە ئەهلی ئیشەکە بێت، بۆیە فەرمووی کە ئێوە خەو لێک دەدەنەوە، کە لێی نازانن قسەی تێدا مەکەن.

**قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ ۖ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ ﴿٤٤﴾**

{قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ} دارو دەستەی پادشا وتیان ئەمە هەر شتێکی تێکەڵە، زۆرجار ئینسان بیر لەشتێک دەکاتەوە دواتر بەخەو دێتەوە خەیاڵ و خەوی هیچ نیە ئەمە شتی تێکەڵ و پێکەڵە ئەی پادشا شتی تێکەڵ و پێکەڵت بینیوە خەمت نەبێ هیچ نیەو لێی مەترسە؛ حەوت مانگای لەڕ حەوت مانگای زەعیف بخۆن ئەمە چیە هیچ نیە بێخەمبە لێی، جا یان جاهیل بوون نەیانزانیوە یا زانیویانە ترسناکەو نەیانزانیوە ڕێگا دەرچەو مامەڵە کردن لەگەڵی چۆنە بۆیە هیچ نیە، دەڵێن {وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ} ﴿٤٤﴾ ئێمە ئەوەی کە شتی تێکەڵبێ و خەوی ڕاستەقینە نەبێ ئێمە هیچی لێ نازانین و کەس سەری لێ دەرناکات.

**وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾**

ئێستا لەو مشتومڕەدان لەناو قەصری پادشادا کە پادشا دوو خەوی گێڕاوەتەوە، تا ئێستا لە سورەتی یوسف:

یەکەم:یوسف خەوێکی بینی یانزە ئەستێرەو خۆرو مانگ سوجدەی بۆ دەبەن،

دووەم: سجنێکیان خەوی بینی ترێ دەگوشێ و ئەیکات بەخەمر بۆ پادشا.

سێیەم: خەویش ئەوی تریان لەسەر تەوقی سەری نان هەیەو باڵندە دەیخوات

چوارەم: پادشا خەوی بەمانگاوە بینیوە.

پێنجەم: پادشا خەوی بە گوڵە گەنمەوە بینیوە واتە پێنج خەو تا ئێستا لە سورەتی یوسف -ﷺ- هەموشی شتی واقعە هەر قسە نیە بە راستیش شتیان بینیوە، ئەوەی پادشا واتە عجیب بۆ دوو خەو! ئەمە ئیشارەتێک و ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە قەیرانێکی ئاژەڵی و قەیرانێکی کشتوکاڵی ڕوەدەدات،قەیرانە ئاژەڵێکە ئەوەیە کەمانگای لەڕ مانگای قەڵەو دەخوات، وە قەیرانی کشتوکاڵیەکەش کە زرعات نامێنی چونکە باران نابارێت وە ئەم دوو شتەش پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە کە لەوەڕگاو ئاو نەمێنێ ئاژەڵ نامێنی، بابزانین بەندکراوەکەی ڕزگاری ببو ئێستا دەبینێ مشتومڕێک هەیە باسی خەو لێکدانەوەیە ئەوەتا ئەڵێن نایزانین، {وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ} هاتەوە یادی یوسف -ﷺ- ئەو بوو خەوەکەی لێکدایەوە بۆی و سەد لەسەد هاتە جێ ئێستا ئەمە ڕۆژی ئەوەیە، ئەوەی کە ڕزگاری بوولە دوو سجنەکە هاتەوە یادی دوای ماوەیەکی زۆر ئەی خۆ یوسف وتی لای پادشا باسم بکە تازە یەتەوە یادی وتی من ئەو خەوە بۆتان لێکدەدەمەوەو پێتان دەڵێم نەتیجەکەی چیە ئەی پادشا {فَأَرْسِلُونِ} ﴿٤٥﴾ دەی بمنێرن بۆلای کەسێک کەدەزانم ئەو سەد لەسەد لەوخەوەی تۆ دەزانێ.

يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾

لێرەدا چیرۆکەکە بەکورتی باس کراوە، پادشا بڕیاری بۆ دەرکرد کە بچێت وە فعلا کەوتە ڕێ چوە سجن یوسفی دۆزیوە یوسف سالآنێکە چاوەڕێیەتی کە چی لەبیری چۆتەوە خوای گەورە ویستی ئێستا بیتەوەیادی {يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ} یەکسەر دەفەرموێ:یوسف ئەی کەسە زۆرڕاستەکە؛ چونکە {الصِّدِّيقُ} مبالغەیە لەصدقدا، {أَفْتِنَا} فەتوامان بۆ بدە لەسەر بۆیە دەڵێ افتنا ناڵێ افتني ئێستا ئەو سجن کراوە قەدری یوسف دەزانێت، دەزانێ یوسف چ عالمێکە ئەگەر نەشزانێ کە پێغەمبەرە، بۆیە بەمەزن لەگەڵی دەدوێت و بە صیغەی جمع قسەی لەگەڵ دەکات، فەتوامان بۆ بدە بۆ لێکدانەوەی خەوێک کە بەم شێوەیەیە {فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ} حەوت مانگای قەڵەو حەوت مانگای لەڕ دەیانخۆن وە حەوت گوڵە گەنمی سەوزو جوان لەگەڵ حەوت گوڵە گەنمی وشک، بەشکو کەتۆ بۆت لێکدامەوە {لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ} ﴿٤٦﴾بگەڕێمەوە بۆلای خەڵک مەبەستی پادشاو داروودەستەکەیەتی، بەشکو ئەوانیش مانای خەوەکە بزانن کە پێم وتن، وە بەشکو بزانن کە تۆ کێیت، ئەوەمن زانیم وەختی خۆی کە خەوەکەی منت لێکدایەوە بەڵام ئێستا مانای خەوەکەم پێبڵی با بۆیان بەرمەوە تا بزانن تۆ کێیت و چ کەسێکیت.

قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾

{قَالَ} سەیری یوسف بکەن -ﷺ-، دەیتوانی بڵی من مەرجم هەیە تاوەکو ئازاد نەکرێم ئەوخەوەتان بۆ لێک نایەمەوە نا بەڵام ئەهلی عیلم عیلمی خۆیان بڵاودەکەنەوەو مەرج لەسەر خەڵک دانانێن یەکسەر -ﷺ- دەست دەکات بە لێکدانەوەی خەوەکە بۆی نەک تەنها لێک دانەوەی خەوەکە بەڵکو صەڵات و سەلامی خوای لەسەربێت یەکسەر ئامۆژگاریشیان دەکات چیبکەن باشە بۆ ئەوەی مصر لەو قەیرانی کشتوکاڵی و ئاژەڵیە ڕزگار بکەن کە دەبێتە هۆکاری تیاچونی وڵاتەکە، یەکسەر ئامۆژگاریان دەکات کە چی بکەن {قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تَأْكُلُونَ} ﴿٤٧﴾وتی: دەبێ ئێوە حەوت ساڵ بە بەردەوامی زرعات بکەن گەنم و جۆ ئەوەی کە دەیدورنەوەساڵانە لێی گەڕێن لەگوڵەکەی خۆیدا مەیوەرێنن؛ چونکە ئەگەر ئاوابێت توشی تێکچون نابێت و نارزێت بەو شێوازە دەمێنێتەوە ئیللا ئەوەنە نەبێت گەنمەکەی دەردەکەن لەگوڵەکەی کەخۆتان پێویستانە بیخۆن باقێکەی بەگوڵەکەوە دەهێڵنەوە.

ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾

دوای حەوت ساڵ کە ئێوە هەر گەنمتان عەمبار کرد ئیللا کەمێکی نەبێ کە بۆ خواردنی خۆتان بەکارتان دەهێنا ئەوە حەوت مانگا قەڵەوەکەی کە حەوت ساڵەکە گەنمتان تێدا کرد {ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ} دوای ئەوە حەوت ساڵی گرانی و وشکە ساڵیتان بەسەردا دێت، {شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ} لەو

حەوت ساڵە وشکانیەدا ئەوەی کە کۆتان کردبۆوەو عەمبارتان کردبوو هەموی دەخوات واتە ئێوە هەموی دەخۆن و سەرفی دەکەن؛ چونکە حەوت ساڵ کشتوکاڵ نەکرێت خەڵک ئەوە دەخوات کەپێشتر کۆیان کردبۆوە، {إِلَّا قَلِيلاً مِمَّا تُحْصِنُونَ} ﴿٤٨﴾ئیللا کەمێکی نەبێ کە ئێوە دەتانپاراست بۆ ئەوەی جارێکی تر بیچێننەوە بۆ تۆو کردن ئەگینا هەموی دەڕواو نامێنێت.

ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾

{ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ} لەدوای ئەم چواردە ساڵە ساڵێکی تردێت {فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ} کە ساڵێکە تێیدا خەڵک فریاکەوتنی خوایان بۆ دێت و بارانی بەڕەحمەتیان بۆدێت دەرگای بەرەکەتیان بۆ دەکرێتەوە دوای ئەو دو حەوت ساڵیە {وَفِيهِ يَعْصِرُونَ} ﴿٤٩﴾ ئەوەندە تریێ زۆر دەبێ دەیگوشن دەیکەنە سرکە،ئەوەندە هەنار زۆر دەبێ دەیکەنە شەربەت، ئەوەندە زۆر دەبێ کەتیایدا گوشین دەکەن، ئەمە ئامۆژگاری منەو لێکدانەوەی منە بۆ خەوەکەو ئەمەش ئامۆژگاری منە بەو شێوازەش ئیش بکەن، کابرا دەڕواتەوە بۆلای پادشا، جا بزانین پادشا چ بریارێک دەدات کاتێک ئەو لێکدانەوە کارلەجێیە ئاقڵانە وە ئەو ئامۆژگاریە دڵسۆزانەی یوسف دەبیستێت بۆئەوەی وڵاتەکەی لە قەیران و لەتیاچوون بپارێزێت، بۆمان دەردەکەوێ لەداهاتو جوانی یوسف یوسفی کردە سجنەوە بەڵام عیلم و زانستی یوسف دەردەهێنێ و بەرزی دەکاتەوە بۆئەوەی تێبگەین کامیان گرنگترە بۆ مرۆڤ.

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ ۖ فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾

دوای ئەوەی کە بۆ پادشا دەرکەوت کە یوسف -ﷺ- چەند زانایەو چەند تێگەیشتوەو چەند حەکیمەو دەبێتە هۆکاری ئەوەی وڵاتەکەی لەقەیرانێکی دارایی گەورە بپارێزێت {وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ} ئێستا داوای دەکات بڕۆن یوسفم بۆبێننەدەرەوە لەسجن، سەرەتا رسولێکی نارد بۆئەوەی پرسیاری خەوەکەی لێبکات، کەگەڕایەوەو ئەو وەڵامە زانستیە وە ئەو ئیرشادوو تەوجیهە جوانەی کەپێیدابوو کاریگەری لەپادشا کرد، بۆیە یوسف -ﷺ- نەوەک تەنها مانای خەوەکەی بۆلێکدایەوە بەڵکو سەرەڕای ئەوەش پلانێکی زۆر مُحْكَمُ و دەقیقیشی بۆدانا بۆ پاراستنی مصرو شەعبەکەی لە قەیرانی دارایی، خطەیەکی عجیب -ﷺ- تدبیرێکی محکم بۆئەوەی شەعبی مصرو وڵاتی مصر بپارێزێت لە قەیرانێکی دارایی و ئیرشادی کردن کەحەوت ساڵ لەسەر یەک دەبێ خەریکی زرعات بن، دوای ئەوە کە دەیدورنەوە هەر بەگوڵەکەی خۆیەوە گوڵە گەنمەکان هەڵدەگرن نەچن بیوەرێنن ئەگینا زوو دەڕزێت و تێک دەچێت ئیللا ئەو ئەندازەیە نەبێت ئەوەی کە دەیخۆن و پێویستتان پێیەتی دوای ئەوە حەوت ساڵی تر دێت ئەوەی کەکۆتان کردۆتەوە دەبێ صرفی بکەن بەفریاتانەوە دێت ئیللا ئەوەنەبێ کەدەتانەوێ بیچێننەوە، بەهەرحاڵ خطەیەکی محکمی دقیقی دانا بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بپارێزێت.

کاتێ کە پادشا تەماشا دەکات فعلا ئەو پیاوە کەم نیە وەنەبێ تەنها خەوەکەی بۆلێکدابێتەوە ئێستا پلانێکی کامل مشروعێکی ناردوە بۆ پادشا لەسەر ئەم پلان و نەخشەیە بڕۆ بۆ ئەوەی شەعبەکەت بپارێزیت ئاوا ئامۆژگاری پادشای کرد، پادشاکان ئەگەر بزانن لەهەموو کەس زیاتر موحتاجی ئەهلی عیلمن لەهەموو کەس زیاتر پێویستیان بەکەسی شارەزاو کەسی زانایە بەڵام چ کاتێک پادشاکان کەسی چاک و باش دەکەنە ئەهلی مەشورەتی خۆیان کە ئەوانەی لێیان نزیکبن

بطانەکەیان بطانەی خێربن پێغەمبەر-ﷺ- دەفەرموێت:هەرچی کاربەدەستێک هەیە دوو بیطانەی هەیە دوجۆر لەوەزیری هەیە دووجۆر لەڕاوێژکاری هەیە هانی مەسئولەکانی دەدات بۆکاری چاک و ئەوەی تریش هانی دەدات بۆکاری خراپ، وە موەفەقیش ئەوەیە کە ڕاوێژکاری باشی هەبێت ولەخوای گەورە بترسێت بۆیە زۆربەی جار تێکچونی سەرکردەو کاربەدەست ودەسەڵاتدارەکان بەهۆکاری ڕاوێژکارەکانن ئەوانەی کەلێیان نزیکن ئەوانە بەرەو ڕێی خراپیان دەبەن ناهێڵن کەسی باش نەصیحەتیان بکاو لێیان نزیک بێتەوە هەمیشە هەوڵدەدەن ئەوانەی کەچڵکاوخۆرو ماستاو خۆرو دین فرۆشن ئەوانەی کە گومڕاو سەر لێشێواون ئەوانە نزیک دەکەنەوەبۆئەوەی چۆن خۆیان گومڕابوون پادشاو دەسەڵاتدارانیش بەگومڕاییدا بەرن، {فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ} کاتێ کە نێردراوی پادشا یەت بۆ ئەوەی یوسف دەرچێت لەسجن، ئێستا یوسف دەرناچێ دەفەرموێ بگەڕێوە بۆلای گەورەکەت من نایەمە دەرەوە، ڕزگار بونی لاشەم گرنگ نیە بەئەندازەی ڕزگار بونی سومعەو کەرامەتم، من نامەوێ دەرچم و لەسجن ڕزگارم بێ جارێ پرسیاری لێبکە من بە چ تۆمەتێ خراومەتە سجنەوە ئەو بەرائەتەم دەوێ واتە یوسف -ﷺ- ئێستا پادشا خۆی داوای دەکات کەچی بەلایەوە زۆر گرنگ نیە کێیە داوای دەکات دەفەرموێ بگەڕێرەوە بۆلای پادشا {فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ} پرسیاری ئەو ئافرەتانەی لێبکە کەدەستی خۆیان بڕی هۆکار چی بوو بۆ دەستی خۆیان بڕی؟ {إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ} ﴿٥٠﴾پادشا نازانێ خطەو فێڵی ئەو ئافرەتانە چی بو لەمنیان کرد، پادشا ئاگای لێنیە بەڵام خوای پەروەردگار بە ئاگایە بە فێڵ و مەکری ئەوان چ خطەیەکیان دانا منیان توشی چی کردو من لەکوێدام ئێستا، بگەڕێوە تا بەرائەتی من دەرنەچێ لەوتۆمەتەی کەدراوەتە پاڵم ئەوە من دەرناچم و نامەوێ بێم بۆلای

پادشا، لێرە تەماشاکەن بۆچی یوسف فەرمووی پرسیار لەپادشا بکەن ئافرەتەکان چیانکرد چ پلانێکیان بۆمن دانا بۆچی نەیفەرموو پرسیار لە پادشا بکەن خێزانی عەزیزی مصر چیکرد بۆ من وە چ پیلانێکی لەمن دانا؟ کۆمەڵێک هۆکار هەیە:

یەکەم: عەزیزی مصر زۆر ڕێزی لە یوسف گرت ئێستا نایەوێت تایبەت ناوی ژنەکەی ئەو بێنێت وەک ڕێزو وەفایەک بۆ عەزیزی مصر.

دووەمیان: لەوەیە لەترسی ئەوەبێ کێ ئەڵێ کەتایبەت ناوی بێنێت توشی کێشەیەکی تری ناکەن.

سێیەم:لەمەکریان ئەمین نیە.

چوارەم: مادام قەزیەکە پەیوەندی بە ئافرەتەوەیە ناوی ئافرەتێک تایبەت بکاو دیاری بکات، بڕۆ پرسیار لەپادشات بکە چیان بو ئەو ئافرەتانە بۆچی دەستی خۆیانیان بڕی؟ پرسیار بکات پادشا با بکۆڵێتەوە لە ڕابردوی من ئەوکاتە من دێمە دەرەوە.

قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدْتُنَّ يُوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ ۚ قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ ۚ قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٥١﴾

پادشا کە ئەم خەبەرەی پێدەگات یوسف نەهاتۆتە دەرەوە ئێستا ئافرەتەکان کۆدەکاتەوە ولەگەڵیشیان ژنی عەزیزی مصر {قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدْتُنَّ يُوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ} فەرمووی پێیان چیتانە ئەو بەسەرهاتە چیە ئێوە داواتان لە یوسف کردوە فاحیشەو خراپەتان لەگەڵ بکات!! {قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ} ئێستا ناتوانن؛ چونکە یەک نین دوان نین سیان نین، ئەگەر شتێ لەنێوان کەسێکدا بێت ممکنە ئەو کەسە بیشارێتەوە بەڵام ئێستا ئافرەتان و خێزانی وەزیرەکان و

ڕاوێژکارەکان و ئافرەتانی قصر هەموی ئەو قصەیە دەزانن ئەگەر یەکێکیان بیشارێتەوە دەترسێ ئەوەی تر کەشفی بکات بۆیە ناچار کەشفیان کردن وتیان {قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ} حاشا پاکی بۆخوایە پەنا بەخوا کە ئێستا بوهتان بۆ یوسف بکەین، ئەبەدەن هەرچی خراپەیە ئێمە لە یوسفمان نەبینیوە ئەی پادشا وئەو تۆمەتەی کەپێی گیراوە ڕاست نیە اصل و ئەساسی نیە هیچ خراپەیەکمان لە یوسف نەبینیوە، ئێستا هەموو ئافرەتەکان ئیعترافیان کرد ئەی دەبێ ژنی عەزیز چی بکات؟

{قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ} ئەویش وتی ئێستا تەواو حەق کەشف بوو دائما حەق دەردەکەوێ ئەگەر لەدوای ماوەیەکیش بێت، یوسف ماوەیەکی زۆر لەسجندا بوو حەق دەرنەکەوتوە، {فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ} (٤٢)جارێ بەس هەرئەو بضع سنين ە طەبەری دەفەرموێت حەوت ساڵ دوای ئەوەی بە ساقیێکەی وت {اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ} خوای گەورە عقوبەی یوسفی داو حەوت ساڵی تر لەسجندا هێشتیەوە وەکو لە حدیثێکی صحیح امامی طبرانی ریوایەتی کردوە قال رسول الله -ﷺ-: " لَوْلَا الْكَلِمَةُ الَّتِي قَالَ:" اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ" مَا لَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ "(٨)، پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرمووی:ئەگەر ئەو کەلیمەیەی نەوتبا بە ساقیێکە (اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ)ئەوە ئەو حەوت ساڵەی تر لەسجندا نەدەمایەوە؛جا زانایان دەفەرمون سبحان الله یوسف کاتێ کە زانی بەهۆی کەلیمەیەکەوە خوای گەورە حەوت ساڵی تر هێشتیەوە وتی ئەی هاوار بەحاڵی براکانم ئەبێ خوای گەورە چ عقوبەیەکی ئەوان بدات تاوانی من

(8)- الجامع لأحكام القرآن = تفسير القرطبي: ١٩٦/٩.

ئەوەندەبوبێ خوای گەورە حەوت ساڵ هێشتمیوە ئەی ئەوان ئەبێ چیان بەسەر بێت؟

ژنی عەزیز وتی حەق دەرکەوت هەموو بەڵگەکان لای پادشا ڕوون و ئاشکرایە، زۆرجار هەندێ مەسئولی گەندەڵ فێڵ دەکەن ڕاستێکان لە کاربەدەستەکانی سەرو خۆیان دەشارنەوە، زۆرجار هەیە کەسانیک دەگیرێ کەسانێک دەشکوژرێت مسئولە گەورەکان نەیانزانیوەو ئاگایان لێی نیە بەڵام کەکار گەیشتە لای پادشا ئێستا پادشا شتەکانی لا ئاشکرا بوو ئێ خۆ نایەڵێت هیچی تر یوسف بگیرێت بەناهەق ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو پادشایە پیاوێکی بەویژدان بوە و پیاوێکی دادپەروەربوە.

{أَنَا رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ} ئافرەتەکە فەرمووی من داوام لەیوسف کرد کەخۆی تەسلیمی من بکات ئەبەدەن یوسف داوای لەمن نەکردووەو هەوڵی لەگەڵ من نەداوە ئەوە بوهتانە کەمن بۆ یوسفم کرد.

{وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ} ﴿٥١﴾ وە بەڕاستی یوسف لە ڕاست گۆیانە کاتێ وتی ئافرەتەکە داوای لەمن کردوە نەک من داوام لەو کردبێت، ئێستا ئافرەتەکە خۆی دانی پێدانا کەسێک کەخۆی دانی بەتاوانەکەیدانا گەورەترە لەوەی کە شاهید بێت و بێت شایەتیت بۆ بدات خۆی اقراری لەسەر خۆی کرد تەواو.

ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ ﴿٥٢﴾

{ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ} کێ ئەم قسەیەی کرد؟ دوو تەفسیری هەیە:

تەفسیری یەکەم:بەردەوام هەر قسەی خێزانی عەزیزە دەڵێ ئەو ئیقرارەم کرد کە یوسف بزانێ کەئێستا ئەو لەسجن بوە من شایەتی ناهەقی لەسەر نادەم سبحان الله ئەمە صیفەتێکی جوانە ئەو ئافرەتە دەڵێ تاوەکو لەبەردەستی من بوو زوڵمم لێی کرد ناچم ئێستاش شاهێدیەکی باطل لەسەر یوسف بدەم {أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ} کاتی کە یوسف لەسجنە بابیستێتەوە کەمن شایەتی ناهەقی لەسەر نادەم ئەوەتا دانی پیادادەنێم یوسف پاکە من داوام لە یوسف کرد.

تەفسیری دووەم:ئەوە بۆ ئەوەی هاوسەرم بزانێت کە ئەو قەزیەیە لەویا کۆتایی هات من داوام لە یوسف کرد یوسفیش رفضی کرد هیچ زینا ڕوی نەداوە بۆیە با مێردەکەم دڵنیا بێت، قەزیەکە ئێستا هەموی کەشفە هیچ فاحیشە لەنێوانمان ڕوی نەداوە لەوە زیاتر نەبوە من شەیتان فێڵی لێکردم داوام لە یوسف کردو یوسفیش بەقسەی نەکردم لەوەزیاتر نیە خیانەتم لێنەکردوە باوانەزانێ من زینام کردوە.

تەفسری سێیەم:یوسف -ﷺ- دەفەرموێ بۆیە من نایەمە دەرەوە بۆیی خەڵکیش و پادشاو مێردی ئەو ئافرەتەش بزانێ من خیانەتم لێ نەکردوە، بۆیە نایەمە دەرەوە دەبێ ئاوا شتەکان ڕونبێ و کەشف بێت، ئەوەتا ئێستا ئافرەتەکە بۆخۆی شایەتی دا کە ئەو داوای کردوە.

{وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ} ﴿٥٢﴾ ئەوانەی کە خائینن خوای گەورە خطەوفێڵی گڵاوی ئەوان سەرناخات، ئەوەتائێستا ئافرەتەکە شایەتی دا کە فعلا تاوانبارە بەڵام نەجاتبون بۆ یوسفە، ئەمە قاعیدەیەکی خواییە؛ چونکە مرۆڤ کە خیانەت بکات لەدۆستی یان لە دوژمن یا لە هەرکەسێ دڵنیابە خطەی خائین سەرکەوتو نابێت؛ چونکە خوایەک هەیە ناهێڵێ پیلانەکەی و نەخشەکەی سەرکەوتو بێت بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵبدات ئیشەکانی لەسەر ڕاستیبێت و

بەگوێرەی ڕەزامەندی خوای گەورەبێت بۆ ئەوەی خوای گەورەی لەگەڵبێت؛ چونکە خوای گەورەت لەگەڵ نابێت کەوانەبیت.

وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي ۚ إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي ۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٥٣﴾

{وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي} دیسان ممکنه وەکو ئەوەی پێشتر قسەی یوسف بێت و ممکنیشە قسەی ژنی عزیز بێت.

تەفسیری یەکەم:ئەگەر قسەی ئافرەتەکەبێت دەڵێت:من تەبریئەی نەفسی خۆم ناکەم واتە من خۆم بەتاوانبار دەزانم من زوڵمم لە یوسف کرد بۆچی دەڵێ {وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي} ؟

{إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ} ﴿٥٣﴾؛ چونکە نەفسی مرۆڤ طەبعی وایە فەرمان دەکات بەخراپە ئیللا ئەو ئەندازەیە نەبێت کەخواڕەحمت پێدەکات ئەگینا نەفست بەردەوام دەیەوێ بەرەو خراپە بتبات ئەمەش طەبعی مرۆڤ وایە، نەفسی هەمومان وایە، نەفس هەمیشە ئەوە طەبیعەتیەتی فرمانت پێدەکات بەخراپە هەرچی خێرە فەرمانت پێ ناکات، بەڵام ئەگەر بەقسەی نەفسی خۆتت نەکرد لە نەفسی فرمانکەر بەخراپە دەگۆڕێت بە نەفسێکی لۆمەکار لەومەت دەکات خێر دەکەیت و شەریش دەکەیت هەردوو مادەکەی تێدایە، بەڵام کە شەری کرد ئەگەر زۆر بەرەو خراپە نزیک بێت لەومەت دەکات لەسەر چاکە ئەگەر وردە وردە بەرەو چاکە بڕۆیت لەومەت دەکات لەسەر خراپە، واتە جاری وایە لاواز دەبیت لەبەرامبەر نەفست و خراپەیەک دەکەیت یەکسەر نەفست لەومەت دەکات دەڵێ عەیبە بۆتۆ شایستە بەتۆ نیە کە ئەو کارەت کردوە تۆ کەسێکی موسڵمانیت تۆ کەسێکی خواناسیت چۆن ئەو تاوانەت کرد

نەفست لەومەت دەکات، کە نەفست لۆمەکارت بێت دڵت خۆشبێت بەڵام کە فرمان کەر بەخراپەبێت ئەمە موصیبەتە، لوامەبێت دەکەویتە هەڵە بەڵام لەومەت دەکات {إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ} [الأعراف: ٢٠١]کاتی کە خراپە دەکەیت یەکسەر بیردەکەیتەوە نەفست لەومەت دەکات خوای گەورەو عەظەمەتیت دێتەوە یاد یەکسەر دەگەڕێیتەوە لای خوای پەروەردگار،کە بەردەوام بویت لەسەر لەومەکردنی نەفسی خۆت و محاسبەکردنی نەفست وای لێدێت خێری پێخۆشەبێ تەواو وا ڕاهاتوە {وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ (٧)} [الحجرات: ٧]، کە نەفست بو بەمطمئن ئەوەی خراپە پێت ناخۆشە هەر نەفست حەزی لێی نیە، ئەوەشی کە چاکەیە نەفست حەزی لێیەتی و پێی خۆشە، ئەوە لەکەسێکی راشدو چاکە جا پێویستە هەر یەکێک لە ئێمە نەفسی خۆی بناسێت ئێمە لەکام قۆناغەداین، ئەگەر نەفست زۆربەی کات فرمانت پێ دەکات بەخراپە ئەوە تۆ زۆر حاڵت خەتەرە نەفست فرمان کەرە بەخراپە،ئەگەر لەوە دەرچویت خێر دەکەیت خێردەکەیت جاروایە توشی خراپە دەبیت نەفست سەرزەنشتت دەکات چاکە بەڵام ماویەتی جارێ ڕای بێنە واتە چۆن وڵاخێک ئەسپێک سەرەتا کە ڕاتنەهێناوە وڵاخێکی چەموشە تەسلیمت نابێ بەڵام وردە وردە بەڕاهێنان وای لێدێت زۆر زۆر ملکەچ و زەلول دەبێت بۆت نەفسیش ئاوایە، خوای گەورە یارمەتیدەرمانبێت بەسەر نەفسی خۆماندا زاڵبین، بەڕاستی پەروەردگارم غفورەو ڕەحیمەوە زۆر بە بەزەییە، ئەگەر دیقەت بدەینێ حاڵی ئەو ئافرەتە سەیرە دانی بەهەڵەکەیدانا وە تەبریئەی ساحەی یوسفیشی کرد وە ئەوەشی باسکرد کە تەزکیەی نەفسی خۆی ناکات و نەفسی خراپ بوە وە عوزریشی بۆ نەفسی خۆی هێنایەوە؛ چونکە نەفسی مرۆڤ فرمان کەرە بەخراپە

بەوەش کۆتایی پێهێنا بەوەی کە پەروەردگارم زۆر لێبوردەیەو بە بەزەییە ئومێدم وایە لێم خۆشبێت و لێم ببورێت، ئەم لایەنەی تەفسیرە زانایان بەڵگەی پێدەهێننەوە لەسەر هیدایەتی ژنی عەزیز ئەڵێن لە ئافرەتێکی خراپەکارەوە کەداوای فاحیشە دەکات وە زوڵمی لەیوسف کرد وەشایەتی باطلی دا سەرەتا وە خستیە سجنەوە لەوەوە ئێستا دێ خۆی تۆمەتبار دەکات وە تەبریئەی یوسف دەکات وەدان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت وەداوای لێخۆشبون و ڕەحمەتیش لەخوای گەورە دەکات ئەمە بریتیە لە فەضل و کەرەمێکی خوا کەخوای گەورە هیدایەتی خستە دڵی مرۆڤەوە.

تەفسیری دوەمیش: ئەوەیە کە یوسفبێت ئەمە بڵێت {وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ} ﴿٥٣﴾ واتە یوسف کە تەبریئەی ساحەی خۆی دەکات من وانەبومە بەڵام دەڵێ مانای ئەوەنیە من تەزکیەی نەفسی خۆم بکەم نەفسی مرۆڤ فرمان بەخراپە دەکات ئیللا ئەوەنەبێت کەخوا ڕەحمی پێبکات بەڵام قەولی یەکەمیان ڕاسترە.

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي ۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴿٥٤﴾

جاری یەکەم ملک وتی بڕۆن یوسفم بۆ بێنن بۆم دەرکەن لەسجن؛ چونکە کەسێکی تێگەشتوە، بەڵام جاری دووەم پادشا وتی {وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي} بڕۆن بۆم بێنن بۆئەوەی تەواو بیکەمە کەسێکی تەواو لەخۆم نزیک و پشتی پێببەستم؛ چونکە لەجاری یەکەم پادشا تەنها لەبەر لێکدانەوەی خەوێک و ئامۆژگاری و ئاڕاستەکردنێکی جوانەوە پادشا وتی ئەو پیاوە شایستەی ئەوەیە لەخۆمی نزیک بکەمەوە بەڵام ئەمجارەیان پادشا کەبۆی دەرکەوت کە

یوسف بەریئ بوه و ئەو قەزیەیەی نەکردوه وتۆمەت دراوەتە پاڵی ئێستا فەرمووی یوسفم بۆ بانگ بکەن.

{فَلَمَّا كَلَّمَهُ} کاتێ کەقسەی لەگەڵ کرد، یا یوسف قسەی لەگەڵ ئەوکرد {قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ} ﴿٥٤﴾ فەرمووی تۆ ئەمڕۆ بەڕاستی لای ئێمە ئەوپەڕی دەسەڵاتت دەبێ لەمەودوا وەلەوپەڕی ئەمینی و ئاسایشدای، پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەفەرموێ:عەجیبم لە ئارامی و صەبرو خۆگری یوسف و بەڕێزی یوسف دێت، داوایان لێکرد لەسجندا کەخەوەکەیان بۆلێک بداتەوە یەکسەر بۆی لێکدانەوە کەمن لەشوێنی ئەوبام بۆم لێک نەدەدانەوە تا لەسجن دەرم نەکەن، جاری دوەم دەڵێ داوایان لێکرد بێتە دەرەوە ئێستا دەڵێ ناشیەمە دەرەوە تاوەکو بەرائەت و بێتاوانیم دەرنەکەوێت.

طبري دەفەرموێ:پادشا دەسەڵاتێک و مەکانەتێکی پێدا زۆر لەوەی عەزیزی مصر گەورەتر فضیل ابن عیاض دەفەرموێ:وەکو وتمان دوای ئەوەی بۆ پادشا دەرکەوت کە خێزانی عەزیز تاوانبارە عائیلەی عزیزی مصر تاوانبارن ئەو دەسەڵاتەی لێسەندنەوە، دەسەڵاتی گەورە درا بەیوسف، ئێستا ئافرەتەکە ئەو دەسەڵاتەی نیە، ئافرەتە کەدەبینێ ئێستا یوسف دێت تێدەپەڕێت دەسەڵاتدارە ئێستا -ﷺ- دەبێ ڕێگای بۆچۆڵ بکرێ ئافرەتەکە ئێستا دەچێتە قەراغ جادەوە سەیر دەکاو دەڵێ سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە عەبدەکانی کرد بە پادشا بەهۆی طاعەتیان بۆخوا ئەوانەش کە مەلیک بون وەکو من خوای گەورە کردنی بەعبد بەهۆی سەرپێچیان بۆ فەرمانی خوا، کەواتە ئەوەیە هۆکاری سەربەرزی و سەرشۆڕی، بۆیە هەندی لەسەلەف دوعایان دەکرد: یا الله اعزنا بطاعتک، ولاتذلنا بمعصیتک، ئەی پەروەردگار بەطاعەتی خۆت سەر بەرزمان بکەیت، تا سوجدە بەریت و بۆخوا زەلیل بیت و بەندایەتی بکەیت لەخوا نزیکتری و بەعیزەتتری،

بەڵام تاوەکو سەرپێچی فەرمانی خوا بکەیت و لێی دووربیت ئەوە زەلیل تریت ئەوە کەمتری و بچوکتری و خوای گەورە عقوبەت دەدا.

تەواو پادشا خەتمی بۆ لێدا کە یوسف هی ئەوەنیە لەسجن بێت، یوسف ئەوەیە کەلای ئێمە خاوەنی مەکانەت و دەسەڵاتبێت وەلای ئێمە ئەمینداربێت.

﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ ۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴿٥٥﴾﴾

دوای ئەوەی کەپادشا یوسفی بۆ دەرکەوت، یوسف ئەمجارەیان جیا لەجاری پێشوو فەرمووی بۆم بێنن دەیکەمە کەسە تایبەتمەندو خەواصەکانی خۆم وەکاتێک کەهات و پاشا قسەی لەگەڵ کردوو بۆی دەرکەوت ئەمە چ پیاوێکەو چ کەسێکی مەزنە موژدەی پێدا کەتۆ ئێستا لەمڕۆ بەدوا لای ئێمە خاوەنی دەسەڵات و پلەوپایەیت وە ئەمینیشیت لە غەدر کەسی تر ناتوانێت غەدرت لێبکات، کەسی تر پێشتر غەدریان لێکردویت ئەمما لەمەودوا ئەمین بە لەغەدر لای ئێمە لێت ناکرێت، کە یویسف -ﷺ- پادشا تەواو حەقیەتی ناسی وە پادشا ئێستا تەواو مرتاحە لەنزیک بونەوەی یوسف -ﷺ- بزانین یوسف داوای چی دەکات لە پادشا ئایا دەڵێ پێویستم بەخانویەکە یا پێویستم بە سەیارەیەکە یادەڵێت پێویستم بە مەبلەغێک پارەیە پێم بدەیت؟

نەخێر، هیچ شتێک بۆ نەفسی خۆی داوا ناکات {قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ} وتی:ئەی پاشا من دابنێ لەسەر گەنجینەکانی زەوی مصر ئەوە دامنێ ئەی پادشا بەبەرپرس و مەسئولی هەموو گەنجینەکانی مصر لە ارزاق و اموال با من بەرپرسی بم؛ چونکە واللە بۆخۆی داوا نەکرد، بۆ ئەوە داواناکات کە ئەگەر بێت و وەزارەتی مالیەو پیشەسازی و نازانم چی و چی لای خۆی بێت پارەی چاکی هەبێت نەخێر بۆ ئەوەی نەبوو، {إِنِّي حَفِيظٌ} من بەدڵنیاییەوە کەسێکم

پارێزەرم کە بەمنی بدەیت ئەو گەنجینەیەت دەپارێزم ونایەڵم بەزایە بچێت و بەهەدەر بچێت ناهێڵم بدزرێت و ناهێڵم تەوزیع کردنێکی خراپ بکرێت، {عَلِيمٌ} ﴿٥٥﴾وەهەروەها تەواویش زانام بەکارو باری بەڕێوەبردنی دارایی وڵات خەمت نەبێت، ئەی چۆن زانا نیە لەکاتێکدا پێغەمبەری خوایە، خوای گەورە تەوفیقی دەکات و پشتیوانی دەکات، لێرە کۆمەڵێک دەرسی تیایە:

یەکەم: یوسف -ﷺ- داوا دەکات بکرێت بە بەرپرسێکی باڵا، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان داواکاریەک و داواکاریەکی تردا؛ چونکە کارەکان بەگوێرەی نیەتن جیاوازە لەنێوان ئەو دووکەسەدا کە پلەو پۆستی دەوێت بۆ ئەوەی زەعامەتی دەست کەوێت و خۆی پێ هەڵکشێت و دەسەڵاتی پێ بەدەست بێنێت و چی بوێ بیکات، وە لەنێوان یوسفێک -ﷺ- کە دەیەوێ ماڵ و سامانی ئەو وڵاتە پارێزراوبێت لەدەستی کەسی ناپاک و نەزان، وە وڵات بەچی بەزایە دەچێت؟ وەزعی هەر وڵاتێک ئەمرۆ سەیری کە کە پشێویە هۆکارێکی سەرەکی تێکچونی باری دارایی خەڵک و کۆمەڵایەتی و کێشەی ناو وڵات ئەوەیە کەسانێک پۆستیان بەدەستە نەپارێزەرن وە نەزاناشن، ئەمیندارنین لەسەر ئەو پۆستەی پێی دراوە، پێش ئەوەی پۆست وەربگرێت تەماشا بکە چی هەبوو دوای ئەوەی کەپۆستی وەرگرت سەیر کە چی هەیە ئەمە بەس شتە ئاشکراکان ئەمما شتە نهێنیەکان بەس خوا خۆی دەزانێت چی تری هەیەو بۆکوێی ناردوە .

دووەم: {عَلِيمٌ} ئایا ئەو کەسانەی کە شتیان بەدەستە فعلا پسپۆرن و شارەزان لەوەدا یان گۆڕانبیێژێک سیاسەت وای خواستوە ئێستا ئەو ببێتە بەرپرسێک لەوەیە هونەرمەندێک و ممثلێک بێت وهەر ئەوەی زانیوە چۆن فلیمێک بکات و سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت ئێستا کاربەدەستە، لەوەیە نەخوێندەوارێک بێت وشەهادەیەکی وای نەبێت ئێستا کار بەدەستەو بەرپرسە ئێ بۆ؟چونکە سیاسەتی

حیزبایەتی وادەخوازێت خەڵکینە ئەمە جەماوەری زۆرە بابیهێنین ئەمساڵ بەشداربێت لە هەڵبژاردن هەرچی گۆرانی بێژە دەنگی بۆ دەدات ئەوەی تریش هەرچی ممثلە دەنگی بۆدەدات، ئەوەشی کە لەیاری تۆپی پێ باشن دەنگی بۆ دەدەن، ئەوەش لەناو عەشایەردا ئەوەشیان بابگرین، ئاوایە واتە دابەشکردنی پۆست و دەسەڵات بەم دوو صیفەتە نیە بابزانین کێ دەست پاکەو لێهاتووەو ئەمینداره حفیظ و علیم نیە، کاتێ کە موسا -ﷺ- لەدەستی فیرعەون لەمصر ڕای کرد کەویستی بیکوژێت ڕۆیشت تاگەیشتە سەر ئاوێک دوو ئافرەتی بینین شوان بون یارمەتی دان بۆ ئەوەی مەڕەکانیان ئاو بدەن دوای ئەوە ئەو کچانە دەگەڕێنەوە لای باوکیان یەکیان بە باوکیان دەڵێت ئەی باوکە ئەمە بەکرێ بگرە بابێتە شوانمان ئەمە شتی بدە دەست؛ چونکە بەڕاستی هەم بەهێزە کەسێکی بێ دەسەڵات نیە وە هەم زۆر ئەمینە خەمت نەبێ و لێی مەترسە، کەواتە روکنەکانی ویلایەت و دەسەڵات و بەرپرسی ئەوەیە مرۆڤ خۆی لەخۆیدا کەسایەتیەکی بەهێزی هەبێت نەک کارتۆنێک بێت و دانرابێت چی پێ بوترێت ئەوەبکات بە دوگمە بیگۆڕی و هەڵی بکەیت، کەوتت بەیانی دەبێ بچی ئەم قسەیە بکەیت یەکسەر بڵێ بەسەرچاو! ئەگەر ئەوەشیان وت تۆ ئەوە نەڵێیت هەر بەسەرچاو! ئێ هەندێ کەس تەنها کارتۆنێکەو دانراوە لەدەرەوەشەوە ئاڕاستە دەکرێت لەگەڵ ڕێزمدا بۆکەسی باش، هەندێ کەس کۆنترۆڵەکە لەدەرەوەیە ئەو لەناوەوەیە کۆنترۆلەکە ئەڵێ ئاوا برۆ ئاوا بکە ئێستا نا باقسەکەت ئاوا بێت ئێستا ئەمە قوي نیە و بەهێز نیە ئەمە دەتوانێ چی بکات!قوی ئەوکەسەیە کەحەقی بینی بیلێت لەمەصلەحەتی حیزببێت یان زەرەری حیزببێت حەقی نیە چ شتێک حەقەو لەمەصلەحەتی میللەتە ئەبێ ئەوە بلێت ئەوە قەوي وەهەروەها امین وەهەروەها حفیظ پارێزەربێت وە هەروەها علیم بێت عیلم و شارەزایی لەبوارەکەی خۆی هەبێت،

ئی مەرج نیە هەرکەسێک کەبۆنمونە پیاوی چاکبو بۆ هەموو بوارێک بگونجێت ئیێ ناگونجێت، دەبێت لەم بوارەی کەتیایدا دادەنێیت کەسێکی علیم بێت پسپۆڕبێت لەو بوارەیا کەواتە یوسف -ﷺ- داوای مەنصەبێک دەکات بۆ مەصلەحەتی ئومەت نەک بۆ مەصلەحەتی شخصی خۆی، دەزانێت خەوی پادشا پێی گەیشتووەو ئەویش پێغەمبەری خوایە چاک دەزانێت ئەو خەوە دێتە جیێ، وەزعی مصر بەچ حاڵەتێکدا دەڕوات چ گرانیەک بەسەر خەڵکدادێت دەیەوێت ئەو وڵاتی مصرەو دەوروبەری مصریش و وڵاتانی تریش بەهۆی مصرەوە ڕزگار بکات لە قەیرانێک کەزۆر کارەساتی بەدواوەیە، کەواتە وەزیفەتێک کەسێک وەری دەگرێت ئەوە ئەرکێکە نەک پلەو پۆستێکە، ئێستا کەسێک کە پلەو پۆستی هەبێت بۆ شانازی کردن نەک بە ئەرکی سەرشانی بزانێت کە ئەرکێکی قورسە لەسەر شانیەتی پێویستە پێی هەڵسێت ئەرکەکەی جێبەجیێ بکات پێویستە ڕۆژی قیامەت کەخوای گەورە محاسبەی کرد لەسەر ئەوانەی کەلەژێردەستین ڕوو ڕەش نەبێت و سەربەرزبێت، بۆیە یوسف شان دەباتە بەر ئەم ئەرکە قورسە بۆ مەصلەحەتی وڵاتەکە،ئیێ تۆ چاک بزانیت کە گرانیەک یەت حەوت ساڵ بەردەوام دەبێت ئێستا بڵێی من دەیکەم و ئەو ئەرکە دەخەمە سەرشانی خۆم کەواتە بۆچیەتی واتە ئەگەر کەسێک زانرا وەزعی وڵات بەرەو هەڵدێریەو بەرەوقەیرانەو بەرەو داڕمانە مسئولیەتێکت بدەنیێ چاک دەزانی عەیبدار دەبی تییدا، ئێستا دەیدەی پێم کە بەمن چاک نابێتەوە بەرەو داڕمانە، یوسف لەوکاتەدا داوای دەکات کە وڵات بەرەو داڕمان و ڕوخانە بەهۆی گرانیەوە؛ چونکە ئەو بۆخۆی داوا ناکات داوای دەکات بۆوڵات و بۆ میللەت دەیەویێ ببێت بە سببی ڕزگارکەری وڵاتی مصرو دەوروبەری مصریش کەدیقەت بدەینی فەرمووی {قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ} زانایان دەفەرمون بەس مصر خۆی خەزێنەیە

بۆهەموو زەوی واتە ئەوەنە زەویەکی بەپیت و بەرەکەتی تێدایە ئەگەر بەلێزانانەوە بەچاکی بەکاربهێنرێت سودی دەبێت بۆ وڵاتانی دەوروبەری، ئەویش فعلا سودی هەبوو کە بەو سیاسەتە حەکیمە زانستیانەی یوسف بەڕێوەچو -ﷺ- خەڵکانێک لە شارو وڵاتەکانی ترەوە دەهاتن هەروەکو براکانیشی چۆن لە کەنعانەوە هاتن،خەڵک لەوڵاتانی ترەوە دەهاتن بۆ مصر؛ چونکە مصر گەنجینەی تیادایەو ئەرزاقی لێیە ئێستا یوسف؛ چونکە مەبەستی خوابوو لەپاشان مەبەستی خزمەت کردنی میللەتەکەی بوو نەک مەبەستی پارەو مەنصەب و پلەو پایە توانی ببێتە هۆکاری ڕزگارکردنی مصریش و وڵاتانی دەوروبەری مصریش، جالێرەدا دەڵێین ئایا دروستە مرۆڤ داوای پلەو پۆست بکات وەک چۆ یوسف داوای کرد؟ وەڵام:ئەوانەی هەڵپەی پلەوپۆست دەکەن لەدیندارەکان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە دەڵێن ئەوەتا یوسف خۆی داوای کرد وتی بمکە بەرپرسی دارایی وڵات کەواتە دروستە ئێمەش داوای پلەو پۆست بکەین، زانایان دەفەرموون:

یەکەمیان: یوسف پێغەمبەری خوابو -ﷺ- ئێوە پێغەمبەر نین.

دووەمیان: یوسف لەلایەن خواوە تەوفیق دەکراو پشتگیری دەکرا پارێزراو بوو.

سێیەمیان: یوسف لەملیۆنا یەکیش مەبەستی مەنفەعەتی شەخصی خۆی نەبو لەم پۆست وەرگرتنە بەڵکو مەصلەحەتی وڵات و گشتی لەپێش چاوە، ئایا ئێوە وان بەم شێوازەن؟

چوارەم: یوسف توانی گۆڕانکاری بکات ئایا ئێوە دەتوانن هیچ گۆڕانکارییەک بکەن ئایا لە ڕابردودا توانرا هیچ بکرێت؟یان کارتۆنی کەوەزارەتێکیشت پێ بدەن دەست و قاچت بەستراوە بەس بەناو تۆ وەزیریت، لەوانەیە پاسەوانەکەی تۆ کەبۆت دانراوە ئەویش بە هەڵبژاردنی خۆت بۆت دانەنرابێت ئەو پاسەوانەش لەوەیە لەو وەزیرە دەسەڵاتی زیاتربێت هەر کەوەزیر ویستی شتێک بکات بەدڵی

ئەوانەی سەرو ئەوەوە نەبێت پاسەوانەکە چاوێکی لێبکات بلێ جەنابی وەزیر ئەمە وانابێت واتە بزانە ها بەوە نیە تۆ وەزیریت نابێت ئەو شتە کۆتایی پێ هات بەڵام یوسف وانەبوو، یوسف پادشای مصر لەسەر دەستی خوا هیدایەیتی داوە تەواوی صەلاحیەت و دەسەڵاتی بەیوسف دا وەکو لەئایەتی دواتر دادێت بۆمان باس دەکات .

{يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ} یوسف چۆنی بوێت تصروف دەکات لە هەموو وڵاتی مصر جا ئەگەر تۆ ئەوکەسەی کەدەسەڵاتت پێ دەدرێت کە بۆ مەصلەحەتی میللەت دەیکەیت کەمەبەستت مەنفەعەتی شەخصی خۆت نیە کەلەخۆت ئەمینی پارەو مەنصەب لەخشتەت نابا کەبەگوێرەی رەزابونی خوا دەیکەیت ئەوە بیکە واللە کارێکی باشە، ئەمما کەدەزانی هیچت بەدەست نیە بەڵام بەس کارتۆنیەو لەڕاستیشدا پارەی باش وەردەگریت بۆخۆت ئەوەتا وەزیرو ئەندام پەرلەمان دەزانی چەند وەردەگرێ هەر کەبویتە ئەندام پەرلەمان یەکسەر ئەوە سیارەیەک و چەند شتێکی تر تحسین حال ی پێدەڵێن ئەوە دەی تۆ وەرە تۆ تا ئێستا داماوبویت وەرە باببوژێیتەوە بۆ شەخصی خۆت استفادە دەکەی ئەمما بۆ میللەت چ گۆڕانکارییەک دەبینین لەواقعدا؟ کەواتە بەس خۆ توشی گوناە کردنە ئەمرت بۆدێ لەسەرەوەو دەبێ جێبەجێی بکەیت بۆیی عەیبدارێکەش بۆتۆ بێت؛ چونکە تۆ مسئولیت، بۆیە ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر -ﷺ- کە فەرموویەتی:هەرکەسێ داوای ئەمارەت و مەسئولیەت بکات خوای گەورە یارمەتی نادات کە وەریشیگرێ ئەوە خوای گەورە یارمەتی نادات سەرکەوتوو بێت لەکارەکەی، بەڵام هەرکەسێ خۆی داوای نەکات میلەت یان حکومەت داوای بکات تۆ ئیللا شایستەی تۆ دەبێ بێی لەو شوێنە دانیشیت ئەوەخوای گەورە یارمەتی دەدات؛ چونکە ئەوەدیارە ئەوکەسە بۆخۆی نایەوێت و بەدوایدا

ڕاناکات کەسێکی لێهاتووەو داوای دەکەن ببێت، یەکێک لەصەحابە هاتە لای پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا دەمەوێ منیش دابنێی بمکەیتە بەرپرسێک لەشوێنێک و ئەرکێکم پێ بسپێریت، فەرمووی داوای مەکە تۆ کەسێکی لاوازیت بەتۆ ناکرێت ئەوکەسە قوەتی دەوێت ئەو بەرپرسێتیە کەسێکی دەوێت کەلەخوا بترسێ بەس، لەترسی ئەوەی لەپۆستەکە لاببرێت نەچێ لەحەق لابدات؛ چونکە زۆرێکی وایە زۆرێکی سەیر دەکات ئەوە حەقەو ئەوەش ناحەقە کەمن بڕیاری حەقەکە بدەم بەخوا فەصل دەکرێم نەوەڵا بەس بۆ ئەوەی بمێنمەوە لەسەرکورسێکەم کورە دەی چیبکەم خۆلەدەسەڵاتی خۆمدانیە کەواتە ئیش بۆ ئەوە دەکەی تا تۆ بمێنیتەوەو معاشەکەت بەردەوام بێت ئەوە ئیشی تۆیە ئێستا تۆ گوناهبار دەبیت ئێ پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموویەتی مەسئولیەت و ئەمارەت بیدایەتەکەی خۆشە بەلام کۆتاییەکەی پەشیمانیە وەڕۆژی قیامەتیش سەرشۆڕیە ومحاسبەیە بۆیە ئەم ئایەتە بۆ کەسێک دەشێت بیکاتە بەڵگە بەدەست خۆی کە بەهێزبێت نەک کارتۆنی بێت حفیظبێت بتوانێ ئەو شتەی کەلەژێردەستی ئەودایەو لەوەزارەتەکەیدایە بتوانێ بیپارێزێ، ئێ تۆ کەدەسەڵاتی فەڕاشێکت نەبێت کە لەحیزبەکەی تۆ نەبێت بۆچی دەیکەیت دروست نیە، علیم زانیاری تەواوت هەبێ لەو ئیشەی کەتۆ دەیکەیت بۆ نمونە تۆ دەبیتە وەزیری بازرگانی دەبێ تۆ سەبارەت بە بازرگانی زانیاری تەواوت هەبێت بۆنمونە ئەبیتە وەزیری زراعە، صحة، تربیة، اوقاف دەبێ لەوبوارە شارەزابیت و پلان و نەخشەت هەبێت بۆیی وڵات بەرەو پێشەوە ببەیت ئەمما کەهیچت نەبێت علیم نەبیت واتە بەس پۆستەو خۆشەو پارەی باش وەر دەگریت ئەمە دروست نیە، یوسف -ﷺ- ئەو صیفەتە مەزنانەی تیادابو کەواتە سەرەڕای ئەوەش کەتەماشا دەکەین صیفەتێکی تر لەیوسفدا هەبووکەنیوەی جوانی مرۆڤایەتی هی یوسف بوو وەکو باسمانکرد

بەهۆکاری جوانیکەی ئەو هەموو مصیبەتەی توش بوو خرایە سجنەوە بەڵام بەهۆکاری عیلمەکەی هاتە دەرەوە ئەوەتا عیلمی هەیەی خەوی لێکدایەوەو پلان و نەخشەیەکی بۆ پادش داناوە تاوەکو وڵاتەکەی بەرەو ڕوخان و فەقیری نەچێت، عیلمە مرۆڤ بەرز دەکاتەوە نەک جوانی نەک پیاوان خەریکی کرێم و مکیاجبن و ڕوکەشی خۆیان جوانکەن، عمر ڕەزای خوای لێبێ بە پیاوانی دەفەرموو اخشوشن فەرمووی زبربن، پیاو وەک ئافرەت نیە هەر خەریکی جوانی و نەرمونیانی بێت، کەواتە یوسف ئەو مەکانەت و مەنزیلەتەی دەستی کەوت بەعیلم دەستی کەوت عیلم هۆکاری خێرو بەرەکەتی دنیاو دوارۆژە ئەوانەی کەعیلمیان هەبێت ئەوانە دەتوانن خزمەتی وڵات و خزمەتی میللەت بکەن.

وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ ۚ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ ۖ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾

{وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ} خوای گەورە دەفەرموێت هەروەکو چۆن

یەکەم: یوسفمان لەبیرەکە ڕزگارکرد.

دووەم: هەروەکوچۆن لەسجن ڕزگارمان کرد.

سێیەم: هەروەکو چۆن یوسفمان لەدەستی براکانی ڕزگارکرد.

چوارەم: هەروەکو چۆن یوسفمان لەدەستی ئافرەتەکان ڕزگارکرد، بەهەمان شێوە ئێستا هاتوین دەسەڵات و تەمکینمان پێبەخشی لەزەوی، واتە لەکوێوە خوای گەورە هێنایە کوێ، لەناوسجنێکی تەنگ و ناخۆشدا هێنایە کوێ، خوای گەورە دەفەرموێ دەسەڵاتی تۆ لەناو زەویدایە ئەی یوسف.

{يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ} یوسف لەوزەویەدا هەڵدەسوڕێ لەکوێی بوێت، لەکوێی بوێت خانو بکات لەکوێی بوێت تیای دابنیشێت بۆکوێی بوێت بڕوات

سبحان الله لەناو کۆتو زنجیری سجندا ئێستا لەناو زەوی ئازادیەتو صلاحیەت و توانای تەواوت هەیە لەهەرکوێیەک دەتەوێت ئەی یوسف، خوای گەورە دەفەرمویٚ ئەوەمان بۆ یوسف کرد، بەوەش خوای گەورە بۆی کرد کەدەفەرمویٚ: {نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ} ڕەحمەتی خۆمان توشی هەرکەسێک دەکەین کەبمانەویٚ، خوای گەورە دەرگای ڕەحمەتی خۆی لەهەرکەسی بیەویٚ بیکاتەوە دەیکاتەوە بەڵام لەکێی دەکاتەوە؟

{وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ} ﴿٥٦﴾فەرمووی:ئێمە پاداشتی چاکەکاران بەزایە نادەین، کەواتە ئەوکەسانەی کەخوای گەورە ئەوەیان بۆدەکات چاکەکارانن ئەوەتا لەپێشتریشدا لەئایەتێکدا خوای گەورە فەرمووی: {وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ} (٢٢) پێشتریش خوای گەورە حیکمەت و دانایی و کارلەجێیی و عیلمی پێبەخشی؛ چونکە چاکەکاربوو، ئێستاش دەفەرمویٚ هەر بەهۆی چاکەکاریەکەیەوە خوای گەورە پلەی تر بەرزی کردەوە ئێسا کار تەنها لەوەنیە عیلمی پێداوە بەڵکو دەسەڵاتیشی پێداوە، خوای گەورە دەفەرمویٚ ئێمە پاداشتی چاکەکاران بەفیڕۆ نادەین چاکە بکەو خەمت نەبێت بەزایە ناچێت مەڵیٚ ئاخر خەڵک پێی نازانێت خەڵک سپڵەیە گوێی پێمەدە بەڵکو چاکە بکە بە نیەتی ڕەزابونی خواوە هەم چاکە لەعیبادەتداو هەم چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا جابزانە خوا چۆن پاداشتت دەداتەوە هەرلەدنیا،لەدنیادا صەبرگرتنت و عیبادەت کردنت و ڕاستگۆبونت و چاکەکردنت لەگەڵ خەڵک بەفیڕۆ ناچێت وامەزانە، کەواتە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر لەدونیاشدا چاکەی چاکەکاران بەزایە ناچێت بەڵام صەبری دەوێت، یوسف صەبرێکی زۆری گرت -ﷺ- کەواتە قەزیەکە صەبرو اخلاصی پێویستە، صەبرت هەبێت پاداشتی چاکەکاری خۆت دەبینیتەوە بۆیە کوردەواری قسەیەکی جوانمان هەیە

دەڵێین: چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە، واتە باوڕوا خەمت نەبێ ئیللا پاداشتەکەی ڕۆژێک لەڕۆژان یەت لەدەرگات دەداتەوە یوسف بەهۆی چاکەکارێکەیەوە لەگەڵ خوا چاکەکارە ئەوەتا تەقوای خوای کرد، وەلەگەڵ عەبدەکانی خواش چاکەکارە لەسجن چەند باشبوو لەگەل سجنەکان و نەصیحەتی دەکردن و دەعوەی دەکردن وە ئێستاش هاتوە بەنیازی چ چاکەکاریەکە بۆ هەموو وڵاتی مصرو دەوروبەری ئەیەوێ چ چاکەیەک بکات بۆیە الجزاء من جنس العمل، {هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ (٦٠)} [الرحمن: ٦٠، ٦١]، ئەوەتا خوای گەورە ئەو پاداشتە چاکەی دەداتەوە، لێرە بابیر لەشتێک بکەینەوە، کەخوای گەورە ئەو هەموو پاداشتە چاکەی دایە یوسف، ئێستا کەدیقەت بدەینێ سورەتی یوسف ناوەڕاستی تا ئێرە یوسف لەناخۆشیدا بوو بەڵام لێرە بەدوا بەرەو خۆشی دەڕوات ئەمەش ئیعجازێکی عددی و رقمیەکە لەقورئاندا هەیە سبحان الله واتە سورەتێک ژمارەی ئایەتەکانی ئەوەندەیە نیوەی ڕێکی باسی میحنەت و مەینەت و نارەحەتێکانی یوسفە ئێستا لێرەوە دەبینین خوای گەورە دەسەڵاتی دایە تمکینی دایە بەهۆی چاکەکاریەوە کەواتە صبری دەوێت مرۆڤ صبری هەبێت چاکەکانی بەفیڕۆ ناچێت، باشە وتمان خوای گەورە ئەم چاکانەی لەگەڵ یوسف کردئەی ئەمە لە ئەجرو پاداشت کەم ناکاتەوە؟ئەی ئایا دروستە مرۆڤ لەدنیادا دەسەڵاتی هەبێ؟دروستە مرۆڤ لەدنیادا لەخۆشیدابێت؟

دەڵێین خۆشیەکانی دونیا یا دەسەڵاتی دونیا ئەگەر لەسەر حیسابی ئاخیرەت نەبێت لەسەر حسابی لەدەست دانی ئیمانەکەت نەبێت قەیناکات تۆ لەومە کراونیت ئەوەتا خوای گەورە لەدونیادا یوسفی کردە دەسەڵاتدار لەزەویدا.

وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾

{وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ} وە بۆ ئاخیرەتیش، بەدڵنیاییەوە پاداشتی دوارۆژ بۆ یوسف زۆر خێرترە، واتە پاداشتێکی گەورەتر چاوەڕێی دەکات یوسف، کەواتە وامەزانە کەتۆ چاکەکار بویت و خوای گەورە لەسەر چاکەکاری پاداشتی دایتەوە ئەوە نابێت چۆن دەبێت موسڵمان سیارەی باشی هەبێت کاکە چۆن دەبێت موسڵمان جلی جوان لەبەرکات چۆن خانوی باشی هەبێت {قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ} [الأعراف: ٣٢]واتە کەسێک کەسابەتێکی حەڵاڵی هەبێت خوای گەورە ڕزقێکی پاکی بداتێ ئەگەر سیارەی هەبێت و جلی باشبێت و ماڵی باشبێت هیچ موشکیلە نیە ئەوە بەمەرجێک بەحەرامی نەبێت، بەمەرجێک بە گەندەڵی نەبێت، بەمەرجێک قوڵی خەڵکی نەبڕیبێت زۆر ئاساییە، ئێستا یوسف -ﷺ- بوو بەگەورەی هەموو خەزێنەکانی مصر لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی وانەزانن تەنها ئەجر لە دونیایەو تەواو نەخێر خوای گەورە پێمان دەفەرموێت بۆ قیامەتیش ئەو ئەجرو پاداشتەی کەخوای گەورە دایناوە لەدوارۆژدا زۆر خێرترو خۆشترە لەپاداشتەکانی دونیا هەم بۆ یوسف هەم بۆ غەیری یوسف کەبەنسیبی بێت، کەواتە خۆشیەک مرۆڤ دڵی پێخۆشبێت کە بڕاوە نەبێت نەبڕاوەبێت، جامن لەدونیادا باسەرۆکی وڵاتبم بەڵام هەر لەگەڵ مردنم دەست بکرێت بەتێهەڵدان و تعذیب دان و فڕێدان بۆناو ئاگری دۆزەخ ئێ توخوا ئەو سەرکردایەتیەم بۆ چیە سودی چیە؟با لەدونیا هەرچی پارە هەیە لەبەردەستت بێت بەس کەمردیت ئەوجا دینار دینار محاسبە بکرێیت و سزابدرێی لەسەری ئەی کەواتە خۆشی چیە ئەوە هیچ خۆشیەکی تێدانیە، لەدونیا تۆ دەستت کراوەیەو ڕێگات کراوەیەو هەرڕۆژەی لەوڵاتێک وهەرڕۆژەی لەشوێنێک خەریکی ڕابواردنیت، ئێ باش ئەم خۆشیە بەردەوامە؟خۆشی دوارۆژی لەگەڵە؟وەکو ئەوەی یوسف کە لەدونیا بەحەڵاڵی و لەقیامەتیشدا خوای گەورە دەفەرموێت

ئەجری گەورەترت بۆ هەیە ئایا ئەمەی تۆ ئاوایە؟ ناوالله ئەوپارەیەی کە لافی پێوەلێدەدەن و کەڕابواردنی پێدەکەن ماڵی خەڵکە ئەوەهەرکەمرد کۆتایی پێدێت ئەوجا محاسبە دەست پێدەکات ئنجا عذابی جهنم دێت پەنا بەخوای گەورە دواتر لێپرسینەوە بۆیە ئەوخۆشیە مرۆڤ دڵی پێخۆشبێت وە ئەو ماڵوو سامانە دڵت پێی خۆشبێت وە ئەو دەسەڵاتە دڵت پێخۆشبێت کەبەردەوامبێ و نەپچڕێ تاقیامەت إن شاء الله، کەمردیشیت مەلائیکەت پێشوازیت لێبکات و خوالێت ڕازیبێت و شوێنت بەهەشت بێت ئەوە خۆشە ئەگینا بەخوا تەنها ئاوو نانت هەبێت والله باشترە لەوەی سەرۆکی وڵاتبیت بەڵام حەرام خۆربیت، بەڵام زاڵم و ستەمکاربیت بەڵام گەندەڵ کاربیت و ئاگات لەمیللەت نەبێت لە چ مەینەت و نارەحەتیەکدا دەژێت، ئاگات لەوهەموو زوڵم و ستەمە نەبێت کە ڕۆژانە جەندرمەکان دەیکەن ئاگات لەهیچی نەبێت ئەی ئەمە چییە والله شوانێک زۆر زۆر خۆشحاڵترو بەختەوەرترە لەکەسێک کە گەورەترین دەسەڵاتی هەبێت بەڵام بەگوێرەی ڕەزابونی خوای گەورە نەبێت، دەڕوا کۆتایی پێدێت، ئەو دەسەڵاتەی کەصەدام هەیبوو کێ تا ئێستا لەدوای صەدام ئەو دەسەڵاتەی ئەوی هەیە ئەوەتا بزانە ئەوانەی ئەمڕۆ چیان پێدەکرێت، تەماشای حاڵی بەغدا بکەن چیان پێدەکرێت سەرکردەکان، سەردەمی صەدام کێ ئەیوێرا باسی بکات نەک لە بەغدا لە سەر حدودی ئێرانیش گوندە کوردەکان ولە تورکیا کەس نەیدەوێرا باسی صدام بکات لەماڵی خۆی ئێ ئەو دەسەڵاتە بەرەو کوێ ڕۆی؟ ئێ هەموی وای لێدێت بۆیە مرۆڤ بەدەسەڵاتێک و ماڵێک و سامانێکی دونیا نەخەڵەتێ کە عاقیبەتەکەی زەلیلی و سەرشۆڕی و جەهەنەم و تورەبونی خوابێت، هیچ نیە بەخوا، بۆیە بۆیی یەکسەر نەخەڵەتێین بەس دونیا حساب نیە بڵێین ئای یوسف چی وەرگرت لەدونیادا، خوای گەورە یەکسەر پێمان دەفەرموێت ئەو خۆشیە خۆشیە کەخۆشی

نەبڕاوەبێت و دوایی لەگەڵ بێت ئەجری ئاخیرەت خێرترە بۆهەمومان باهەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابین چۆن خوای پەروەردگار ئەجری ئاخیرەتمان بداتەوە چۆن شوێنمان بەهەشت بێت، چۆن لەجهنم ڕزگارت بێت ئەوە گرنگە با لەدونیاکەس حسابت بۆنەکات با لەدونیا هیچ پۆستێکت نەدرێتێ با لەدونیا حەقیشت بخورێت با لەدونیا فەقیریش بیت موشکیلە نیە مادام خوا لێ ڕازیە ئەوە گرنگترین شتە، ئەم دونیایە دەبڕێتەوە هەمومان دەمرین بەخوا جێشی دەهێڵین و ئەجری ئاخرەت گرنگترە بەڵام بۆ ئەوکەسانەیە، {لِلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ} ﴿٥٧﴾پاداشت و خۆشی دواڕۆژ بۆ ئەو کەسانەیە کەئیمانیان هێنا آمنوا فعلي ماضیە وە یتقون فعلی مضارعة بۆ تجدد و بەردەوام؛ چونکە بەردەوام ڕۆژانە پێویستت بەتەقوایە تۆ ئیمانت هێناوە بەڵام هەموو ڕۆژ بەردەوام ئەبێ تقوای خوای گەورەبکەیت کەواتە هۆکاری بەختەوەربون بەپاداشتی دواڕۆژ دوومەرجە:

یەکەم: ئیمانداربە، ئیمانت بەخوا هەبێت وەبەوەی لەلایەن خواوە هاتوە.

دووەم: تەقوای خوا بکە ئەم دوو شتە بەستە واللە لەوکەسانە دەبیت کەپاداشتی دواڕۆژ وەردەگرن إن شاء الله وتعالی، کەواتە تێگەیشتین ئەوەی کەیوسفی بەرزکردەوە ئیحسان و چاکەکاریەکەی بو عیلم و زانستەکەی بوو وەتێگەیشتین کە دروستە مرۆڤ ئەگەر ببێتە مسئولێک بەرپرسێک مۆزەفێک لەحکومەتێکی کافریشدا بەمەرجێک بتوانێ بەباشی وەزیفەتەکەی خۆی بەڕێوە بەرێ، بەڵام کە ئامانجت تەنها پارە بوو، وەرە تەعینت دەکەین هەرچەندە تۆ پیاوێکی ئیمانداروو بەتەقوای! ئەڵێ واللە منبم باشتر نەک یەکێکی تر ئێ بەس تۆ ئەبێ ببێت ئێمە چیت پێدەڵێین ئەبێ تۆ ئەوە بکەیت، ئێ ئەوە چیە یەعنی ئامانجەکە تەنها ئەوەیە پارەم هەبێت ئێ ئەوەنابێت، موسڵمان نابێ ژیانی خۆی بفرۆشێت بەپارە بەڵام کەتوانیت تۆ دادپەروەربیت و کاری چاکە بکەیت ئەوە هیچ گرفتێک نیە إن شاء

الله وتعالی ئەگەر پۆستیشت هەبێت و وەزیفەیەکیشت هەبێت لەوڵاتێکیشدا کە وڵاتێکی موسڵمان نەبێت،بۆ نمونە کە لەوڵاتێکی غربیشدابیت، وە تێشگەیشتین کەیوسف -ﷺ- بەهۆی چیەوە پۆست و پایەی وەرگرت، بەهۆی انقلابات و مظاهرات و کودەتاو ئەوشتانە نەگەشتە دەسەڵات،عیلمەکەی وە ئەمانەتەکەی تەقوایەکەی دەعوەکەی ئەو شتانە یوسفی گەیاندە لوتکەی دەسەڵات نەک بەهۆی دەی بەڵکو هەوڵ بدەین قەناعەت بەخەڵک بکەین دەنگ بۆ ئێمە بدات یان باهەوڵدەین کودەتایەک بکەین ئەو شتانە عاقیبەتی خێرنیە، بەڵام کەسی عاقڵ لێمان حاڵی دەبێت کەسی بێعەقڵ حاڵی نابێت بێعەقڵەکان وادەزانن ئێمە لەگەڵ گەندەڵین من لەگەڵ ئەوەمە کوڕەکەی تۆ بەکوشت نەچێت بە بەلاش بۆ ئەوەی دواتر فلاَنە مسئول کە معارضەیە شانازی پێوەبکات و لافی پێوە لێبدات ئێمە شەهیدماندواوە! ئێ خۆ کوڕی تۆ شەهید نەبوە قوربان کوڕی ئەو داماوە ساویلکانەی کەدەیانێرن ئەوان بەکوشت دەدەن خۆشتان لەوەیە کوڕەکانتان لەدەرەوەبخوێنن وەخۆشتان و کوڕەکانتان باشترین سەیارەتان پێیە لەباشترین جامیعەن بۆخوێندن، بەڵام یەن کوڕی خەڵک دەنێرن دەی بەمە ڕازی مەبن، دەی بۆخۆت بچۆ یان کوڕەکەت بنێرە لەپێش خەڵک بڕۆ ئەوکاتە باسی ئەوەبکە جاکاتێک کەوادەڵێین بەوەش ناکرێت، لەوکاتەدا والله نەفەریک بۆی باسکردم وتی ماموستا لەوکاتەدا کەمظاهرەبوو کەلەدەرەوە جادەو شەقام شڵەژاوە ئەوپەڕی گەرمە وەزعەکە زۆر ترسناکە وتی چومە شوێنێک بەحوکمی ئەوەی من موهەندیس بوم بانگکرابوم بۆ تەندەرێ نازانم چ مشروعێکیان بۆدابنێم، وتی کەچوم مسئولێکی حزبی دەسەڵات لەگەڵ مسئولێکی حزبی باڵای ئەو حزبەی ئەو خەڵکەی لەسەرجادەیە دانیشتون پێدەکەنن پێکەوە مشروعەکە پێکەوە باس دەکەن چەن بۆ ئەمان بێت و چەند بۆ ئەوان بێت وتم ئەی سبحان الله ئەمە چیە

ئێ ئەوە لەدەرەوە ئەو خەڵکە فەقیرە هاندراوە شحن کراوەو پەمپ دراوە هی ئەو برادەرە کەچی کاکیشم هێشتا جارێ خەریکن بۆ ئەوەی بزانن چەنێک وەردەگرن و چەنێک بۆ ئەوان بێت و چەنێک بۆ ئەمان بێت میللەت چی لێدێت با لێی بێت، جاکاتێک بەخەڵک دەڵێین بەتایبەتی ڕوی دەمم لەوکەسانەیە کەباسی دینداری دەکەن ئەمما کەسێک کە گاڵتەی لەدینداریتی دێت یان هەر بەزمان موسڵمانەو نیفاق پڕ لەدڵیەتی و حقدی هەیە بەرامبەر بە اسلام و موسڵمان ڕوی دەمم لەوان نیە چی دەکەن بابیکەن، بەس کاکی دیندار کە دەتەوێ شوێن یوسف بکەویت لە وەرگرتنی دەسەڵات و پۆست بەخوا یوسف بەمظاهرە بەدەستی نەهێنا، یوسف بە ئاژاوەگێڕی بەدەستی نەهێنا، دیارە یوسف بەچی ئەو مەقامەی پێ بەخشی بائێمەش چاکەکاربین با عیلممان زیاتر بکەین بۆ ئەوەی سود بەخەڵک بگەیەنین و محسن بین نەک بۆ ئەوەی پلەو پۆست وەربگرین ئەگەر من یان تۆ یان هەر یەکێکمان ئەهل بین شیاوبین شایستەبین خوای گەورە دەتخاتە ئەو شوێنە ئەگەر خێری پێوەبێت بۆ خۆت ئەگەر خێریشی پێوەنەبو داوای مەکە لێی ڕاکە نەتەوێ، وەوەک لەوتاری جومعەش باسم کرد تۆ خۆت مسئولیت لەسەر خۆت خوای گەورە محاسبەت دەکات لەسەر خۆت خۆت ڕزگار بکە لەگومڕابون لەسەرلیشێواوی لەعذابی خوا ئەمما ئەومیللەتە هەموی ئەبێ من چاکی بکەم کوا بەتۆ چاک دەبێ براکەم کثر الخبث بۆیە ئەوەی لەتواناتدایە لەخۆتەوە دەست پێبکە باخۆمان چاک بکەین وردە وردە إن شاء الله، مسئولیش نین خوای گەورە محاسبەمان ناکات ڕۆژی قیامەت؛ چونکە قەزیەکە زۆر لەوە گەورەترە تۆ بەو سادەییە باسی دەکەیت، ئێستا وادەزانیت کۆمەڵێ کەسی دڵسۆزو خەم خۆرو دەست پاک ئەوانە لەمستەوای بەرز دەیانەوێت قەزیەکە چارەسەر بێت بەڵام نازانم چی، کورە برام هەموی بەرژەوەندیە و هەموی کۆمپانیایە هەموی پارەو

پولێکی گەورە لە ئارادایە بەڵام وادەزانی بەو سادەییە تۆ لاچۆو من دێم دادەنیشم و ئەو دابنیشێت و تۆ گەندەڵی و وادەزانیت هەزار ساڵ بڵێیت گەندەڵیت هیچ سودی نیە ڕێکەوتنەکان هەموی تەواو بوە داخلی و خارجی ئیدی بۆخۆت بەشتێکەوە مشغول دەکەیت کە لە غەیری خۆ ماندو کردن هیچ نیە، والله لەگەڵ گەندەڵی نین وەئەوەتا لەم دەرسەش و لە غەیری ئەم دەرسەش دەیڵێین ئەوانەی گەندەڵی دەکەن و ئەوانەی ماڵی میللەت دەخۆن و ئەوانەی زوڵم لەمیللەت دەکەن والله ڕۆژێکی ڕەش هەر لەدونیا چاوەڕێیانە، چی بەسەر سەرکردەکانی پێشودا هات باچاوەڕێی بن وە ئاگری جەهەنەمیش بۆ قیامەت ئەگەر تەوبە نەکەن، ئەوەنەبێ ئێمە دەستخۆشی لەگەندەڵی بکەین بەڵام ناشمانەوێ خوێنی میللەتیش بەهەدەر بدرێت و تیادا بچن بە بەلاش ئەگینا قەت لەگەڵ زوڵم و گەندەڵی نین لەگەڵ ئەوەین کەشوێن یوسف بکەوین و شوێن محمد بکەوین

-ﷺ- شوێن پێغەمبەران بکەوین خەمی قیامەتمان بێت وەخەمی دینەکەمان بێت والله خەمی میللەتمانە، یوسف -ﷺ- بەس بە ئامۆژگاری ئیکتیفای نەکرد کارێکی گرتە دەست کە سود بەخەڵک بگەیەنێت والله هەر یەکێ لەئێمە بتوانێ سود بگەیەنێ بە موسڵمانان پێویستە بیگەیەنێت، بەڵام چ کاتێک توانی کە کرا بەگەورەی خەزێنەکانی مصر، بەڵام لەمڕۆدا سەیر لەوەدایە خەزێنەو پارەو هەرچی داهاتی وڵات هەیە لەبەردەستی خۆیانە ئەوجا تعلیق و گلەیش کاکە ئێوە چیتان کردوە بۆ ئەم وڵاتە ئێ بەچی بیکەم بە قەڵەم بیکەم! یان بەچی چۆن بیکەم؟ بۆ پارە لەدەست منە! دەی ئێوە قوتابخانەیەکتان کردوە دەی ئێوە کارەباتان بۆ خەڵک نەکردوە ئێ باشە بەچی بیکەم من؟ چی داهات و خەزائینی وڵاتە لەبەردەستی خۆتانە خۆ بەدەستی ماموستای ئایینی نیە تابیکات، لەسەرتۆ واجبە

بیکەیت پارەیەکت لەبەردەستە کەنەیکەت بۆ دونیاشت و بۆ دوارۆژیشت زەرەرتە کەیفی خۆتە.

**وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ ﴿٥٨﴾**

دەرسی ڕابردوو وتمان کۆتایی میحنەتەکانی یوسف بوە -ﷺ-، وە ئەوە بەسەر چوو کە لەناڕەحەتیدابێت، بخرێتە ناو بیرەوە یان هەوڵی کوشتنی بدرێ یا بخرێتە سجنەوە، ئێستا یوسف هاتۆتە دەرەوەو ئێستا خوای گەورە تمکین و دەسەڵاتی پێ بەخشیوە، وەکو وەزیرێکی کاراو کاربەدەست کە دارایی و کشتوکاڵ و بواری ئابوریی هەموی لەبەردەستی خۆیەتی ئەو نەخشەیەی کە دایناوبوو دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی، فعلا حەوت ساڵ لەسەر یەک، هەر پارچە زەویەکی وڵاتی مصر هەبوبێ یوسف -ﷺ- زرعاتی تیا کردوە، حەوت ساڵی خۆشی بوو کەباران هەیە لە زەویەکی پیت و بەرەکەتدا یوسف -ﷺ- زرعاتی کرد لەوڵاتی مصر، دوای حەوت ساڵەکە طبعا هەموشی لە گوڵەگەنمەکانی خۆیدا هەڵی گرتوەو عەمباری کردوەو خەزنی کردوە،چۆن خۆی نەخشەی کێشا بەو شێوازە کەمێک نەبێت کە ڕۆژانە پێویستیانە بۆ خواردن و بۆ میللەتی مصر لەوە زیاتر بەهەدەری ناداو ئیسرافی تیادا ناکات، حەوت ساڵی خۆشی ڕۆیشتن حەوت ساڵی وشکە ساڵی گرانی ڕوی کردە وڵاتی مصر و وڵاتانی تریشەباران نیە، زرعات نیە،خەڵک مانگێ ساڵێ دوساڵ خۆی بۆ دەگیرێت ئێستا حەوت ساڵە گرانی وە وشکانی ڕوی لەوناوچانە کردوە، نەک تەنها مصری گرتۆتەوە بەڵکو وڵاتانی دەوروبەریش، بەڵام مصر کێشەی نیە،؛ چونکە بەفەضلی خوا لەپاشان بەهۆی سیاسەتی دانایی و حکیمی یوسف توانی لەو ساڵە قەیرانیانەدا هیچ خەڵکی مصر هەست بە قەیران و بەگرانی و بە وشکانی نەکات، ئەوەندە خەزێنەی داناوە

کەئێستا بیخوات و پێشکەشی میللەتەکەی بکات، بەڵام وڵاتانی دەوربەر چی بکەن؟ ئەوانیش ئەو وەزیرە حفیظە علیمە ئەمینە زانایە دەست پاکەیان نیە هەمان ئیشی یوسفیان بۆ بکا بۆیە گرانی باڵی بەسەر وڵاتانی تردا کێشا یەکێک لەوانە فەلەستین بو ئەو شوێنەی کە باوک و براکانی یوسفی لێن علیهم الصلاة والسلام، کەنعان ئەو ناوچەیەیە کە یعقوبی تیادایە -ﷺ- گرانی زۆری بۆهێناو وە خەبەری باشی یوسف و وڵاتی مصر بڵاو بۆتەوە بەسەر وڵاتانی دەوروبەردا کەلەمصر الحمدلله گرانی نیە لەمصر نەک تەنها بۆخۆیان ارزاقیان هەیە خەبەر بڵاوبۆوە لەوڵاتانی تر کە هەرکەسێ بچێ بۆ مصر دەتوانێ ئەرزاق لە مصر بکرێت، خۆتان دەزانن لەکاتی گرانیدا دیناورودرهم و دۆلار سودی نیە خۆ ناخورێت با قاسەیەکت هەبێ پربێ لە ئاڵتون کە گەنم نەبێ جۆ نەبێ خواردن نەبێ چی لێدەکەی، ئێستا خەڵک لەوڵاتانی تر وەکو نقودو پارە هەیانە بەڵام ڕزق نیە لەمصرهەیە، بۆیە لەهەموو وڵاتانەوە خەڵک ڕوودەکاتە مصر خزائن الارض بۆ ئەوەی بەو پارەیەی کەهەیانە بچن رزقێک بکڕن لەمصرو بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، یوسف -ﷺ- خۆی سەرپەرشتی ئەو کڕین و فرۆشتنە دەکات، وەزیری سەرکەوتو کارا ئاوایە، یعقوبیش -ﷺ- کەدەبیستێت لەوڵاتی مصر الحمدلله رزق هەیە کوڕەکانی دەنێرێت دەکوڕی دەنێرێت جگە لەبنیامین برای دایک و باوکی یوسف ئەو نانێرێت دڵی نایەت، دەکوڕەکەی تری دەنێرێت دەی ڕۆڵە ئێوەش پارە ببەن و بڕۆن بۆ مصر وەک ئەو خەڵکی شارو دێهات و وڵاتانی تر رزقێک لەوێ بکڕن و بیهێننەوە بۆخۆتان و خێزان و کەس و کارتان.

{وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ} کاتێک کەبراکانی یوسف هاتن {فَدَخَلُوا عَلَيْهِ} چونە ژورەوە بۆلای یوسف؛ چونکە وتمان یوسف -ﷺ- خۆی سەرپەرشتی ئیشەکەی دەکرد نەک وەزیر بیداتە مدیر عام وهەر یەکەی بیداتە ئەوەی تر تادەگاتە

فەرِاشێک و دوایی ئیشەکە وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت و گەندەڵی تیادەکرێت، دەبینین جاری واهەیە پرۆژەیەکە حکومەت دەڵێ قوتابخانەیەکم دەوێ دروست بکرێ،جادەیەکم دەوێ لەنێوان لادێ و شاردا دروست بکرێت چەنێک پێویست دەکات ئەی خەبیرەکان ئەی مقاولەکان پارەیەکی زۆر زەخم داوا دەکەن ئەو پرۆژەیە ئەوەنە داوا دەکات حکومەت پارەکەیان بۆ دابین دەکات، ئەو پارەیە کەوتە دەستی یەکەم، یەکەم بۆخۆی نایکات دەی دانەیەکی تر دەگرێت لێم دەکرِیتەوە ئەو مشروعە! بابڵێین خۆی بە ٥٠٠ دەفتەر دۆلار گرتویەتی ئەوەندەی لەحکومەت وەرگرتوە دەڵێ لێم دەکرِیتەوە بە ٢٠٠ دەفتەر دۆلار! ئەگەر بە ٢٠٠ یش بیکرِێتەوە کابرای کە دەیکا هەر قازانجێتی؛ چونکە ئەوانە رقمی خەیاڵی لێدەدەن ئەوە بە ٢٠٠ فرۆشتێوەو ٣٠٠ی خستە گیرفانێوە جارێ هیچی نەکردوە، مقاولی دوەم یەت سێیەم کەس هەیە لێم بکرِێتەوە بە ١٥٠ دەفتەر! تاوای لێدێت قیمەتی نامێنێت بەڵام ئەوەش کەدەیکات دەڵێ هەر خێری لێدەکەم کە کوالێتیەکەی کەدایاناوە لە ١٠٠% بۆ ٥% ی دەکەن جادەیەکە کەبۆت دەکەن بۆیە دوای مانگێک هەڵتەقی، دیوارە بۆی کردوی دوای ماوەیەک کاشێکەی فرِێی دەدات کاشی نازانم چی ترتیبات و کارەبای چی؛ چونکە سەرپەرشتی ئیشەکان ئاوا دەرِوات؛ چونکە کەسە گەورەکان خۆیان سەرپەرشتی وردی ئیشەکان ناکەن، یوسف خۆی سەرپەرشتی دەکات بۆیە کرِیار کەدێت یەکسەر بۆلای یوسف دەچێت یوسف وەزیرە، {فَعَرَفَهُمْ} کەچونە ژورەوەبۆلای یوسف یەکسەر فعرفهم (فاء) واتە بێ دواکەوتن و بێ لێ وردبونەوە یوسف ناسینیەوە.

{وَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ} ﴿٥٨﴾بەڵام ئەوان یوسف ناناسنەوە؛ چونکە ئەگەر تۆ برایەکی خۆت هەبێ کەتۆ تەمەنت بۆنمونە ٣٥ ساڵە براکەی تۆ بۆنمونە ٥ ساڵە ئێستا تۆی ٣٥ ساڵ دوای ٣٠ ساڵی تریش ببینرێیتەوە گۆرِانکاریەکی وات بەسەر

نەهاتوە؛ چونکە پیاو کەگەورە بوو بالغ بو تەمەنی هات گۆڕانکاریەکان کەمە دەنا ئەو مەلامیح و شکل و شێوازی دەموچاو وەک خۆی دەمێنێ بەڵام منال دەگۆڕێ، بۆیە یوسف براکانی پیاوبون کاتێ کەبینیونی،کەبینینی یەکسەر ناسینیەوە بەڵام ئەوان لەبەر چەند هۆکارێک یوسفیان نەناسیوە.

یەکەم: چونکە ئەو منال بو ئێستا ئەو گەورە بوە ٤٠ ساڵ ئەم مێژوە ٤٠ ساڵی بەسەرداتێپەڕیوە وەک هەندێ لە مفسرون دەفەرمون، ئێ باشە دوای ٤٠ ساڵ مەوزوعەکە وا ئاسان نیە ئێستا بیناسنەوە.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەوان پێشبینیان نەدەکردئەوان بە کۆیلەیەتی فرۆشتیان بەنرخێکی کەم ئێستا وەکو پادشایەک تصرف دەکات لە زەوی مصردا هەر خەیاڵ و عەقڵیان بۆ ئەوە نارِوا، ئەوان کە فرۆشتیان بوە کۆیلە تەواو ئێ چۆن کۆیلە لەو مەرتەبەیەدا دەبێت.

سێیەم: ئەوجلەی کەلەبەری یوسفدایە وەکو وەزیرێک ئەو شکڵو شێوازەی کەتیایدایە جیاوازە بۆیە هەر بەخەیاڵیاندا نەدەهات.

چوارەم: وەک مظلوم ظالمي لەبیرە ظالم مەظلومي لەبیر نیە، بۆنمونە ظاڵمێک جەرگی هەزار دایکی سوتاندوە ئێستا ئەودایکە جەرگ سوتاوە هیچیان ناناسێت بەڵام کوللی دایکێکی جەرگ سوتاو ئەو ظاڵمەیان لەبیرناچێت، براکان ظاڵم بون بەڵام یوسف مظلوم بوو، یوسف چاک دەیانناسێتەوە بەڵام ئەوان هەر لەبیریان نەماوە، پیشەی ظاڵم پەنا بەخوای گەورە یەکێ لەوانە کە فیرعەون بو، فیرعەون دەیان و سەدان منالی کوڕی بنو اسرائیلی کوشت هەر کە ئەنەما ئاو خواردنەوەیە، بەڵام دوایی موسا -ﷺ- ڕۆژێکیان لەماڵەوە دێتە دەرەوە دەبینێ یەکێکی بەنوئیسرائیلی لەگەڵ نەفەرێکی جەماعەتی (قیبطی) جەماعەتی فیرعەون شەڕێتی وە هاواری بۆ موسا هێنا ئەوەی کە لای موسایە موساش مستێکی لێدا

کوشتی مرد، کە ئەوە بو بۆ ڕۆژی دوایی خەریبو دووبارە بێتەوە ڕایکرد موسا، کەدوایی دەگەڕێتەوە بۆلای فیرعەون دەڵێ {وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي} [الشعراء: ١٩]لەبیرتە تۆ چ تاوانێکت کردوە، فیرعەون بیری نیە کەخۆی چ تاوانێکی کردوە،خۆی سەدان منالی کوشتوە هیچ مشکیلە نیە،بەلام بەموسا دەڵێ تۆلەبیرتە چ تاوانێکت ئەنجام داوە، ئنجا ظالم و ستەمکارەکان ئاوان بۆخۆیان هەرچی ماڵی خەڵکە بیخۆن و هەرچی خوێنە بیرێژن و هەرچی جەریمەتە بیکەن هیچ نیە، بەلام هی تۆ شتێک پێچەوانەش نەبێت کاکە تۆ لەقانون و یاسا لاتداوە تۆ ئاگات لێیە چیت کردوە! بەو شێوازە مامەڵە دەکەن، بەهەرحاڵ ئێستا یوسف براکانی ناسیەوەو ئەوان یوسف ناناسنەوە سبحان الله بیهێنە پیش چاوت ٤٠ ساڵ ئەو میحنەتە بەردەوامە بەڕاستی پێغەمبەران بەصەبر بون علیهم الصلاةوالسلام بۆیە پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەفەرموێت:اشد الناس بلاء الانبياء لەهەموو کەس کە نارەحەتی زیاتر بینیوە پێغەمبەرانە ثم الامثل فالامثل دوای ئەوان کێ زیاتر دەست گرتوبێت بەڕێبازو سونەتی ئەوان زیاتر نارەحەتی دێتە پێش ٤٠ ساڵ لەباوکت و برات دووربیت ئەو باوکە چۆن تحمولی کرد لەکاتێکیشدا دەزانێت یوسف ماوە،؛ چونکە ئەو خەوەی کە یوسف بینی باوکی پێغەمبەرە دەزانێ دێتە جێ بەس وەرە چل ساڵ بێسەرو شوێن نازانێ لەکوێیەو دورەلێی.

**وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَكُمْ مِنْ أَبِيكُمْ ۚ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ وَأَنَا خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ ﴿٥٩﴾**

{وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ} یوسف-ﷺ- کاتێک کە ئامادەی کردن پارەکەی لێوەرگرتن رزقەکەی پێدان بەگەنجەکان ئەوانەی کە ئیش دەکەن لەبەردەستی وتی دەی بارو شتیان بۆ ئامادە بکەن و یوسف پێی فەرمون ئێستا ئەوە کرین و

فرۆشتنتان تەواو بوو {قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَكُمْ مِنْ أَبِيكُمْ} بەڵام مەرجی من ئەوەیە برایەکی باوکی خۆتان بێنن بۆجاری داهاتوو، باشە چۆن زانی جاری داهاتو دێن؟ وە چۆن زانی برایەکی باوکیان هەیە و لەدایکیان نیە؟

قورئان ناچێت مەسرەحی و تەمسیلی و فلیم بکات هەموو شتەکان بەوردی باس بکات، هەندێ شت هەیە باسی ناکات بەڵام مرۆڤی عاقڵ تێی دەگات، زانایان دەفەرمون لێرە هەندێ زنجیرەی پچڕاو هەیە کەهەموو عاقڵێک تێی دەگات وەزانایانی تەفسیر باسیانکردوە دەڵێن کاتێ کە ئەو دەبرایە هاتن یوسف ناسینیەوە دەیەوێ نەخشەیەک دابنێت بۆ ئەوەی بگات بەو نتیجەیە وتی ئێوە کێن؟ وتی ئێمە هاتوین بۆ شت کڕین، وتی کێ ئەڵێ ئێوە بۆشت کڕین هاتون کێ دەڵێ ئێوە جاسوس نین چۆن باوەڕتان پێ بکەم؟

ئێوە خۆتانم پێ بناسێنن بزانم ئێوە کێن ئەصل و فەصڵتان، وتی کاکە جاسوسی چی و پیاوخراپی چی وتیان ئێمە کوڕی یعقوبین کەپێغەمبەری خوایە ئێمە دوانزە براین نەک جاسوس بین،ئەی کوا دوبراکەی ترت؟ دەڵێن یەکیان لە صحرا لەدەشت گورگ خواردی و ئەی ئەوەی تر؟ ئەوەی تریش باوکمان دڵی نایەت دوای ئەوەی ئەو برایەی لەهەمومان بچوکتربو ڕۆیشت دڵی نایە ئەویان لەخۆی جیا بکاتەوە، ئێ باش ئێوەم ناسی کەواتە ئێوە لەبنەماڵەیەکی ڕەسەنن بەڵام بۆ ئەوەی باوەڕتان پێبکەم کە ئێوە فعلا ڕاست دەکەن لەو قسەیەتاندا جاری داهاتو دەبێ براکەی ترتان بێنن بۆیی بزانم ئەو قسانەی لەگەڵ من کردتان ڕاستە، ئایا ڕاستە برایەکتان هەیە لەباوکتان؟ کەڕاست نەکەن جارێکی تر من سیقەتان پێناکەم، برایەکی ترتان کەلەباوکتانە بیهێنن {أَلَا تَرَوْنَ} ئایا نابینن ئێستا ئێوە {أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ} من چۆن کێشان و پێوانەکە بەتەواوی و مەزبوتی بۆتان دەکەم غەدرو فێڵتان لێناکەم حەقی خۆتان بەتەواوی پێدەدەم {وَأَنَا خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ}

﴿٥٩﴾ سەرەڕای ئەوە من باشترینی خانەوادەم کەڕێز لەمیوان دەگرێت، چ ڕێزێکم لێگرتون چ میوانداریەکم کردون، واتە ئێوە سیقەتان بەمن هەیە دەزانن کە من فێڵتان لێناکەم بۆیە مطمئن بن، ئەوە تا ئێرە ترغیبە واتە هانیان دەدا بۆ ئەوەی براکەیان بێنن، ئنجا هەڕەشە دەست پێدەکات لە یوسفەوە حریصە لەسەر ئەوەی براکەیان بێنن، خطەی هەیە خۆی کەشف ناکات جارێ.

## فَإِنْ لَمْ تَأْتُونِي بِهِ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدِي وَلَا تَقْرَبُونِ ﴿٦٠﴾

{فَإِنْ لَمْ تَأْتُونِي بِهِ} ؛ چونکە دڵنیابن ئەگەر نەیهێنن بۆلام جاری داهاتو خۆ نەیوتوە کێیە ئەو جارێ بەس بۆئەوەی ئەو قسانەی پێیان وتوە کە ڕاست دەکەن کە نەیهێنن {فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدِي وَلَا تَقْرَبُونِ} ﴿٦٠﴾ فەرمووی ئەوە هیچ کێشان و پێوانتان لای ئێمە نیە نەیەنەوە دەشزانێت محتاجن خەڵک دەبێ بێتەوەجگە لەمصر هیچ شوێنی تر رزقی لێنیە چاک دەزانێت دێنەوە، وتی نەبێنەوە بۆکڕین و فرۆشتن وە لەمن و لەمصریش نزیک نەبنەوە تەواو دیارە ئێوە ڕاست ناکەن و درۆزنن باوەڕتان پێناکەم نەیەنەوە جارێکی تر، واتە بەشێوازێکی واحەکیمانە قەزیەکەی واطەرح کرد گومانی هیچی لێناکەن متمانەی تەواوەتیشیان پێی هەیە وەخستنێ نێوان خوف و رجاء.

## قَالُوا سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ ﴿٦١﴾

{قَالُوا سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ} وتیان هەوڵ لەگەڵ باوکی دەدەین، وەک ئەوەی برای ئەوان نەبێت، ئێمە هەوڵی زۆر دەدەین لەگەڵ باوکی {وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ} ﴿٦١﴾وە ئێمە بەدڵنیاییەوە ئەوکارە دەکەین کە دەفەرموێ {سَنُرَاوِدُ} هەوڵ دەدەین واتە قەزیەکە دیارە وا ئاسان لەدەستی باوکیان نابێتەوە دەزانن باوکیان بەئاسان

تەسلیمیان ناکات و متمانەی پێیان نیە ئێستا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر یوسف خطەی تری هەیە.

وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ اجْعَلُوا بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انْقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٦٢﴾

{وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ} گەنجەکان کەلەبەردەستی یوسف ئیش دەکەن پێی وتن: {اجْعَلُوا بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ} ئەو پارەیەی کەهێناویانە کەبەهای رزقەکەیە کەپێیان داوم بیخەنەوە ناو گەنمەکەیان و ناو بارەکەیان خودی پارەکەی خۆیان بەهەمان تورەکەی خۆیان بۆیان بخەنەوە ناو بارەگەنمەکەی خۆیانەوە، {لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انْقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمْ} بەشکو کە گەڕانەوە لای کەسوکاریان و بارەکانیان کردەوە گەنمەکەیان دەرکرد پارەکەش دەدۆزنەوە دەیناسنەوە هی خۆیانە ئێ بەوە چون گەنمیان کڕی ئێستا ئەم پارەیە بۆ هاتۆتەوە؟

{لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} ﴿٦٢﴾ بۆیەش خستیەوە ناو بارەکەیان بەشکو بگەڕێنەوە؛ چونکە دەزانێ براکانی حەرام خۆر نین حەسودی وای لێکردن ظلم لەیوسف بکەن، بەڵام خۆ دزنین و حەرام خۆرنین براکانی کوڕی پێغەمبەرن ناچن بڵێن ئەی بەخوا چاکە پارەکەشمان بۆ گەڕایەوە ئەمەش تەفسیرێکیتی کە بزانن پارەکە گەڕاوەتەوە بۆیان دین و ئیمانەکەیان وایان لێدەکات کە بگەڕێنەوە جارێکی تربۆئەوەی ئەو ئەمانەتە بێننەوە بۆلای یوسف، تەفسیری دووەم ئەوەیە کە حەریص بوو لەسەر گەڕانەوەیان وتی نەکا باوکم و براکانم پارەی تریان نەبێ و نەتوانن بێنەوە بۆیە ئەو پارەیەیان دەدەمێ بۆئەوەی جارێکی تر بەو پارەیە بگەڕێنەوەو شتم لێبکڕنەوە جارێکی تربێنەوە، تەفسیری سێیەمیش بۆ ئەوەی تەواو

متمانەم پێبکەن کە دەزانن پارەکەشم بۆ گەڕاندونەتەوە هەست بکەن کەمن دەمەوێت چاکەیان لەگەڵ بکەم بۆیی دیسان بێنەوە.

فَلَمَّا رَجَعُوا إِلَىٰ أَبِيهِمْ قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٦٣﴾

لای یوسف -ﷺ- هەستان کەوتنەوە ڕێ بەرەو کەنعان بۆلای کەسوکاریان {فَلَمَّا رَجَعُوا إِلَىٰ أَبِيهِمْ} کاتێ کە گەڕانەوە بۆلای باوکیان {قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ} وتیان ئەی باوکمان خەبەرێکی ناخۆش ئەویش ئەوەیە لێمان قەدەغەکرا جارێکی تر لەوێ شت بکڕین {فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا} دەی براکەی خۆمانمان کە بنیامینە لەگەڵمان بنێرە ئەوە مەرجی پادشایە {نَكْتَلْ} بۆئەوەی بچین لەوێ کێشان و پێوانە بکەین و شتیان لێ بکڕینەوە {وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ} ﴿٦٣﴾ وەئێمە بۆ ئەوپارێزەردەبین، واتە مەرجی ئەوەی کەجارێکی تر ئێمە بتوانین شت بکڕین ئەوەیە کە براکەمان لەگەڵ بنێری ئەوە مەرجی عەزیزی مصرە ئێستا واتا یوسف بۆتە عەزیزی مصر و ئەوە مەرجەکەیەتی مرۆڤیش دەبێت پابەندبێت بەمەرجەوە، وە بەباوکیان وت ئێمە دەیپارێزین.

قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَىٰ أَخِيهِ مِن قَبْلُ ۖ فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿٦٤﴾

{قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَىٰ أَخِيهِ مِن قَبْلُ} یعقوب فەرمووی لەئێوە ئەمین بم لەسەر ئەم کوڕەشیانم بینێرم هەرووەک چۆن ئەمین بووم لێتان پێشتر لەسەر براکەی کە یوسف بو! واتە ئەمین نیم هەرووەک چۆن لەگەڵ براکەی غەدرتان لێم کردو خیانەتتان کرد ئەمەش وا لێدەکەن چۆن سیقەتان پێبکەم؟

{فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا} زانایانی تفسیر دەفەرمون ئەوە دەگەیەنێت کە فعلا باوکیان نەرمکرد، ئەی باوکە ناکرێ نەیبەین، کەنەیبەین دەتەوێ هەموو خێزانەکە لەبرسا بمرێ، کەنەیبەین هیچمان ناداتێ، باوکیان نەرمکرد بۆیە فەرمووی {فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا} خوای گەورە باشترین پارێزەرە و لەمن باشتر دەیپارێزێت، من لای خۆم بیهێڵمەوە بڵێم دەیپارێزم نا خوای گەورە پارێزەرێکی باشترە بۆ ئەو کورەشم {وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} ﴿٦٤﴾ خوای گەورە لەهەموو بەبەزەییەکان بەبەزەییترو بەرەحم ترە، بۆیە بڕیاری دا کە کورەکەی بنێرێت.

وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ۖ قَالُوا يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي ۖ هَٰذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا ۖ وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ۖ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾

{وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ} کاتێک کە بارەکانیان کردەوە {وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ} بینیان کە تورەکەی پارەکەیان کە رزقەکەیان پێکڕیبو بۆیان گەڕێنراوەتەوە، {قَالُوا يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي} ئەوجا لەخۆشیا وتیان باوکی ئێمە لەوە زیاتر چیمان دەوێت {هَٰذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا} ئەوەش پارەکەمانە بۆمان گەڕێنراوەتەوە، سەیرکە ئەوپیاوە چەن پیاوێکی باش و ئەمین و سیقەیە بۆدەترسی براکەمان لەگەڵ بنێری لەوە زیاتر چیت دەوێ، سەرەڕای رزقەکە پارەکەشی بۆگەڕاندوینەتەوە، {وَنَمِيرُ أَهْلَنَا} دەی لەگەڵمان بنێرە باخواردن بکڕین بۆ کەسو کارمان {وَنَحْفَظُ أَخَانَا} وە دڵنیاشبە ئێمە براکەمان دەپارێزین {وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ} وە هەروەها باری وشترێکیش زیاد دەبێ بۆمان کەبراکەمان لەگەڵ بێت؛ چونکە سیاسەتی یوسف وابوو چەند کەس هاتبا ئەوەنە بارە حوشتر رزقی دەبردەوە ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی نەک نەفەرێکەو دەبندیواری بۆ نوسراوەو

حسابی چەند کەسی بۆکراوە، وڵات بەهۆی ئەووەوە توشی قەیران و ناعەدالەتی دەبێت یوسف؛ چونکە ساڵ ساڵی گرانیە کللی کەسێک کەیەت باری یەک حوشتری دەداتێ تەواو زیاتر نیە کێ دەیەوێ با هەوڵ بدا و خۆی ماندو بکات، نەک وڵاتێ بەتەنها بێت بڵێ من باری هەزار حوشترم دەوێ نایانداتێ ئەی وڵاتانی تر چیبکەن بۆیە بەعەدالەت تەوزیعی دەکات .

{ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ} ﴿٦٥﴾ ذلک اشارەتە واتە باری حوشترێکی ترمان باتێ ئاسانە بۆ پادشا دەیدات ئەوەنەبێ داوای زۆر بکەین دەیدات کە براکەمان لەگەڵبێ خۆشی داوای کردوە کەبچێ کە ئەوەش لە بەرژەوەندیمانە بارێکی تریش رزق بێنین، تەفسیری دووەم {ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ} ﴿٦٥﴾ ئەوەی کەهێناوومانە ئێستا کەمە ئەی باوکە با براکەشمان بەرین و زیاتر بێنین.

قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِنَ اللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ ۖ فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٦٦﴾

{قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِنَ اللَّهِ} بریاری داوە کەئێستا بنیامین بنێرێ بەڵام داوا دەکات دەفەرموێ نایێرم لەگەڵتان تاوەکو بەڵێنێکی پتەوم لەلایەن خواوە پێ نەدەن واتا سوێن بەخوا نەخۆن بۆم کە ئێوە ئەو برایەتان دەپارێزن و بۆم دەگەڕێننەوە نایێرم لەگەڵتان {لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ} ئیللا مەگەر لەدەسەڵاتی ئێوەدا نەمێنێ لەدەستان دەرچێ قەزیەکە ئەوکات شتێ لەدەسەڵاتتان نەبێ داواناکرێ لێتان لەومەناکرێن و گلەیشتان لێناکرێ، بەڵام تا لە دەسەڵاتی ئێوەدابێت دەبێ سوێندم بۆ بخۆن و بیهێننەوە، زانایان دەفەرمون:زۆر بەڵا هەیە بەزمانی خۆتەوە بەسراوەتەوە، یوسف -ﷺ- فەرمووی سجنم پێخۆشترە خوا خستێ سجنەوە، یعقوب دەفەرموێ ئیللا لەدەسەڵاتتاندا نەمێنێ فعلا

لەدەسەڵاتیان نەماو ئێستا کە قصەکەی دێ ئەو کوڕە دەگێڕدرێتەوە لەمصر، بۆیە هەمیشە تفائل بالخیر دائما ئومێدی خێرو خۆشیت بەخوای خۆت هەبێت مەڵێ بۆ ئەو ئیشە دەڕۆم بەڵام دڵنیام ناکرێ ئێ بۆ وا ڕەش بینی، بڵێ دەڕۆم و ئومێدم وایە خوای گەورە بۆم دەکات إن شاء الله، ئەوەندە خوا بەرەحمە بۆم ئاسان دەکات، وەک پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێت ئومێدتان بەخوای خۆتان بێت دەستان دەکەوێ خوا بۆت ئاساندەکات، یان باری دارایی وڵات تۆزێ تێک دەچێت مەڵێ بەخوا قەت باش نابێت وامەڵێ بڵێ إن شاء الله باش دەبێ خوای گەورە دەرگای خێری زۆرە، کەباوکی وای وت فعلا لەدەست خۆیان دەردەچێ

{فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ} ﴿٦٦﴾ کاتێ کەبەڵێنیان بەباوکیانداو سوێندیان بۆخوارد وتی دەی خوا شاهیدە لەسەر ئەو اتفاقیەی استا هەردولامان وتمان و کردمان کورە وریابن ئێستا خواتان کرد بەشاهید سوێندتان بەخوا خوارد ئەو کوڕەم بپارێزن، ئەوە ڕێکەوتن کراو کوڕەکانی ئێستا خۆیان ئامادە کردوە رحلەیەکی تر دەست پێدەکەن بەرەو مصر بۆ ئەوەی بچن بارێکی تر رزق بکڕن.

وَقَالَ يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ ۖ وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ۖ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾

لەدەرسی ڕابردوو لەوە کۆتایمان پێهێنا کە یعقوب -ﷺ- بەڵێن و پەیمانی لەکوڕەکانی وەرگرت کە کوڕە بچوکەکەی بپارێزن، سوێندی بۆ بخۆن کەبیگەڕێننەوە بۆی ئیللا مەگەر شتێک بەسەریانبێ کەلەتواناو دەسەڵاتی ئەماندا نەبێت، ئەمەش فێری قاعیدەیەکمان دەکات کە مرۆڤ کەمتەرخەمی لەشتێکا بێت

کەلەدەستی بچێت ئەوە بەرپرسە لێی وە تاوانبارە لەسەری، بەڵام کە لەدەسەڵات و تواناتدا نەبوو بەڵایەکی خوایی بێت و لەلایەن خواوە بێت مرۆڤ کەمتەرخەم نەبێت تیایدا هیچی لەسەر نیەو لەومەش ناکرێت لەسەری؛ چونکە دووجۆر بەڵاو تاقیکردنەوەو موصیبەت هەیە، بەڵایەکی سەماوی کەلەلایەن خواوەیە و بەڵایەک کەمرۆڤ خۆی بەسەر خۆی دەهێنێت، مرۆڤ کەدەست بەهۆکارەوە بگرێت هەوڵی خۆی بدات و کەمتەرخەمی نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵایەک لەلایەن خواوە هات قەدەری خوایە، ناکرێ لەومە بکرێ و بەرپرسیارێتی بخرێتە سەر، ئەمما کە کەمتەرخەمی خۆی تێدا بوو ئەوکاتە بەرپرسیارە، بۆیە یعقوب -ﷺ- پێغەمبەری خوایەو زانایەو تێگەیشتوە دەزانێت چۆن قسە دەکات، چ کاتێک کوڕەکانی بەرپرسن و چ کاتێکیش هیچ لەسەر ئەوان نیە، فەرمووی دەبێ بەڵێن بدەن سوێن بەخوا بخۆن بۆم دەگەڕێننەوە ئەو کوڕەم ئیللا مەگەر تەواو بەڵایەک بێت کە دەورتان بدات و بێ دەسەڵاتتان بکات و لەدەست خۆتاندا نەمینێت قەضیەکە ئەوکاتە چار نیە، ئەوانیش سوێندیان بەخوا خواردو بەڵێنیان بەباوکیان دا وە یعقوبیش فەرمووی خوای گەورە ئامادەیە و شاهیدە بەسەر ئەو ڕێکەوتنەی کە کردومانە، ئێستا دوای ڕازیبونی بەڕۆیشتنی کورە بچوکەکەی لەگەڵیان، کوڕەکانی هەر یانزەیان خۆیان ئامادە کردوە، دەیانەوی بکەونە ڕێ بەرەو مصر، سەفەرێکی دووورودرێژە بۆ وڵاتێکی تر دەڕۆن،بزانین وەصیەتی ئەو باوکە بەرێزە چیە بۆیان.

{وَقَالَ يَا بَنِيَّ} فەرمووی: ئەی ڕۆڵەکانم {لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ} کە گەیشتنە مصر، هەموتان لەیەک دەرگاوە مەچنە ژورەوە، بەڵکو لەچەند دەرگایەکی جیاوازەوە بڕۆنە ژورەوە، جاران هەموو شارێکی گەورە دیواری(سور)ێکی هەبو وەکو قەڵایەک بوو شار، سیاجی بۆ دەکرا دیواری دائیر

مادائیری شارەکەدا دەکرا بەرز وە چەند دەرگایەکی بۆ دەکرا لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو باکورو باشور ئاوا بۆنمونە چوار دەرگای بۆ دەکرا وەئەگەر شارەکە گەورەتر بوایە دەرگای زیاتری بۆ دەکرا وە بەشەو دەرگای شار دادەخرا بۆیە کە قافڵەیەک گەشتبایەتە ئەو شارە شەو گەیشتبا دەرگا داخرایە دەبوو بمێننەوە لەبەردەم دەرگا تا سبەی دەرگا دەکرایەوە ئەوکاتە بۆیان هەبوو بچنە ناو شار بۆ ئەمنیەتی شارەکان وابوو، ئێستاش لەهەندێ شوێن تەماشادەکەین ئەو دیوارە (سور) هەر هەیە ئەو دیوارەی کە دەوری شاری داوە، یعقوب -ﷺ- ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکات کە گەیشتنە شاری مصر ئەو شوێنەی کە یوسفی لێیە -ﷺ- هەمووتان لەیەک دەرگاوە مەچنە ژورەوە بەڵکو لەچەند دەرگایەکی جیاواز، واتە لەچەند دەرگایەکی نزیک یەکیشەوە مەچن، با دوودانەتان لەدەرگایەکەوەبێت و دودانەتان لەدەرگای دواترەوە نەک دەرگاکەی تەنیشتیەوە سیانتان لەدەرگایەکی ترەوە،لەبەردوولایەن:

لایەنی یەکەم: لەبەرچاوەزار(العین حق)چاوپیسی هەیە واقعە ئەوە کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی:« لَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ العَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا »[(٩)] ئەگەر شتێک هەبوایە پێش قەدەر کەوتایەتەوە ئەوە چاوپیسی دەبو بەڵام پێشی ناکەوێتەوە ئەوەی کەخوای گەورە نەینوسیبێت نابێت، بەڵام چاوپیسی هەیە، ئێستا کوڕەکانی یعقوب یانزە کوڕ هی یەک باوک هەمووی بەسواری وڵاخەوە کەلوپەلیان پێیەو لەیەک دەرگاوە دەڕۆنە ژورەوە، دەبێتە جێگای سەرنج ڕاکێشانی خەڵک ئەمە کێن ؟ ئەمان یانزە گەنج یانزە کوڕ ئەمانە هەمویان کوڕی یەک باوکن کوڕی یعقوب! ئێ ئەمە مەترسی

---

(9)- أخرجه الترمذی (٣٩٧/٤، رقم ٢٠٦٢)، وقال: حسن صحيح غريب .

هەیە بۆچاو، بۆیە فەرمووی جیاببنەوە پەرتەوازەبن لەچونە ژوردا، کە چونە ناوشار تەواو وەزعەکە لەگەڵ خەڵک تێکەڵ دەبن بەڵام لەچونە ژور لە دەرگا جیابن.

هۆکاری دووەم:ئەوەیە ئێوە یانزە کوری گەنج یانزە پیاو بەیەکجار لەیەک دەرگاوە بچنە ژور لەوەیە هەر دەرگاوانەکان گومانێکتان لی بکەن، باشە کێ نالێ ئەمانە عصابەیەکن ئەمانە کێ نالێ نەهاتون بۆخراپە!چونکە ئەگەر دووکەس بێ سێ کەس بێت چواریش بێت پێنجیش بێت مەترسیەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێ، بەڵام ئێستا یانزە پیاو بەدەرگایەکابێن هەموشیان بەیەکەوەن ئێ گومانی خراپیان لێ دەکرێت کە ئەوانە بۆنیەتێکی خراپ هاتبن، بۆیە خۆتان لەو گومانە بەدوور بگرن،کەواتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا دوو سود دەبینین:یەکەمیان چاوەزار هەیەو مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێ نیعمەتەکانت و جوانیەکانت هەموی مەخەڕوو بۆ خەڵکی؛ چونکە خەڵکانێکی چاو پیس هەیە و باسیشی مەکە لای خەڵک هەمووی پەنا بەخواش بگرە کەبتپارێزێت لەچاوەزار، کەواتە خۆ پاراستن بە دەست گرتن بە هۆکار بۆ خۆپاراستن لەچاوەزارو امثالی چاوەزار شتێکی ڕێگەپێدراوەو لەدیندایە ئەوەتا پێغەمبەری خوا یعقوب -ﷺ- ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکات بۆ ئەوەی بەچاووەنەبن.

سودی یەکەمیش:هەرشتێکیش کە توشی گومانی خەڵکت دەکات لێی دوربکەوەرەوە،کە دەزانن یانزەکەس پێکەوە بچنە ژورەوە دەبێتە جێگای تۆمەت و گومان و دودڵی و گومانی خراپتان لێبکەن با ئەو گومانەتان پێ نەبرێت خۆتان بەبڵاوی بڕۆنە ناو دەرگاکانەوە، زۆر جار هەیە بۆنمونە چەند کەسێکن بۆشوێنێک دەڕۆن بەیەکەوە کەدەزانیت بەو شێوازەتان بەو هەیکەلەتان گومان دروست دەکەن بۆ بەرامبەرتان وامەکەن بەو شێوازە مەبن، ئسلوبێکی حەکیمانە و دانایانە بەکاربێنە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت گومانت پێ نەبات.

وەهەروەها سودی دوەم: لەکلمەی {يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِن بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ} لە یەک دەرگاوە مەچنە ژورەوە، لەچەند دەرگایەکی لێک جیاوە بڕۆنە ناوەوە! دیقەت بدەن یعقوب کە باوکە، باوکایەتی چەند سۆزی هەیە بۆ منداڵەکانی ئەو دەکورەی چی نەما پێی نەکەن ئێستا واحساب بکە جەرگ سوتاوە،چۆن درۆیان لەگەڵ کرد فێڵیان لێکرد بێ وەعدیان لەگەڵ کرد یوسفیان لێی دورخستەوە، واش بەپەرۆشە بۆیان ئەوەیە باوک،ئەی ڕۆڵەکانم وریای خۆتان بن ئاوا بڕۆن بەو شێوازە بچنە ژورەوە، کەواتە ئەی کوڕان ئەی کچان ئەی منداڵەکان بزانن دایک و باوک یەعنی چی! تۆ هەرچەندە ئەزیەت و ئازاری دایک و باوکت بدەیت ئەوان هەر بەپەرۆشن بۆتان، بۆیە قەدریان بزانن و ڕێزیان بگرن.

بۆچی اکتفای نەکرد بەوەی کەوتی {لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ} کە بەس فەرمووبای بەس ئەوەندە لەیەک دەرگاوە مەچنە ژورەوە کەواتە تەواو زیاتر لەدەرگایەک، بەڵام ئەوکاتە لەوەیە وتبایان دوو دەرگا بەسە باوکمان وتی لەدەرگایەک مەچن کەواتە دابەش دەبین بەسەر دوو دەرگا نا دوو دەرگاش کەمە {وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ} ابواب جمع ە، واتە لەچەند دەرگایەکەوە بڕۆن ئەمە فێری ئەوەمان دەکات کە دەست بەهۆکارەوە بگرین، تینوتە ئاو بخۆرەوە، برسیتە نان بخۆ،نەخۆشیت دەرمان بەکاربێنە،دنیا ساردەجلێکی باش بکە بەرت، پێویستت بەکەسابەتە بجولێ و کەسابەت بکە، لەسەرو هەموشەوە پشت بەخوا ببەستە، نەک بڵێی ئەوەی خوا نەیکا نابێت زستانەو هیچ لەبەر ناکەیت، ئەوەی خوا نەیکا نابێ من ئاویش ناخۆمەوەو خوا نەیەوێ نەمرم نامرم، ئێ نابێ ئەمە دەست نەگرتن بەهۆکار ئەمە خەلەلە لەمرۆڤدا، والله منیش ئیش ناکەم ئەو ڕزقەی کەخوا داناوە هەر ئەوە دەبێت!ئەوە بێ عەقڵیە ئێ یعقوب -ﷺ- پێغەمبەری خوایەو عالمە فێری منداڵەکانی دەکات چۆن دەست بە هۆکارەوە بگرن وحذریان

هەبێت و وریابن کە لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانی بەوەیە ئەوەی کەخواش نەیکات نابێت بۆیە یەکسەر فەرمووی {وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ} بەڵام دڵنیابن کەمن ئەڵێم بەو شێوازە بڕۆنە دەرگاکانەوەو وریای خۆتان بن ئەوەمن هیچ نارەحەتیەکتان لەسەر لانابەم، وە هیچ سودێکتان پێ ناگەیەنم من، بلێی واللە کە ئێوە دەستتان گرت بە هۆکارەوە ئەوەی کەخوا بیەوێ نەبێت، نەخێر شتی وانیە وریابن، مانای ئەوەنیە کە ئەڵێین دەست بەهۆکارەوە بگرن واتە ئەو هۆکارە بەسە بەتەنها، نا، ئەوەی کە شتەکانی بەدەستە خۆشی و ناخۆشی ئێمە خوایە، نەخۆشیت بڕۆ دەرمان بەکاربێنە بەڵام مەڵێ دەرمانەکە چاکم دەکاتەوە،کەخوای گەورە ویستی لەسەر مردنی تۆبێت هەموو دکتۆری دونیا کۆبێتەوە ناتوانن عیلاجت بکەن،کەخوای گەورە ویستی لەسەر ئەوەبێت خێرێک توشی تۆبێت هەموو دونیا بیەوێ توشی ئەوەتکا ڕێت لێبگرێ لەوخێرە ناتوانن ڕێت لێ بگرن بۆیە یەکسەر فەرمووی {وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ} واتە من ناتوانم هیچ قەدەرێکی خوا لە ئێوە دوور خەمەوەو لایبەم بۆیە نەصیحەتتان دەکەم ڕۆڵەکانم عاقڵانەوژیرانە بڕۆن بەڕێدا بەڵام تەنها خوا شتی بەدەستە،وامەزانن کە ئێوە زۆرزان و عاقڵ و داناو حکیم بون تەواو هیچتان بەسەر نایەت، ئەها هەندێ کەس دەڵێت خۆم وریاو زیرەکم، وریای چی و زیرەکی چی! کە قەدەری خواهات هەموو زیرەکیێکەی تۆ کەڵکی فلسێکی نابێت بەخۆت مەنازە {إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ} قەضاو بڕیاروحوکم بۆ کەس نیە ئیللا بۆخوا نەبێت، کەخوا بیەوێت حوکم لەسەر تۆ بدات نەخۆش بکەویت نەخۆش دەکەویت، بمریت، دەمریت، بەرزبیت بەرزدەبیت، دابەزی دادەبەزیت ئەمە حوکمی قەدەری کەونیە {إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ} حوکم بۆ کەس نیە کەس ناتوانێت بڕیار لەسەر مەصیری کەسێک بدات ئیللا خوا نەبێت ئەمەش بەڕاستی ئیمانە بە قەضاو قەدەر وات

لێدەکات متمانەیەکت بۆ پەیدادەکات کەتۆ لەکەس نەترسیت ئیلا خوانەبێت، ماض في حكمك ئەی خوایە حوکمی من لەسەرتۆداجێبەجێیە سەد لەسەد بتەوێ بەرزم بکەیتەوە دەیکەیت، هەموو دونیا بیەوێ دامبەزێنێت دانابەزم، بتەوێت دامبەزێنی دادەبەزم ئەگەر هەموو دونیا دەستی پێمەوەبێ و بەرزمکات بەرز نابم؛ چونکە بڕیاردان لەسەر مەصیری خەلق بۆکەس نیە ئیللا بۆ خوا نەبێت کەواتە {عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ} بەس لەسەر خوا پشت دەبەستم کەسی تر نا، ئێ مادام حوکم بەدەست خۆی بێت ئێ ئایا بێعەقڵی نیە مرۆڤ ئومێدی بە غەیری خوابێت بۆیە ئەمە عیلمی پێغەمبەرانە و ئەمە عەقیدەی پێغەمبەرانە عليهم الصلاة والسلام فێریان دەکات دەست بەهۆکارەوە بگرن لەولاشەوە تێیان دەگەیەنێ و یقینیان بۆ دروستبێت کەهەموو شت بەدەستی خوایە حوکم حوکمی ئەوە، بڕیار بڕیاری ئەوە، خۆشیت بەنسیبت بێت لەلایەن خواوەیە، ناخۆشی بێت کەس ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە ئێ کەوایە {عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ} بەس پشت بەو دەبەستم و بەس ئیعتیماد دەکەمە سەر ئەو، ئەگینا هەرکەسێ تۆ پشتی پێ ببەستی جگە لە الله لەوانەیە ئەو کەسە سەرچاوەی زەرەرو سەرچاوەی مەینەت و دەردەسەری تۆ بێت، ئەوەی تۆ پشتی پێ دەبەستی جگە لە الله لەوانەیە خودی ئەو ببێتە گەورەترین هۆکاری فەشەلی تۆ، ئەوەی کەخۆشت دەوێت وەکو خوا یان جگە لەخوا دەبێتە گەورەترین هۆکاری سزادانی تۆ، ئەوەی کەئومێدت پێیەتی و پشتت پێی ئەستورە لەوانەیە نزیکترین هۆکاربێت بۆ پشت شکاندنی تۆ بۆیە ئینسان پشت بەخوا ببەستێت لەهەمووکارێکیدا جاکاتێک دەفەرموێت من پشتم بەخوا بەست دەیەوێت فێرمان بکات کە ئەم جۆرە عقیدەو مامەڵەو هەڵسوکەوتە تایبەت نیە بەیعقوب کە پێغەمبەری خوایە -ﷺ- بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە {وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ} ﴿٦٧﴾ وە ئەوانەی کەپشت دەبەستن هەر لەسەر ئەو پشت دەبەستن

هەر ئیعتماد دەکەنە سەر ئەو، نابێت پشت ببەستیت بە کەسێک یان سەر دارێک یان سەر پەڕۆیەک یان سەر مورۆشینکەیەک یان سەر ناڵی گوێدرێژێک، خۆڵی سەرقەبرێک هێناوێتیوە ئەمە شیفایە بۆ نەخۆشی ئەمە لەچاوەزار دەمپارێزێت! ئەمە عقیدەی موسڵمان نیە، عقیدەی موسڵمان تەنها لەسەر خوایە، بائەوانەی توکل دەکەن و پشت دەبەستن پشت تەنها بەخوا ببەستن؛ چونکە کە واللە مرۆڤ پشت ببەستێ بەخوا پشتی بەستوە بەزیندویەکی بەهێز کەهەموو شتەکانی بەدەستە، بەس کەپشت ببەستی بەمرۆڤ واتە پشتت بەستوە بەمردویەکی بێ هێز کە هیچی بەدەست نیە، {وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ} [الفرقان: ٥٨] بەس خوایە کەنامرێ، وەتەواوی زیندوێتی و هەموو شتی بەدەستە، ئەمما کەپشت دەبەستیت بەشتێکی تر جگە لە اللە ئێ ئەوە خۆی ناتوانێت دیفاع لەخۆی بکات چجای ئەوەی بتوانێت دیفاع لەتۆ بکات.

وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا ۚ وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾

{وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُمْ} دوای ئەوە ئامۆژگاری باوکیان وەرگرت ئێستا توکل لەسەر خوا وە دەست گرتنیش بەهۆکار، مرۆڤ کە توکلی لەسەر خوانەبێ ئەوە شەریک بۆ خوا دانانە، توکلت لەسەر خوابێت بەڵام دەست بەهۆکارەوە نەگریت ئەمەش هەم بێ شەرعیەو هەم بێ عەقڵیە؛ چونکە قورئان فێری کردوین دەست بەهۆکارەوە بگرین، ئێستا ئەوان کە بەگوێرەی ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی کردنی باوکیان بەڕێدا دەڕۆن بزانین چی ڕودەدات:

{وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُمْ} لەکاتێکدا ئەوان چونە ناو وڵاتی مصرەوە، لەو شوێنەوە کەباوکیان ئەمری پێکردن، واتە لەچەند دەرگایەکی جیاوازەوە چونە ژورەوە، سەلامەت بون الحمدلله ئەوەی کە لێی دەترسان توشیان نەبو، بلێی ڕایانگرن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن ئێوە یانزە کەس بۆچی هاتون! ئەوە لەوە نەجاتیان بوو بەڵام {مَا كَانَ يُغْنِي عَنْهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا} بەڵام وەسیەتی باوکیان، قەولی باوکیان، ئەمری باوکیان هیچ سودێکی پێنەگەیاندن لەلایەن خوا وەهیچ قەدەرێکی خوای لەسەر دوور نەخستنەوە ئیللا ئەوەنەبێ کە شتێک کە لەدڵی یعقوبدابوو جێبەجێی کرد ئەویش ئەوەیە کە ئەمریان پێبکات بەوەی کەدەیزانێت خێرەبۆیان تەوصیەیان بکات و ئامۆژگاریان بکات، واتە ئەوەی لەسەرتە ئامۆژگاری چاکە بکەیت ئەگینا وامەزانە بەو ئامۆژگاریەی تۆ قەدەری خوا دەگۆڕێت، بەو ڕێنماییەی تۆ وەزعەکان دەگۆڕێت، نا ئەوە بەدەست خوایە گۆڕینی، پێغەمبەری خۆمان -ﷺ- چەنێک ئامۆژگاری ئەبو طالبي مامی کرد؟ زۆر، ئەو لەسەری بوو بیکات بەڵام هیچ لە ئەبوطالب نەگۆڕا نەبوو بە موسڵمان؛ چونکە خوای گەورە نەیویست،پەروەردگار ویستی لەسەر نەبو نەبوە موسڵمان، ئەی چیبکەین وازبێنین مادام خوا ویستی لەسەر شتێک نەبێت نەبێت و کەویستی لەسەر شتێک بێت ببێت کەواتە ئێمە واز بێنین قسەی چاک نەکەین ئامۆژگاری خێر نەکەین ئاڕاستەی یەک نەکەین بۆڕێگای باش؟نا تۆ لەسەرتە دەبێ ئیشی خۆت بکەیت تۆ لەسەرتە دەبێ دەست بەهۆکارەوە بگریت، لەسەرتە دەبێت ئامۆژگاری باشی خەڵک بکەیت، کەدەبینیت کەسێک لە ڕێگایەکەوە دەڕوات ئەو ڕێگایە مەترسی دارە چەتەی لێیە پێی بڵێ براکەم لێرەوە مەڕۆئەم ڕێگایە باش نیە، بەڵێ من ناتوانم لەقەدەری خوا بتگێڕمەوە کەخوای گەورە بیەوێت توشی بەڵایەک بیت لەوڕێگایەش نەڕۆیت

کەچەتەی لێیە لەڕێگایەکی سەلامەتیشەوە بڕۆیت لەوەیە توشی ڕوداوی هاتوچۆ ببیت، بەڵام من لەسەرمە کە ڕێگایەک مەترسی هەبێت بلێم پیایدا مەڕۆ، بۆیە بابزانین کەهۆکار بەتەنها بەس نیە بۆ ئەوەی شتت بۆ بکات هەموو شت بەدەست خوای گەورەیە بەڵام ئەوەی کەلەسەرمانە بەگوێرەی فەرمانی شەرعی بەڕێوە بڕۆین، فەرمانی قەدەری خوای گەورەش ئەوە بەدەست خۆیەتی خوای گەورە چۆنی بوێت ئاوا دێتە جێ.

﴿وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾﴾

{وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِمَا عَلَّمْنَاهُ} خوای گەورە ئێستا مەدحی یعقوب دەکات -ﷺ- دەفەرموێت: بەڕاستی یعقوب خاوەنی زانیارییەک بوو ئەو زانیاریەی کەئێمە فێرمان کردبوو، بەڵێ یعقوب -ﷺ- عالمەوعالمێکیش کەعالمە بەعیلمەکەی، لەسەر موصیبەت چۆن صەبری گرت،وەچۆن ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکات {وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} ﴿٦٨﴾ بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن ئەوەی کەفێری یعقوبمان کردوە زۆربەی خەڵک نایزانێت، واتە خوای گەورە عیلمێک و صبرێکی فێری یعقوب کرد -ﷺ- کە بەو شێوازە مامەڵەی کردو صبری گرت.

﴿وَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَخَاهُ ۖ قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾﴾

{وَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَخَاهُ} ئێستا وتمان براکان هەمویان چونە ناو وڵاتی مصر و دەبێ یەکسەر بەرەو لای بەرپرسی گەورە کە یوسفە -ﷺ-، چونە ژورەوە بۆلای یوسف، ئەم مەشهەدە بێنە پێش چاوی خۆت، ئێستا براکەی یوسف کە برای دایک و باوکێتی دەیبینێ یوسف دوای ساڵانێکی زۆر، وتمان زۆرێک لەزانایان دەفەرمون ٤٠ساڵ دابڕان و دورکەوتنەوە، یوسف -ﷺ- براکەی

خۆی هێنایه لای خۆی بەهەر حیکمەتێکبێت بۆئەوەی دڵخۆشی بکات و موژدەی باتێ وە قسەیەکی پێ بڵێت {قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ} فەرمووی من یوسفی براتم! ئەی لەو کتوپڕیه لەو صەدمەیه، دوای چل ساڵ براکەت دیار نەبێ وابزانی گورگ خواردویەتی ئێستا کەسێک حسابکە له پلەی پادشایەکدایه، ئێستا باوەشت لێبداو بڵێ من یوسفی براتم، ئەو یوسفەی کەواتان زانیوە گورگ خواردوێتی من براکەی تۆم {فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ} ﴿٦٩﴾ دڵگران مەبه خەفەت مەخۆ بێتاقەت مەبە بەوەی کەبراکانی ترم لەڕابردودا بەرامبەر من و تۆ کردیان چەنێک ظالم بون چەنێک خیانەتیان کرد منیان لەئێوە دورخستەوە خەفەتی لێ مەخۆو بێتاقەت مەبە، واتە دان بەخۆتدا بگرەو ئارام بگرە هیچ مەڵێ، یوسف -ﷺ- پلانێکی هەیه ئێستا، نایەوێ یەکسەر براکەی دەست بکات بەگریان و چۆن تۆ یوسفی و ئەی کاکە نابینی ئەو برا ظالمانە چیان بەئێمە کردو دەوەرە تۆ ئێستا دەسەڵاتت هەیه لەناویان بەرە، نا فەرمووی بێتاقەت نەبی و خەفەت دات نەگرێت، ئەوەی کەکردیان هەقت نیه تۆ بێدەنگبە من یوسفی براتم، چ مەشهەدێکی خۆشە بەڕاستی دوای ساڵانێکی زۆر ئاوا براکەت ببینیتەوە لەو پلە بەرزەدا.

فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ ﴿٧٠﴾

{فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ} یوسف -ﷺ- براکەی خۆی بینیەوەو موژدەی پێدا، ئێستا وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت هەموو براکانی هاتون گەنم و جۆ بکڕن لەیوسف و بیبەنەوە بۆ کەنعان ئێستا بارەکانی بۆ ئامادەکردن، ئەوانی داناوە

لەژوری میواندارێتی وە پێی وتون خەمتان نەبێت ئێستا بارەکەتان بۆ ئامادە دەکرێت {جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ} (السِّقَايَةَ)ئەو شتەی کە پادشا ئاوی پێ دەخواردەوە، دواتر ئەو جامەکرا بەپێوەرێک بۆ تێکردنی گەنم و جۆیەکە، بۆنمونە ئەوە سەد جام گەنمم بۆ تێکردیت، ئەو جامەی خستە ناو باری براکەی،کە زۆرێک لە مفسرین دەفەرمون ناوی بنیامین بوو، ئێستا ئەوە لە ئەصلدا جامی پادشایە کە ئاوی پێ دەخواتەوە ئێستا بۆتە هی کێشان و پێوان خستیێ ناو باری براکەیەوە مەبەستێکی هەیە {ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ} یوسف ئەوەی کردوو هاتەوە جێی هێشتن، ئەوان کەوتنە ڕێ وەکو بڵێی لە شوێنی کڕینی گەنمەکە دوورکەوتنەوە، تۆزێک ڕۆیشتن پاشان واتە هەر لەوێ نەبو بانگ کردنەکە دوای ئەوەی تۆزێ دورکەوتنەوە {ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ} بانگ دەرێک بانگی کرد وتی {أَيَّتُهَا الْعِيرُ} ئەی بازرگانەکان (عیر) ئەوەیە کە وشتر و بارەکەی و سوارەکەی بەیەکەوە پێی دەوترێت (عیر) واتە ئەی بازرگانەکان {إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ} ﴿٧٠﴾ئێوە شتێکتان دزیوە لە ئێمە، ئێستا ئەوان کەوتونەتە ڕێ دەیانەوی بڕۆن لەدورەوە بانگێک دێ بانگ دەکا ئێوە دزن و شتتان دزیوە قورسە.

قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾

{قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ} ﴿٧١﴾ سوڕانەوەو ڕویان کردە ئەوان بۆ کاکە چیتان لێ دزراوە؟چیە نەماوە ئێستا دەڵێن دزراوە و بەسەر ئێمەتاندا هێناوە.

قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَن جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾

{قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ} وتیان پێوەری پادشامان لێ ون بوەو نەماوە، ئەی نەماوە ئێستاش ئێوە ڕۆیشتن کۆتا کەس کە ڕۆیشتون ولێرەشتی کڕیوە گومانمان

وایە ئێوە دزیبێتتان {وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ} ئێستا ئەوکەسەی کەبانگ دەکات وتی ئێمە ئەو شتەمان لێ ون بوە هەرکەسێک بیهێنێتەوە ئەوە لەپاداشتی ئەوە باری وشترێک گەنمی دەدەینێ ئەوکەسەی بۆمان بێنێتەوە {وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ} ﴿٧٢﴾ئەوکەسەی کەبانگی کردن وتی وەمن کەفیلم، ضەمانەت ئەکەم هەرکەسێک بۆمان بدۆزێتەوەو بیهێنێتەوە ئەوەمن باری حوشترێک خواردنی دەدەمی، ئێ ئەو پاداشتکردنە زۆر زۆرە.

قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ مَا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ ﴿٧٣﴾

{قَالُوا تَاللَّهِ} ئەوانیش وتیان سوێند بەخوا تالله واتە والله سێ حرفی جر هەیە کە سوێندی پێ دەخورێ (و،ب،ت) (والله،بالله،تالله)، لێرەدا وتویانە تالله سوێند بە الله ئێوە بەدڵنیاییەوە زانیوتانە لەو ماوەیەی کەئێمەتان ناسی و تێکەڵمان بون ئەوە دووەم جارە دێینە لاتان {مَا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ} ئێوە زانیتان ئێمە نەهاتوین بۆئەوەی خراپەکاری لەزەویدا بڵاوبکەینەوە ئێمە بۆ تیجارەت و بازرگانی هاتوین نەک بۆ دزی هاتبین {وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ} ﴿٧٣﴾ قەت ئێمە دزنەبوین تا ئێستا دزی بکەین.

سودێک لەم ئایەتە وەردەگیرێت {مَا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ} نەهاتوین بۆ ئەوەی خراپەلەزەویدا بڵاوبکەینەوەن خراپەکەش دزیە {وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا} [الأعراف: ٥٦] کەواتە زەوی و وڵات و میللەت و نیشتمان بەگوناهو تاوان کاول دەبێت، جادزی بێت، زینابێت هەر تاوانێکی تربێت ئەوە زەوی تێک دەداو وڵات کاول دەکات، بۆیە کەلەوڵاتێکدا دزی زۆربو جا دزی تاک تاکی خەڵک بێت، یادزی بەرپرسە گەورەکان بێت یان بەرپرسە بچوکەکان

کەماڵی خەڵک دەدزن ئیللا ئەوەنەبێت کە کەسێکی دەست پاکە ئەو دزیە وڵات بەرەو کاولبوون دەبات ئەو دزیەیە کەپێی دەوترێت الفساد فی الارض وڵات کاول دەبێت، جا دزی کردنبێت وەک وتمان یا زیناکردن بێت هەر فاحیشەو خراپەیەک، واتە لادان لە شەرعی خوا وڵات کاول دەکات، لادان لەشەرعی خواو سەرپێچی خوا ئەوە هۆکاری سەرەکی خراپ بونی زەوی و وڵاتە،بەڵام کارکردن بەشەرعی خوا وڵاتیش و میللەتیش توشی خێروچاکە دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە.

قَالُوا فَمَا جَزَاؤُهُ إِنْ كُنْتُمْ كَاذِبِينَ ﴿٧٤﴾

قَالُوا فَمَا جَزَاؤُهُ إِنْ كُنْتُمْ كَاذِبِينَ ﴿٧٤﴾ وتیان دەی ئێوە مەدحی خۆتان دەکەن ئێمە دز نین و بۆ دزی نەهاتوین و ئەی پێمان بڵێن سزای دزی چیە ئەگەر ئێوە درۆتان کرد، پێمان بڵێن بۆئەوەی بەعەدالەت لەگەڵتان بجوڵێینەوە، ئێوە لەکەنعانەوە هاتون و ئێمەش لە مصرین بەشەریعەتی خۆتان ئێوە ناڵێن ئێمە کوڕی پێغەمبەرێکی خواین، باشە لەشەرعی خوادا لای ئێوە سزای دز چیە؟بۆیی کەدرۆتان کرد شەریعەتەکەی خۆتان بەسەردا جێبەجێ بکەین

قَالُوا جَزَاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ ﴿٧٥﴾

{قَالُوا جَزَاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ} ﴿٧٥﴾

وتیان لای ئێمە سزای دز دزەکە خۆیەتی،واتە دزەکە دەبێتە عەبدو کۆیلەی ئەو کەسەی کە دزی لێ کردوە واتە دز دەبێ بکرێ بە عبد چۆن دزی دەکەیت!شەریعەتی ئەوکات وابوو ئەوەی کەدزی دەکرد دەکرا بەکۆیلەی ئەوکەسەی دزی لێکردوە،لەشەریعەتی محمد -ﷺ- ئەوکەسەی دزی دەکات

دەبێت لە مەچەکەوە دەستی ببڕدرێت،ئێستا ئەوە زۆر زۆر دڵخۆشکارە بۆ یوسف ئەو بڕیارەو ئەو شەرعە کە ئەوان ڕایان گەیاندن وتیان ئێمە بەو شێوازە لەکەنعان بەوشێوەیە سزای ستەمکارو زاڵمەکان دەدەین ئەوکەسەی کە دزی بکات دەبێتە عبدو کۆیلەی دزی لێکراو ئەوە جەزامانە بۆ ئەو کەسە.

فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِنْ وِعَاءِ أَخِيهِ ۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ ۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾

دواتر خوای پەروەردگار بۆمان ڕوون دەکاتەوە کەکاتێ ئەپشکنرێن لە جامەکەی مەلیک دەگەڕێن لەکوێ دەیدۆزنەوە وە چۆن خوای پەروەردگار وادەکات چۆن براکەی یوسف لای یوسف بمێنێتەوە وە ئەوەش دەردەخات کە دیسانەوە یوسف چەند بە صەبرە لەگەڵ براکانی کەجارێکی تر تۆمەت بۆ برایەکی تریان دروست دەکەن، لەدەرسی ڕابردوو زانیمان یوسف خوای پەروەردگار فێری فێڵێکی شەرعی کرد خطەیەک نەخشەیەک بۆهێشتنەوەی براکەی لەلای خۆی ئەویش ئەوەبو کە ئەو جامەی پادشا کە گەنمیان پێ دەپێوا بۆ خەڵک خستێ ناو باری براکەیەوە (برای دایک و باوکی) دوای ئەوەش کە دورکەوتنەوە یەکێک بانگی کرد ئەی قافڵەکە ئێوە دزن و شتتان دزیوە أذن مؤذن نەک یوسف؛ چونکە فعلا ئەوکەسەی کەبانگی ڕاهێشت وەکو بڵێین لیژنەی سەرپەرشتیاری کڕین و فرۆشتنەکەبوو، ئێستا سەیر دەکات جامەکەی پادشا نەماوە بۆیە لەدیدی ئەودا دزراوە قسەکەی ئەو ڕاستە، کەیوسف وتبای ئێوە دزن ڕاست نەبوو، کەیوسف خۆی بانگی کردبان وەرن ئێوە دزن ئەوە ڕاست نەبوو

ئێستا سەیری ئەو پلانە بکەن هیچ فێڵێکی تێدا نیە پلانێکی شاراوەی محکم و وردیشە بۆ گێڕانەوەی براکەی، دوای ئەوەی کە گەڕانەوە قافڵەی براکانی یوسفیان گەڕاندەوە بەتۆمەتی ئەوەی کەدزیان کردوە هێنایاننەوە بۆلای یوسف، یوسف دەستی کرد بەگەڕان لەباری براکانی تری پێش گەڕان لە باری براکەی دایک و باوکی خۆی بۆیی ئەگەر یەکسەربچێ لەباری براکەی خۆی بگەڕێ و بیدۆزێتەوە دەڵێن دیارە ئەمە پلان بۆ داڕێژراوبووەو فێڵێک بوە خۆتان چۆن زانیتان یەکسەر لای ئەوە جارێ هی براکانی گەڕا دوایی تا گەیشتە برا بچوکەکەی خۆی لەپاشان دەری هێنا لەبارەکەی براکەی خۆی.

{كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ} خوای گەورە دەفەرموێت بەم شێوازە هەر وەک چۆن سەرەتا ئەو فێڵەمان بۆ یوسف کرد فێڵێکی شەرعی لەبەرامبەر کەسێکدا کەفێڵێکی ناشەرعی کرد خوای پەروەردگار ئەگەر کەسێک فێڵی ناشەرعی بکات شتی حەرام بکات و نەخشەی حەرام بەکار بهێنێت بۆ ستەم کردن لەبەرامبەری بۆ زەوت کردنی مافی بەرامبەری خوای گەورەش بەجواب دێت و دیفاع لەوکەسە ستەملێکراوە ماف خوراوە دەکات، خوای گەورە خۆی کاری بۆ ڕێک دەخات بەشێوازێکی وا کەحەقەکەی بۆ بسەنێتەوەجا هەروەکو چۆن ئەوەی فێرکرد کە جامەکە بخاتە ناو باری براکەیەوە ئێستاش بزانین خوای پەروەردگار چی تر بۆ یوسف دەکات بۆ ئەوەی نەخشەکە سەر بگرێت، دەفەرموێ بەهەمان شێوە ئێمە فێڵێکمان بۆ یوسف کرد کە هیچ بێ شەرعی تێدا نیە بۆ ئەوەی بتوانێ براکەی بگەڕێنێتەوە لای خۆی {مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ} نەیدەتوانی بۆ یوسف نەبوو براکەی خۆی بهێڵێتەوە لای خۆی بەگوێرەی یاساو قانون و قەراری پادشای مصر، لەقانونی مصریدا هەرکەسێک کە دزی بکات تعذیب دەدرێت و لێی دەدرێت یا غەرامەیەک دەکرێت و تەواو بڕۆ ئێستا؛

چونکه ئامانجەکه هێشتنەوەی براکەی یوسفه ئەگەر بەگوێرەی ئەو بڕیارەی پادشای مصر سزابدرێ هیچی نەکرد یوسف؛ چونکه یوسف نایەوێ براکەی سزا بدرێت ئێ خۆ فعلا براکەی دز نیەو تاوانی نەکردووە خوای پەروەردگار وای کرد بەگوێرەی یاساو شەریعەتی براکانی خۆی که یاساو شەریعەتی باوکیانه که پێغەمبەری خوای -ﷺ- بەگوێرەی ئەو شەریعەته هەرکەسێک دزی بکات عقوبەکەی ئەوەیه که دەبێته کۆیلەو بەندەی ئەوکەسەی کەدزی لێکردوە، ئێ یوسفیش لەگەڵ براکەی تەرتیبی کردوە تێی گەیاندوە کەخەمی نەبێت خۆ یوسف نایەوێ براکەی بکاته کۆیلەی خۆی بەڵام گرنگ ئەوەیه بیهێڵێتەوە لای خۆی، ئیللا بەوە نەبێ کەخوای گەورە ویستی لەسەر نەبێت کەبیهێڵێتەوە ئەگینا نەیدەتوانی،خوای گەورە ئەو نەخشەیەی فێرکرد که بەو شێوازە بتوانێ براکەی لەلای خۆی بهێڵێتەوە {نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ} خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا دەفەرموێت (بەدوو شێواز دەخوێنرێتەوە درجاتٍ ودرجاتِ نرفع درجات من نشاء) رفع وکه واته بەرزکردنەوە بۆ کەسەکەیه {نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ} بەرزکردنەوەکه بۆ درجات وکەیه، واته خوای پەروەردگار هەرکەسێکی بوێ بەرزی دەکاتەوە، لەقرائەی دووەمیان خوای گەورە دەرەجاتی هەرکەسێکی بوێت بۆی بەرزدەکاتەوە،باشه بزانین خوای گەورە بەچی یوسف و دەرەجەکانی بەرز کردووە بەو عیلم و زانستەی که هەیبوو،سەرەڕای ئەو تەقواو ئیمانداریەتیەی خۆی ئێستا بەهۆی ئەو عیلمەوە سەبارەت بەلێکدانەوەی خەون و زانست سەبارەت به بەڕێوەبردنی وڵات وئیدارەوە هەروەها زانستی ئەوەی کەچۆن مامەڵە لەگەڵ براکانی بکات، خوای گەورە بەهۆی عیلمەوە یوسفی بەرز کردووە ئەمەش سەیر نیه؛ چونکه خوای گەورە خۆی وەعدی داوە {يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ} [المجادلة: ١١] خوای گەورە پلەی ئەوانەی که

ئیماندارن لەئێوەو وە عیلمیشیان هەیە دەرەجات پلەیان بەرزدەکاتەوە، بەڵام مرۆڤ بەهیچ پلەیە بەرزنابێتەوە بەقەدەر ئەوەی کە بەعیلم پلەی بەرز دەبێتەوە نمونەیەک لەسەر ئەوە ئیمامی بوخاری رەحمەتی خوای لێبێت کاتێک کەچوو بۆ ئەو شارەی کەماموستایەکی حدیثی لێیە کە یحیای نەیسابوریە کە بۆ نەیسابور ڕۆیشت،خەڵکی ئەویَ بەکار بەدەست و بەزاناو طلبەی خەڵکی عامی و هەموی چونە پێشوازی ئیمام بوخاری بەڕەحمەتبێت دوایی کە گەیشتە ئەویَ و وردە وردە دەستی بەدەرس وتنەوە کرد خەڵکی ڕویان لەوکرد ماموستاکانی تر وەکو بڵێی کەم خەڵک دەچوو بۆلایان حەسودیان پێبرد کیَ؟ ماموستاکەی خۆی محمد بن یحیی الذبلي وتی بوخاری عقیدەو بیروباوەری تەواو نیە لەو مەسەلەیەدا کە خەلقی قورئانە ئەوەی کە طالب علم ە دەزانێت،والحاصل تۆمەتێکیان بۆ بوخاری دروست کرد، ئەو ماموستایەی بوخاری قسەی لەناو خەڵک دەڕۆیشت بەشێوازێکی وا کە بەخەڵکی بوتایە ماست ڕەشە دەیانوت دیارە ڕەشەو بەس لەوەیە ئێمە بە سپی ببینین ئەوەنە متمانەیان بەو ماموستایە هەبو بۆیە وتی بوخاری عقیدەی تەواو نیە کەس سەلامی لیَ نەکات و لێی نزیک نەبێتەوەو لە مەجلیسی دانەنیشێت وای لێهات بوخاریان هجرکردو دەنگیان لیَ ڕاگرت کەس سەلام لەبوخاری ناکات و لەشارەکەش دەریان کرد،کە دەریان کرد بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت کەهات بۆ شار ئەو هەموو خەڵکە پیشوازی لێکرد کە لەشار دەرکرا هیچ تاوانێکیشی نیە بەس حەسودی پیَ دەبرێت،کەلەشار دەریانکرد یەک طلبەی خۆی لەگەڵ بوو کەس لەگەڵی نەڕۆیشتە دەرەوە وە بەفەرمانی ئەو ماموستایەی خۆی گوندەکانی دەوروربەری شارەکەش کە هەواڵیان پیَ گەیشتبوو بوخاری بۆ هەر گوندێک دەڕۆی بۆیی تیای بمێنێتەوە دەریان دەکردوە پێشوازیان لی نەدەکرد دەیانوت تۆ گومڕابویت و عەقیدەت تەواو

نیه بڕۆ سەرت لێ شێواوە، بوخاری ڕۆیشت وە فعلا زۆر بێتاقەت بوو بەوە وە بەو خەفەتە مرد ڕەحمەتی خوای لێبێت، بەڵام کێ هەیە لەسەر ڕوی زەوی ناوی بوخاری نەبیستبێت؟بوخاریەک کە زوڵمی لێکرا بەڵام بەهۆی عیلمەکەیەوە دەرەجەی بەرزبۆوە،ئێستا کە وەک بەڵگە دەڵێین ئەمە ئایەتی قورئانە لەدوای ئەوەش دەڵێین ئەمەش حدیثی صحیحي بوخاریە کەفەرمودەکانی پێغەمبەری خوای کۆکردەوە -ﷺ- ئەوەی کە بەصحیحی لەپێغەمبەرەوە هاتوە -ﷺ- لەکتابەکەی صحیحي امامی بوخاری، کێ هەیە ناوی بوخاری نەبیستبێت،خوای گەورە پلەی بەرزکردەوە بەڵام جگە لەوانەی کە طلبەن وزۆریان خوێندوە لەهەزار موسڵمان یەک موسڵمان ناوی ئەو ماموستایەی بوخاری نازانێت ئێستا کەکاتی خۆی چەند قسەی دەڕۆشت و خەڵک بەقسەی دەکرد بۆ ئەوەی خەڵک ڕوبکەنە ئەوو ڕونەکەنە بوخاری کێ ناوی ئەو دەزانێت؟ذهلي کێ ناوی بیستوە؟ ذهلي کێیە خەڵک هەر نازانێ کێیە بۆیە بە عیلم خوای گەورە خاوەنەکەی پێ بەرز دەکاتەوە، ئێستا یوسف ڕۆژ بەڕۆژ خوای گەورە پلەی بەرزدەکاتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ دەرگای خۆشیەکانی بۆ دەکاتەوەئەوە هەر لەدونیا چجای لە قیامەتیش {وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ} ﴿٧٦﴾ ئەمە دەریخست کە ئەو پلانەی خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە بۆ مرۆڤ بەڵام هەرچەندە یوسف عالم بێت و زانابێت بەڵام لەسەروی هەموخاوەن عیلمێکەوە عالمتر هەیە هەتا دەگاتە الله جل جلاله خوای گەورە لەهەموو کەس عالم ترە.

قَالُوا إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾

سەرەتا براکان دیفاعیان دەکرد وانیەو ئێمە دز نین و دزیمان نەکردوە ئێستا کاتێ کەیوسف جامەکەی دەرهێنا لەناو باری براکەی خۆی چی بڵێن باشە یەکسەر هەڵگەڕانەوە لەم برایەشیان {قَالُوا إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ} وتیان جا ئەگەر ئەمە دزی کردبێت ئەوە برایەکی تریشی هەبوو پێشتر دزی کرد!براکەی تری ئا ئەم یوسفەیە کە ئێستا لەپادشا بەڕێزترە و لەپادشا دەستی زیاتر دەڕوات کەنایناسن -ﷺ-، وتیان جا سەیر نیە جەنابی وەزیر ئەگەر ئەمە دزی بکات برایەکی تریشی هەبوو پێشتر دزی کرد و دز بوو واتە ئەم برایەمان لەدایکمان نیەو باش نین؛ بۆیە تاوان تاوانی ئێمە نیەو ئەو برایەمان لەدایکی ئێمە نیەو نەک هەر خۆی براکەشی وابوو سبحان الله {فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ} یوسف ئەو قسە ناخۆشە جەرگ بڕەی لەدلی خۆدا شاردەوە، دەری نەخست کە بێتاقەت بوە بەم قسەیە؛ چونکە یوسف دز نەبوو وە لەسەر دزی یوسفیان وا لێ نەکرد -ﷺ- حەسودیان بەیوسف بردو ظلمیان لێی کرد ئەوپەڕی بێڕێزیان بەرامبەر بەیوسف کرد ئێستا دوای چل ساڵ حقدو بوغزو قینەی دڵتان دانەمرکایەوە! ئێستاش هەر تۆمەتی بۆ دروست دەکەن و ڕقتان لێیەتی! عجیب حەسودی ئاوایە دەردێکی کوشندەیە لەدیدی ئەواندا یوسف کوا هەر شوێنەواریشی نەماوە چل ساڵە بەڵام ئێستاش پشکۆی ئاگری حقدو حسادەتی ناودڵیان دانەمرکاوەتەوە بەرامبەر بەیوسف ئێستاش بزانە تۆمەتی بۆ دروست دەکەن ئەوە پێشتریش براکەی دز بوە، زۆر قورس بوو لەسەر دڵی یوسف بەڵام شاردیەوە ئەوەنەبێ یەکسەر هەڵچێت و تورەبێت و بڵێ درۆ دەکەن و ئێوە بێڕێزن و ئێوە بوهتان چین کەی یوسف دزی کرد ئەوە من بووم نا ئەو نارەحەتیەی لەنەفسی خۆیدا شاردەوە ئەمەش ئازایەتیە بۆیە پیاوی ئازا ئەوەنیە کە هەر تورە بوو لەخەڵک بدات و بیانخات نا ئێ ئەتوانی بیخەیت دەمانچەت پێیە ئەتوانی

گوله لەخەڵک بدەیت و بیخەیت بەڵام دوایی چی؟ ئازا ئەو کەسەیە کە زۆر تورەش بو دان بەنەفسی خۆیدا دەگرێت لەوکاتە هەستیارەدا ئەوەپیاوێکی ئازایە هەڵناچێ و استفزاز ناکرێت هەرچەندە بیانەوێ بەهەڵەیدا ببەن بەهەڵەدا نابرێت و لەسەر خۆیە، دەڵێن جارێکیان پیاوێک لەگەڵ خەڵکی دانیشتبون باسی معاویەیان دەکرد رەزای خوای لێبێت، معاویە پیاوێکی زۆر حلیم و لەسەر خۆ بوو وتیان کێ دەتوانێ معاویە تورە بکات وای لێبکات لە خشتەی بەرێت و توشی هەڵەی بکات، مرۆڤ کاتێ تورەبێت بریاری هەڵە دەدات هەڵسوکەوتی هەڵە دەکات بەس کە مرۆڤ هەڵنەچێت و دان بە نەفسی خۆیدا بگرێت بەلارێدا ناچێت، هەیە تورەدەبێ نەفەرێک دەکوژێت یان خۆی دەکوژێت یان ئاگر لەماڵێک بەردەدات؛ تورە بوون زۆر ترسناکە بەس مرۆڤی ئازا ئەو کەسەیە کە تورەییەکەی خۆی دەخواتەوە، وتیان معاویە زۆر شتێکی بەلاوە ناخۆشە ئەویش باسی دایکی بکەین نەک بەخراپە بەڵکو بڵێین دایکی تۆ لەفلان عەشیرەتە یان فلانە قەومەیە ئاوانیە بەوە پێمان وایە خۆی نەگرێ و تورەبێ وتیان هەرکەسێ بتوانی معاویە تورە بکات ئەوەندە پارەی دەدەینێ، دەڵێ کەسێکیان نارد وتی من دەیکەم چو بۆلای معاویە ئەو قسەیەی کەگومانیان دەکرد پێی تورەبێت ئەوەیان وت، معاویە رەزای خوای لێبێت وتی ئەو قسەیە لای من مەکە برۆ لای فلانە کەس بیکە وتی جا فلانەکەس کێیە لای ئەویش دەیکەم معاویە خوێنی پیاوەکەی یەکسەر بۆلای کەسو کاری ئەو کورە نارد جاری نەکوژراوە ناردی لای فلانە کەس فلانەکەس صەبری نەگرت و کوشتی وتیان ئەوە یەعنی چی؟ وتی ئەو دێت دەیەوێ من تورەکات دەیەوێ طەعنە لەمن بدات من نایکوژم من صەبر دەگرم بەڵام کەسانی بێعەقڵ هەن کە صەبر ناگرن و کەسانێک کە بێرێزیان بەرامبەر بکات ئەوە عقوبەکەی دەبێت خوێنەکەشی لەسەر من نیە بەڵام ئەوە من

خوێنەکەیم دا جا مەبەست ئەوەیە ئازائەوە نیە شەقاوە بێت عەرزی عەزەلات بکات دەی کێ پیاوە با دەقسەی پێ بڵێم نا پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێ پیاوی ئازا ئەو کەسەیە کە دان بەنەفسی خۆیدا دەگرێت لەکاتی تورەییدا ئەوە ئازایە؛چونکە ڕەفیقەکەی تۆدان بەنەفسی خۆیدا ناگرێت لەوانەیە گەورەترین هەڵە بکات چارەسەر ناکرێت دوایی لەوانەیە تۆ دوسێ کەس بکوژیت لەکاتی تورەییدا دواتر چارەسەر نابێت حەقی تۆ کوشتنەوەیە دەبێ بکوژرێیتەوە، یان بۆنمونە خێزانت طەلاقدا یان کارەساتێکی گەورەت کرد، تورەدەبێت بەخێزانی دەڵێت تۆ وەکو دایکم وایت ئێ حاشا بێعەقڵیەکت کردوە دەبێ دوومانگ لەسەر یەک بەڕۆژوبیت، دوومانگ بەڕۆژو نەبیت ئەو ژنە لەسەر تۆ حەرامە بەیەک قسە،جا مەبەستمان یوسف ئەو تورەییەی لەدڵی خۆیدا خواردەوە نەتەقیەوە پیایاندا تورەنەبوو قسەی نەکرد و بۆی دەرنەخستن هیچ بەسەر خۆی نەهێنا اصلا کە تورە بوو یان ئەو قسەیەی پێ ناخۆش بوو، ئێ زۆر نارەحەتە تۆ چل ساڵ پێش ئێستا چیت بەسەر بێنن ئێستاش چیت پێ بڵێن.

{قَالَ أَنْتُمْ شَرٌّ مَكَانًا ۖ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ} ﴿٧٧﴾ یوسف لەنەفسی خۆیدا وتی والله ئێوە خراپترینی کەسن، خوای گەورە زاناترە بەو وەصفە درۆیینەی کەئێوە کردتان کە وەصفی یوسفتان کردبە دزێتی خواچاک دەزانێت کە ئێوە درۆتان کرد وانیە بەلام ئێوە کەسانێکی خراپن بەرامبەر باوکم خراپن بەرامبەر من بەلام لەنەفسی خۆیدا دەری نەبڕی جارێ دەیەوێ خطەکە بگاتە کۆتایی بەپەلە نیە .

قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ ۖ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٧٨﴾

{قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا} وتیان ئەی عەزیز ئەی پیاوی گەورەو مەزن ئەم برایەمان باوکێکی هەیە پیرە زۆر خۆشی دەوێت بەرگەی دوری ناگرێت ئێستا تۆ بیهێڵیتەوە.

{فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ} هەریەکێک لەئێمە دەگێڕیتەوە لەجیاتی ئەو عقوبەی دەدەی لەجیاتی ئەو قبوڵمانە بەس ئەو نا؛ چونکە باوکێکی پیری بەساڵاچوی هەیە بەرگەی دووری ناگرێت، بەهۆی چی ئێمە ئەو داوایەت لێ دەکەین؟

{إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ} ﴿٧٨﴾؛ چونکە ئێمە بەڕاستی واتۆ دەبینین لەچاکە کارانیت ئێمە واتۆ دەبینین کە ئەو ئازاد بکەیت و یەکێک لەئێمە بگریت، سبحان الله لێرەش دیسان لەناو سجندا دوو سجنەکە بە یوسفیان وت ئێمە واتۆ دەبینین لە موحسنین لەچاکەکارانیت لەناو سجندا بوو بێ دەسەڵات بوو فەقیر بوو هەر چاکەکار بوو ئێستا عەزیزەو دەسەڵاتدارەو هەر چاکەکارە ئەوە مەعدەنی اصیلە ئەگەر ئاڵتون لەلای زەڕەنگەرەکان ببینیت هەر ئاڵتونە ئەگەر لە زبڵدانێکیشدا ببینیتەوە هەر ئاڵتونە، بەڵام تەنەکەو فافۆن بۆیاخی زەردیشی لێ بدەیت و بیشیبەیتە ناو جامخانەی زەڕەنگەریش قەت نابێتە ئاڵتون کەسانێک دەبن بە بەرپرس والله تەنەکەو فافۆنن لەگەڵ ڕێزم بۆ بەرپرسە چاکەکان،کەسانێک کاروباری موسڵمانان دەگرنە دەست جا لە بچوکترین شوێنەوە کە مەعدەنەکەی هیچ نیە بەڵام بەهۆی پاڵ نانو بەرز کردنەوەی حیزبایەتیەوە ئێستا لەشوێنێکی بەرز دانراوە، ئێ ئەمە دەبێت چی بێت؟ والله نەجاران محسن بوو نەئێستاش محسن ە، بۆیە ئەو کەسەی کە چاک نەبێت بە پلەو پۆست چاک نابێت ئێستا؛ چونکە پلەو پۆستی هەیە وابزانیت ئەمە پیاوێکی زۆر مەزنە مەزنی چی؟ڕابردوی دیارە کوێی مەزنە بۆیە مرۆڤ کە چاک بوو چاکەکار بوو لەهەرکوێیەک داینێیت هەر چاکەکارە بیخەیتە سجنەوە هەر چاکەکارە بیشیبەیتە قیمەی دەسەڵاتەوە هەر

چاکەکارە چ صیفەتێکی جوانە مرۆڤ لە چاکەکاران بێت،خێرت بوێت بۆ خەڵک چاکەت بوێت بۆ خەڵک قەت نیەتی شەڕت نەبێ بۆ خەڵک لەفێڵ نەبێت لەخەڵک مەبەستت گەیاندنی خێرو باشی و چاکەبێ خۆشیت بوێت بۆ هەموو کەس حەسودی بەکەس نەبەیت حەزکەیت هەموو خەڵک هەبێت و هەموو خەڵک لەخۆشیدابێت خۆ زەرەر لەتۆ ناکەوێت، تەمەنای ئەوەبکەیت کەتۆ توانات هەبێت یارمەتی خەڵک بدەیت صیفەتێکی زۆر جوانە.

قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَنْ نَأْخُذَ إِلَّا مَنْ وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِنْدَهُ إِنَّا إِذًا لَظَالِمُونَ ﴿٧٩﴾

داوایان لە عەزیزی مصر یوسف کرد -ﷺ- کە براکەیان ئازاد بکات و یەکێکی تر لەوان بگرێت لەشوێنی ئەو، بەڵێ یوسف محسن و چاکەکارە بەڵام چاکەکاری ئەوە نیە کەتۆ بچیت لەشوێنی کەسێک کە بەحساب تاوانێکی کردووە کەسێکی تر بگریت ئەوە چاکەکاری نیە واتە کێ تۆمەتبارە بەتۆمەتێک دەبێت ئەو بگیرێت و دەبێت ئەو سزابدرێت نەک لەبری ئەو کەسێکی تر ئەمە نظامي جاهلیەتە کە بەداخەوە زۆر جار دەبینین لەناو عە شایەردا یان لەناو هەندێ حوکمی جائیرو ستەمکارو لەخوانەترسی ئەو جۆرە حوکمە هەیە،لەناو عەشایەردا کەسێک دەکوژرێت بکوژەکەیان دەست ناکەوێت ئەچن باوکی دەکوژن دەچن براکەی دەکوژن کوڕەکەی دەکوژن ئێ چۆن دەبێت ئەمە، تاوانبار تاوانەکەی بۆ سەر سەری خۆیەتی نابێت تۆ کەسی تر سزا بدەیت، یان لەسەردەمی بەعسدا بۆ نمونە کەسێک دەچوە دەرەوە دەبوو بە پێشمەرگە حزبی بەعس ئەو عائیلەیەی هەمووی سزا دەدا و هەموی توشی نارەحەتی دەکرد یان دەگیران؛ چونکە کوڕێکیان چۆتە دەرەوەو بوە بە پێشمەرگە ئێ باشە ئەگەر لەقانونی ئێوەشدا ئەوە

تاوان بێت ئەی تاوانی خێزانەکەی چیە کە یەکێکیان بەدەستی زوڵمی ئێوە ڕای کردوە ئێ ئەوانی تر بۆ، بەهەر حاڵ ئەمەش هەر ستەمە مرۆڤ دەبێت وریا بێت بەهۆی تۆمەتی کەسێکەوە کەسوکارەکەی سزادەدات مەرج نیە چۆن پەنجەی دەست وەکو یەک نیە لەوانەیە برایەک خوێنڕێژترین کەس بێت و برایەکیش بەتەقواترین کەس بێت تۆ نابێت لەسەر یەک حسابی بکەیت بۆیە فەرمووی

{مَعَاذَ اللَّهِ} پەنا بەخوا {أَنْ نَأْخُذَ إِلَّا مَنْ وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِنْدَهُ} ئێمە کەکەسێکی تر بگرین ئیللا ئەو کەسە نەبێت کە ئێمە جامەکەمان لای ئەو دۆزیوەتەوە دیقەت بدەنێ یوسف نەیفەرموو ئیللا من سرق نەیفەرمو ئێمە ئەوە ناگرین ئیللا ئەوکەسە نەبێ کە دزی لەئێمە کرد چونکە دەزانێ براکەی دزی نەکردووە، براکانی وتیان ئەگەر ئەو دزی کردووە براکەشی پێش ئەو دزی کردووەبەڵام یوسف دەزانێت قەزیەکە دزی نیە بۆیە فەرمووی بۆ ئێمە نیە کەسی تر بگرین ئیللا ئەوە نەبێ کە ئێمە جامەکەمان لەلای ئەو دۆزیوەتەوە ئەوە پێی دەوترێت أسلوب المعاریض معاریضیش ئەوەیە واتە تۆ دەتەوێ شتێ لەبەرامبەرەکەت بشاریتەوە بەڵام ڕاستیش بەکار بێنیت درۆ نەکەیت تیایدا بەڵام دەیشاریتەوە، واتە ئەگەر لفظي صریح بەکار بێنیت دەبێتە درۆ یان ئەگەر ڕاستی شتەکە بڵێیت کەشف دەبێت و کێشە دروست دەبێت بۆیە تۆ وشەیەک دەڵێیت هەم ڕاستە وە هەم خطەکەشت سەری گرت ئەمە پێی دەوترێت ((إِنَّ فِي الْمَعَارِيضِ لَمَنْدُوحَةً عَنِ الْكَذِبِ))[١٠].

واتە: وەک کنایە بەکاری دەهێنیت دروستە إن شاء الله و کێشەی نیە {إِنَّا إِذًا لَظَالِمُونَ} ﴿٧٩﴾ یوسف فەرمووی لەباتی ئەوەی ئێمە کەسێکی تر بگرین

---

(10)- البخاري في الأدب المفرد: ج ١/ ص ٢٩٧ حديث رقم: ٨٥٧.

برایەکی ترتان لەجیاتی ئەو ئێمە ئەوکاتە زاڵمین،کەواتە ئەوە زوڵمە تۆ کەسێک سزا بدەیت بەهۆی تاوانی کەسێکی ترەوە.

فَلَمَّا اسْتَيْأَسُوا مِنْهُ خَلَصُوا نَجِيًّا ۖ قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقًا مِنَ اللَّهِ وَمِنْ قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي ۖ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿٨٠﴾

{فَلَمَّا اسْتَيْأَسُوا مِنْهُ} کاتێک کە بێئومێدبوون لەوەی کە یوسف ئەو زوڵمە ناکات بێئومێد بون لەوەی بۆیان ئەو ستەمە بکات و براکەیان ئیزن بداتەوەو یەکێکی تریان بگرێت {خَلَصُوا نَجِيًّا} کە بێئومێد بوون ڕوخسەتیان وەرگرت لە یوسف و لەدارو دەستەی یوسف خۆیان یەکلا بونەوە و براکان مشاوەرەیان کردلەناو یەکتردا دەستیان کرد بە موناجات و چرپە چرپ لەگەڵ یەک چی بکەین! چارمان چیە ئێستا؟ ئەوە لەناو خۆیاندا.

{قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقًا مِنَ اللَّهِ} براگەورەکەیان دەڵێت ئەی نازانن باوکتان بەڵێن و پەیمانی لێوەرگرتن، سوێندتان بۆ خوارد،وەعدتان بەخوادا کە کە ئەو کوڕەی بۆ بگەڕێننەوە ئەوەتان لەبیرچوو {وَمِنْ قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ} ئەی ئەوەتان لەبیرچوو کەپێشتر چۆن کەمتەرخەمیتان کرد بەرامبەر بە یوسف؛ وە بەرامبەر ئەو بەڵێنەی کە بەباوکمان دابۆ پاراستنی یوسف ئەومان نەگەیاندەجێ ئێستاش بەڵێنمان پێدا ئەم برایەمان بگەڕێنینەوە ئەمەش نەگەیەنینە جێ؟

{فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ} براگەورەکە وتی تەواو من ئەم زەویە جێ ناهێڵم ناگەڕێمەوە {حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي} تا ئەو کاتەی باوکم خۆی ئیزنم بدات بگەڕێمەوە بەبێ بنیامین ئەگینا من ناگەڕێمەوە.

{أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي} یان خوای گەورە بە قضاو قەدەری خۆی بۆم ئاسانکات براکەم لەگەڵ خۆم بەرمەوە ئەگینا من ناچمەوە ڕوم نیە بچمەوە بەرامبەر باوکم ئێستا ئەو برایەی تریشمان لەدەست دا؛ ناتوانم بێمەوە.

{وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ} ﴿٨٠﴾خوای گەورەش لەهەموو حاکمەکان باشترو چاکتر حوکم دەکات وبڕیارەکانی دادپەروەرترو چاکترە.

ارْجِعُوا إِلَىٰ أَبِيكُمْ فَقُولُوا يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ ﴿٨١﴾

{ارْجِعُوا إِلَىٰ أَبِيكُمْ} دەی فەرموو ئێوە بڕۆنەوە بۆلای باوکتان من نایەمەوە، براگەورەکە مایەوە وتی من نایەمەوە.

{فَقُولُوا يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ} بڕۆنە لای باوکتان و بڵێن ئەی باوکمان کوڕەکەت دزی کرد چی بکەین، ئەوان هەر وشەی سرق بەکار دەهێنن یوسفیش هەر فقدنا أو وجدنا او فقد واتە کلمەی دزی بەکار ناهێنێت یوسف، بڕۆنە لای باوکتان پێی بڵێن ئەی باوکە بەڕاستی کوڕەکەی تۆ دزی کرد.

{وَمَا شَهِدْنَا إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا} وە ئێمەش ئەو شاهیدی دزیەی لەسەر نادەین ئیللا بەوە نەبێت کە خۆمان علیممان پێیەتی و خۆمان بینیمان دەولکەکە لەبارەکەی ئەودابوو ئەوەنەبێ باسکرابێ پێیان وتبین ئەمە عیلمی خۆمانە بەچاوی خۆمان بینیمان کوڕەکەت دزی کرد ئەی باوکە چی بکەین.

{وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ} ﴿٨١﴾ئێمەش خۆ ناتوانین شتێک بپارێزین کە غەیبەو لەئێمەوە دیار نیە ئەو کاتەی کە وەعدو بەڵێنمان بەتۆدا بیگەڕێنینەوە ئێ خۆ ئێمە غەیبمان نەدەزانی کە کوڕەکەت دزی دەکات، ئێ ئێمە چوزانین.

وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ ﴿٨٢﴾

{وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا} ئەی باوکە بۆ ئەوەی کەباوەڕیشمان پێ بکەیت پرسیار بکە لەهەموو ئەو شاری مصرە لەهەموی پرسە ئایا ئێمە ڕاست دەکەین کوڕەکەت دزی کردووە یاننا؟

{وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا} وە ئەو قافڵانەی کەلەگەڵ ئێمەدابون و کەلەوێ بون و ئاگاداری وەزعەکە بوو پرسیار لەهەمویان بکە بزانە قسەکەمان ڕاستە یان ئێمە درۆت لەگەڵ دەکەین.

{وَإِنَّا لَصَادِقُونَ} ﴿٨٢﴾ وە دڵنیابە ئێمە ڕاست دەکەین،ئەمە تەکبیرو مشاوەرەی براگەورەکەیانە بەبراکانی تری خۆی وت بڕۆنەوە ئەو قسەیە بەباوکمان بڵێن بزانین باوکم بڕیاری چی دەبێت،هەڵوێست و مەوقیفی چی دەبێت و چ نەخشە ڕێگایەکمان بۆ دادەنێت بۆ ئەوەی کە ئێمە چۆن مامەڵە بکەین و چۆن لەو نارەحەتیە ڕزگارمانبێت، جابراکانی دەچنەوە بۆلای باوکیان ئەو خەبەرەی پێ دەڵێن کە ئەمەش خەبەرێکی تری دڵ تەزێنە بەڵام بزانین هەڵوێستی باوکیان چی دەبێت وە مەوقفی چۆن دەبێت وە ڕێنمایی چۆن دەبێت.

﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾﴾

لە دەرسی ڕابردو لەوە وەستاین کە براگەورەکەیان لە کوڕەکانی یعقوب خۆی مایەوە لەمصر براکانی تری ناردەوە بۆلای باوکی وە وتی بەباوکم بڵێن حاڵی ئێمە بەو شێوازە بوە، ڕاستە وەعدمان پێیدا کە بنیامین بگەڕێنینەوە بەڵام خۆ ئێمە غەیبمان نەدەزانی،نەماندەزانی کە ئەو دزی دەکات ئێستا بەتۆمەتی دزی گیراوە وە ئێمەش شاهیدیمان لەسەر شتێکی گوماناوی نەداوە شایەتیمان لەسەر شتێک داوە کەخۆمان عیلممان پێیەتی وخۆمان زانیاریمان هەیە، بینیمان دزیەکە لەناو بارەکەی بنیامیندابوو وەکە قەناعەتیش ناکەیت ئەی باوکە پرسیار بکە لەخەڵکی مصر وە پرسیار بکە لەو قافڵەیەی کە لەگەڵ ئێمەبوو وەبزانە ئایا ئێمە لەخەبەرەکەمان ڕاست دەکەین یان نا؛ چونکە بەڕاستی ئێمە لە ڕاستگۆیانین، لێرە باسی ئەوە نەکراوە کە گەڕانەوەو باسەکەیان باسکرد بەڵام طبعا قصەکە وا دەخوازێت گەڕاونەتەوە لای باوکیان وە دەنگوباسی حاڵەتەکەیان بۆ باوکیان باسکرد وە یعقوب -ﷺ- ئەوە چل ساڵە چاوەڕێی یوسف دەکات کەچی ئێستا خەبەرێکی دڵتەزێنی تری بۆهات ئەویش ئەوەی کە براکەی یوسفیش ڕۆیشت ئەویش ئێستا کراوە بەکۆیلە،وە جارێکی تر باوکی نایبینێتەوە، واتە موصیبەتێکی تازە بەڵایەکی تر دیسان ڕوی لەو باوکە بەساڵاداچوەدا کرد بابزانین هەڵوێست و مەوقفی چی دەبێت چۆن ڕوبەڕوی ئەو موصیبەتە گەورەیە دەبێتەوە وە چۆن مامەڵە لەگەل کوڕەکانی دەکات {قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا} وشەی بل لەزمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (للإضراب) واتە ئەو خەبەرو باشەی پێشتر باسکرا وانیە، ئەوەی ئێوە بۆتان باسکردم و ئەو مەسرەحیەتان دروست کرد

بنیامین دزی کردوەو لەسەر دزی گیراوە ئەو شتانە وانیە، بەڵکو ئەوەیە کە دیسان نفسی خراپی ئێوە دیسان شتێکی تری بۆ ڕازاندونەتەوە دیسان کارەساتێکی تریشتان بەسەر ئەو برایەشتاندا هێناوە ئەگینا ئەو قسەیەی ئێوە دەیکەن من باوەڕم پێی نیە،بۆ ئایا براکانی ڕاستیان نەکرد! ئەی کە ڕاستیان نەکرد ئێستا چۆن ئەبێ یعقوب -ﷺ- فەرمووی نەخێر خەبەرەکە وانیە بەڵکو دیسان نەفسە خراپەکەتان فێڵێکی تری بۆ ڕازاندونەتەوەو فێڵتان لەبراکەتان کردوە، دەڵێین هەردوولا ڕاست دەکەن براکانی ئەوەی کە بینیان ظاهیری براکەیان دزی کرد بۆیە ئەوان ڕاست گۆبون و درۆزن نەبون لەم خەبەرەیاندا یعقوبیش بەهەڵەدا نەچوە کەدەڵێ من باوەڕم بەقسەی ئێوە نیە؛ چونکە لە حەقیقەتدا کوڕی خۆی دەناسێت کە دز نیەو دزی ناکات،دیقەت بدەنە ئەو حوکم دانەی یعقوب -ﷺ- ظاهیری قسەکەی ئەوان ڕاستە بەڵام ظاهیری قسەیان لێ وەرناگرێت؛ چونکە دەیانناسێت کەکەسانێکی باشنین سەبارەت بە براکەیان،بەڵام ظاهیری ئیشەکەی بنیامین دزیە، بەڵام لێرەدا یعقوب ظاهیری ئیشەکەی ئەویش وەرناگرێت؛ چونکە دەزانێت ئەصلی بنیامین پاکە وە بنیامین دز نیە واتە ئەصل ئەوەیە کەتۆ هەڵسەنگاندنت بۆ خەڵک بەگوێرەی مەعدەنی ئەصلی خۆیان بێت نەک بەگوێرەی قسەی خەڵک بێت تۆ کەسێک کە دەناسیت وا دەیناسیت کە باشە،ئەوە بالای تۆ تەرازووبێت سەنگی مەحەک بێت من دەیناسم هەزار قسەم بۆ بکەیت سودی نیە بەخوا، ئێ کاکەبەچاوی خۆمان بینیمان دزیکرد!ئەڵێ هەرچی بۆمنی باسکەن من باوەڕم بەوشتە نیە، یعقوب گومانەکەی لەشوێنی خۆیەتی بالجملة دەزانێت کوڕەکەی ئەو دزنیە هەرچەندە خەبەری دزی بدرێت و شایەتی دزیشی لەسەر بدەن وە بێ منەتانەش بەباوکیان دەڵێن بڕۆبێ منەتانە پرسیار بکە لەخەڵکی مصر بڕۆ پرسیار بکە لەقافڵەکە، هیچ لەمانە تصورو بیروبۆچونی یعقوب بەرامبەر بە بنیامین

ناگۆڕێت، ئەمە بەڕاستی صیفەتێکی جوانە نەک وەک ئەمڕۆ، ئەمڕۆ بۆ نمونە لەفیس بوک کە زبڵ دانە الا ان یشاء الله، لەفیس بوک ڕەسمی هەر یەکێک لەئێوە دەیهێنێت لەگەڵ ئافرەتێکی زیناکار لەولاشەوە ڕەسمی کۆمەڵێ پارە دابنرێ ڕەسمی هەموی بێنن پێکەوە لێکی بدەن خەڵکینە سەیری بکەن فلانە کەس بزانە خەریکی چیەو چی دەکات و چی ناکات، ئنجا سەد جنێوو قسەی سوکی پێ دەوترێت بەو پیاوە کە ئاگای لەهیچ نیە، واتە خەڵکی سادەو ساویلکە ئەوەی کە کەم ئەقڵەو کەم دینە لە شت ناکۆڵێتەوەو بیرناکاتەوە یەکسەر جنێودان و حوکم دان و دابەزینە سەری ئامادەیە یەکسەر دەست پێدەکات هەقی نیە ئەو مەوزوعە بەو شێوازە نیە کەتۆ لێی حاڵی بویت ئەصلی قەزیەکە ئەوە نیە نا ئەو هەقی نیە ئەها شتێک دەبینێت یەکسەر حوکم دەدات، یعقوب ئێستا کۆمەڵێ کوڕی خۆی هاتون شایەتی دەدەن وە بەڵگەشیان بەدەستەوەیە واش دەڵێت ابدا، بل واتە ئەوەی ئێوە دەیڵێن من باوەڕم پێی نیە؛ چونکە مەعدەنی کوڕەکەی خۆی دەناسێت کە کورەکەی ئەو دزنیە، کوڕەکەی من دز نیەو دزی ناکات ئەم قسانە سودی نیە بۆ من بیکەن بەڵام؛ چونکە دەزانێت کوڕەکانی پێشتر خراپەیان کردوە پێشتر چیان بەرامبەر بەیوسف کرد بۆیە ئێستا کە ڕاستیش بکەن خۆ ظاهیری قسەکەیان ڕاستە بەڵام ئەو گومانی خراپیان پێ دەبات، گومانی باشیان پێ نابات،فەرمووی نەخێر مەوضوعەکە بەو شێوازە نیە دیسان ئێوە شتێکی تر لەژێر سەرتانا هەیە چیە خوا دەزانێت، بەڵێ تەماشا دەکەین کاتێ کەبراکەیان گیرا نەهاتن دیفاعێک لەبراکەیان بکەن بڵێن والله برای ئێمە دزنیەو قەت دز نەبوە ئیللا دەبێ خەلەلێک ڕوی دابێت دەبێت شتێک لەئارادا هەبێت ئەو جامی پادشایە کەوتبێتە ناو باری براکەمان ئەگینا برای ئێمە دز نیە نەچون دیفاع بکەن کەدەشزانن ئەصل کەسێکی پاکەو دزنیە بەڵام یەکسەر هاتن وتیان کە ئەمە دزی

بکات خۆ برایەکی تریشی هەبو ئەویش هەر دزی کرد کەواتە هاتن یەکسەر حوکمی خراپیان دا جا ئەو نمونانە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دووبارە دەبنەوە خوانەکات شتێک بگوترێت ئەوکاتە گوێبگرە بۆ قسەی خەڵک هەریەکەی لەلایەکەوە دێت درۆی ترو بوهتانی تردروست دەکات،بنیامین دز نەبو کەچی نەک بەس بنیامینیان تۆمەتبار کردوتیان ئەگەر ئەو دزی کردبێ براکەشی دز بووەو پێشتر دز بوە.

{فَصَبْرٌ جَمِيلٌ} بەڵام هەرچەندە کەئێوە هەرچیتان کردبێ لە بنیامین هەرچی ڕویدابێت ئەوەی لەسەر من پێویستە یعقوب دەفەرموێت صبرگرتنێک وئارامگرتنێک لەسەر قەضاو قەدەری خوای پەروەردگار، بەڵام چۆن ئارامگرتنێک {فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا} صەبرێک دەگرم بەئومێدەوە، صەبر دەگرم بەشکم خوای پەروەردگار هەرسێ کوڕەکانم پێکەوە بۆ بگەڕێنێتەوە، یوسف بنیامین، ئەو براگەورەیەی تریشیان کەلەشەرمی باوکیان نەگەڕایەوە وتی من نایەمەوە تاوەکو یا براکەم لەگەڵ خۆم دەبەمەوە یان باوکم ئیزنم پێ بدات کە بگەڕێمەوە،ئێستا صبر دەگرێت یعقوب بەڵام صەبرێکی بێئومێدی نا هەندێ لەزانایان دەفەرموون دوو جۆر صبر هەیە:

یەکەم:صبر مع الرجاء.

دووەم:صبر البهائم.

صبر البهائم دولەڕوتان ولاخێک وشترێک هەرچەندە باری لێ بنێیت چی بکات داماوە صەبر دەگرێت؛ چونکە هیچ هەڵبژاردەی تری نیە، مرۆڤی ئیماندار صەبر دەگرێت چاوەڕێی ڕەحمەتی خوا دەکات ئەوە نیە بڵێیت چارم نیە،مەوزوعەکە هیچ چارم نیە نیە،مەوزوعەکە ئەوەیە کەتۆ گەشبینیت دڵت گەشە بەڕەحمی خوای گەورە کە صەبر دەگریت دەزانیت عاقیبەتی صەبرخۆشیە

عاقیبەتی صەبر ڕەحمەتە إن شاء الله، لەدەرسە کۆنەکانی پێشو باسمانکرد کاتی کەهاتنەوە لای باوکیان بە کراسە خوێناویە درۆینەکەی یوسف کەکراسەکەی یوسفیان هێنا وتیان ئەی باوکە یوسف گورگ خواردی، یعقوب فەرمووی {بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ} (١٨) موصیبەتی یەکەم کە کوڕی یەکەمی لەدەستدا خەبەریان بۆ هێنایەوە وتیان یوسف گورگ خواردی، {بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ} ئەو وتی بەخوا ئەمە فێڵێکە لەژێر سەری ئێوە دایە بەڵام ئەوەی لەسەر منە صەبر دەگرم {وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ} (١٨) صەبری یەکەم استعانە بەخوای لەگەڵ بوو،خوای گەورە جێگای ئومێدی منەو داوای یارمەتی لەو دەکەم یارمەتیم بدات لەو موصیبەتەی کەبەسەرم هاتوە ئەی لێرە کە کوڕی دووەمی لەدەستدا هەمان شت دیسان صەبرێکی تر دەگرێت {بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ} صبر جميل ئەو صەبرەیە کەتۆ ناڕەزایی لەقەدەری خوا دەرنەبڕیت ئەوەیە کەتۆ سکاڵای خوا بۆلای خەڵک نەکەیت، واتا سکاڵا نەکەیت لەئیشی خوا نەچیتە لای خەڵک بڵێی نابینی خوا چی لەمن کرد نابینی چیم بەسەر هات واتە وەک ئەوە وایە تۆ شکاتی خوا لای خەڵکی بکەیت ئەمە صەبر نیە ئەمە بێڕێزیەو بێ ئەدەبیە مرۆڤ ئاوا بکات،مرۆڤ کە سکاڵا بۆلای خوا بکات خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە بەڵام سکاڵای خوا لای خەڵک بکەیت تیادادەچیت و زەرەر دەکەیت، خەڵک ناتوانێت هیچ بۆتۆ بکات بەرامبەر بەخوای گەورە،هەمان شت وەرە بیهێنە پێش چاوی خۆت خۆشەویسترین منالْت ئاوا بڵێن گورگ خواردی ئێستا تۆ بڵێیت صبر دەگرم وداوای یارمەتیش لەخوا دەکەم هەر صەبرت گرت ئێستا کوڕەکە هەر نەگەڕاوەتەوە کەچی کوڕی دووەمیشت چوو ئێستاش ناڵێت توخوا صەبری چیم گرت من ڕەنج بەخەسار بووم چل ساڵە من لەخوا دەپاڕێمەوە چل ساڵە من

صەبرم گرت کەچی ئێستا من کوڕی دووەمیشم چوو، نا کوڕی دووەمیشی چوو هەر دەفەرموێت صبر جميل هەر صەبر دەگرم صەبرێکی جوان کەخوا لێم ڕازیبێت، واتا ئێستا سەیری موصیبەتەکە بکەن وای لێهات موصیبەتەکە زۆر گەورەتر بوو لەسەر یعقوب قورستربوو کوڕی دووەمیشی تیاچوو ڕۆی بو بەعبد کرا بەکۆیلە لەوڵاتێکی دوور، موصیبەتەکە بەقوەتتر بوە کەچی رجاء ی یعقوب و ئومێدی یعقوب بەڕەحمی خوا زیادی کردوە یەکسەر فەرمووی {فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا} کەواتە ئەزمە موصیبەت قەیران ناڕەحەتی تاتوند بێت بارەجای ڕەحمەتی خوات توندترو زیاتربێت، تا موصیبەتەکە بەرەو گەورەتری بڕوات دیارە بەرەو کۆتایی دەڕوات إن شاء الله یا أزمة أشتد تنفرج، ئەزمە تاوەکو قورس نەبێت خوای گەورە لای نابات بەڵام بۆ ئەوکەسانە قورسی دەکات کە ئیمانیان پتەوە؛ چونکە تاموصیبەتەکە قورستر بێت لەسەریان ئەجرو پاداشتیان لای خوای گەورە زیاترە و گەورە ترە، لەوانەیە هەمان دوو کەس برای یەکتر بن خزمی یەکتر بن هاوشانی یەکتر بن یەکێکیان خوای گەورە موصیبەتی زۆر قورسی بەسەر دەهێنێت و یەکێکی تریان موصیبەتی زۆر سوک يبتلى المرء على قدر دينه مرۆڤ تاقیدەکرێتەوە بە ئەندازەی ئیمانەکەی،کە ئیمانی پتەوبێت بەڵاو موصیبەتەکەی گەورە دەبێت کە ئیمانیشی لاواز بوو بەڵاو موصیبەتەکەی بچوک دەبێت پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێت، کەواتە دوای چل ساڵ صەبر گرتن و دوعا کردن تائێستا ظاهیری خوای گەورە وەڵامی نەداوەتەوە ئێستا موصیبەتێکی تریشی بەسەر هات وای لێنەکرد یعقوب کۆڵ بات لە دوعا کردن یان لە ئومێد بون بەخوا نا دوای ئەوە فەرمووی {عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا} لەبیدایەتی موصیبەت صبرو استعانة لە قیمەی موصیبەت صبرو رجاء صبرو رجاو ئومێد بون بە خوای گەورە کە ئومێدی وایە دەرگای خێر نزیکەو دەرگای ڕەحمەت

دەکرێتەوە {إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ} ﴿٨٣﴾ بۆیە دەفەرموێ من ئەو رەجایەم بەخوا هەیەو ئەو ئومێدەم بەخواهەیە کە هەرسێ کوڕەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە؛ چونکە خوای گەورە زانایە خوای گەورە باشتر دەزانێت چی بۆمن خێرە یوسف بیگەڕێنێتەوە، دوایخات،نەیگەڕێنێتەوە بنیامین کوڕەکەی تریانم خوا خۆی زاناترەو باشتر دەزانێت چی بۆم باشە الحكيم کار لەجێیە ئەوەیە کەخوای گەورە کردوێتی هەمووی لەجێی خۆیەتی دانایە،یوسف پێش پێغەمبەری خۆمانە -ﷺ- ئەی پێش عیساو موساشە بەڵام نارەحەتیەک بەسەری هات لەدونیا خۆی و باوکی خەفەتیان خوارد بەڵام خوای گەورە بەو موصیبەتە بەرزی کردونەتەوە لەپێش موساوە کەچی تا ئەمڕۆش هەمومان چەن سەر سامین پێی بەخۆی وبەباوکی چەنێک خۆشماندەوێن ئەو باوک و کوڕە ئەوەتا ڕۆژی قیامەت بزانە خوای گەورە چۆن بەرزی کردنەوە وەکو باسیشمان کرد ئەوە بەس پاداشتی دونیایە ئەی قیامەت زۆر گەورەترە ئەجرو پاداشتیان لای خوای گەورە.

﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾﴾

ئەو مەشهەدە بێنە پێش چاوی خۆت ئێستا کوڕەکان هەمویان جگە لەکوڕەگەورەکە گەڕاونەتەوە لای باوکیانن خەبەری مصریان نەقڵ کرد بۆ باوکیان کە دو برای تریان نەهاتنەوە لەگەڵیان ئەو موصیبەتە گەورەیە کەبۆت باس بکرێت {وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ} یەکسەر پشتی تێکردن و جێی هێشتن تەواو تازە چی بکات و مناقەشەی چیان لەگەڵ بکات لەومەی چیان بکات چۆن دەبێت وابێت بۆ جێتان هێشت و... ئەمانە هیچی سودی نیە بۆیە پشتی تێکردن و جێی هێشتن فەرمووی {وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ} ئەی داخەکەم بۆ یوسف، واتە خەمی

گەورەی من بۆ یوسف! بۆ ئێستا خەبەری کێی بۆهاتوە؟ خەبەری بنیامینی بۆ هاتوە کە کرا بەکۆیلە بەتۆمەتی دزی گیراوە وەکورەکەی تریشی ماوەتەوە ئێستا موصیبەت موصیبەتی ئەو دوانەیە کەچی ئەو یوسفی هەربیرنەچۆتەوە موصیبەتی گەورە لای ئەو موصیبەتی یوسفە بۆیە یەکسەر دەفەرموێت داخی گەورەی من بۆ یوسف،خەفەتی گرانی من لە یوسف کە یوسفم لەدەست چوو.

{وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ} واتە هەردوچاوی یعقوب -ﷺ- سپی بوو، هەمومان دەزانین ڕەشاییەک هەیە لەناوەڕاستی چاودا، بەهۆی خەفەتخواردن و گریانەوە ڕەشایی چاوی نەما لێڵ بوو بەرەو سپی ڕۆیشت، هەردووچاوەکانی سپی بوون، مرۆڤی کوێرتان بینیوە ڕەشایی چاوی نامێنێت هیچ نابینێت، یعقوب کوێر بوو کە ئەو خەفەتە گەورەیەو ئەو هەواڵە ناخۆشەی بۆهات ئەوەندە گریاو ئەوەندە بێتاقەتبو بەهۆیەوە هەردوو چاوەکانی لەدەستدا .

{فَهُوَ كَظِيمٌ} ﴿٨٤﴾ بەڵام زۆر خەفەتەکەی خۆی دەخواتەوە کظیم ە دەیشارێتەوە دەرینابڕێت ناچێ هاواربکات و لەخۆی بدات ناچێت شەڕ بەخەڵک بفرۆشێت نایەوێ أصلا مناڵەکانیشی بێتاقەت بکات بەس لەناخی خۆیدا وەک بڵێیت جەرگی خۆی خواردۆتەوە ئەمەش صیفەتێکی ئاساییە لەمرۆڤدا، مرۆڤ کە موصیبەتێکی پێ دەگات بێتاقەت بێت بگری و خەفەتی پێ بخوات شتێکی ئاساییە مرۆڤ وەک کوردەواری دەڵێت گۆشت و خوێنە، پێغەمبەری خوا -ﷺ- کە ئیبراهیمی کوڕی مرد و کەیەکێ لەنەوەکانی مرد دەستی کرد بەگریان -ﷺ- بۆیە لەکاتی موصیبەت مرۆڤ بگری یا بێتاقەت بێت ئەوە شتێکی ئاساییە ئەوەنەبێ بڵێین چۆن دەبێت موسڵمان بگری چۆن دەبێت موسڵمان بێتاقەت بێت، ئێ بۆ مەگەر تۆ چیت خۆ ئاسن نیت مرۆڤیت مرۆڤیش

بێتاقەت دەبێت و وە خەفەتباریش دەبێت، کظیم واتە کە خەفەت و بێتاقەتی خۆی دەشارێتەوە.

قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ ﴿٨٥﴾

{قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ} کە بینیان باوکیان ئاوا بەبێتاقەتی جێی هێشتن و دەستی کرد بەگریان و وە زۆر خەفەتی خوارد وە هەردوو چاویشی کوێر بوو تەواو چاوەکانی لەدەستدا وتیان سوێند بەخوا ئەی باوکە تۆ بەردەوام یادی یوسف دەکەیت ئەی باوکە موصیبەتی ئەمڕۆمان موصیبەتی یوسف نیە، یوسف ئەوە چل ساڵە گورگ خواردویێتی تیاچوو جارێ موصیبەتی دووبرای ترمانە، تۆ بەردەوام ئەی باوکە یادی یوسف ئەکەیت بەردەوامیت وازناهێنیت ئەی باوکە چل ساڵە تۆ یادی یوسف دەکەیت و لەیادت ناچێت بۆی ئەگریت و بێتاقەتیت بۆی {حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا} ئەی باوکە هەتا وات لێهات چاوەکانت لەدەستدا وات لێدێ لاشەشت لەدەست دەدەیت لاواز بویت زەعیف بویت بێتاقەت بویت پشتت چەماوەتەوە {أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ} ﴿٨٥﴾یان تۆ کۆتاییت پێدێت بەجارێک دەمریت نەک هەر لاوازو نەخۆشبیت، بەڵێ یعقوب هەردووچاوی لەدەستداو پشتیشی چەمابۆوە پرسیاریان لێکرد بۆوات لێ بەسەرهات؟ وتی چاوەکانم لەدەستدا بۆ یوسف پشتیشم چەمایەوە بۆ بنیامین دوو موصیبەتی گەورە کە بەسەری هات.

قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾

{قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ} کوڕەکانی لەومەی دەکەن ئەی باوکە بۆ وا لەخۆت دەکەیت بۆ وا بەسەر خۆت دەهێنیت ئەم گریان و بێتاقەت بونەت لەچی نابێ وابیت،وەهەروەها نابێ تۆ هیچی تر باسی یوسف بکەیت یوسف ڕۆی تەواو کۆتایی پێهات {إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ} یعقوب فەرمووی من سکاڵا بۆلای ئێوە ناکەم من تەنها سکاڵای خۆم حاجەتی خۆم بۆلای خوا بەرز دەکەمەوە بثي واتە همي وحاجتي پێداویستی خۆم و داواکاری خۆم وە خەفەتی خۆم بۆلای خوا بەرز دەکەمەوە بەتەنها بۆلای کەسی تر نا، حەقی منتان چیە بۆتان نیە لەومەی من بکەن بۆتان نیە گلەیی لەمن بکەن خۆمن نەهاتوم داوا لەئێوە بکەم خۆ من نەهاتوم رجای رەحمەتی ئێوە بکەم خۆمن نەچوم سکاڵا لای خەڵک بکەم، مرۆڤی موسڵمان ئاوایە سکاڵای خۆی بۆلای خوا دەکات (من شكى الخلق الى الله وصل ومن شكى الخالق الى الخلق انفصل) واتە هەرکەسێ شەکوای خلق بۆلای خوا بکات ئەوە خوای گەورە دەیگەیەنێ بە ئەنجام بەڵام تۆ سکاڵای خوا لای خەڵکی بکەیت تیادادەچیت.

{وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ} ﴿٨٦﴾ بۆیە یعقوب دەفەرموێت من شتێک دەزانم لەخواوە زانیاریەکم پێیە لەخواوە خوا بەجۆرێک دەناسم کە ئێوە نایناسن، زانیارییەکم هەیە کەخواپێی بەخشیوم ئێوە نیتانە، ئەوەنەی من خوای خۆم بناسم بێئومێدم ناکات،ئەوەنەی من خوای خۆم بناسم دەرگای ڕەحمەتم لێدەکاتەوەو لەو قەیرانە ڕزگارم دەکات، ئێوە نازانن ئێوە جاهیلن ئێوە خوا وەکو من ناناسن من عیلم و یەقینم هەیە کەهەرکەسێ بەردەوام لەخوا داواکات و پشت بەخوا ببەستێ و شکوای خۆی بۆلای خوا بکات، خوای گەورە بەدەستی خاڵی نایگەڕێنێتەوە، بۆیە لەومەی من مەکەن کەزۆر داوا لەخوا دەکەم،کەزۆر دوعا دەکەم دەپاڕێمەوە باچل ساڵیش بەسەر قەضیەی یوسف تێپەڕیبێت من بێ ئومێد

نیم لەڕەحمەتی خوا من خوای خۆم دەناسم کێیە ئێوە نازانن ئێوە بۆتان نیە لەومەی من بکەن ڕەخنە لەمن بگرن بۆچی وا دەکەیت.

{وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ} ﴿٨٦﴾ یعقوب چی دەزانی ئەوەی وا ئەوان نەیاندەزانی؟ یعقوب ئەو گومانە باشەی بەخوای خۆی دەبرد کەخوای گەورە دەزانێت هەرکەسێ داوای لێبکات خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە، ئەو گومانە باشەی بەخوای خۆی هەبوو کە لن یغلب عسر یسرین ناڕەحەتیەک دوو خۆشی نابەزێنێت، مادام ناڕەحەتی بەسەر هاتوە ئیللا دەبێت ئاسانکاری بێ و خوای گەورە لەو موصیبەتە ڕزگاری دەکات، سبحان الله لەو ئیمانە وە لەو یقینەی کە یعقوب هەیەتی،دوای ئەو هەموو موصیبەتە بەردەوامە بێ ئومێد نەبوە وە لەدوعا نەکەوتوە وە بە پەلەش نیە چل ساڵ هەر بەردەوامبیت، ئێمە کەحاجەت و داواکاریەکمان دەبێت لەخوای خۆمان ڕۆژێک دوڕۆژ حەفتەیەک مانگێک دومانگ دوعا دەکەین نەبو تەواو بەخوا هیچ بێئومێدم، بەڵام یعقوب بەرامبەر خوای گەورە وانەبوو،ئەیوب -ﷺ- نزیکەی حەڤدە هەژدە ساڵ نەخۆشیەکی گرت خراپترین نەخۆشی، شەرمی دەکرد داوا لەخوا بکات شیفای بدات؛ چونکە دەیوت ساڵانێکی زۆر من لە لەشساغیدابوم؛ چونکە دەیزانی هەر داوا بکات خوای گەورە یەکسەر وەڵامی دەداتەوە و شیفای دەدات، یعقوب دەزانێت خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە بەس بە پەلە نیە، وە دەشزانێت کە چل ساڵە وەڵامی نەداوەتەوە بێ حیکمەت نیە، ئەمما بلێی بێئومێد بوبێ لەڕەحمی خوا نەخێر،بۆیە نابێت ئێمە بەپەلەبین لە دوعا، نابێ بێئومێدبین لەڕەحمەتی خوا،نابێت گومانمان خراپ بێت بەرامبەر بەخوا، عبدالله ی کوڕی موبارەک ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت دەفەرموێت لەڕۆژی عەرەفە لەعەرەفات کەخەڵک دوعا دەکات هەمووی،

حاجی دوعا دەکەن، دەفەرمویێت سوفیانم بینی وتم کێ دەبینیت لەهەموو کەس خراپتربێت لەناو ئەو هەموو حاجیانەدا، وتی خراپترینی کەس بەبیرو بۆچونی من ئەو کەسەیە وابزانێت کەخوای گەورە وەڵامیان ناداتەوەو دوعاکانیان قبوڵ ناکات، نابێ ئەو گومانە خراپە بەخوای خۆت بەریت.

{وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ} ﴿٨٦﴾ کەواتە لەم ئایەتە ئەوە فێربوین کە ئێمە هەمیشە شەکوای خۆمان بۆلای خوا بەرز بکەینەوە بەفەقیری مەچۆ لای خەڵک بلاڵێیتەوەو بەخوا وەزعمان زۆر خراپەو بەخوا ئاواو ئاواین، واتە تۆ شکات لەخوا دەکەیت لای فلانە کەس خوای گەورە فەقیری کردوم، لەجیاتی ئەوەی لای خەڵک باسی حاڵی خۆت بکەیت کەتۆ چیت و چیت، قال تعالی: {رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنْزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ (٢٤)} [القصص: ٢٤، ٢٥] خوایە من بۆ ئەو خێرو بێرەی تۆ بۆت دابەزاندوم موحتاج و فەقیرم داوا لەتۆ دەکەم،توشی نەخۆشیەک بویت بەس داوا لەخوا بکە، بەلایەکت بەسەر هاتوە بەس داوا لەخوا بکە نەک لە خەڵک.

يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ ۖ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ ﴿٨٧﴾

یعقوب-ﷺ- نەچوو بێئومێد دانیشێت و یان بڵێ بەس دوعا دەکەم و هیچی تر نا {يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ} فەرمووی:ئەی ڕۆڵەکانم هەستن بڕۆن بۆ مصر بۆ ئەو شوێنەی کە براکانتانی لێیە، بڕۆن زۆر بەنەرمی وبەهێدی و

هێمنی و بەعاقڵانەو بە حەکیمانە لە یوسف و لەبراکەی لەبنیامین،ئەی بۆ نەیفەرموو لە براکەی تریشتان؟

چونکە ئەو بە هەڵبژاردەی خۆی ماوەتەوەو نەگەڕاوەتەوە، بڕۆن بگەڕێن سبحان الله لەوەیە ئێستا کوڕەکانی تر بڵێن ئەوە چیە باوکمان تێکچوە خڵەفاوە چاوی لەدەستدا لەوەیە عەقڵیشی لەدەست دابێت یوسفی چی؟بچین لەمصر لە یوسف بگەڕێین چۆن لە یوسف بگەڕێین؟ بڕۆن بگەڕێن لە یوسف و براکەی بەڵام بە بێئومێدیەوە مەگەڕێن بەدوایدا بەڵکو بەئومێدەوە بگەڕێن دەیاندۆزنەوە إن شاء الله

{وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ} ﴿٨٧﴾

وە بێئومێد مەبن لە ڕەحمی خوا لە دەرگای خێری خوا؛ چونکە دووجۆر گەڕان هەیە، گەڕانێک هەیە تۆ گەشبینیت (تفائل بالخير تجدوه) ئومێدت وایە کەخوای گەورە گەڕانەکەت بەزایە نادات، گەڕانێکیش هەیە کە تۆ هەروا دەگەڕێیت ئەمرت پێ کراوەو هەر دەگەڕێیت دەنا ئومێدت نیە خوای گەورە لە حدیثێکی قودسیدا دەفەرموێت: ((...أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي،...))[11] دەفەرموێت من لای گومانی عەبدەکەم پێم چۆن گومانم پێ ببات ئاوای بۆ دەکەم، گومانت وابێ خوا لێت خۆش ببێت والله لێت خۆش دەبێت، گومانت وابێ خوای گەورە لەو موصیبەتە ڕزگارت دەکات والله ڕزگارت دەکات، گومانی شەڕیش بەخوا بەریت بەخوا تەواو من تیا چوم تەواو جارێکی تر من ڕزگارم نابێت دەی خوا ڕزگارت ناکات دڵنیابە، گومانی باش بەخوا بەرن،بێئومێدمەبن لەڕەحمی خوا بێئومێد مەبن لەوەی کەخوای پەروەردگار ئەو بەڵاو موصیبەتەتان لەسەر لا دەبات.

---

(11)- **متفق عليه:** البخاري (١٣/ ٣٨٤ رقم ٧٤٠٥) ومسلم (٤/ ٢٠٦١ رقم ٢٦٧٥).

{إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ} ﴿٨٧﴾ وەکەس بێئومێد نابێت لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار ئیللا قەومێک نەبن کە کافرن ئەگینا مرۆڤی ئیماندار نابێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە بێئومێدبێت، کەواتە بێئومێد بون لەڕەحمی خوای گەورە صیفەتی کافرە صیفەتی موسڵمان نیە، تاوانت کردوە ئەگەر بەقەدەر پڕایی زەوی تاوانت کردبی بێئومێد نەبیت لەڕەحمەتی خوا، بەڕاستی بگەڕێرەوە بۆلای خوا لێت خۆش دەبێت،خراپترین نەخۆشیت هەبێت بێئومێد مەبە لەڕەحمەتی خوائومێدت وابێت خوا شیفات بۆ دەنێرێت، توشی قەیران و قەرزو فەقیری بویت بێئومێد مەبە لەڕەحمەتی خواهەوڵ بدە اها فەرمووی:

{اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ} بڕۆن بگەڕێن ئەوە هۆکار گرتنە بەرە دەبێ هەوڵ بدەیت بەڵام ئومێدیشت بەڕەحمی خوابێت؛ چونکە بەڕاستی کەس بێئومێد نابێت لە ڕەحمەتی خواو لەدەرگای خێری خوا کەلەکاتی موصیبەت لێت دەکاتەوە ئیللا قەومێکی کافر نەبن، ئەگینا قەومی موسڵمان نابێت بێئومێدبێت لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، کەواتە زۆر ترسناکە موسڵمان بێئومێدبێت لە ڕەحمی خوا {قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣)} [الزمر: ٥٣، ٥٤] بێئومێدی لەڕەحمی خوا لەتاوانە گەورەکانە وە لەصیفەتی کافرەکانە،تۆی موسڵمان هەمیشە گەشبین بە هەمیشە دڵ گەش بە هەمیشە بەورە بە هەمیشە باهیوات هەبێت کەخوای گەورە لەگەڵتەو یارمەتیت دەدات بەفریات دەکەوێت وڕزگارت دەکات لە تەنگ و چەڵمە بەڵام دەست بەهۆکاریشەوە بگرە تەقوای خوای گەورە بکە {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ [الطلاق: ٢- ٣]هەر تۆ تەقوای خوای گەورە بکەیت خوای گەورە

دەرچەیەکت بۆ دەکاتەوە ئەگەر لەناو دوو بەردی کەپسیشدا گیرت خواردبێت ئیللا خوای گەورە بۆت لێک دەکاتەوەو دەرچەیەکت بۆ دەکات بەس تەقوای خوا بکەو ڕولەخوابەو داوا لەخوا بکە، کەواتە تێگەیشتین یعقوب -ﷺ- موصیبەتێکی گەورەی تری بەسەرهات موصیبەتەکەی پێشوتری قورستر کرد لەسەری، کوڕەکانی دوو گەشتیان کردبۆ مصر گەشتی یەکەم بەخۆشی هاتنەوە ئەوەتاسەرەڕای خواردنەکەی کەهێنابویان چی پارەشیان دابو پێی ئەوەشیان بۆ گەڕێندرایەوە دڵخۆشبون، بەڵام گەشتی دووەم بەدڵ ناخۆشی گەڕانەوەژیانیش ئاوایە، بەڵام با بزانین گەشتی سێیەم بەچی دەگەڕێنەوە، کە ئێستا بەرەو مصر دەڕۆن بزانین بەچیەوە دەگەڕێنەوە، یەکەم گەشت خۆشی بوو دووەم ناخۆشی بوو سێیەم دڵنیابن خۆشیە؛ چونکە ان مع العسر یسرا، دائما لە خۆشیدابیت وامەزانە خۆشی بۆ کەس تا سەربێت، ناخۆشیت بەسەریەت، بەڵام کەناخۆشیت بەسەرهات دڵنیابە خۆشی بەدواوەیە إن شاء الله، ئەوەش لە ڕەحم و فەضلی خوایە دوو خۆشی ئنجا ناخۆشیەکیان لە نێواندایە نەک دوو ناخۆشی خۆشیەکی لەنێواندابێت، کوڕەکانی دەنێرێتەوە بۆ ئەوەی لە یوسف بگەڕێن کەسەیرە بەلای کوڕەکانەوە گەڕان لە یوسف وە لە مصر بگەڕێین بۆچی؟بەس بابزانین کەدەگەڕێنەوە ئەوێ وەلە یوسف دەگەڕێن بزانین دیسان وەصیەتی یعقوب چیەو چۆن بڕۆن وە بە چ شێوازێک قسە بکەن لەگەڵ عەزیزی مصر.

فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾

کوڕەکان بەقسەی باوکیان کرد و چی پارەیەک شتێکیان هەبو لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مصر دیسان بارێکی تر بەژمارەی کوڕەکانی لەخواردن بکڕن بەڵام ئامانجی گەورەی ئەمجارەیان گەڕانە لە یوسف وڕزگارکردنی براکەیەتی.

{فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ} ئەوانیش کەوتنە ڕێ تاوەکو گەیشتنە مصر، لەمصر چونە لای یوسف جا کاتێک کە چونە ژورەوە بۆلای یوسف {قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ} وتیان ئەی کەسی بە دەسەڵات و مەکانەت و عیزەت، ئەی ئەوکەسەی کەشتەکانی مصر لەبەر دەستی تۆیە {مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ} ئێمە حاڵی خۆمانت بۆ باس دەکەین، ئێمەش و کەسوکاریشمان واتە هەموو عەشیرەتمان هەمومان توشی ئەوپەڕی برسێتی وهەژاری و نەداری بوین و حاڵمان زۆر خراپە {وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُزْجَاةٍ} وە ئەمجارە هاتوین بۆلای تۆ بە بەهایەک هاتوین کەزۆر کەم کەڵکە هیچ قیمەتێکی وای نیە، ئەصلەن بۆ فرێ دان باشە ئەوەی ئێمە هێناومانە بۆتۆ تا گەنمی پێ بکڕین لەوەیە ئەوکات خۆ پارە نەبوبێت بۆنمونە کەلوپەلێکی تریان بردبێ بۆنمونە جلیان بردبێت گەنمیان پێ کڕیبێت، والحاصل ئەوشتەی کەبردیان تا گەنمی پێ بکڕن هیچی وانەبو کەم بوو وە بەسود نەبوو هیچ نیە ئێمە خۆمان دانی پیادەنێین بەڵام سەرەڕای ئەوەش داوامان لەتۆ ئەوەیە ئەی پیاوی گەورە {فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ} بەتەواوی تۆ وەکو جاران بارەکەمان بۆ پڕبکەرەوە و بەتەواوی بمانەرێ، واتە ئەوەی ئێمە هێناومانە شایستەی ئەوەنیە تۆ بەتەواوی حەقمان بدەیتێ کەمە هیچ نیە،بەڵام پێمان وتی خۆمان و خێزانمان و کەسوکارمان توشی فەقیری و نەداری زۆر بوین بەتەواوی شەکەت بوین لەبەر ئەوە داوات لێ ئەکەین تۆ بە یەکسانی لەگەڵمان نەکەی ئەوەی ئێمە هیچ نیە بەڵام داوا لەتۆ دەکەین کە کامل بەتەواوی دیسان بارەکەمان پێبدەی لەبەرامبەر ئەوشتەی ئێمە هێناومانە

{وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ} ﴿٨٨﴾بەڵام ئەوەی ئێمە داوات لێدەکەین صدقەیە خێرە ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکە ئەو ئیشەمان لەگەڵ بکە ئەمجارەشیان گەنممان بدەرێ وەکو جارانی پێشو کە دەتدا پێمان، جارانی پێشو قیمەتی گەنمەکەمان پێبو ئەم سەفەرە پێمان نیە، ئەوان کوڕە پێغەمبەرن دەزانن کە عەزیزی مصر چاکەیان لەگەڵ بکات چاکەکەی بەزایە ناچێت، بەڵام نەیانوت ان الله یجزیک علی صدقتک دیقەت بدەنە ئەم دەستەواژە قورئانیە لەدیدی کوڕەکانی یعقوب

-ﷺ- عەزیزی مصر کە یوسفە کەسێکی کافرە لەسەر دینی ئەوان نیە ئەوان نازانن ئەمە یوسفی برایانە وە پادشای مصرو ئەهلی مصر جارێ ئەوان هەر وا تصور دەکەن کافرن و دینیان کوفرە، ئێستا بۆ ئەوەی توشی درۆ نەبن وەتوشی عەقیدەیەکی درۆش نەبن معاریضیان بەکارهێنا معاریضیش واتە تۆ ئسلوبێک لەقسە بەکار دەهێنیت کەخۆت لەدرۆ دەپارێزیت وەخۆشت ڕزگار دەکەیت لە مەوقیفەکەو درۆش ناکەیت، وتیان دڵنیابە کەخوای گەورە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە نەیانوت خوا پاداشتی تۆ ئەداتەوەچونکە لەبیروڕای ئەواندا عەزیزی مصر موسڵمان نیە کەواتە چۆن خوای گەورە پاداشتی کافر دەداتەوە، ئەگەر وتبایان خوا پاداشتی تۆ ئەداتەوە ئەوان شتێکیان دەوت کە پێچەوانەی عەقیدەی خۆیانە، لەعەقیدەی موسڵماندا بەبەڵگەی قورئان و سونەت کەسێک موسڵمان نەبێت بۆ قیامەت پاداشتی نیە لەلای خوا، بۆ دونیا خوای گەورە پاداشتی کافریش دەداتەوە لەشساغی دەکات ماڵ و سامانی پێدەدات زۆر پێداویستی بۆ ئاسان دەکات ئەوە بەشەکەیەتی لەدونیا بەڵام بۆ قیامەت هیچی نیە بۆیە بۆ ئەوەی هەم توشی خیلافی عەقیدەیی و درۆ نەبن معاریضیان بەکار هێنا لێرە دیقەت بدەنە چەند شتێک:

یەکەم: {إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ} ئەوە هانمان دەدا کە ئێمە لە چاکەکردن بین و خێرو صدقه بکەین؛ چونکە با دڵنیا بین خوای گەورە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە واتە تۆ چاکە لەگەڵ خەڵک بکە بەئومێدی ئەوەنا ئەوکەسەی چاکەت لەگەڵ کردوە پاداشتت بداتەوە بەڵکو بەئومێدی ئەوەی کە خوای گەورە پاداشتت بداتەوە {إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا (٩)} [الإنسان: ٩] ئەمەش اخلاصە مرۆڤ چاکەیەکی کرد خالصا بۆ خوا بیکات داوای پاداشت و سوپاس و چاکە لەبەرامبەرەکەی نەکات؛ چونکە خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە ئەی چاکەکار کەتۆ بۆ خوای بکەیت هەقت نەبێت، هەقی ئەوەت نەبێت ئەکەسەی چاکەت لەگەڵ کرد چاکەی لەگەڵ نەکردویتەوە گوێی پێمەدە ئەصلەن بۆ ئەوەش لەگەڵی مەکە چاکەت لەگەڵ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بکە کە خوا پاداشتت بداتەوە وە دڵنیابە جەزای وەردەگریت.

دووەم:دیقەت بدەنە ئەو زەلیلیەی کەتوشی خاوەن زەللە دێت (الزلة توجب الذلة) بەهۆی ئەوەی کەتوشی ئەو زەللەو هەڵە گەورەیە بون کەبەرامبەر بەیوسف کردیان ئێستا چۆن خوای گەورە زەلیلی کردون لەبەردەم یوسف، لێی دەپاڕێنەوەو داوای لێدەکەن تصدق علینا بەشکو خێرمان پێبکەیت و چاکەمان لەگەڵ بکەیت و یارمەتیمان بەیت نازانن ئەوە ئەو کەسەیە کە ئەوان چ هەڵەیەکیان بەرامبەری کرد، کەواتە دڵنیابە کەتۆ هەڵە بکەیت و پێچەوانەی شەرعی خوا بکەیت عاقیبەت و عقوبەکەی بریتیە لە زەلیلی، کاتێک کە یوسف ئاوا براکانی بینی بەو زەلیلی و موحتاجیە وە ئەو خەبەرەی کەبیست لێیان،ئێمە خۆمان مناڵمان و خێزانمان هەمومان نارەحەتیەکی زۆر گەورە توشمان هاتوە، ئێ ئەهلی ئەوان ئەهلی یوسفیشن کە ئەوەی بیست بێتاقەت بوو -ﷺ- لەگەڵ ئەو هەموو زوڵمەی کەلێی

کرا خۆی بۆ نەگیرا هیچی تر قەزیەکە بە شاراوەیی بهێڵێتەوە یەکسەر خۆی ئاشکراکرد.

{قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ﴿٨٩﴾

{قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ} ئێستا دەیەوێت چاکەیان لەگەڵ بکات بەڵام دێت خۆی کەشف دەکات دەڵێت:ئایا زانیتان ئێوە چیتان بەرامبەر بەیوسف و براکەی کرد چاک دەزانن وانیە؟ شتێک نیە شاراوەبێت لێتان لەبیرتانە چۆن لەیەکتان کردن ئەو دوبرایە، لەبیرتانە چۆن هەوڵی کوشتنی یوسفتان دا، دەزانن چۆن خستانە ناو بیرێکەوە،دەزانن چۆن فرۆشتان بەنرخێکی کەم و بێ نرخ کرا بەکۆیلە زانیتان وانیە! إستفهامەکە لێرە استفهامی توبیخە پرسیارێکی سەر زەنشتکارانەیان لێ دەکات نەوەک مەبەستی ئەوەبێت ئایا دەزانن؟

چونکە ئەوان چاک دەزانن چییان کردووە بە یوسف و بە براکەی،زانیتان ئێوە چیتان کرد بەرامبەر بەیوسف لەبیرتانە لەبیرتان نەچوە.

{إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ} ﴿٨٩﴾ کاتێک کەئێوە جاهیل و نەفام بوون نەتان دەزانی عاقیبەتی ئەو کارە چەپەڵەتان چییە؟

نەتان دەزانی پاشەڕۆژی ئەوزوڵمەی کەکردتان لەیوسف و براکەی نەتان دەزانی چیە؟

بۆیە هەمیشە ئەوەی کە سەرپێچی فەرمانی خوا بکات و لەفەرمانی خوا لابدات ئەوە جاهیلە هەرچەندە عیلمیشی هەبێت، لەو مەسەلەیە جاهلە کە زاڵە بەسەریدا؛ چونکە جهل ئەوەیە تۆ عاقیبەتی شتەکان نەزانیت، جەهل و نەفامی ئەوەیە تۆ پاشەڕۆژی ئیشەکەت نەزانیت ئەوەیە کەتۆ بیر لەوە نەکەیتەوە کەتاوانت کردعاقیبەتی تاوانەکەت چیە ئەوە جهل ە ئەوە نەفامیە، بۆیە مرۆڤ کە عیلمی نەبێ و تاوان بکات هەر جاهیلەو کەعیلیمیشی هەبێ و تاوان بکات هەر جاهیلە

لەو مەسەلەیەدا جاهیلی تۆ، جاهیل نیت بەوەی کە ئەو شتە حەرامە بەڵام جاهیلی بەعاقیبەتی ئەو ئیشە کە عقوبەتەکەی چەند تاڵ دەبێت کەلەلایەن خواوە توشت دەبێت، ئێوە نەفام بون نەتانزانی ئێوە هەوڵی کوشتنی کێ دەدەن،نەتانزانی من کێم بێ ڕێزی و بێ ئەدەبیتان بەرامبەر بەکێ کرد!

دەزانن چەند نەفام بوون ئێوە، وەک ئەوە وابو دەتانویست شەڕ لەگەڵ قەدەری خوا بکەن، کەخوای گەورە بیەوێت کەسێک بەرز بکاتەوە ئێوە دەتوانن لەناوی بەرن؟ ئێوە دەتوانن بیکوژن؟ئێوە دەتوانن لەبیرێکدا بیخنکێنن؟

جاهیل بون بەڕاستی؛ چونکە ئەوکەسەی کەخوای گەورە بیەوێ بەرزی بکاتەوە هەموو دنیا بیەوێت ناتوانێت دایبەزێنێت ئەوەش کەخوا دایبەزێنێت گەر هەموو دنیا بیەوێت بەرزی بکاتەوە ناتوانێت، بۆیە پێچەوانەبونەوەی قەدەری خوا زۆر ترسناکە، بۆیە حەسودی بردن بەرامبەر بەنیعمەتەکانی خوا زۆر نەفامێتی و جاهیلێتیە،کەسێک کەخوا نیعمەتێکی پێ بەخشیوە هەر نیعمەتێک بێت تۆ حەسودی پێبەریت ئەوە تۆ ڕازی نیت بەقەدەری خوا ئێستا تۆ شەڕ لەگەڵ قەدەری خوا دەکەیت ئێستا دەتەوێ ئەوکەسەی خوا ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیوە خوا لێی سەنێتەوە تۆ ئەتەوێ لێی بسەنیتەوە ناتوانیت، ئەوەی کردتان بەرامبەر بەیوسف یوسفی بەرزکردەوە یوسفی دانەبەزاند بەڵام ئێوە پێی دابەزین مرۆڤ ئەگەر پاڵ بەشتێکی سوکەوەبنێت بۆ نمونە سەیارەیەکی بچوکی سوک نەک شۆفڵێک پاڵی پێوە بنێت کە بەهێزو بەتوانابیت تۆ لەشوێنی خۆت وەستاویت و سەیارەکە دەڕوات تۆ بەهێزتریت ئەوەت پاڵ پێوەنا، بەڵام ئەگەر شتێکی بەقوەت بەرامبەر بەتۆ بێت و تۆ بتەوێ پاڵ بەوەوە بنێیت ئەوە تۆ بەرەو دواوە دەچیت و پاڵ ئەنرێیت، شەڕ کردن لەگەڵ خوا ولله المثل الأعلى ئاوایە تۆ وابزانیت قەدەری خوا بەلاوە دەنێیت نا خۆت بەرەو دواوە دەچیتەوە ئەوبەرەو سەرەوە دەڕواو تۆش

بەرەو نزمی دێیت ئەوەی کردتان بەرامبەر بەیوسف سەیری عاقیبەتەکەی کەن ئێستا یوسف لەکوییەو ئێوەش لەکوێن هاتون دەپاڕێنەوە.

قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنْتَ يُوسُفُ ۖ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَٰذَا أَخِي ۖ قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا ۖ إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٩٠﴾

{قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنْتَ يُوسُفُ} سێ تأکیدیان بەکارهێنا واتە بەدڵنیاییەوە ئەوە تۆ یوسفی جا ئایا پرسیاریان کرد یا ئایا دڵنیان، هەردوکی واردە کاتێک کە دەبینن ئەو یەکسەر پرسیاری یوسف دەکات و ئەو تەصەروفاتەی قەدیمیان یەتەوە یادو چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و وتیان بەدڵنیاییەوە تۆ یوسفیت.

{قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَٰذَا أَخِي} وتی بەڵێ من یوسفم ئەو یوسفەم کەلەبیرتانە چیتان پێی کردمن ئەوم،سبحان الله بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەو مەوقیفە ئەبێت چۆن بوبێت ئێستا دێتەوە خەیاڵی ئەو کوڕانە، ئەو یوسفەی کە بەهەمویان لێیان دەدا وەکو باسمان کرد لەدەرسەکانی سەرەتا هەر ئەوەنەی خۆش بوو کە لەباوکیان دابڕی دوایی ئەو تێی هەڵدەدا ئەچو بۆلای برایەکی تری ئەو بیپارێزێ ئەویش تێی هەڵدەدا بۆلای برایەکی تر ڕای دەکرد، ئەو مەشهەدە دێتەوە پێش چاویان ئەوەی ئەوکاتە یوسف بوو ئەوەی ئێستاش یوسفە، وتی دڵنیابن من یوسفم ئەوەش برابچوکەکەمە، زۆر غافلین لەخوای پەروەردگار زۆر غافلین لەقەدەری خوا ئێمە خوای گەورە لێمان ببورێت و خوا ڕەحممان پێ بکات.

{قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا} دەفەرموێت خوای گەورە منەتی بەسەر ئێمەداڕشت چاکەی لەگەڵ ئێمەیا کرد واتە لەگەڵ خۆی و براکەی.

چونکە {إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ} ﴿٩٠﴾ بەڕاستی هەرکەسێک تەقوای خوای گەورەی هەبێت وە صەبریش بگرێت ئەوە کلیلی

هەموو خێرێکه تەقوای خوا لەگەڵ صەبر یوسف -ﷺ- ئەو دوو صیفەتەی تیادابوو لەقیممەدا تەقوا بەخۆپارێزی لەهەموو حەرام کراوەکان وە بە ئەنجامدانی هەموو واجب کراوەکان، وە ئەو صەبرەی یوسف هەیبو وێنەی نەبوو،صەبری اضطراری ناچاری یوسف -ﷺ- خستیانە ناو بیرێکەوە صەبری گرت چاری نەبوو، فرۆشتیان و کردیان بەکۆیلە صەبری گرت و هیچی نەوت، خرایە سجنەوە دیسان صەبری گرت ئەمە صەبری ناچاری، صەبری ئیختیاری ئەو صەبرەی یوسف گرتی لەسەر شەهوەت بەرامبەر بە خێزانی عەزیزی مصر صەبرێکی مەزن و گەورە بوو گەنجێک غەریب بیت کەسوکارت کەسی لێ نیە وەهیچ کەسێ لەخەڵکی مصر تۆ ناناسێت، وە کۆیلەش بوو ئەوەی کەلەسەر ئازادێت حساب دەکرێت لەسەر کۆیلەیەک حساب ناکرێت، وە لەماڵی دەسەڵاتداری مصر وە ئافرەتە خۆی داوات لێ بکات واش یوسف صەبری گرت لەسەر شەهوەتی، وەهەروەها صەبر گرتن لەلایەن یوسفەوە لەسەر ئەزیەت و ئەشکەنجەدانی براکانی ئەو هەموو شتانەیان بەرامبەری کرد بزانین یوسف چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

{إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ} ﴿٩٠﴾ ئەوە بەدڵنیاییەوە خوای گەورە ئەجرو پاداشتی چاکەکاران بەزایە نادات واتە ئەوەی لەسەر ئێمەیە صەبرو تەقوایە ئەمما پاداشت لەسەر خوای گەورەیە لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت چ کەسێک چاکەکارە ئەوکەسەیە کە صەبرو تەقوای هەبێت خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە، پاداشتی صەبرەکەی و تەقواکەی بەزایەناچێت ئەوەتا یوسف صەبرەکەی بەزایە نەچوو صەبری گرت و تەقوای هەبوو سەیری ئەجرو پاداشتی یوسف بکەینەوە -ﷺ-.

﴿قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ ﴿٩١﴾

که یوسف خۆی کەشف کرد وە براکانی چییان وت؟

{قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا} وتیان:تالله بالله والله ئەم سێ حرفە (و، ب، ت)حروفی قسمن واتە سوێند بەخوا خوای پەروەردگار تۆی هەڵبژارد بەسەر ئێمەدا، تفضیلی تۆیدا بەسەر ئێمەدا، ئەمە لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوان پێغەمبەر نەبون بۆیە ئەو قەولەی کە هەیە کەوانیش پێغەمبەر بون ئەوە وانیە؛ چونکە ئەوان دەبینن ئێستا یوسف عەزیزی مصرە یان وەزیرێکی گەورە مصرە، ئەوە مەرتەبەی وەزیر ناگاتە مەرتەبەی پێغەمبەر نەیانەوت خوای گەورە تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژارد هەرچی بێت ناگاتە پلەی پێغەمبەر بۆیە ئەمە بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر نەبون ئەوان، وتیان سوێند بەخوا خوای گەورە تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژاردوە ئێمە بەڕاستی لەکەسانی هەڵەکاربوین و بەهەڵەدا چوین، سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەن ئێمە هەڵەکار بوین دەمانویست خوای گەورە تفضیلی تۆ بەسەر ئێمەدا نەدات، خوای گەورە تۆ بەسەر ئێمەدا بەرز نەکاتەوە، ئەوەی ئێمە لێی دەترساین ئەوەبوو تۆلای باوکمان خۆشەویستر بوی لەئێمە ئەوەمان پێناخۆش بوو کە تفضیلی تۆ بدرێ بەسەرئێمە،ڕێزی تۆ بخرێتە سەروی ئێمە پێمان ناخۆشبوو کەچی خوای گەورە خۆی تۆی بەسەر ئێمەدا بەرزکردەوە و تفضیلی تۆی دا بەسەر ئێمەدا کەوات ەئێمە هەڵە بوین،بۆیە باهیچمان ئەم هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە کەسێک کەخوای گەورە بیەوێت تفضیلی بدات بەسەر من و تۆو زیدو عمر نەچیت هەڵە بکەیت و لەهەوڵی ئەوەدابیت هاوکێشەکە پێچەوانە بکەیتەوە، بەتۆ پیچەوانە نابێتەوە،وە ئەو صیفەتانەش کەلەیوسفدا هەبوو

شایستەی ئەوەبو کەخوای گەورە ئەو فەضل و منەتەی بەسەردا بڕێژێت ئاخر لەماندا نەبوو(تەقوا،صبر،عیلم،حیلم)لەسەرخۆیی نەرم و نیانی ئارامگری لەخوا ترسی زانست ئێ ئەو صیفەتانە کەم نین کە لەیوسفدایە -ﷺ- کەواتە ئەوە مەعدەنی یوسفە، یوسف ئەوکەسەیە ئێستا تۆ شەڕ لەگەڵ چی دەکەیت و محاوەلەی چی دەکەیت!بەغەش و بەتەزویر ناکرێت لەدونیادا زۆر کەس مثلا لە قوتابخانە دەرەجەیەکی بەرزی نیە دەبینێت هاوڕێکەی یەکەم دەبێت تەزویرێکی بۆ دەکەن بەسەر ئەودا سەری دەخەن ئێ ئەوێشە تاسەر ناڕوات ئەوەی کە خاوەنی صیفاتی بەرزو جوانبێت ئیللا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە ئەگەر هەموو خەڵکیش لێی کۆبێتەوە بۆ ئەوەی نزمی بکاتەوە نزم نابێتەوە {وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ} ﴿٩١﴾ دەرکەوت قەضیەکە ئیرادەی رب العالمینە ویستی خوایە دەبێت یوسف بەرز بێت ڕێزی یوسف لەسەرو ڕێزی ئەوانە، دانیان نا بە هەڵەی خۆیان و تاوانی خۆیان،ئێستا داوای لێبوردن دەکەن، دان بە هەڵەکەیاندا دەنێن ئەمە مەوقیفی ئەوان ئەی مەوقیفی یوسف لەبەرامبەر داننانی ئەوان بەرامبەر بەهەڵەکەیان، داننان بەهەڵەدا صیفەتێکی بەرزە بۆیە (العبرة في حال العبد بكمال النهايات لا بنقص البدايات) پەند بۆحاڵی مرۆڤ بەکەموکوڕیەکانی سەرەتای نیە فڵانەکەس جاران کافر بوو ئێ ئەمڕۆ موسڵمانێکی زۆر باشە، ئێ ئێستا حسابە ئەو کەسە ئەوەیە کە تۆ ئێستا دەیبینیت نابێ تۆ بڵێی ئەوە ساڵێ لەساڵان کافربوو،ئێ صەحابە پێشتر کافر بوون و موشریک بون دواتر موسڵمان بون بون بەو پیاوانەی کەتاقیامەت دەڵێین رضي الله عنهم بۆیە پەند و عیبرەت بەکۆتاییە ئێستا کوڕەکان تەوبەیان کرد پەشیمان بونەوە، مادام پەشیمان بونەوە هەڵەکارو ستەمکارو حاسد کەدانی نا بەهەڵەکەیدا و پەشمان بۆوە بۆیە مەوقیفی ستەملێکراو پێویستە مەوقیفێکی لێبوردەیی بێت وەکو ئێستا لەیوسفدا دەیبینین

-ﷺ- وتی:

قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿٩٢﴾

{قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ} وتی: ئەمڕۆ هیچ گلەییەکتان لەسەر نیە تەواو مادام دانتان بەهەڵەکەتاندانا نەگلەییتان لێ دەکەم و نەلەومەتان دەکەم نەڕەخنەتان لێ دەگرم کۆتایی هات تەواو، سبحان الله لەم ئیمانە بەرزە لەم صیفەتە جوانی لێبوردەییە چی نەما بەرامبەری نەکەن چل چلوپێنج پەنجا ساڵ هەندێ لە موفەسیرینی سەلەف دەڵێن هەشتا ساڵی خایاند چونکە ئەوان تەمەنیان لەئێمە درێژ تر بووە ئێ سبحان الله کە هەشتا ساڵ کەسێک لەبەر براکانی لەناڕەحەتیدا بوبێت باوکی و براکانی تری خێزانەکەی ئێستاش مەوقیفی چیە، دەی ئێستا هیچ گلەییتان لەسەر نیەو سەرزەنشتیشتان ناکەم و وە ڕەخنەشتان لێ ناگرم، سبحان الله ئەمە بەکێ دەکرێت ئەمڕۆ کەسی واهەیە داوای لێبوردنی لێ دەکەیت وەک ئەوە وایە لەگەڵ بەردێک قسە بکەیت هیچ سودی نیە.

{يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} ﴿٩٢﴾ ئێستا یوسف بەوە نەوەستا کەلەهەقی خۆی خۆشبوو،ئێستا داوا لەخوای گەورە دەکات کە لێیان خۆشبێت دەڵێت خوای گەورە لێتان خۆشبێت و بتانبورێت سبحان الله ئەوە لەحەقی خۆی خۆشبوو وداوا دەکات خوای گەورەش لەحەقی خۆی ببورێت؛ چونکە خوای گەورە دیفاع دەکات لەعەبدی خۆی لەخۆشەویستی خۆی کە یوسفە بەڵام یوسف لەخوای گەورەش دەپاڕێتەوە کەخوا لێیان ببورێت و سزایان نەدا لەسەر ئەو زوڵم و ستەم و حسادەتەی کە بویان باشە بە بەڵگەی چی ئەو دوعایە دەکات؟یوسف چ بەڵگەیەکی پێیە کەخوا لیان ببورێت؟

{وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} ﴿٩٢﴾ بۆیە دەڵێت خوا لێتان ببورێت؛ چونکە خوا لەهەموو بەڕەحمێک بەڕەحمترە ئێستا یوسف برایەکە چەند بەڕەحمە لەگەڵ براکانی لێیان بورا ئیَ خۆ خوای گەورە لەیوسف بەڕەحمترە دەی خوای گەورەش لێیان دەبورێت لەهەموو یەکێک خوای گەورە بەڕەحمو بەبەزەییترە، ئەمە مەوقیفی یوسف بوە -ﷺ- بەرامبەر بە براکانی کاتێک کەخۆی لێ کەشف کردن وە عەفوشی کردن و دوعاشی بۆ کردن خوای گەورە لێیان ببورێت و عەفویان بکات.

اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾

جا کە براکانی یوسف حاڵی باوکیان بۆ یوسف باسکرد کەچۆن پەرێشانە بۆ یوسف چۆن هەردووچاوەکانی لەدەست داوە لەبەر زۆر گریان بۆ یوسف بۆیە یوسف فەرمووی {اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا} ئەی براکانم بەپەلە بڕۆن کراسەکەی بەرم ببەن بۆ باوکم و بەسەر دەمو چاوی باوکمی دا بدەن ئەوە باوکم چاک دەبێتەوەوبەدوچاوی ساغەوە یەت بۆلام إن شاء الله وە {وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ} ﴿٩٣﴾ هەموو خێزان وعائیلەشتان بەهەموتان وەرنەوە بۆلام واز لە ئەو شوێنەی خۆتان بێنن بگوازنەوە بۆلای من وەرن، قەمیصەکەی یوسف ئەو کراسەی کە یوسف لەبەری بوو لەسەرەتادا دڕاندیان و خوێناویان کرد بەخوێنێکی درۆ گوایە گورک خواردویەتی بەڵام دڕاوی کراسی یوسف شوێنی خواردنی گورگ نەبوو واتە چۆن کەسێک بۆخۆی تۆزێک لەکراسێک لە قوماشێک بدڕێنێت ئەوە جیاوازە لەشوێنی کون کون بونی کراسێک بەهۆی قەپ لێگرتنی گورگەوە.

جاری یەکەم: بەخوێنێکی درۆیینەوە باسی قەمیصی یوسف کرا.

جاری دووەم: کاتێک کە یوسف لەدەستی خێزانی عەزیزی مصر ڕایکرد لەدواوە کراسەکەی ڕاکێشاو دڕاندی وە ئەو کراسە بو بەبەڵگە لەسەر ڕاستێتی یوسف چونکە لەدواوە دڕابوو نەک لە پێشەوە کەواتە لەدواوە ژنە ڕایکێشاوە نەک یوسف هجوم بکات و پەلاماری ژنەکە بدات لەجاری دووەم بو بەنیشانەی ڕاستێتی یوسف، وە لەجاری یەکەمیش بو بەنیشانەی درۆکردنی براکانی.

لەجاری سێیەمیش: دەبێتە هۆکاری شیفای چاوی باوکی سبحان الله بەڵام گرنگە لێرە ئاگامان لەوە بێت کە هەموو شتێک وەکو خۆی لێی حاڵی ببین شتەکان لەشوێنی خۆی دابنێین هەر شتێک کە لە شوێنی خۆی داتنەنا وە وەکو خۆی لێی حاڵی نەبوی کارەسات دروست دەبێت، سەیارە پێویستی بەڕۆنیش هەیەو پێویستی بە بەنزینیش هەیەو پێویستی بەئاویش هەیە هەرسێکی گرنگە بۆ سیارە بەڵام هەر یەکەیان پێویستە لەشوێنی خۆی بکەین، ئێستا تۆ بڵێی ڕۆن پێویست نیە بۆ سەیارە!دەڵێین بەڵێ پێویستە بەڵام بێیت ڕۆن لەشوێنی بەنزین بکەیت نابێت و بەنزین لەشوێنی ڕۆن بکەیت نابێت کەڕۆن خۆی لەخۆیدا گرنگە بەس هی ئەو جێیە نیە، بەنزین بۆ جێی خۆیەتی و بۆ جێی ڕۆن نابێت بۆیە لەم مەسەلەیە با بەهەڵە لێی حاڵی نەبین کەسانێک هەن کە کەسانێکی خورافی ونەفام و بێ ئاگا لە عەقیدەو بیرو باوەڕی توحید ئەم ئایەتەو ئەمثالی ئەوە لە حدیثدا هاتبێ دەیکەنە بەڵگەو بیانو بەدەستی خۆیانەوە بۆ ئەوەی کە شیفا لەخۆڵدا هەیە لە بەردا هەیە لە پەڕۆیەکدا هەیە لە دارێکدا هەیە لەناڵی گوێدرێژێکدا هەیە کاکە ئەمانە هەموی هۆکاری شیفایە دەچێ هەنێ خۆڵی سەر قەبری مردویەک دەهێنێت بە ئیزنی خوا ئا بەمە چاک دەبێتەوە!!! یان پارچە پەڕۆیەک لەسەر مەرقەدێک پەڕۆی پێوە هەڵواسراوە پارچەیەکی دەهێنێتەوە ئەم

پارچە پەڕۆیە شیفایە!ئەوە موتفەرکە واتە متبرک بە یە، بەڵگەشیان ئەوەیە ئەڵێن ئەوەنیە قەمیصەکەی یوسف بو بە هۆکاری شیفای چاوەکانی یعقوب کە هەردوو چاوە کوێرەکەی چاک دەبێتەوە بەهۆی ئەوەوە، دەڵێین جیاوازی لەنێوان ئەو دوو شتە وەک ئەوە وایە بەنزین بکەیتە شوێنی ڕۆن و ڕۆنیش بکەیتە شوێنی بەنزین، بەنزین چاکە بەڵام بۆهەموو شتێک بەکارنایەت دەبێت وەکو خۆی و لەشوێنی خۆی بەکاری بهێنیت، یوسف پێغەمبەری خوایە -ﷺ- ئەوەی کە کردی لەخۆیەوە نایکات بەفەرمانی خوا دەیکات ئەو باوکی یوسف کە یعقوبە لەخەفەتی دوری یوسف و بە پەرۆشی بۆ یوسف چاوی لەدەست دا ئێستا کراسی یوسف بگاتەوە باوکی و بەسەر دەموچاویدا بدرێ واتە دڵنیایی تەواوی بۆ پەیدا ببێت کە ئەمە کراسی یوسفەو یوسف ماوەو دەگەڕێتەوە لام واتە ئەو هۆکارەی کەچاوی پێ کوێر بوو عەکسەکەیەتی کەچاوی پێی چاک دەبێتەوە بەئیزنی خوا،زۆر جار کەسێک لەخەفەتی شتێک کە خەبەرێکی ناخۆش دەبیستێت یەکسەر نەخۆش دەکەوێت ئەمە واقعە واللہ خەفەتی واناخۆش هەیە یەکسەر دەتخاتە جێگاوە تەواو ئەژنۆت دەشکێنێت دەی کە ئێستا عەکسی ئەو خەبەرەت بۆ بێت الحمدلله ئێستا کوڕەکەی تۆ نەمردووە ئەو حادیسەیەی کەڕویداو ئەو خەبەرەی بۆیان هێنای وانیە کوڕەکەت سەلامەتەو لەگەڵ کەسێکی تردایە الحمدلله ئەویش لە خەستەخانەیە لەگەڵیدایە یەکسەر چاک دەبێتەوەو ڕاست دەبێتەوە ئای الحمدلله، واتە ئەو خەبەرە ناخۆشەی کە مرۆڤ پەک دەخات عەکسە خۆشەکەی مرۆڤ ڕاست دەکاتەوە بەئیزنی خوا، ئێستا ئەوەی کەچاوی یعقوبی کوێرکرد خەفەتی دوری کوڕەکەیەتی یوسف ە ئێستا نیشانەی مانی کوڕەکەی کە یوسفە بریتیە لە قەمیصەکەی بۆی بێننەوەو بەسەر دەموچاوی دا بدەن لەخۆشیا خوای گەورە دەیکاتە شیفا بۆی و چاوی چاک دەبێتەوە هەروەکو

چۆن پەروەردگار بە هەندێک هۆکاری هەست پێکراوی حسي شیفای نەخۆش دەدات هەندێ هۆکاری معنویش هەیە خوای گەورە شیفای پێدەدات،بەڵام چۆن بۆمان نیە بڵێین ئەمە سبێکی حسی هەست پێکراوە بۆشت نیە بڵێی ئەمە سبێکی معنویە بۆ شیفا،کەتۆ نەخۆش کەوتی وەک اسبابی مادی و حسي دەچیتە لای دکتۆر سەرت بێشێت دەڵێ ئەوە عیلاجە سکت بێشێت دەڵێ ئەمە دەرمانەکەیەتی.... هتد ئایا تۆ لەخۆتەوە دەچیت دەرمانێک بخۆیت؟نانابێت،ئەمە اسبابی حسي هەست پێکراوی تاقیکراوەیە وە لەلایەنی پزیشکیەوە سەلمێنراوە ئەم عیلاجە بۆ ئەوە بەکاردێت بەکاریدەهێنم تەواو،ئەی اسبابی معنوی شـتێک کە بەڵگەی لەسەر نەبێت ئەمە بەڵگەی پزیشکی ئەمەشیان بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبێت دروست نیە، ئایا هاتوە بۆ هیچ نەخۆشیەکی تر کراس یان شەرواڵ یان مێزەرو جامانە یان ئەو جۆرە شتانە دەی فڵانە کەس ئەو شتانە لەخۆت بئاڵێنە ئەوە شیفای نەخۆشیە!لەشەرعدانەهاتوە بۆیە ئەمە شتێکە تایبەتە بەیوسف و یعقوب علیهم الصلاة والسلام بۆت نیە تۆ لەخۆتەوە بێیت بچیتە لای دەجالێک من نەخۆشم دەی بڵێت دەستت بکەرەوە تۆپەڵێ بەڵغەم بکاتە دەستتەوە لەخۆتی هەڵسو ئەمە شیفایە خەمت نەبێت!! شیفای چیە ئەم پیسە کەی شیفایە،یان نەفامێکی جاهیلی تر میز بکات و بڵێت خەڵکینە ئەوە شیفایە میزی مرۆڤ کەی شیفایە!

پێغەمبەری خوا -ﷺ- بەتەنیشت دوو قەبردا ڕۆیشت فەرمووی ئەم دوو قەبرە موسڵمانن ئێستا عەزاب دەدرێن؛ چونکە یەکێکیان خۆی بەپاک ڕانەدەگرت لەمیز،کەمیزی دەکرد خۆی پاک نەدەکردەوە یان گوێی بە پریشکەکان نەدەدا کەبەری دەکەوت ئێستا عذاب دەدرێت، ئێ تۆ تۆزێک میزت بەرکەوێت خۆت بەپاک ڕانەگریت شایستەی عذابیت چجای میزی مرۆڤ بخۆیتەوە بڵێی شیفایە

ئەی ئەمەت لەکوێ هێنا؟ لە چ دەلیلێکی قورئان و حدیث هێنا، بۆیە با لەخۆمانەوە نەیەین ئەو شتانە لەخەڵک بکەین بەشیفا، کلێنکس بخۆ ئەوە شیفایە!بەچی شیفایە!بە چ بەڵگەیەک هێنات؟ ئێمە دەڵێین دوولایەنمان هەیە، لایەنێکی مادی محسوس دەبێ زانستی پزیشکی بیسەلمێنێت کە ئەمە سودی هەیە، لایەنێکی تر کە محسوس نیە معنویە ئەوە دەبێت شەرع بیسەلمێنێت و بەڵگەی شەرعی لەسەربێت قورئان و حدیث کەبڵێت ئەوە شیفایە، ئێستا ئاوی زمزم شیفایە حدیثی لەسەرە، هەنگوین شیفایە،ڕەشکە شیفایە،زەیتی زەیتون ئەمانە هەموی هۆکاری شیفان؛ چونکە بەڵگەی لەسەرە،کەڵەشاخ بەهەمان شێوە کل بۆ چاو پێویست بکات بەڵێ واتە چاو ڕوناک دەکاتەوەو وە بەهێزی دەکات ئەوانە هەموی بەڵگەی لەسەرە ئەمما تۆ شتێک بەڵگەی لەسەر نەبێت لەخۆتەوە بێی لەخەڵکی بکەی بەشیفا ئەمە دروست نیە لە عەقیدەی موسڵماندا شتی خورافی و بێ بەڵگە وەرناگیرێت، ئێستا خوای پەروەردگار وای کرد کە کراسی یوسف ببێتە هۆکاری شیفای چاوەکانی باوکی وە هەموشتان وەرن بۆلای من ئەو شوێنەی خۆتان کە لە شامن جێی بێڵن وەرن بەرەو مصر واتە شوێنی شارستانیەت و حضارەت بەڵام شوێنی یعقوب و کوڕەکانی -ﷺ- بەداوەت و دەشتەکی و لادێ بوو هەمیشە ژیان لەناو شاردا ئیسراحەتترو خۆشترە وەک لە لادێیەک جا زۆربەی لادێ بۆنمونە لەسەردەمی ئێمەدا لەوەیە کارەبای نەبێت ئاوی بەپێی پێویست نەبێت خزمەتگوزاری نەبێت،خەسخانەی لێ نەبێت،مزگەوت و ماموستای ئایینی بەپێی پێویست لێ نەبێت کە خەڵک فێری دین بکات والحاصل ژیانی شارو لادێ فەرقی هەیە بۆیە داوا دەکات هەر هەمویان بگوازنەوە بەرەو شاربێن بەرەو وڵاتێکی پێشکەوتوی شارستانی بێن کە مصرە کە ڕزق و ڕۆزیەکی زۆری لێیە.

وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ ۖ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾

{وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ} لەکاتێک کە قافڵەکە تەواو ئێستا یوسفی برای خۆیان ناسیەوە وە سوڵحیانکرد لەگەڵی و گەردنی ئازادکردنو عەفوی کردن ئێستا کراسی یوسفیان پێیەو قافڵەکە لەشار جیابۆوە واتە لەناوشار هاتە دەرەوە مصری جێهێشت بەرەو شام بگەڕێتەوە لەوێوە واتە لەمصر هەر لەشار دەرچون

{قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ} باوکیان لەشام وتی بەوانەی خێزان و ئەوانەی کەلەلای ماونەتەوە من بۆنی یوسف دەکەم، بە تەئکیدەوە بۆیەش تەئکیدی کرد زۆر بەدڵنیاییەوە؛ چونکە ئەم هەواڵە ئینکاری لێ دەکرێت بۆیەش کاتێک هەواڵێک ئینکاری لێکرا پێویستی بە دڵنیاییە بۆیە وتی ئەی خەڵکینە من بەدڵنیاییەوە بۆنی یوسف دەکەم، خۆ ئەو کاتە تەلەفۆن نەبوو پەخشی فضائي نەبو فیسبوک نەبوو ئێستا خەبەرێک لێرە دایبنێیت لە امریکا دەیبینن ئێستا ئەو خەبەرو باسە نەگەیشتۆتەوە یعقوب، بەس قافڵەکە بەکراسەکەی یوسفەوە کەوتنە ڕێ و شاریان بەجێهێشت و بەڕێکەوتنەوە بەرەو شام باوکیان وتی من بەدڵنیاییەوە بۆنی یوسف دەکەم.

{لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ} ﴿٩٤﴾ بەڵام ئەگەر بەبێعەقڵ و عەقڵ خلەفاوو نەفامم تێنەگەن؛ چونکە یەکسەر دەڵێن باوکمان بەساڵاچووە عەقڵی لەدەست داوە خلەفاوە، خلەفاو لە خریب وە هاتوە واتە وای لێهاتوە مرۆڤ کەزۆر بەساڵدا چوو هێزو توانای نەما چۆن لەلاشە لاواز دەبێت لە هەست و بیرو هۆشیشت چاوت زەعیف دەبێت بیستنت زەعیف دەبێت عەقڵ و بیرکردنەوەت زەعیف دەبێت،وتی ئەگەر پێم نەڵێن عەقڵی لەدەست داوەو خریب بووە بەساڵدا چووە

تێکچوە باوکمان ئەوە من ڕاستیەک هەیە پێتان دەڵێم من بۆنی یوسف دەکەم و دەگاتە لای من ئێ طبعا ئەوان جوابەکەیان حازرە.

قَالُوا تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ ﴿٩٥﴾

{قَالُوا تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ} ﴿٩٥﴾ وتیان سوێند بەخوا ئەی باوکە تۆ هەر لەسەر هەڵەکەی ڕابردوت بەردەوامی کەبەردەوام باسی یوسف دەکەیت کەبەردەوام دەڵێی یوسف دەگەڕێتەوە خوای گەورە یوسفم بۆ دەگەڕێنێتەوە جارێکی تر بەیوسف شاد دەبینەوە ئەم قەوانە کۆنەی کەبەردەوام لێی دەدەیتەوە تۆباسی چی دەکەی ئەی باوکە بۆنی یوسفی چی {تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ} ﴿٩٥﴾ ضلال لێرەدا بەمانای خطأ دێت واتە تۆ بەهەڵەدا چویت باوکە هەروەکو چۆن لەکۆندا بەهەڵەدا چویت تا ئەمڕۆش لەسەر ئەو هەڵە کۆنە ماویت و دەستت لێ هەڵنەگرتووە بێ ئومێد نەبویت وازت نەهێنا لە یوسف باسی چی دەکەیت ئەی باوکە وەک بڵێی سەرزەنشتێکی جوانیان کردکە عەیبە ئەم قسانە هەر قابیلی وتن نیە باکەس گوێی لێت نەبێت لەسەر ئەم قسانەی کە ئەیکەیت، بەڵام ئەو بۆنی یوسفی کرد ئەو ڕاست دەکات، لێرە ئەووەمان بۆ دەردەکەوێت ئێ باشە شام و مصر زۆر لێک دورن ئەوەتا کوڕەکان قافڵە دەکەن و دێنەوە باشە بۆ ئەو هەموو ساڵانە دەیان ساڵ ڕۆیشت خەبەرێکی یوسف بەباوکی نەگەیشت وە خەبەرێکی باوکی یوسف بە یوسف نەگەیشت بەڵام ئێستا بەس قافڵەکە لەمصر دەرباز بوو مصری جێهێشت یەکسەر هەر بۆنەکەی بۆی هات؟

دەڵێین ئەوە حیکمەتی خوایە کەشتێک نەیەوێ ببێ ئەگەر جیرانیشت بێت نایزانیت پێت ناگات لەتەنیشتیشت بێت ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت بگات بەتۆ ئەوە واللە پێت ناگات بەڵام کەشتێکیش ویستی خوای لەسەر بێت دوریش بێت

خوا نزیکی دەکاتەوە کەواتە ویستی خوا نزیک دور دەخاتەوەو دوریش نزیک دەخاتەوە بۆیە مرۆڤ هەمیشە پشت بەخوا ببەستێ و داوای لادانی ناخۆشی لەخوا بکات و داوای هێنانی خۆشی لەخوا بکات هەموی بەدەست خۆیەتی،وە ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت لەکاتی میحنەو نارەحەتیدا هەموشتێکی ئاسانیش قورسە سبحان الله، بەڵام لەکاتی خۆشی و فەراحی و ئیسراحەتدا شتە قورسەکانیش ئاسان دەبن إن شاء الله ئێ باشە نێوانی ئەو دوو وڵاتە زۆر لێک دورنەبو، ئاسان بوو خەبەر بە یعقوب بگات کاکە ئەوە کورەکەت وا لەمصرەوو بزانە ئەو گەشتوە بەچی ئەو خەبەرە ئاسانە قورس بوو پێی نەگەیشت؛ چونکەلەمیحنەدا بوو خوای گەورە ویستی لەتاقیکردەوەدا بێت جارێ بۆیە لەکاتی دڵخۆشیدا؛چونکە دڵت خۆشەو لەئیسراحەتدایت و لەمیحنەتدا نیت قورسیش بێت دەڵێیت کورە ئاسانە إن شاء الله ئاسان دەبێت.

﴿فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَىٰ وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا ۖ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾﴾

{فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ} جا کاتێک کە موژدە دەرەکە هات ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قافڵەکە پێش خۆیان موژدەدەرێکیان نارد؛ چونکە قافڵە وڵاخیان لەگەڵەو باریان پێیەو هێواش هێواش دەبێت بڕۆن مژدەدەرێکیان پێش خۆیان نارد بە کراسەکەی یوسفەوە بۆ باوکیان بۆیی پێشتر ئەو خەبەرە خۆشە بگات بە باوکیان نەک جارێ ئەو خەبەرە دوابخەن تاوەکو قافڵەیەکی بازرگانی دەگاتەوە شام جا هەر کە موژدە دەرەکە هات ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە موژدەی خۆش مرۆڤ زوو بیگەیەنێت بەپێچەوانەی حاڵی زۆرێک لەخەڵکی ئەمڕۆ لەگەیاندنی خەبەری ناخۆش یا الله کە بە پەلەن هەر لێی ناوەستێت مامۆستا

بیستوتە مامۆستا دەزانیت ماموستا ئەو خەبەرەت بیستوە! ئەوە مثلا کە لەمنەوە نزیک بێت، بەڵام ئەصل وایە مرۆڤ دائیمەن موژدەدەر بێت خەبەری خۆشت پێیە بیگەیەنە خەبەری ناخۆش مەگەیەنە ئیللا کە پێویست بکات ئیشی لەسەر بکرێت ئەگەر بۆ دڵ ناخۆش کردنبێت ئێ تۆ بۆ دڵی براکەت ناخۆش دەکەیت؟ {أَلْقَاهُ عَلَىٰ وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا} موژدەدەرەکە کەگەیشتە یعقوب یەکسەر کراسەکەی بەسەر دەموچاوی یعقوبدادا یەکسەر یعقوب بو بە بصیرو چاوساغ خوای گەورە چاوەکانی بۆگەڕانەوە،ئێستا کەبۆنەکەی یوسف فعلا بو بەڕاستی ئەمە کراسەکەی گەیشت ئەوە چاوی چاک بۆوەو موژدەدەر هاتوە، ئێستا باوکی ڕۆژێتی ئێستا ئەو سەرزەنشتی خێزان و منالەکانی هەمویان بکات کە لەومەیان دەکرد.

{قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ} ﴿٩٦﴾ فەرمووی ئایا بەردەوام من پێم نەدەوتن ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بەخوای گەورە ئێوە نایزانن،من خوای خۆم باشتر دەناسم ئەوە زۆر گرنگە، ناسینی خوای پەروەردگار وەکو خۆی هۆکاری هەموو خێرو بەرەکەتێکە هۆکاری هەموو ڕەحمەتێکە،هۆکاری بەهێزبون و بەئیمان بونتە هۆکاری دڵگەش بون و دڵ فراوان بون و دڵ خۆش بونتە کەخوای خۆت وەک خۆی بناسیت،یعقوب ئاوا بوو خوای گەورەی دەناسی بێئومێد نەبوو لەیوسف دەیوت ئیللا ڕۆژێک دێت خوای گەورە یوسفم بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئومێدی بەخوای گەورە زۆر پتەو بوو جا ئێستا پێیان دەڵێت من پێم نەوتن لە ڕابردوودا کە ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بەخوا ئێوە نایزانن بۆیە تامرۆڤی موسڵمان زیاتر خوا بناسێت موستەقیمتر دەبێت بەهێزتر دەبێت بەئومێد تر دەبێت ناسینی خوا شتێکی زیادە لەناسینی دینی خوا دوشتن، هەر ئەوە کافی نیە کەتۆ حەڵاڵ و حەرام بناسیت هەر ئەوە کافی نیە بۆ

ئەوەی تۆ صاحیبی عیلم بیت بڵێی کاکە من حەڵاڵ و حەرام لەیەک جیادەکەمەوە دەزانم خوای گەورە چی حەڵاڵ کردوە وە خوای گەورە چی حەرام کردوە ئەوە پێی دەوترێت العلم بشريعة الله،زانست بون بە شەرعی خوا بەڵام عیلم و زانستی لەوە گەورەتر ئەوەیە تۆ عیلمت بەخوا هەبێت و خوا بناسیت، خوای گەورە بناسیت کەتاکو تەنهایە خێر بەدەست ئەوەو شەر بەدەست ئەوە خۆشیت ناخۆشیت بەدەست ئەوە ئەوەی کە ئەو بڕیاری لەسەر دا بەکەس ناگۆڕێت بۆیە خۆت زەلیلی کەس مەکە ئەوەی کەخوا بۆت بێنێت کەس ناتوانێ بیگێڕێتەوە کەواتە لەکەس مەترسە رجای ڕەحمەتی کەس مەکە بۆیە گرنگە مرۆڤی موسڵمان عارف بێت بەخوا خوای خۆی بناسێت وەهەروەها گرنگیشە شەریعەتەکەی خوا بناسین ئەم ئایەتە بیکەینە شیعارمان بالەژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام لەیادمان بێت {أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ} ﴿٩٦﴾ ئەوەی کەمونافیقەکان و دووڕوەکان و بێ دینەکان نایزانن سەبارەت بەخوا تۆ دەیزانیت ئەی موسڵمان تۆ دەزانیت کەخوایەکی زۆر مەزن هەیە خوایەکی زۆر عظیم هەیە، ژیان و مردن و ئینس و جنی بەگاڵتە دروست نەکردوە بۆیە هەمیشە مرۆڤ خوای خۆی بناسێت و بیپەرستێت.

**قَالُوا يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ ﴿٩٧﴾**

{قَالُوا يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ} ﴿٩٧﴾ ئێستا کوڕەکانیش قافڵەکە هەموی گەیشتەوە جێ بینیان باوکیان دڵخۆشە بەڵام شەرمەزارن بەرامبەر باوکیان، گەیشتنە مصر هەر شەرمەزاریان بۆ مایەوە بەرامبەر بە یوسف وە گەڕانەوە بۆشام شەرمەزاریان بۆ مایەوە بەرامبەر باوکیان، لەبەرامبەر یوسف داوایان لێیکرد لێیان خۆشبێت و عەفویان بکات ئێستاش بەرامبەر باوکیان {قَالُوا

يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ} ﴿٩٧﴾ ناچارن وتیان ئەی باوکمان داوای لێخۆشبونمان بۆ بکە لەخوا بۆمان بپاڕێرەوەو داوای لێخۆشبونمان بۆ بکە خوای گەورە لێمان خۆشبێت، فەرموویان ذنوب نەیانوت ذنب کۆمەڵێ تاوانمان کرد درۆمان لەگەڵ تۆ کرد، بێ وەعدیمان لەگەڵ کردیت، خیانەتمان لێ کردیت، وەخەفەتمان پێدایت یوسفمان لێ دورخستیتەوە زوڵمان لە یوسف کرد والحاصل کۆمەڵێک تاوانی گەورەمان کردوە ئەی باوکە ئەزیەتی تۆمان دا،ئەی باوکە چل ساڵە پەنجا ساڵە یان زیاتر ئەوە تۆ لە خەفەت و نارەحەتیدا دەژیت بەهۆی تاوانی ئێمەوە بەهۆی زوڵمی ئێمەوە، بیهێننە پێش چاوی خۆتان چ عقوقێک بو بەرامبەر باوکیان کردیان چ بێڕێزیەک و زوڵم و ستەمێک بو لەو باوکەیان کردیان هۆکارەکەشی الحسد حەسودی بەس حەسودیان بەبراکەیان برد ئەو حەسودیە کە مقاطعەیەکی لێ دروست بوو دوور کەوتنەوەو تەفرەقەی لێ دروست بوو بۆماوەی چل ساڵ و زیاتر حەسودی ئاوا دەکات،حەسودی دەرگاو مەجالی برایەتی و سوڵح و دۆستایەتی ناهێڵێتەوە بەهیچ شێوەیەک،ئەگەر دوو عەشیرەت خوێن بکەوێتە نێوانیان دەبینین لێژنەیەک دێتە بەینیان و قسە دەکا و سوڵح دەکرێت، خوێن بڕژێت سوڵح دەکرێت بەس حەسودی عیلاجی نیە سوڵح ناکرێت بەهیچ شێوازێک،هەزار لیژنە بنێریت بۆ سوڵح هەموی بە فەشەلی دەگەڕێتەوە ابدا مەجالی تیادا نیە ئیللا خۆ ئەمە جارێکی تر دووبارە نابێتەوە ئایەت بێتە خوارەوەو واقع بێت وقەزیەکە هیچ مەجالی تیادا نیە ئێستا، ئێستا ئەمە یوسفە لەبەر دەمیانە ئەوە باوکیشیان بەکراسەکەی یوسف خوای گەورە شیفای بۆناردو چاوی چاک بۆوە ئێستا لەبەرامبەر واقعێکدان هیچ مەجالی تیادا نەماوە مراوەغەکردن و فێڵ کردن و چەواشە کاری و یوسف گورگ خواردی و براکەمان دزی کردو یوسف دز بووە ئەو هەموو چەواشەکاریانەهیچ سودی نیە؛ چونکە

مرۆڤی حاسد ناچارە بۆ قەناعەت کردن بەدەورو بەری دەبێت کۆمەڵێک شت بکات،کۆمەڵێ درۆ باتەپاڵ ئەوکەسەی کەحەسودی پێدەبات بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکەن بەڵام کاتێک کە حقیقەت کەشف دەبێت کاتێک کە هیچ مەجالی مراوەغەو چەواشە کاری و تلبیسات نامێنێت ئێستا چی بکەن؟ئەی باوکمان داوای لێخۆشبونمان بۆ بکە لەخوا،خوا لەگوناهەکانمان ببورێت بەڕاستی ئێمە هەڵەبوین،طبعا بۆیان دەرکەوت کەهەڵەبون و باجی هەڵەکەشیان دا ئێستا هەر لەدونیادا بزانە خوای گەورە یوسفی گەیاندە کوێ، بۆیە ئەڵێن ئێمە زۆر هەڵە بوین بۆیە مرۆڤی حەسود هەڵەیە زۆر هەڵەیت براکەم کەتۆ شەڕ بکەیت لەگەڵ قەدەری خوا و نارِازیبیت بە قەدەری خوا هەڵەیت وا مەبە؛ چونکە سەر ناگرێت مومکن نیە سەر بگرێت با دەساڵ با بیست ساڵ با پەنجا ساڵ سەر بگرێت عاقیبەتەکەی ئیللا دەبێت دەرکەوێت کەتۆی حاسد هەڵە بویت.

**قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾**

{قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ} فەرمووی لەداهاتودا داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەم ئێستا زۆر دڵی گەرمە باوکیان زۆر تورِەو بێتاقەتە لەکورِەکانی دیقەت بدەنێ کە براکانی وتیان {قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ} (٩٢)یەکسەر وتی خوا لێتان خۆش دەبێت بەڵام باوکیان یەکسەر ناڵێت لێتان خۆشبوم و داوای لێخۆشبونیشتان بۆ لەخوا دەکەم نەخێر وتی {قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ} سوف واتە بۆ داهاتو بۆ مستقبل دڵم نەرمبێت بەرامبەرتان ئەوکاتە من داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەم؛ چونکە بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو بەڕەحم و بە بەزەییە،واتە ئەو ئومێدەم هەیە خوایەکمان هەیە زۆر بە بەزەییە بۆیە ئومێدم وایە لێتان خۆشبێت داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەم

دەفەرموێ چەنێک دوای خست وتی لەداهاتودا خۆی بۆ نەگیرا زۆر دوایخات و کوڕەکانی ئاوا بمێننەوەو خوا لێیان خۆش نەبێت هەڵیگرت تا کاتی پارشێو کە ئەوکاتە دوعا تیاقبوڵە ئەو کاتە یعقوب دەست بەرز دەکاتەوە بۆ خوا دەڵێت خوای پەروەردگار لەو کوڕانەشم خۆشبیت،سبحان الله ئەمە بریتیە لە باوک چل پەنجا ساڵ توشی مەینەتی و نارەحەتی و دەردە سەریان کرد ئێستا دوعاکەی هەڵدەگرێت بۆکاتێک کە دوعا تیایدا قبوڵە خوای گەورە لە کوڕەکانم خۆشبێت،بۆیەش بەس داوای استغفاریان لێکردوتیان ئەی باوکە بۆمان لەخوا بپارێرەوە لێمان خۆشبێت بۆ نەیانوت ئەی باوکە تۆش عەفومان بکە؟

چونکە خۆ مەعلومە مرۆڤ کە زوڵم لەهەر کەسێک بکات بەوە تەواو نابێت بڵێ استغفر الله ئێ تۆ زوڵمت لە فلانە کەس کردوە حەقی خەڵک بەوە لەسەرت لاناچێت،بەوە دەبێت کەتۆ بچیت داوای گەردن ئازایی لێبکەیت گەردنت ئازادبکات ئەگینا بۆ ڕۆژی قیامەت کابرای خاوەن حەق دێت حەسەنات و چاکەی تۆ دەبات،بۆیە ئەو کەسانەی کە موفلیسن لەدونیادا چاکەیان هەیە،نوێژیان هەیە، خێریان هەیە،حەجیان هەیە،بەڵام ڕۆژی قیامەت موفلیس دەردەچن؛ چونکە جنێوی بەو داوە،وزوڵمی لەو کردوە،لەفلانەکەسی داوە و،بوهتانی بۆ فلانەکەس کردووەوە غەیبەتی کردوە ڕۆژی قیامەت هەر یەکە لەوانە دێن خاوەن حەقن خۆ حەقەکەی ئەوان دینارو درهەم نیە بەڵکو حەسەناتی ئەو کەسە دەبەن کە حەسەناتی نەما خراپەی ئەو دەخرێتە سەری و فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری جەهەننەم کەواتەدونیا ئاوایە، پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەفەرموێ هەرکەسێک حەقی کەسێکی لابێت با ئەمڕۆ لەدونیا تا لەژیاندایە گەردن ئازایی لێبکات پێش ئەوەی ڕۆژی قیامەت بێت کە ڕۆژێکە نەدینار نە درهەم هەیە، هەموو دونیا هی تۆبێت سودی حەسەنەیەکی نابێت، هەموو دنیا بدەیتە ئەو

کەسەی کە زوڵمت لێی کردوە جا زوڵمت لەخوێنی یان ماڵی یان سومعەت و کەرامەتی کردبێت ابدا هیچ سودی نیە بەهەموو دنیا ناتوانیت خۆتی لێ ڕزگار بکەیت بۆیە ئەمڕۆ داوای لێخۆشبون بکە،بەڵام بۆچی ئەوان بە باوکیان نەوت ئەی باوکە تۆش گەردنمان ئازاد بکە؟باوک فەرقی هەیە هیچ باوکێک حەزناکات کوڕی بچێتە جەهەنەمەوە ابدا بەڵام تۆ کەسێک کەباوکت نیەو کوڕت نیە کەسێکە زوڵمی لێت کردوە دوعای لێ دەکەیت،نوح چ دوعایەکی کرد خوایە هەرچی کافرە لەسەر ڕوی زەوی نەیهێڵیت هەموی لەناو بەریت خوای گەورە دوعاکەی قبوڵ کردو هەموی غەرق کرد،بەڵام کاتێک کە کوڕەکەی خۆی خەریک بوو غەرق بێت وتی ئەی خوایە ئەوە کوڕی منە سۆزی باوکایەتی بزانە چۆنە بۆیە داوایان لەباوکیان نەکرد؛ چونکە دەزانن باوکیان ئەوە سەد لەسەد گەردنیان ئازا دەکات لەحەقی خۆی بەڵام ئەی حەقی خوا! دەڵێن ئەی باوکمان لەخوا بپاڕێرەوە لێمان ببورێت ئەویش فەرمووی داوای لێبوردنتان بۆ دەکەم لەخوای پەروەردگار وە دڵنیاشم کەخوای گەورە لێتان خۆش دەبێت کەدوعاتان بۆ بکەم؛ چونکە یعقوب پێغەمبەری خوایە -ﷺ- و دوعای پێغەمبەران قبوڵە وە ئەویش لەحەقی خۆی تنزول دەکات و داوا دەکات خوای گەورە عەفویان بکات،لەم چەند ئایەتە دیسان خەصلەتی لێبوردەیمان بینیەوە هەروەکو چۆن لە یوسفدا هەبوو بینیمان لێبوردەبوو بەرامبەر هەڵەکار باوکیشی دیسان لێبوردەیە بەرامبەر هەڵەکار وە ئەو صیفەتەشمان بینی مرۆڤی هەڵەکار دان بەهەڵەی خۆیدا بنێت بۆیە ئەوان کوڕەکان لەبەرامبەر یوسفدا وتیان {وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ} (٩١) لەبەرامبەر باوکیشیان وتیان {إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ} (٩٧) ئێمە هەڵەبوین؛ چونکە کەتۆ دان بە هەڵەکەتدا نەنێیت بەرامبەر ئەو کەسەی کە هەڵەت بەرامبەری کردوە ئێ چۆن گەردنت ئازادبکات و عەفوت بکات بۆیە هەرکەسەمان هەڵەمان کردبێت بەرامبەر خوا

داوای لێخۆشبون بکەین بەرامبەر یەک داوای لێبوردن بکەین و داوای گەردن ئازایی بکەین وە هەر یەکێکیش لەئێمە کە خراپەی بەرامبەر موسڵمانێک کردوە ئێستادێیتە پەنا توخوا ماموستا شتێکم هەیە با کەس نەزانێت چیە؟ دەتۆ بابچینە ئەولاوە ماموستا من زوڵمم کردوە لێت گەردنم ئازادکە بەدزی دەڵێت گەردنم ئازادکە بەڵام بە ئاشکراچی خراپە کردوێتی ئێ ئەوە چۆن دەبێت!

{إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (١٦٠)} [البقرة: ١٦٠، ١٦١] ئەو فەسادیەی کە کردوتە اصلاحی بکە لەکوێ درۆو بوهتانێکت کردوە بنوسە کاکە من لەوەدا هەڵە بوم ئەو شتەی کردومە وانیە داوای لێبوردنم هەیە؛ ئەوکاتە بڵێ گەردنم ئازادکە بەرامبەر هەر موسوڵمانێک بەرامبەر هەر کەسێک؛ چونکە مەرجی تەوبە اصلاح ما افسد، شتێکت تێکداوە هەندێ کەس پێشتر لەسەر بیدعەو گومڕایی بونە لەزانایان کاتێک کەخوای گەورە هیدایەتی داون یەکسەر ڕونیان کردۆتەوە ئەوەی پێشتر ئێمە وتومانە خەڵکینە لێی پەشیمانین کەس بەقسەی ئێمە نەکات لەو شتەی ڕابردوو کەوتومانە داوای لێبوردن لەخوای گەورە دەکەین ئەوە ڕاستەکەیەتی نەک تۆ تەنها بڵێی بەینی خۆم و خوا تۆبەیەک دەکەم و ئێ تۆ شتێکیشت نوسیوە خەڵک پێی گومڕا دەبێت تارۆژی قیامەت. دوای ئەوەی کە سوڵحکرا لەنێوان یوسف و براکانی داوا دەکات هەموو براکانی و خێزانەکانیان و و باوکیان بێن بۆ مصر بابزانین چونیان بۆ مصر چۆن دەبێت وەکە چونە ئەوێ چی ڕوودەدات.

فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ ﴿٩٩﴾

باوک و براکانی یوسف و کۆی خێزانەکەیان هەستان کەنعان کە لە شامە بەجێیانهێشت و بەرەو زەوی مصر بەڕێ کەوتن، خۆی زەوی شام پیرۆزترە لەزەوی مصر، بەڵام بۆچی ئێستا ئەو وڵاتە موبارەکە جێدەهێڵن و بەرەو مصر دەڕۆن؟ چونکە لەوێ یوسفی لێیە مەثەلێک هەیە دەڵێت **(الجار قبل الدار والرفیق قبل الطریق)** دراوسێ پێش خانوو وە هاوڕێ پێش ڕێگا ؛ ئێستا کەبچنە مصر ئەبنە جیرانی یوسف و لەگەڵ یوسف دەژین بۆیە بیر مەکەرەوە شام خۆشترە یان مصر خۆشترە بڕۆ بۆ ئەوێ، مرۆڤی عاقڵ و ژیر لەسەر خۆ کاتێ کەدەیەوێ خانو بکرێت دەڵێن کاکە ئەوە ئەم خانوە هەیە یەکسەر پرسیار دەکات ئەرێ جیرانەکانی چۆنن؛ چونکە الجار قبل الدار جارێ جیرانەکان گرنگترە لەخودی خانوەکە خۆی ئێ با خانوەکەی تۆ خۆشترین قەصر بێت بەڵام کە جیرانەکانت خراپ بون ژیانت لێ دەبێت بەدۆزەخ، یان موسوڵمانی واهەیە کەدەیەوێت زەوی بکرێت یان خانو بکرێت پرسیار دەکات ئایا مزگەوتی لێوە نزیکە! کەلێی نزیک بێت دەڵی باش کەلێی نزیک نەبێت دەڵێ والله نایەم؛ چونکە وەک چۆن ماسی بێ ئاو ناژی موسڵمان حەقیقەتەن پێویستە بێ مزگەوت نەژی؛ خوای گەورە واجبی کردوە لەسەرت تۆ وەک پیاوێکی موسڵمان ڕۆژی پێنج جار بچیتە مزگەوت ئێ کەماڵت لەشوێنێک بێت مزگەوتی لێ نەبێت خۆشی چی تێدایە ئەو ماڵە حەفتەی جارێک مزگەوت ببینیت ئەو دڵە ئەبێت بە بەرد دڵ ڕەق دەبێت، بەڵام تۆ وەرە ڕۆژی پێنج جار وەرە ماڵی خواو لەگەڵ موسڵمانان سەلام لەیەک دەکەن و دەوەستن و موناجاتی خوای گەورە دەکەن ڕەحمەت و بەرەکەتە، جامەبەستم یعقوب -ﷺ- بەخۆی و خێزانی و منالی و کامل هەمویان ئەو شوێنە موبارەکەیان بەجێهێشت ڕۆیشتن بەرەو مصر؛ چونکە یوسف لەوێیە.

{فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ} کاتێک کە چونە ژورەوە بۆلای یوسف؛ یوسف باوک و دایکی گرتە خۆی و باوەشی لێدان وگرنگی تایبەتی بەواندا واتە زیاتر لەبراکانی، باوک و دایک ڕێز و پلەیان تایبەتە ئەوە اکرام الوالدین ە بەڵام دیقەت بدەنێ:

{وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ} ﴿٩٩﴾ فەرمووی وەرنە ناو وڵاتی مصرەوە إن شاء الله آمنین لە کلمەی ادخلوا ئەوە حاڵی دەبین کە یوسف -ﷺ- خۆی هاتبۆ دەرەوەی شار پێشوازی دایک و باوکی وە پێشوازی خێزانی خۆی دەکرد، ئەمەش ڕێزە بەرامبەر بەدایک و باوک کەتۆ چاوەڕێ نەکەیت تاوەکو لەشارێکەوە دێن بۆلای تۆ لە ژوری خۆت چاوەڕێیان کەیت فەرمووی:دەی فەرمون بڕۆنە ناو شارەکەوە کاتێک کە دایک و باوکت لەشارێکی ترن تۆ لە پێشوازیانبە ئەوە اکرام ە ئەوە ڕێزە پێشوازیان لێبکەیت بۆیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زانایان دەفەرمون یوسف چوە دەرەوە بۆ پێشوازی کردنیان دوایی کە دەیانباتە ناو شوێنی تایبەتی خۆی بەجیا دایان دەنێت و ڕێزی تایبەتیان لێدەگرێت وە فەرمووی وەرنە ناو مصرەوە وەرن بە ئەمینی و ئاسایشی، ئەمینن لەمەودوا لەبرسێتی، ئەمینن لەترس،ئەمینن لە مشاکل وڵاتێکی ئامنە إن شاء الله، کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئەمن و ئاسایش نیعمەتێکی گەورەیە،وڵاتی مصر ڕزق و ڕۆزیەکی زۆری تێدابو ئێستا نیعمەتی ئەمن و ئاسایشیش باسکرا لەگەڵی ئەم دونیعمەتە پێکەوە دڵخۆشی و بەختەوەری دونیایی بۆ مرۆڤ دروست دەکەن، خوای گەورە فەرموویەتی: {فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ (٣) الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ (٤)} [قریش: ٣، ٤]

ئەو دوونیعمەتەی باس کرد، ئەو دو نیعمەتەت هەبێت ئەوکاتە تۆ دەتوانیت عیبادەتی خواش بەباشی بکەیت بۆیە فلیعبدوا با بپەرستن خوای ئەو کەعبەیە کە

ئەو دوو نیعمەتەی پێ بەخشیون هەم رزقو رۆزی لەبرسێتی ڕزگاری کردن وە هەم لەترسیش ڕزگاری کردن ئێستا لە ئەمن و ئاسایشدان، نیعمەتی ئەمن نیعمەتێکی گەورەیە پێویستە لەسەر هەموو لایەک پارێزگاری لێبکەن نەک لە هەوڵی تیکدانی ئەمن وئاسایشی وڵاتدابن واللە؛ چونکە من ڕقم لەفڵانە مسئولە؛ چونکە فڵانە مسئول گەندەڵە؛ چونکە فڵانە مسئول پارەکەی بۆخۆی برد،کاکە ڕاستە ئەمە زەرەرێکە بەڵام ئەم زەرەرە لەبەرامبەر زەرەری تێکچونی ئەمن و ئاسایشی وڵاتدا هیچ نیە کە وڵات ئەمن و ئاسایشی تیادا نەما ژیان نامێنێت عیبادەتی خواش نامێنێت خواپەرستیش نامێنێت کەخەڵک لەخۆی و لەماڵی و لەناموسی لە عیرض و لەشەرەفی لەهیچ ئەمین نەبێت ئێ ئەوکاتە هیچت بۆ ناکرێت بۆیە ئەوکاتە هیچ نابێتە بیانوی ئەوەی کەتۆ ئەمن و ئاسایشی وڵات تێک بدەیت، واللە فڵانە کەس ئاوایە دەبێت بچم قومبەلەیەک بتەقێنمەوە لەناو شاردا بۆئەوەی وەزعەکەیان لێ تێک بدەم و بە ئیسراحەت نەیخۆن!

یەعنی چی بە ئیسراحەت نەیخۆن تۆ ئەچیت لەناو بازاڕ خەڵک دەکوژیت فڵانەکەس چ زەرەرێک دەکات چ ئێشێک بەو دەگات کەتۆ شیرازەی وڵات تێک بەیت؛ چونکە هەر بچوکترین تێکچون هەر عامەی خەڵک زەرەر دەکات، جارێ زۆرێک لە مسئولین و دەسەڵاتدار لەوەیە بگرە عائیلەکەشیان لەکوردستان نەبێت هەموی لە ئەوروپایە یان قاچێکی لێرەیەو قاچێکی لەولایە جەوازەکەش دائما لەگیرفانیدایەو تەیارەی تایبەتیش هەیە دائیما ئامادەیە کەی بیەوێ بڕوا دەڕوات وە هیچ کێشەشی نیە ئەو کەتێک بچێت لەتۆی داماو تێک دەچێت وامەزانە تۆ وەزع لەو تێک دەدەیت لەتۆو لەو میللەتە ڕەش و ڕوتە وەزع تێک دەچێت بۆیە بزانە باسی نیعمەتی ئەمان دەکات بەڵام مانای ئەوە نیە کە ئێمە دەمانەوێت ئەمن و ئاسایش هەبێت واتە ئێمە لەگەندەڵی ڕازین و ئێمە لە زوڵم و ستەم ڕازین یان

هەرچی مونکەرو خراپەیەک کە مسئولین دەیکەن ئێمە پێی ڕازیبین واللە بە هیچ مونکەرێک ڕازینین بەڵام مرۆڤی ئاقڵ سەیری زەرەرەکان دەکات کامەی گەورەترو خەتەرترە نابێت تۆ بۆ خاتری ئەوەی زەرەری لە سەدا دەت کردوە زەرەری سەدا نەوەدیش لەخەڵک بدەیت هەڵیە ئەوە.

فائیدەیەکی تریش کەلەم ئایەتەدا دەیکەین ئەوەیە الادب مع الله ئەدەب لەگەڵ خوا، یوسف -ﷺ- وڵاتی مصر دەبینێت وڵاتێکە پڕ پیت و بەرەکەتەوە ئەمن و ئاسایشیشە بەڵام واش ناڵێت بڕۆن ئێوە ئەمینن لەهەموو ترسێک نا دەڵێت إن شاء الله کەخوا بیەوێت؛ چونکە لا امان بدون إرادة الله، واللە ئەمان بۆ هیچ کەسێک و وڵات و شارێک و میلەت و قەومێک نیە کەخوا نەیەوێت بۆی،بۆیە هەمیشە مرۆڤ داوای ئەمن و ئاسایش و حفظ و سەلامەت لەخوا بکات اللهم آمنا فی اوطاننا خوایە لەناو میلەتەکەماندا لەناو خێزان و منالْماندا ئەمن و ئاسایشمان پێببەخشیت و بمانپارێزیت دائیما مرۆڤ پشت بەخوا ببەستێت ئەمما تۆ بڵێیت نا بەشان و بازوی کوڕە ئازاکانمان و پێشمەرگەی قارەمان و هێزی دژەتیرۆرو هێزی ئاسایش ئەم وڵاتەمان والێکردوە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە واللە هەر هەموی وەزنی باڵە مێشولەیەکی نیە ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت وڵاتەکەت ئەمان بێ بەهەر هەموی هیچی پێ ناکرێت کەواتە بۆ شەرم دەکەن یان بۆ ئەوەندە لوتتان بەرزە جارێک ناڵێن بە پشتیوانی خوا لەپاشان دوعای خێر بۆ ئەو هەموو کەسانە دەکەین کەهۆکارن بۆ جێگیر بونی ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەمان بەپشتیوانی خواو بەیارمەتی خوا، هەندێ کەس هەیە پێی شەرمە؛ چونکە علمانیە لادینە بێ دینە ئەصلا باوەڕی بەخوا نیە ئێستا چۆن بڵێت بە پشتیوانی خوا، هەیانە دەڵێت یەعنی چی هەرشتێ ئەبێ بە یارمەتی خواو بە پشتیوانی خوا کاکە بەسیەتی ئەمە نەفامێتیەو دواکەوتویەتیە تاکەی ئەم شتانە بمێنێت، سبحان الله تاکەی خوا

بمێنێت! تۆ دەمریت و دەڕزێیت و ئێسکیشت نامێنێت خوا هەر دەمێنێت ئەی داماو خۆی زۆر پێ مهیمە کە ئاوا کوفر بکات پەنا بەخوا بۆیە هیچ ئەمانێک نیە بۆ هیچ کەسو بۆ هیچ وڵاتێک بەبێ ویستی خوا بەبێ حفظی خوا.

یوسف لەقیممەی دەسەڵاتیدایە خوای گەورەی لەبیر نەچووە، هەندێ مەسئول هەیە دەیکەیتە بەرپرسی پێنج کەس خوای گەورەی لەبیر دەچێت وا دەبینێت کەزۆرگرنگە؛ چونکە نەجمەیەکی هەیە خۆی زۆر بە گرنگ دەزانێت خەریکە ئێستا خوای لەیاد دەچێت یوسف ئێستا عەزیزی مصرە گەورەی هەموو مصرە هەرچی وڵاتە دێت موحتاجی یوسفە خوای گەورەی لەبیر نەچوە إن شاء الله بەیارمەتی خوا بەویستی خوا بەئیرادەی خوا لەوڵاتێکی ئەمن و ئاسایشدا دەژین نەک بە بچوکترین شت یەکسەر خوای گەورەت لەبیر بچێت.

وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَا أَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي ۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ ۚ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾

{وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ} أبويه: زانایانی تفسیر دەفەرمون دایک و باوکی نەبو بەڵکو باوک و پوری بوو؛ چونکە دایکی زوو وەفاتی کردبوو ئێستا ئەوەی کەمابو پوری یوسفە وە پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێت: ((الْخَالَـةُ بِمَنْزِلَـةِ الأُمِّ))[١٢].

پور لەشوێنی دایکە وە مامی مرۆڤ هاوشانی باوکیەتی کەواتە دەبێت ئەم دوانە ئاگات لێی بێت ڕێزو قەدری زۆریان بزانیت هەم مامت وەک باوکت وایە

---

(12)- أخرجه: البخاري ٣/ ٢٤١ - ٢٤٢ (٢٦٩٩).

وەهەم پورت وەکو دایکت وایە، لێرە کە دەفەرموێت ابویە واتە باوک و پوری بەڵام بۆیە دەفەرموێت باوک و دایکی؛ چونکە وتمان پور لەجێی دایکە، باوکی ودایکی بەرز کردنەوەو لەسەر تەختی دانیشتنی خۆی دایانان ئەو تەختە مەزنەی کە هی مەقامی عەزیز یوسفە ئەمەش ئەدەبێکی تری یوسف ناڵێت ئاخر ئێستا من لە دوپلەدا گەورەترم لەباوکم یوسف نبي و رسول ە وە یوسف ئێستا عەزیزی مصریشە ناڵێ چونکە من گەورەترم با باوک و دایکم لەخوارەوە دانیشن من لەسەر عەرشەکە دادەنیشم نا دایک و باوکی برد لەسەر عەرشەکە لەسەر تەخت و تەراجی خۆی دایانان وەکو ڕێزێک لەگەڵ باوک و دایکی.

بۆیە ئەوکەسانەی کە باوک و دایکتان بەساڵدا دەچێت یان خۆتان پۆست و پلەیەک وەردەگرن یان خۆتان تۆزێک دەوڵەمەند دەبن یان تۆزێک شەهادەیەکتان دەبێت اسفا زۆر حەیفە کە پێتان شەرم بێت بڵێن ئەوە دایک و باوکمانە؛ یان پێتان شەرم بێت کە لەمەجلیستاندا دابنیشن کەمیوانتان هەیە یان بچیت باوک و دایکت لەشوێنێکی نزمتر لەخۆت دابنێیت اسفە والله عەیبە زۆر عەیبە ئەوەتا هەمانە کەدایک و باوکی بەساڵدا چوو دەچێت دەیباتە خانەی بەساڵدا چوەکان؛ چونکە بەساڵدا چوەو مناڵەکان تحمولی ناکەن و بێزی لێ دەکەنەوەو پێیان خۆش نیەو ئێ چیبکەین دەیباتە خانەی پەککەوتو بەساڵدا چوەکان والله داوەشێن باشترە عەیبە پیاو بیت دایک و باوکت لەشوێنێکی ئاوا دابنێیت خۆشت لەشوێنێکی گەرم و نەرمی ماڵەکەی خۆت بە ئیسراحەت پێبکەنیت شەوانەو چیە من لەگەڵ ماڵ و خێزان و مناڵەکانمام ئەی باوکت لەکوێیەو دایکت لەکوێیە!

بۆیە باوریابین ئەجری دایک و باوک زۆر گەورەیە لە ئیسلامدا چۆن دەبێت مندال سپڵەبێت بەرامبەر بەدایک و باوکی، چۆن دەبێت خۆشیەکت بۆخۆت بوێت و بۆ دایک و باوکت نەوێت، چۆن دەبێت تفضیلی خۆت بەسەر دایک و

باوکتا بدەیت چ جا تفضیلی خێزانت و منالّت چۆن دەبێت وا بکەیت ئەوان هەڵبژێریت بەسەر دایک و باوکتدا ئەی لەیادت چۆوە ئەو دایک و باوکە چیان بۆتۆ کردوە؟

ئەوەی تۆ ئێستا بۆمناڵەکانتی دەکەیت دایک و باوکت ئەوانەیان بۆتۆ کردوە ئەوشتەی بۆ تۆ کردوە هەرچی هێزو توانایان هەیە دایک و باوک لەمناڵەکانیاندا سەرف دەکەن، هەر دایک و باوکێک ئەگەر بێت و بڵێن ئێمە منالّمان ناوێت بەدرێژایی تەمەنیان هەر بەخۆشی و ڕابواردنی حەڵاڵ و بەسەفەرە کردن و ژیانێکی خۆش ڕادەبوێرن بەڵام زۆر جار دایک و باوک بەهۆی مناڵەوە شەڕ دەکەن لەگەڵ یەک باوکە تورە دەبێ لەدایکی مناڵەکە تۆ بۆ ئاگات لێی نیە یان ئەو دەڵێ تۆ بۆ ئاگات لێ نیە یا ئەڵێ بۆ گریا، نەخۆشەکەوێت بەدیارێوە دادەنیشن لەخەستەخانە بەدیارێوە دەخەوێت شەوتابەیانی ناخەوێ لەگەڵی ناخەوێ، باوک دەبێ نارەحەتی دونیا ببینێت پارە پەیدا بکات بیخاتە قورگی کوڕەکەی و کچەکەیەوە تا گەورەی دەکات ئێ کەواتە ژیانی دایک و باوک بۆ مناڵە ئێستاش مناڵ گەورەبو ئەو دایک و باوکە پشت گوێ بخات، قورئان هەموو کەلیمەیەکی دەرسێکەو عیبرەتێکە کەواتە تێی بگە ئەی منالّان ئەی کوڕان ئەی کچان ئەدەبتان هەبێت لەگەڵ دایک و باوکتان نەکەی شوێنی خۆت بەرزترو خۆشتربێت لەهی دایک و باوکت وریابە شتی وا نەکەیت ئەوە عقوقە و بێڕێزی و بێ ئەدەبیە لەگەڵ دایک و باوکت دەیکەت تۆ .

{وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا} ئەوجا هەمویان بەباوکی و بەدایکی و بە هەر یانزە براکە کڕنوشیان بۆ یوسف برد لەوەیە بوترێت ئێ ئەمە کەی ڕێز گرتنی دایک و باوکە لەکاتێکدا دایک و باوک سوجدە بۆتۆ بەرن یان کڕنوش بۆ تۆ بەرن چۆن دەبێت؟

دەڵێین:

یەکەمیان: لەدینی ئەواندا سجدا هەر داهاتنەوەیەک بو ئەوە بریتیبو لەسەلامکردن لەکەسە گەورەکان ئاسایی بو مەنع نەکرا ئیللا لەئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبێت مەنع کرا بۆ ئەوەی هەموو خەڵک یەکسان بێت هەموی بەس بۆ یەک زات دانەوێتەوە کەخوای پەروەردگارە.

دووەمیان: ئەوەی کە کردیان ئەوە بە ئەمری خوای پەروەردگارە ئەوە بە ئەمری خوای گەورە دێتە جێ ئەوە خەوەکەی یوسفە واتەهەر هەمویان اقرار بەوە دەکەن کەیوسف خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە بەس مانای ئەوەنیە کەیوسف خۆی بەسەر باوکیدا هەڵکێشێت بڵێت باوکە من لەتۆ موهیم ترم و گرنگ ترم نا ابدا هێنای لەسەرعەرشەکە داینان، جا کاتێک کە یوسف بینی ئەوە باوک و دایکی و ئەوە نەبێ ئەمریان پێبکات کەبینی یەکسەر باوکی و دایکی و هەر هەموو براکانی کڕنوشیان بۆ یوسف برد وەکو ڕێزێک و ئیحترامێک نەک وەکو عیبادەتێک وریابن دروست نیە تۆ بچیت کرنووش بۆ کەسێک بەریت و سوجدە بەریت سوجدە جگە لە الله بۆ هیچ کەسێکی تر دروست نیە بەڵکو ئەوە جۆرێکە لە ئەو عیبادەتەی کە تەنها بۆ خوا دەکرێت ئەوەتا لەنوێژدا ڕکوع دەبەین و دواتر سوجدە دەبەین بەس بۆ خوا دەکرێت ئەوە بۆ عبد ناکرێت کە یوسف ئەمەی بینی یەکسەر فەرمووی:

{وَقَالَ يَا أَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا} ئەی باوکە ئە ئەوە ڕێک خەوەکەیە کەمن بینیم هاتە جێ تأویل الرؤیا واتە وقوع الرؤیا ئەو خەوەی کەمن بینیم کاتی خۆی بە منالی ئەوەتا هاتە جێ وەک وتمان زانایان دەفەرمون چل پەنجا ساڵ هەیە دەفەرموێت هەشتا ساڵی خایاند ئنجا خەوەکە هاتە جێ کەواتە هەندێ خەو هەیە لەوانەیە دوای پەنجا ساڵ بێتە جێ کەواتە بۆمان دەرکەوت خوای گەورە خەوەکەی یوسفی گەیاندە جێ بۆیە فەرمووی:

{قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا} پەروەردگارم ئەو خەوەی منی کردە واقع و هێنایە جێ ئەوەتا ئێستا مەرتەبەی یوسف بەرزبۆوە بەباوک و دایک و هەموو برا ئێستا خۆ بەکەم گریان بۆ ئەو نیشان داو بەگەورەیان دانا کەواتە خەوەکە هاتە جێ بۆیە ئەوەی کەخوا بیکات دێت،شەڕ لەگەڵ ویستی خوا ناکرێت.

{وَقَدْ أَحْسَنَ بِي} خوای پەروەردگار چاکەی باشی لەگەڵ من کرد، بزانین مەبەستی یوسف چ چاکەیەکە کەخوا لەگەڵی کردوە، نافەرموێت وقد احسن بکم بەڵکو دەفەرموێت وقد أحسن بي خوای گەورە باشیەکی زۆر چاک ئێستا دوو نیعمەت باس دەکات.

{إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ}

یەکەم:چاکەی باشی لەگەڵ من کرد خوای گەورە کەمنی لەسجن ڕزگار کرد؛ چونکە هەر لەسجن ڕزگاری بوو یەکسەر پادشا بەرزی کردەوەو کردیە عەزیزی مصر بو بەهۆی ئەوەی کە وڵاتێک و دەوروبەری ئەو وڵاتە ڕزگار بکات لە قەیران و لەبرسێتی وە براکانیشی بێن لەو رزقە بکڕن وە قەزیەکەش ئاوا ئاشکرا بێت و باوکیشی بێتەوە لای، خوای گەورە باشیەکی لەگەڵ من کرد یەکەم شت کەمنی لەسجن دەرکرد دیقەت بدەنێ نافەرموێ خوای گەورە باشیەکی چاکی لەگەڵ من کرد اذ اخرجني من البئر کەمنی لەبیرەکە ڕزگار کرد کە لەو بیرەدا نەخنکام و نەمردم بۆ ئەوەناڵێ؟؛ چونکە ئەو کاتێک کە براکانی دانیان بەهەڵەی خۆیاناو داوای لێبوردنیان لێ کرد پێی وتن {قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ اليوم} تەواو نە لەومەتان دەکەم و نە سەر زەنشتتان دەکەم و نە گلەییتان لێ دەکەم تەواو خوا لێتان خۆشبێت مادام گەردنی ئازاکردن مادام عەفوی کرد ناچێت داتەوە ناچێ شتێک باسکات کە ئەوان پێی بشکێنەوەو خەجاڵەت بن جارێکی تر باسی ئەوە ناکات ئەو ئەدەبەو ئەو کەرەمەی یوسف ئێ باشە یەکەم

چاکە کەخوا لەگەڵی کرد ئەوەبو لەبیرەکە ڕزگاری بوو نەخنکا بۆیە ئەوە باس ناکات لەڕوی باوکی و براکانی نایەوێ ئەوەیان بخاتەوە یادو لەڕویان بداتەوەو ڕوشکێنیان بکات و خەجاڵەتیان بکات و تەریقیان بکاتەوە نایەوێت ئەوە مرۆڤی کریم و بەڕێزە بەڵام مرۆڤی وا دەبینیت هەزار جار شتێکت بەڕودا دەداتەوە دوسەدجار شتێک باس دەکاتەوە ئێ برا عەیب ناکەیت بەس نیە ئەمە چیتە تۆ ئەبەد لێی ناگەڕێیت یوسف تەواو هەر ئەو ڕۆژە یەکسەر وتی {قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ} هەر باسیشی ناکاتەوە باسی ئەوەناکات؛ چونکە دەڵێ کەباسی ئەوە بکەم کەخوای گەورە چاکەی لەگەڵ کردم کەمنی لەبیرەکە دەرهێنا یەکسەر دێتەوە یادیان کە ئەوان بون یوسفیان خستە ناو بیرەکە ئەمەش پێی دەشکێنەوە پیی خەجاڵەت دەبن دەی باسی ناکەم باسی سجنەکە دەکات کەخوای گەورە منی لەسجن هێنایە دەرەوە.

{وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي}

چاکەی دووەم: کەباسی دەکات دەڵێ خوای گەورە لەگەڵی کردم وە خوای گەورە ئێوەشی لەگوندو لادێوە هێنا بۆ شار ئەوەش چاکەیەکە کەخوا لەگەڵ منی کرد ئێوەی هێنایەوە بۆلای من و بەئێوە شاد بومەوە، ئێستا هێنان و گواستنەوەی ئەو هەموو خێزانە ڕەش و ڕوتە فەقیرە برسیە چاکەیەکی خوایە لەگەڵ ئەوان زیاتر وە کە ئەنەما سوپاسی ئەوانیش دەکات ئەوان هاتون بۆلای سبحان الله بێ حیکمەت نیە خوای پەروەردگار ئەو یوسفەی ئاوا بەرز کردۆتەوە کەتاڕۆژی قیامەت خوای گەورە سورەتێکی لەسەر داناوە کە سورەتی یوسفە کە دەیخوێنیتەوە سەر سام دەبیت لە ئەخلاقی لەئەدەبی و لەکەرەمی و لەڕێزی، ئەمەش چاکەیەکی گەورەبو خوای گەورە لەگەڵ منی کرد دوای ئەوەی کەشەیتان هاتە بەینی من و براکانمەوەو برایەتی تێکداین دوای ئەوەی ئەو شتە ڕویدائێستا

الحمدلله بەیەک شادبوینەوە ئەوە چاکەیەکی گەورەیە خوا لەگەڵ منی کرد، دەفەرموێت دوای ئەوەی کە شەیتان بەینی تێک داین واتە کأنما لەومەکە دەخاتە سەر شەیتان نایخاتە سەر براکانی ئەمە ئەدەبی سێیەم.

{مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي} ئەدەبی چوارەمی یوسف دەڵێت کە شەیتان هاتە بەینی من و براکانم ئێ نەهاتۆتە لای یوسف شەیتان ئێ یوسف هچ خراپەیەکی نەکرد بەرامبەر بە براکانی بەڵام ئێستا خۆی وا دادەنێت هەردولامان کەمتەرخەم بوین هەردولامان هۆکاربوین سبحان الله لەو ئەدەبە بۆیە هەندی لە زانایان دەفەرمون كسب القلوب أولى من كسب المواقف احيانا، دڵەکان بەدەست بێنیت پێش ئەوەی مەوقیفەکە بەدەست بێنیت ئەها من سەرکەوتم من بردمەوە واز لەوە بێنە کێ بردێوەو کێ سەرکەوت و قسەی کێ هاتە جێ هەوڵدە دڵی براکەت ڕابگریت ئەوە گرنگە دڵی براکەت لەدەست نەدەیت تەماشاکەن گرنگ نیە بەلایەوە دەفەرموێت شەیتان کەهاتە بەینی من و براکانمەوەو جا یوسف ئە ی تۆ چیت کردوە علیه الصلاة و السلام بۆتۆ چ زەرەرێکت لەبراکانت دابو لەچیدا تۆ بەقسەی شەیتانت کرد؟ لە هیچ براکانت بون بەڵام ئێستا کأنما قەزیەیەکە هەردولامان وەکو بڵێی توشی هەڵەیەک بوین و تەواو الحمدلله ئێستا نەما ئێستا بەیەک شاد بوینەوە.

{إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ} ئێستا ئەم شتانە چۆن کران چۆن یوسف لەسجن هاتە دەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پیاو کوژ و موجریم و دزو خراپەکاریەکسەر بێیت بۆسەر عەرشی عیزەت و عەرشی وەزیرێتی و دەسەڵاتدارێتی مصرو بوو بەعەزیزو دەسەڵاتدارو پادشایەک چۆن ڕزگارت بوو چۆن ئەو هەموو شتە کرا؟

دەفەرموێت:چونکە پەروەردگاری من ئەوەی کە دەیەوێت بیکات لە چاکەو خێر بەرامبەرت زۆر بەنهێنی و بەوردی و سەرسوڕهێنەری دەیکات کەهەستیشی

پێناکەیت تۆ،واتە خوای گەورەبەشێوازێکی وا کە بیەوێ خێر بە عبدەکەی خۆی دەگەیەنێت کەهەستیشی پێناکات،اسبابی وای بۆ ڕێک دەخات کە سەرت دەسوڕمێت سبحان الله لەڕێگای واوە خوای گەورە دەتگەیەنێتە لوتکە کەتۆ پێت ناخۆشە وادەزانێت زەرەرت لێ دەدات کەچی ئائەوەی کەتۆ پێت ناخۆشە وادەزانیت زەرەرێکە بۆتۆ خوای گەورە ئەوەت بۆ دەکات بە بەرزبونەوەت بۆلوتکە،ئێستا ئەوەی کەبەسەر یعقوب و یوسف هات ئەگەر ئاوا ظاهیری تەماشای بکەین ئێ باشە یوسف لێیدرا،یوسف خرایە ناو بیرێکەوە، یوسف دوایی فرۆشرا بەپارەیەکی کەم و بێقیمەت،یوسف کرا بە کۆیلەو بە عبد،یوسف دوایی توشی بەڵایەک بوو لەقەصری عەزیزی مصردا دوایی یوسف لەکەدار کراو تۆمەتبار کرا دوایی یوسف بەتۆمەتەوە خرایە ناو سجنەوە ئێستا ئەمانەی تەماشای دەکەین هەموی ناخۆشە ئەمە ئەو ڕوەی کەلەئێمەوە دیارە،ئەی ئەو ڕوەی کە لەپشتەوەبو کە هات بەو قۆناغانەدا کەهات یوسفی بردو گەیاندیە ئەو لوتکەیەی کەئێستاهەرکەسێ دەیخوێنێتەوە تەمەنای ئەوە ئەکات ئەو لەشوێنی یوسف بوایە کێ هەیە لەسەر ڕوی زەوی تەمەنای ئەوە نەکات ئەو رفعەتە ئێ بەچیدا گەیشتە ئەو رفعەتە بەکۆمەڵێ تاقیکردنەوە،خوای گەورە کەبیەوێت عەبدێک بگەیەنێتە پلەیەک کۆمەڵێک ناڕەحەتی توش دەکات بەو ناڕەحەتیانەدا دەبێت بڕوات بۆیی کەتاوانی هەبێت پاک بێتەوە،بۆیی کە پلەی نزم بێت بەرز بێتەوە ئنجا دەگاتە ئەو شوێنە بۆیە أشد الناس بلاء الانبياء ثم الأمثل فالامثل لەهەموو کەس تاقیکردنەوەی ناڕەحەتتربێت پێغەمبەرانن هی ئەوان لەهی هەموان قورس ترە ئەوەتا سەیری بکە ئەم تاقیکردنەوە قورسانە تاقیکردنەوەی ئیبراهیم سەیر بکەن ئەو تاقیکردنەوەیەی خوای گەورە دەفەرموێت بڕۆ کوڕەکەت سەرببڕە، ئەو تاقیکردنەوەیەی خوای گەورە لەسەر تەنها خوا پەرستی فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە

بە مەنجەنیقێک،تاقیکردنەوەی ئەیوب حەڤدە هەژدە ساڵ لە نەخۆشیدا بکەویت هەموو کەسێک لێت دور بکەوێتەوەو کەسیشت نەمێنێت تاقیکردنەوەیان قورس بوە بەڵام ئەجرو پاداشتیشیان بەرزە خوای گەورە زۆر خاوەن لوتف و سۆزە بەشێوازێکی وا ئەوەی کەیبەوێت دەیکات هەستی پێ ناکەیت.

{إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ} باشە چۆن خوای گەورە ئەوەی کەدەیەوێ بیکات دەیکات زۆر بە حەکیمانە زۆر بە وردی و بەونی دەیکات ئێ غەریب نیە؛ چونکە هەر ئەوە کەتەواوی عیلم و زانستی هەیە وە هەر ئەویشە کە ئەوپەڕی داناو کار لەجێیە خۆی دەزانێت شتەکان لەکوێ دادەنێ و کەی دای دەنێت،ویستی خواو حیکمەتی خوا لەوەدایە ئەو مەوزوعەبەو قۆناغانەدا بڕوائنجا دوای ئەو هەموو ساڵە ئنجا بگاتە ئەو لوتکەیە، ئێستا ئەگەر هاتباو یوسف ئەو هەموو ناڕەحەتیەی بەسەردا نەهاتبا هەر باسی ئەوە کرابا پێغەمبەرێک هەبوو ناوی یوسف بو -ﷺ- عەزیزی مصر بوو دەسەڵاتدار بوو وایکرد کە وڵاتەکەی توشی فەقیری نەیەت و تەواو یەعنی چی دەبوو؟ ئایا ئەو یوسفە دەبوو کە ئەمڕۆ هەموو خەڵک سەر سامە پێی،کە ئەمڕۆ هەموو خەڵک خۆشی دەوێت کە هەموو خەڵک زۆر بە گەورەیی و بە مەزنی سەیری دەکات؟

نا ئەوە نەدەبو بەڵام کەبەم هەموو قۆناغەدا تێپەڕی وایکرد کە فعلا کەسێکی مەزن و گەورەبێت وەلەدڵی هەموو کەسێکدا جێگای خۆی بکاتەوە وە هەموو کەسیک خۆشی بوێت وە خوای گەورە رفعەت و بەرزێتی پێ ببەخشێت بۆیە خوای گەورە حەکیمە کار لەجێیە زانایە هیچ شتێک ناکات بێ حیکمەت ئێمەش کاتێک موصیبەتێکمان دێتە ڕێگا دائیما ئەو بەسەر هاتانە بێنینەوە یادی خۆمان زو پەست نەبین بێزار نەبین گومانی شەڕ بەخوای خۆمان نەبەین لاتحسبوه شرا لكم بل هو خير لكم بە ئیزنی خوای گەورە بەس مرۆڤ لەسەر موصیبەت صەبرت

هەبێت لەسەر موصیبەت ئیعتیصام و پشت بەستنت بەخوا هەبێت و لەسەر موصیبەت و داوای لێخۆشبونی زۆرت لەخوای گەورە هەبێت کە بەهۆی کەمتر خەمی و تاوانتەوە توشت بوە بەهۆی موصیبەتەوە مرۆڤ زیاتر ڕو لەخوا بێت جا بزانە خوای گەورە چۆن ئەو میحنەتەت بۆ دەکاتە مینحە، ئەو نیقمەتەت بۆ دەکاتە نیعمەت،ئەم ذلەتەت بۆ دەکاتە رفعەت،ئەو ضیق و تەنگانەیەت بۆ دەکاتە سعة و فراوانیەت وە ئەو ناخۆشیەت بۆ دەکات بەخۆشی بەس صبرمان هەبێت چونکە یەقینت هەبێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((مَنْ يُرِدِ الله بِهِ خَيراً يُصِبْ مِنْهُ))(١٣).

واتە: خوا خیری بۆ بوێت تاقی دەکاتەوە کەتاقی نەکردیتەوە ئەوە دیارە خێری بۆتۆ ناوێت .

وقال النبي ﷺ: ((إنّ عظمَ الجزَاءِ مَعَ عِظَمِ البَلاءِ وإنّ الله تَعَالَى إِذا أحبَّ قَوْماً ابْتلاهُمْ فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرّضَى ومَنْ سَخِطَ فلَهُ السُّخْطُ))(١٤)

پێغەمبەر -ﷺ- ئەفەرموێت ئەگەر خوای گەورە قەومێکی خۆش بوێت تاقیاندەکاتەوە نارەحەتیان بەسەر دێنێت جا کەخوای گەورە ناڕەحەتی بەسەر هێنایت کەڕازی بویت ئەوە خوا لێت ڕازی دەبێت کەناڕازیش بیت ئەوە خوا لێت تورە دەبێت، تا ئێستا گەشتینە ئەوەی کە باوک و کوڕو دایک و برا بەیەکتر شاد بونەوەوە خەوەکەی یوسفیش سەد لەسەد هاتە جێ،وە یوسف باسی فەضلی خوای گەورەی کرد بەسەریەوە کەلەسجن ڕزگاری کردووە کەسوکارەکەی بۆلای

---

(13)- البخاري (١٠/ ١٠٣ رقم ٥٦٤).

(14)- الترمذي (٢٣٩٦)، وقال: حسن غريب من هذا الوجه وابن ماجه (٤٠٣١)،وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٢١١٠).

ئەو هێنا وە دەرسێکیشی دادایێن {إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ} کەئەوەی کەخوابیەوێت بیکات چاکەیەکت پێ بگەیەنێت پێت دەگەیەنێت لەشوێنێکەوە کەتۆهەستیشی پێناکەیت بەس تۆ گومانی باش بەخوای خۆت ببە و پشتی پێ ببەستە.

{رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ ﴿١٠١﴾}

{رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ} یوسف -ﷺ- دوای ئەوەی خوای پەروەردگار بەباوکی و براکانی شاد کردەوە، وە سوڵحێکی تەواو لەنێوانیاندا ڕویدا الحمدلله، ئێستا دەسەڵاتێکی مەزنی هەیە و لەخۆشیەکی زۆردایە، نیعمەت و خۆشی خوای گەورەی لەیاد نەبردووە، بەڵکو دان بەنیعمەتی خوا دەنێت بەسەریەوە.

{رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ} دوونیعمەتی هەرەگەورەی خوای پەروەردگار باس دەکات بەسەریەوە کەموڵک و دەسەڵاتە وەعیلم و زانستیشە، ئەی پەروەردگار ئەو موڵک و دەسەڵاتەی ئێستا تیایدام کەلەوڵاتی مصردا من تصروف بکەم ئەوە تۆ پێت داوم، بەزیرەکی خۆم نیە، بەشان و بازوی خۆم نیە، بەلێهاتویی و لێزانینی خۆم نیە، فەضلی تۆیە کە ئەو دەسەڵاتەت یاوە بەمن ئەی خوای پەروەردگار.

{وَعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ} وە هەروەها لێکدانەوەی خەون و وەهەروەها عیلم بەگشتی تۆ فێرت کردوم ئەمەش نیعمەتێکی گەورەیە خوای گەورە یوسفی فێرکرد، لێرەدا کە بەراوردێک بکەین لەنێوان پێغەمبەران و شوێنکەوتەکانیان علیهم الصلاة والسلام وەلەگەڵ کەسانی ئەهلی دونیا، ئەوەتا پێغەمبەر یوسف -ﷺ- لەقیممەت و ئەوپەڕی دەسەڵاتیدا لە لوتکەی خۆشی و بەختەوەریدا خوای

گەورەی لەیاد نەچوە، توشی غروورو لەخۆبایی بون نەبوە، دان دەنێت بەنیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەریەوە، ئەوەی کەتیایدایە هەموی بەهی خوای گەورە دەزانێ، بەڵام ئەهلی دونیا.

{إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى (٦) أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى (٧)} [العلق: ٦، ٧] کەسانێک کەشتێک دەسەڵات و توانایان دەست کەوت، و شتێک ماڵ و سامانیان هەبوو، یا موڵک و دەسەڵات و مەسئولیەتیان هەبوو.

{لَيَطْغَى} یەکسەر لەسنور دەردەچێت، یاخی دەبێت لەخواو تمرد بەسەرخوادادەکات پەنا بەخوای گەورە بۆ؟

چونکە کابرا مسئولەوکەسێکی کەم نیە!

تۆ مسئولیش بیت بەرامبەر خوا مێشولەیەکیش نیت، واتە دەسەڵاتی مێشولەیەک بەرامبەر مرۆڤێک چەندە، تۆ دەسەڵاتی مێشولەیەکت نیە بەرامبەر بەخوای گەورە کەواتە بۆ خۆت لێ بایی دەبێت، بۆ لەسنوری خوا دەردەچیت، ئێ پێت وایە ئەم دەسەڵاتەی کەتۆ ئێستا تیایدای هی کێیەوکێ بەتۆی داوە؟

خوای گەورە بەتۆی داوە، بۆیە مرۆڤی عاقڵ ئەوەیە کەلەکاتی خۆشیدا کاتە ناخۆشیەکانی لەیاد نەچێت، وە بەکاتی دەوڵەمەندیدا سەردەمی فەقیری لەیاد نەچیت، وە لەکاتی دەسەڵاتدارێتیدا سەردەمی بێ دەسەڵاتی ولاوازی لەبیرنەچێت، بەردەوام خۆی بەکەم بگرێت وە نیعمەتەکان بەهی خوای گەورە بزانێت، ئەم دوونیعمەتە زۆر گەورەیە، نیعمەتی موڵک و دەسەڵات،وەنیعمەتی عیلم و زانست، نیعمەتی موڵک و دەسەڵات ئەوانەی کە پادشان سەرکردەودەسەڵاتدارن چییان بەدەستە؟

خەڵک لەدەست ئەوانە، بەڵام ئەوانەی کە عیلم و زانستیان هەیە نیعمەتی دووەم لەپادشاکان زیاتر خەڵکیان بەدەستە چۆن!خەڵکێکی زۆر بەلاشەو

ڕوکەش لەگەڵ دەسەڵاتدارە، بەڵام عالم و زاناو شوێنکەوتەی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام خەڵک بەدڵ لەگەڵیانەو بەدڵ خۆشیانی دەوێن کامیان گەورەترە؟

تۆ بەلاشەت لەگەڵ کەسێک بیت و خۆشت نەوێت، یا بەدڵ لەگەڵی بیت و خۆشت بوێت!

بۆیە نیعمەتی علم زۆر گەورەیە هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین مێژوو کێی بۆ ئێمە تۆمار کردوە؟

ژیانی کێ؟

لێهاتویی کێ؟

لێهاتویی پادشاو دەسەڵاتدارەکان یان زاناو پێشەواکان؟

زاناکان و پێشەواکان، تارۆژی قیامەت باسی بوخاری دەکرێت، باسی موسلم، ترمذی، ابو داود، نسائي، شافعی، أحمد، ابوحنیفة، ابن باز، ابن تیمیة، ابن عباس، واتە ئەوانەی کەعالمن چونە ناو دڵی خەڵکەوە بۆیە نیعمەتی علم زۆر گەورەترە لە نیعمەتی موڵک و دەسەڵات، دوای ئەوەی کە دان بەنیعمەتەکانی خوای گەورەدەکات یوسف -ﷺ- دەفەرموێت:

{فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} فاطر منصوب ە منادایە، حرفی نداءەکە مقدرە تقدیرەکەی یافاطر السموات والأرض ئێستا لێرە دەست بەدوعا دەکات، سەرەتا دەستی کرد بە مەدح و سەنای خوای گەورە ئیعتیراف بە نیعمەتەکانی خوا ئنجا دوعا دەکات دەفەرموێت: {فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} ئەی ئەو خوایەی کە بەدیهێنەری خالق و دروستکاری ئاسمانەکان و زەویت، ئێستا یوسف دەیەوێت داوا لەخوا بکات ئەوپەڕی ئەدەبە مرۆڤ پ]ش ئەوەی داواکەی لەخوای گەورە بکات دان بەنیعمەتەکانی خوا بکات بەسەرێوە وە دان بە پەروەردگارێتی خوابێنێت، دان بنێی بەوەی کە خوایە تۆ پەروەردگاری منی من عبدی تۆم دان

بەوەدابنێیت، دوای ئەوە دان بە کەمتەرخەمی خۆت بکەیت، دوای ئەوە دان بەفەضل و کەرەمی خوای گەورە بکەیت ئەوجا داوای مەطلەب و پێداویستێکەی خۆت بکەیت، بۆیە سید الاستغفار گەورەترین دوعای داوای لێخۆشبون ئەمەیە اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي دان نان بەربوبیەت لاَ إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ دان نان بە الوهیە، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ دان بەنیعمەتەکانی تۆدا ئەنێم بەسەرمەوە، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي وە دان بەگوناهو تاوانەکانی خۆشمدا دەنێم؛ فَاغْفِرْ لِي دوای ئەو هەموو پێشەکیە ئێستا داوات لێ دەکەم ئەی خوایە لێم خۆشبە؛ فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ؛ چونکە کەس لەگوناه خۆش نابێت ئیللا تۆ نەبێت ئەی خوای پەروەردگار، کەتۆ لێم خۆشبیت ئاسانە، دونیا بەهەشتە لەدونیادا، کەلێم خۆش نەبیت و لێم توڕەبیت ئەگەر لەخۆشترین ژیانی دونیاییشدابم هەر جەهەنەمە هیچ نیە کەواتە لێخۆشبونی خوا ئەساسە، ئەم شێوازی دوعایە بەو ئەدەبەوە ئەدەبی پێغەمبەران بوە علیهم الصلاة والسلام ئەوەتا یوسف بەو شێوازە دوعا دەکات پێغەمبەریش -ﷺ- فێری کردین لە سید الاستغفار کەچۆن لەخوا بپاڕێینەوە، بابزانین دوعاکەی یوسف چیە -ﷺ- کەتیایدا توسلي بە اسم و صفاتی خوای پەروەردگار کرد فاطر السماوات والارض ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی.

{أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ} ئەمە خۆی جوملەیەکی خەبەریە مومکینیشە مەبەست پێی جوملەی انشائی بێت مەبەست پێی دوعا بێت واتە کل ولي فی الدنیا والاخرە ئەی خوای پەروەردگار تۆ سەرپەرشتیارو پشتیوان و دۆستو یارمەتیدەری من بە لەدونیاو دوارۆژ ئەمە کەمەبەست پێی دوعا بێت، کەمەبەست پێی خەبەر بێت واتە دیسان توسل بەوەش دەکات ئەی خوای پەروەردگار تۆ ولي منیت {اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا} [البقرة: ٢٥٧] خوای گەورە ولي ئیماندارانە، کلمەی

ولي دومانا دەگەیەنێت واتە خوای گەورە خۆشەویستی ئیماندارانە خۆشی دەوێن، وە هەروەها خوای گەورە سەرخەرو پشتیوان کاریشیانە، خوای گەورە ئیمانداری خۆشدەوێ و پشتیوانی لێدەکاو دەیپارێزێ و سەریشی دەخات، ئێستا یوسف دان بەوەدەنێت ئەفەرموێت {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ} ئەی خوای پەروەردگار تۆ خۆشەویستی منی لەدونیا تۆ پارێزەری منی لەدونیا تۆ سەر خەرو پشتیوانی منی لەدونیا؛ ئایا وایە؟

بەڵی وابوو، ویستیان یوسف بکوژن خوای گەورە ولي یوسف بووپارێزەرو پشتیوانی یوسف بوو نەیهێشت یوسف بکوژرێت وای کرد خستێ دڵی یەکێ لەبراکانێوە {لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ} [١٠] بڕیارەکەتان بگۆڕن یوسف مەکوژن، فڕێیان دایە ناو بیرەکە خوای گەورە نەیویست بمرێت کەسێک لە سەر زەویەوە فڕێ بدرێتە ناو بیرێکەوە کەئاویشی تێدابێت نەمردوو نەخنکاش دیسان خوای گەورە ولي یوسف بوو لەناو بیرەکەش پاراستی، فرۆشتیان کردیانە کۆیلە خوای گەورە ولي یوسف بوو ئەو کۆیلایەتیەشی بۆ گێڕا بەخێر خێرێکی گەورە، ئەوەبو بەوتاقیکردنەوەیەدا خوای گەورە یوسفی بردکە ئەنجامەکەی لەچیەوە دەرچوو، ابن جوزي ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت دەفەرموێت بیرم لەحاڵی یوسف کردەوە ئەم بەسەرهاتەی یوسف زۆر مەزن و گەورەیە، باشە کەیوسف تەنها ئەویش پێغەمبەرێک با لەپێغەمبەرەکان علیهم الصلاة والسلام بۆ قەومەکەی نێردراباو تەواو کۆتایی هاتبا ئایا ئەو مەنزیلەتەی ئێستای دەبوو؟ئەگەر بەو مەرحەلە نارەحەتیانەدا نەڕۆشتایە؟

نا، بەڵام ئێستا کێ هەیە سەرسام نەبێت بە یوسف و بەسەرهاتی یوسف -ﷺ-، واتە ئەوەی کە لەرۆکەشدا تاقیکردنەوەیەکی قورسو نارەحەت و ناخۆش بوو جا لێدانی بێت لەلایەن براکانی،یان فڕێدانە ناو بیربێت، کردنی بەکۆیلەو فرۆشتنی

بێت، بەکەم سەیرکردنی بێت، هەوڵدانی لەکەدار کردنی بێت، زیندانی کردنی بێت، هەموو ئەوانە بەڕوکەش هەموی ناخۆشن و هەموی ناڕەحەتە،بەڵام بەهەموو ئەو ناڕەحەتیانەدا ڕۆیشت ئنجا بوو بەیوسفێک کە لەسەر زمانەکانە بەردەوام تاڕۆژی قیامەت و هەموی سەرسامە پێی، خوای گەورە پلەو پایەی بەرز کردەوەو دەرەجەی بەرزکرد، کەواتە تاقیکردنەوەو ناڕەحەتی کەخوای گەورە بەسەرت دێنێت ئەگەر صەبرو ئارامت هەبێت گەڕانەوەت بۆلای خوا هەبێت بەخێر تەواو دەبێت إن شاء الله {لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ} [النور: ١١] زۆر جار ناڕەحەتیەک هەیە زۆر ئازاری پێ دەچێژیت و بێتاقەتیت پێی بەڵام حسني تعاملت هەبێت لەگەڵی بەو شێوەیەی کەخوا دەیەوێت بەگوێرەی شەرع بگەڕێیتەوە لای خوا، پابەندی شەرع بیت ئەوە بەقازانجەوە لەو موصیبەتە دێیتە دەرەوە إن شاء الله، بۆیە ابن جوزی دەفەرموێت سەیرم کردچیرۆکەکە هەموو مەوزوعەکەی لەوەدا کۆبۆتەوە، گرنگیتی یوسف لەوەدا کۆبۆوە ڕەزابونی خوای هەڵبژارد بەسەر نەفس و ئارەزوی خۆیدا، کە ئەوەی کرد یوسف -ﷺ- خوای گەورە بەرزی کردەوە، ئەی کە ئەوەی نەکردبا؟

پەنا بە رب العالمین ئێستا ئەوەنەدەبوو کەباس دەکرێت، بۆیە دنیا مواقفە، مرۆڤ هەوڵبدات ئەگەر لە یەکەم مەوقیفدا توشی زەللەت نەبیت ئەوە نور علی نور، کە لەمەوقفێک توش بویت تەوبەی لێبکەیت و نەیکەیتە مەوقفی دووەم، کە لەدووەم توش بویت تەوبەی لێبکەیت و نەیکەیتە سێیەم،؛ چونکە خوای گەورە هەل و فرصەتت دەداتێ چەند جارێک بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە لای خوا بۆیی تەوبە بکەیت، ئەگەر هەر نەتکرد هەر نەگەڕایتەوە لای خوای گەورە خەتمەکە حازرە خەتم لەدڵت دەدرێت و کۆتاییت پێدێت قوڕت بەسەر دەبێت ئەوکاتە پەنا بەخوای گەورە {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا} زانیمان بەڕاستی الله ولي و سەرخەرو

پشتیوانی یوسف بوو لەدونیادا،ئێستا دەفەرموێت {وَالْآخِرَةِ} دیسان لە ئاخیرەتیشمدا هەر تۆ پشتیوانی منیت ئەی خوای پەروەردگار، من بە کردەوەی خۆم و بە عەمەل و چاکەی خۆم دڵم بە ئاخیرەت و دوارۆژ خۆش نیە بۆیە دڵم بە ئاخیرەت و دوارۆژ خۆشە لەوێش تۆ ولي منیت،دۆستی منیت، سەرخەری منیت، پشتیوانی منیت، پارێزەری منیت کەتۆ نەمپارێزی لەقیامەتیش ئەوە من پارێزراو نابم، کەواتە مرۆڤی موسڵمان تبرا بکات لەوەی کە غەیری خوا بە دۆست و پشتیوان و سەرخەری خۆی بگرێت کە ئومێدی پێی بێت و ئیعتیمادی بکاتە سەرو وە دڵی پێی خۆشبێت کەتەواو ئەو کافیە بۆ من، نەخێر کەس کافي نیە بۆ ئێمە خوا نەبێت، بەس خوات هەبێ بەستە واللە، بەس خوامان لەگەڵبێت هەموو دونیا دوژمنت بێت هیچ نیە بەخوا، بەڵام بەس خوا لەگەڵت نەبێت واللە بەس پشیلەیەک دوژمنت بێت تەواو توشی زەلالەتت دەکات و توشی نارەحەتیت دەکات و زیانت لێ تێک دەدات کە خوا لەگەڵت نەبێت، بۆیە سەیری یوسف بکەن ئەفەرموێت {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ} کەواتە ئەوانەی کە خوای گەورە موڵکیان دەداتێ، دەسەڵاتیان دەداتێ، وە ئەوانەش کەخوای گەورە عیلم و زانستیان دەداتێ هەمیشە پێویستە پشت بەخوا ببەستن خوای گەورە لەپشتیان بێت و بیانپارێزێت، نەک پشت بە شەیتان ببەستن، نەک پشت بە کافرو بێباوەڕ ببەستن خوای گەورە لەبیر بکەن {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ} زۆر گرنگە مرۆڤی موسڵمان ولایەتی خوا لەدەست نەدات؛ چونکە کەخوای گەورە لەگەڵت بوو دەتپارێزێت وەڵامت دەداتەوە، چی لە بەرژەوەندیە بۆت دێنێتە جێ، چی لە زەرەرتە لێت بەدور دەگرێت بەشێوازی وا کەخۆتت هەستیشی پێ ناکەیت {وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (٢) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ} [الطلاق: ٢، ٣] ئەوەی تەقوای خوای گەورە بکات وە خوای گەورەی لەگەڵبێت،ئەوە خوای

گەورە لەهەموو تەنگ و چەڵەمەیەک دەرگای ڕزگاربونی بۆ دەکاتەوە وە رزقی دەدات لەشوێنی وەهاوە کە بەخەیاڵیشیدا نەهاتوە، ڕێکاری شتی وات بۆ دەکات کەبۆخۆت ئەصلا نازانی چیە، زۆرشت لەوەیە وابزانی زەرەرەو ئەوپەڕی خێرو بەرژەوەندی تۆی تێدایە، کەواتە گرنگە موسڵمان لەهەوڵی ئەوەدابێت وەلایەتی خوا،دۆستایەتی خوا و خۆشەویستی خوا و پشتیوانی خوا لەدەست نەدات، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ((مَنِ الْتَمَسَ رِضَى اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ، رضي الله عنه، وَأَرْضَى النَّاسَ عَنْهُ، وَمَنِ الْتمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ، سَخَطَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَأَسْخَطَ عليه الناس))(١٥)

بەڕازیکردنی خوای گەورە زۆرجار خەڵکانێک تورە دەکات، لێت تورەدەبن، نابێ بچیتە مزگەوت، بچیتە مزگەوت باوکت لەوانەیە لێت تورەبێت، ئەم ریشە چیە داتناوە بیتاشە نەیتاشیت ئەوە دایکت لێت تورەدەبێت، خێزانت بەینی تێک دەچێت لەگەڵت، خەریکی دەرسی قورئان و حدیث مەبە ئەگینا لەوانەیە توشی تورەبونی چەندکەسانێک و جیهەت و لایەنێک بیت، بەڵام بزانە ئەو شتەی کەتۆ دەیکەیت و ئەو هەنگاوەی کەتۆ دەینێیت خوای گەورە پێت ڕازیە؟

بەڵێ، کەپێت ڕازیە گوێ مەدەرە تورەبونی خەڵک مەترسە لەتوڕەبونی خەڵک، بەڵام هەر هەوڵێکت داوە هەر هەنگاوێکت نا بۆڕازی کردنی فڵانە حیزب و جیهەت و فڵانە لایەن و فڵان کەس کە بشزانیت تورەبونی خوای بەدواوەیە سەرکەوتو نابیت وریابە؛ چونکە تورەبونی خوا زۆر ترسناکە، لەدەستدانی پشتیوانی خوا گەورەترین زەرەرە کەتوشت بێت ئاگاداربە، یوسف لە قیممەی عەقڵدایە لەقیممەی عیلمدایە بۆیە دەفەرموێت {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ}

---

(15)- رواه ابن حبان "الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان" (١ / ٥١٠).

خوایە من کەسی ترم نیە جگە لەتۆ، تۆ پشتیوانی منیت تۆ پاڵپشتی منیت تۆ سەرخەری منیت، هانا بۆتۆ دەبەم و پشت بەتۆ دەبەستم

{تَوَفَّنِي مُسْلِمًا} ئەمە دووعای یەکەم، بەموسڵمانێتی بمرێنە ئەی خوای پەروەردگار.

{وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ} وەهەروەها بشمگەیەنە بەپیاوچاکان لەپێغەمبەرانی پێش خۆم لە ابراهیم و اسحاق و اسماعیل بمگەیەنە بەوان، ئەم دوو دوعایە غایەتی مرۆڤی موسڵمان و غایەتی مرۆڤی عاقڵ ئەبێت ئەم دوو شتە بێت، پێویستە گەورەترین غایەت و مەبەستی مرۆڤ ئەوەبێت بەموسڵمانی بمرێت؛ چونکە مرۆڤ کە بە موسڵمانی مرد واتە ئەوکەسە خەتمی بۆ لێدرا ئەوکەسە بۆ بەهەشتەو لەجەهەننەم ڕزگاری بوو کە بەموسڵمانی بمریت، بەس بە موسڵمانی نەمریت ئەوە تۆ بۆ جەهەننەمیت هەتا هەتایە لێی نایەیتە دەرەوە پەنا بەخوا گەورە، ئێ دەی وەرە تێی ڕابمێنەو بیری لێبکەرەوە یەعنی ئەگەر لەقوتابخانە لەپۆلی دوانزە ئەگەر شەهادەت وەرگرتەوە ئێستا سەیر دەکەیت مەصیری کولیەکانی من پەیوەستە بە دەرەجەکەم ئەبێت چەندم هێنابێت، ئەگەر نەوەدم هێنابێت بۆ سەرەوە کولیەی باش وەرم دەگرێت کە کەمتر بوو تەواو، هەیە شەونو خونی دەکات، هەوڵی زۆر دەدات، لە مەکتەبی تایبەت دەخوێنێت، ماموستای تایبەتی هەیە، واز لەهەموو شتێک دەهێنێت، مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوونابێت بۆ ئەوەی سەعی بکات بۆ؟ چونکە دەڵێت مەصیریە موستەقبەلی ژیانی من لەسەر ئەوەیە ئایا لەو کولیەیە وەرگیرا یان کولیەیەکی کەمتر هیچی تر لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، بەڵام ئائەم ئیمتیحانە ئەزانی چی بەسەرەوەیە، کە بەموسڵمانی بمریت بۆ بەهەشتیت، بەهەشت چیە؟ لەفەرمودەیەکی قودسیدا خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

((...أَعْدَدْتُ لِعِبَادِيَ الصَّالِحِينَ مَا لا عَينٌ رَأَتْ وَلا أُذُنٌ سَمِعَتْ وَلا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشرٍ،...))(١٦)

بەهەشت ئەوەیە کە کەس بەچاو نەیبینیوە؛ خۆشی وای تێدایە، وەکەس بەگوێچکەش نەیبیستووە بەدڵی کەسیشدا شتی وا خۆش نەهاتوە، وە نەک هەر ئەوەش بەڵکو لەجەهەننەمیش ڕزگارت دەبێت و ناچیتە ناو ئاگری جەهەننەم وە خواش لێت ڕازی دەبێت، ئەی کە بە موسڵمانی نەمریت پێچەوانەی کەرەوە، خوا لێت تورەیە بەهەشتت لێ حەرامە دەچیتە ناو جەهەنەم هەتا هەتایە، ئێستا ئەمە شایستەی ئەوەیە ماموستای تایبەتی بۆ بگریت و دەرسی تایبەتی بۆ بخوێنیت و هەوڵی تایبەتی بۆ بدەیت، یان کولییەیەک؟

ئەوەش یەکجارە، پۆلی شەش دەی ئەمساڵ سەرکەوتو نەبوین دادەنیشینەوە بۆساڵی دووەم، بەڵام کە مردیت دانیشتنەوەو دەوری دووەم نیە {رَبِّ ارْجِعُونِ (٩٩)} [المؤمنون: ٩٩، ١٠٠] سودی نیە، ئەی خوایە بمگێڕەوە ئەمجارە، بەس جارێکی تر بمگێڕەوە بۆ ژیان، بۆ یەک سەعاتیش ناگێڕدرێیتەوە جا بزانە وە بۆ تەنها دەقیقەیەک بەس بڵێیت لا اله الا الله بۆ ئەوەش ناگێڕدرێیتەوە؛ چونکە ئیمتیحانی عومر یەکجارە کۆتایی پێهات، یەکجار دێیتە دنیاو دەڕۆیت جێی دێڵیت دووبارە نایەیتەوە جارێکی تر، کەبینیت و ئەوجا بڵێیت {لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ (١٠)} [الملك: ١٠] ئەگەر ئێمە گوێمان گرتباو عەقڵمان هەبوایە ئێستا لە جەهەننەم نەدەبوین، بەس عەقڵمان نەبو چیبکەین ئەی خوایە کەبمانگێڕیتەوە هیچ سودی نیە گێرانەوە نیە، نەدەوری دووەمی هەیە نەساڵی دوەمی هەیە نە تەزویرو شەهادە بەپارە بەدەستی دێنیت نەخزمی فڵان

(16)- متفق عليه: البخاري (٦/ ٣١٨ رقم ٣٢٤٤)، ومسلم (٤/ ٢١٧٤ رقم ٢٨٢٤).

مەسئول و ئەبەد ئەبەد کۆتایی پێدێت، بۆیە گەورەترین دوعای یوسف {تَوَفَّنِي مُسْلِمًا} یەعنی یوسف ئەو دوعایە بکات لەخوا بپارێتەوە ئێ خۆ خۆی موسڵمانە!دوا دەکات بەردەوامی بداتێ لەسەر ئەو ئیسلامەتیە جێگیری بکات تا ئەوکاتەی ئەمرێت لەسەر ئیسلام بمرێت،؛ چونکە هەرکەسێک بە موسڵمانی بمرێت فقد فاز الحمدلله نەجاتت بو تۆ، لە ئیمتیحانی گەورەی دونیا ڕزگارت بوو ئێستا بەس خۆشی چاوەڕێتە {إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ} [فصلت: ٣٠، ٣١] ئەو هەموو خۆشیە!

بەس بە موسڵمانی بمریت ئەو هەموو خۆشیە چاوەڕێتە {تَوَفَّنِي مُسْلِمًا} لەم ئایەتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دینی یوسفیش اسلام بوە، وەدینی ابراهیم و یعقوبیش اسلام بوە {أَمْ كُنْتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (١٣٣)} [البقرة: ١٣٣]، {فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ (١٣٢)} [البقرة: ١٣٢]، {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ} [آل عمران: ١٩] دین لای خوا یەک دینە ئەویش ئیسلامە هیچی تر نیە، بەس ئیسلام دینی خوایە، ئەی لەوەی کەسانێک بڵێن ئەی یەهودیەتیش دینی خوا نەبو، نەصرانیەت دینی خوا نەبوە؟

دەڵێین کاتێک دینی خوابوو کە ئیسلام بون کە تەسلیم ببون بۆ خوا وە بەگوێرەی شەرعی خوا بەڕێوەدەچون، کەتەورات زاناکانی جولەکە هاتن تلمودیان تێکەڵاوکرد واتە لێکدانەوەو ڕاوبۆچون و ڕای زانایانی جولەکەی تەوراتیانکردو گۆڕییان شتیان لێ لابردو شتیان بۆ زیادکردو گۆڕانکاریان

بەسەرهێنا دینی خوا نەما ئێستا یەهودیەت دینی خوا نیە، نەصرانیەت کە بۆلص هات ئەویش ئەو هەمووشتەی خستە ناو دینی گاوریەتەوە نەصرانیەتەوە دینەکەی گۆڕی دینی خوا نەما ئێستا دینی خوا نیە ئەوە بۆیە {وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ} [آل عمران: ٨٥] هەرکەسێ غەیری ئسلام هەڵبژێرێت دینێکی تر لێی قبوڵناکرێت {وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٨٥)} [آل عمران: ٨٥] وە لە ئاخیرەتیشدا لە زەرەرمەندانە، کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوانەی کە خەڵک بانگ دەکەن بۆ وحدة الادیان وەڵا فەرقی نیە یهودیەت و نەصرانیەت واسلام و کاکە هەموی هەر یەکەو دینی خوایەو هیچ فەرق ناکات ئەوە خۆی جەهالەت و نەفامیەوحدة الادیان کوفرە یەعنی چی وحدة الادیان؟

یەک دینی حەق هەیە دینی خوا ئیسلامەو تەواو غەیری ئەوە هیچ دینێکی تر نیە، مرۆڤ لەسەر هەر دینێکی تر بژی بەکافر حسابە وە بۆ جەهەنەمە ئەمە بڕیارێ نیە ئێمەی موسڵمان دابمان، ئەمە بڕیاری رب العالمین ە خوای ئەرزو ئاسمانە بڕیاری ئەوەوادەفەرموێت، بۆیە گرنگە مرۆڤی عاقڵ هەوڵی ئەوەبدات موسڵمانبێت بەموسڵمانی بژیت و لەسەر ئیسلامیش بمرێت کە ئەوە دینی هەموو پێغەمبەرانبوو علیهم الصلاة والسلام، هەرکەسێ بە موسڵمانێتی بژێت و بمرێت نەجاتی بوو هەرکەسێ بەغەیری ئیسلام بژی جا لەسەر هەر ڕێچکەو مەبدەئێکی تر بێت ئەدیانی سەماوی و محرف بێت یان مناهجی دونیایی دەستکردی مرۆڤ بێت هەر خەسارەت مەندو زەرەرمەندی دڵنیابە، غەیری ئیسلام هیچی تر قبوڵ ناکات خوای پەروەردگار ابدا، سەیارەیەک ئەو تعلیماتەی کە لەلایەن مەصنەع و مەعمەلەکەی خۆیەوە بۆی نوسراوە دەبێت ئاوا لێی خوڕیت و ئاوا هەڵی بکەیت و ئاوا بیکوژێنیتەوە ڕۆن لەوێ بکەیت بەنزین یا ئاو لەوێ بکەیت، غەیری ئەو تعلیماتە هیچی تر قبوڵ ناکات، یەکێکی تر بێت بڵێ

قەیناکات من لەشوێنی بەنزین ئاوی تێدەکەم، دەڵێین نابێت، دەی کاکە لەشوێنی ڕۆنەکەنەوتی تێدەکەم نابێت، دەی لەشوێنی ئاوەکە ڕۆنی تێدەکەم هەر نابێت، واتە هیچی قبوڵ نیە ئیللا ئەو تعلیماتە نەبێت کە مەعمەلی سەیارەکە دایناوە غەیری ئەوەی قبوڵ نیە،تۆش مرۆڤی مخلوقی خوای غەیری تعلیماتی خوا کەدینی ئیسلامە هیچی تر بۆتۆ قبوڵ نیە و هیچی تر بەختەوەرت ناکات نە لەدنیا و نە لەدوارِۆژیش، کەواتە ئیسلام دینی خوایەو بەس، مرۆڤی عاقڵ ئەو هەڵئەبژێرێت، وە جێگای سەرسوڕمانە جێگای تێڕامان و ئەسەفە دەبینین بۆنمونە ئەمشەو بەتایبەت کە کۆتایی ساڵی زایینیە وە چوینە سەرەتای ساڵی تازە ٢٠٢٠ خەڵکانێکی موسڵمان ئاهەنگ بگێڕێت بۆ چی؟

کە ئاهەنگ بۆ ئەوە دەگێڕیت ساڵێک لەتەمەنت کەم بۆتەوە والله ئەوە ناحاڵی بونە بەڕاستی، واتە چۆن مرۆڤی عاقڵ دڵی بەوە خۆشبێت کە ساڵێک لەتەمەنی کەم بۆوەو بەرەو مردن ڕۆیشت چۆن من دڵم بەوە خۆشبێت ساڵێک لەتەمەنم کەم بێتەوە!

چونکە حساب کردنەکەیان عەکسیە بەعەکسەوە سەیری قەزیەکە دەکات، واتە کەتۆ واحساب دەکەیت هەرساڵێکی تازە دێت ساڵێک لەتەمەنی تۆ زیاد بکات ئێ والله خۆشە، تەواو من کە پار عومرم دیاری کرابێت ٦٠ ساڵبم ئێستا ئەمساڵ ساڵی ٢٠٢٠ هات ساڵێکی تر خرایە سەر تەمەنم دەبمە ٦١ ساڵ ساڵێکی تر دەبمە ٦٢ ساڵ خۆشە ئەوە هەر زۆر مایەی دڵخۆشیە بەس تۆ ساڵ بەساڵ لەتەمەنت کەم دەکات واتە عدي تنازولیە دڵت بەچی خۆشە!

ئەوە هەندێ کەس کە دەچێ و تێکەڵی و حەفلەیەو هەڵپەڕکێیەو دڵی بەوە خۆشە ساڵ تەواو بوو ساڵی تازە هات، چیت ئەنجام داوە لەساڵی ڕابردووو!

دڵت بەچی خۆت خۆشە لەساڵی ڕابردوی خۆت کە کردوتە!کە ئێستا ئەمشەو بگەڕێیتەوە لای خوا بەچی دڵت خۆشە؟

چ کارێکی گرنگت ئەنجام داوە سەرت بەرزکات لای خواو لەجەهەننەم ڕزگارت بکات چیت ئەنجام داوە؟

وە بە ئومێدی چیت لەساڵی تازەدا بیکەیت واتە بۆ دڵت خۆشە؟

ئەوەتا هەر سەرەتای ساڵەکە بەهەڵپەڕکێ و ڕەقص و سەماو تێکەڵی و گوناهو تاوان استفتاحی صالەکە دەکەیت و پێشوازی لەساڵی تازە دەکەیتەوە جا سەرەتای ساڵەکەت مەعصیەت و گوناهو تاوان بێت ئەی دەبێت کۆتاییەکەی چۆنبێت! بەرەقص سەما پیشوازی لێدەکەن و رەقص و سەماش کۆتایی پێ دێننەوە دیسانەوە ساڵێکی تر لەناوەڕاستیشدا ئەبێ چی ڕوبدات، ئەی ئەوانەیکە بە عەقیدەوە دەیکەن؟

ئەمە ساڵی لەدایک بونی عیسای کوری مەریەمی کوڕی خوایە!

ئەوە کوفرە والاعیاذ بالله، عیسا لای ئێمە عەبدی خوایە، لای ئەوان کوری خوایە وە مەریەم ژنی خوایە ئێ ئەوە کوفرە کەواتە تۆ ئاهەنگ بۆچی دەگێڕیت و دڵت بەچی خۆشە؟بەهەرحاڵ ئیسلامە کە عەقڵ بە مرۆڤ دەدات وە مرۆڤ لە گومڕایی دەپارێزێت، کۆتا شتی دوعاکە {تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ} ئەی خوای پەروەردگار بمگەیەنە بە پیاوچاکان، خۆشە مرۆڤی موسڵمان هەمیشە لەدونیاو لەژیانیدا هاوڕێیەتی صالحین بکات، صالحیش ئەوئیماندارەیە کە کردەوەی چاک دەکات لەدونیادا هاوڕێیەتی ئەوان بکەیت وە لە قیامەتیش کە مردیت تۆ لە صالحین و چاکەکارانبیت نەک لەگەڵ اشرارو مجرمین و خراپەکاران بخرێیتە جەهەننەمەوە ئەمە دوعای یوسف بوو، لێرەدا دەڵێین سبحان الله دوای ئەوەی هەموو خۆشیەکانی هاتە دەست، دەسەڵات، موڵک، باوکی و

براکانی هاتنە لای، ئاشت بونەوەیەکی گشتی، ئێستا کاتی ئەوەیە دڵی خۆشبێت، کاتی ئەوەیە تەواو ئیتر من لەدونیادا وادەکەم و وابچێ کەچی نا هەموو ئەو خۆشیانەی دونیا بەلای یوسفەوە هیچ نین ئەو بەلایەوە گرنگە بەموسڵمانی بژێت و بەموسڵمانی بمرێت، وە ئەوە بەلایەوە گرنگە {وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ} خوایە بمگێڕیتەوە بمگەیەنیت بەچاکەکاران في الرفيق الأعلى هەروەک چۆن پێغەمبەری خوا -ﷺ- کاتێک کە جبریل هات فەرمووی ملک الموت دێت ئیزنت لێ وەربگرێت مردنت یا مانەوەت فەرمووی في الرفيق الأعلى نا دەمەوێت بۆلای خوای پەروەردگار بگەڕێمەوە، بەخوا دونیا هەرچەندە خۆشبێت ودەسەڵاتت هەبێت و لەخۆشیدابیت و بێ کێشەبیت بەخوا ژیانی دوارۆژ زۆر خۆشترە، مرۆڤی موسڵمان ئەوەندە شیرینی بەدونیادا نەچێت کە ئاخیرەتی لە بیربچێتەوە، هەمیشە کار بۆ ئەوە بکەین کە ئاخیرەتمان ئەودیومان لەژیانی دونیامان خۆشتربێت.

ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ﴿١٠٢﴾

پەروەردگار ئاماژە دەکات بۆ ئەم بەسەرهاتەی کە لەسورەتی یوسف دا بۆی باس کردین بەوهەموو وردەکاریەو دورودرێژیەی ئەو هەموو تفصیلاتەی کەخوای پەروەردگار سەبارەت بە بەسەرهاتی یوسف و یعقوبی باوکی و براکانی وە هەروەها لە مصر چی ڕویدا ئەو هەموو وردەکاریانەی خوای گەورە دەفەرموێت:

{ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ} ئەوە هەمووی لەخەبەری غەیبە.

{نُوحِيهِ إِلَيْكَ} کەبۆتۆی دەنێرین وە بۆتۆمان ناردوە وە بەردەوامین لەوەی شتی زیاتریشت فێربکەین، ئەم خەبەرانەو ئەم بەسەرهاتە شتێک نەبوو کە بەچاو بینرابێت پێغەمبەر بینیبێتی -ﷺ- یان لەگەل واقعەکەدا ژیابێت، وەهەروەها ئەو وردەکاریە بەو تفصیلاتە هەندێکیشی لەتەوراتیشدا باس نەکراوە، ئێستا کە جولەکەو موشریکەکان ئەم تفصیلاتەیان بیست لە پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئێ چاک دەزانن ئەمە هی ئەوە نیە کە بڵێین واللە لەخۆیەوە هەڵی بەستوە، واتە هەرچی خەبەرێکی ڕاست سەبارەت بە بەسەرهاتی یوسف و باوکی و براکانی و عەزیزی مصر لەتەوراتدا هەیە قورئان باسی کردووە، وەهەندێ وردەکاری تریشی باسکردووە قورئان کە اصلا تەورات ئەوەی هەر باسیش نەکردووە، ئێستا ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە محمد رسول اللە -ﷺ- یوحی الیە وەحی بۆ دێت ئەگینا چۆن ئەو وردەکاریانەی ئەم بەسەرهاتەی چۆن زانی -ﷺ- ئەگەر رسولێک نەبێت لەلایەن خواوە وحي بۆ نەیەت، ئەو هەموو وردەکاریە، یەکێ لەوردەکاریانەی تر کە ئەمەیان لە حدیثدا باسکراوە، پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەچێتە لای اعرابیەک ئەعرابیەکە ڕێز لە پێغەمبەری خوا دەگرێت -ﷺ- پێغەمبەری خواش کەسێکی کریم بوو وەپاداشتی چاکەشی بە چاکتر دەدایەوە فەرمووی ئەی کابرا داواکە چیت دەوێ تامنیش چاکەت بدەمەوە تۆ چاکەت لەگەڵ منکرد، ئەویش دەڵێت واللە من وشترێکم دەوێت کە بەچکەی لەسکدابێت وە چەند مەڕێکیش بۆ ئەوەی خێزانم بیاندۆشێت!

سبحان اللە ئێ هاتوە پاروەنانێکی لات خواردوە ئێستا لەبری ئەوە وشترێک ئاوسبێت و چەند مەڕێکیش ژنەکەی بیدۆشێت و شیردەربێت!

پێغەمبەری خوا -ﷺ- بەلایەوە سەیر بوو فەرمووی پێتان ناکرێ ئێوە وەکو پیرێژنەکەی بنو ئیسرائیلیش بن!

صەحابە ڕەزای خوایان لێبێ فەرموویان یارسول الله بەسەرهاتی ئەو پیرێژنە چیە ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ- کە دەڵێی ئێوە وەک ئەویشتان پێ ناکرێت؟

فەرمووی کاتێک کە موسا -ﷺ- مصری جێهێشت و ڕۆیشت بەرەو شام؛ چونکە کاتی خۆی یعقوب -ﷺ- بەکوڕەکانی خۆی فەرموو ڕۆڵە ئێوە ڕۆژێک دێت مصر بەجێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ شام کە گەڕانەوە یان کەمن مردم لاشەی من لێرەجێنەهێڵن بمبەنەوە لەگەڵ باوک و باپیرمدا بمنێژن، والحاصل یعقوب زۆر ژیا زانایان دەفەرمون ١٤٧ ساڵ ژیا ماشاءالله واتا ئەو ناخۆشیانەی کەبینی خوای گەورە خۆشتری نیشاندا، ساڵانێکی زۆر ژیا دوای ئەوەو لەخۆشیدا، وە یوسف

-ﷺ- ١١٠ سال ژیاوە ماشاءالله نەوەکەی خۆشی بینیوە نەک هەر ژنیشی هێناوەو کوڕیشی بوە، ژنیشی هێناوەو کوڕیشی بوەو نەوەشی بوە، یوسف -ﷺ- دیسان ئەویش وەسیەتی وایە بۆ بنو اسرائیل فەرمووی کەڕۆیشتن مصرتان بەجێهێشت و بەرەو شام گەڕانەوە نەڕۆن تاوەکو لاشەی من لەگەڵ خۆتان نەبەنەوە، زەوی شام، وڵاتی شام وڵاتێکی موبارەکە، وە کاتێک کە وەفات دەکات لەشوێنێک دەینێژن، سەردەم دێ و دەڕوات تاکاتی موسا -ﷺ- موسا کاتێک کە بنو اسرائیلێکیان لەگەڵ خۆی دەبات بەرەو شام بڕۆن ڕێیان لێ تاریک دەبێت و بەهیچ شێوازێک ڕێگا نادۆزنەوە، زاناکانی بنو اسرائیل دەڵێن ئێمە دەزانین هۆکاری ڕێ لێ ونبونمان چیە ئەمە حدیثە پێغەمبەر دەیگێڕێتەوە -ﷺ- بۆمان، موسا دەڵێ چیە، دەڵێ یوسف -ﷺ- وەسیەتی کردوە کە بنو اسرائیل کە نەوەو نتیجەی خۆی کە عەشیرەتەکەی خۆی ڕۆیشتن لاشەکەی ببەن و لەگۆڕەکەی دەرکەنەوەو ببەن بۆ شام لەگەڵ خۆیان جێی نەهێڵن ئێستا ئێمە دەمانەوێ بڕۆین بەبێ لاشەی یوسف بۆیە خوای گەورە ڕێمان لێ وێڵ دەکاو هەرچەند دەکەین ڕێیەک نادۆزینەوە، موسا -ﷺ- دەفەرموێت کێ شوێنی پێ دەزانێت؟

کێ قەبری یوسف پێغەمبەر دەزانێت -ﷺ-؟

دەڵێ واللە کەسمان نازانین ئیللا پیرێژنێک، واگومان دەبەین ئەو پیرێژنە قەبری یوسف بزانێت، پیرێژنەکە دەدۆزنەوە موسا -ﷺ- دەفەرموێت پێم بڵێ قەبری یوسف لەکوێیە؟

پیرێژنەکەش دەڵێ مەرجم هەیە بەمەرج پێت دەڵێم ئەی موسا.

موسا دەڵێت مەرجەکەت چیە داوای بکە.

دەڵێ لە قیامەت لەگەڵ تۆبم لەبەهەشتدا ئەگەر ئەوەم بۆ ضامن دەکەیت لای خوای پەروەردگار ئەوە پێت دەڵێم دەنا پێت ناڵێم، جا دیقەت بدە داخوازێکەی ئەو پیرێژنە لەپێغەمبەری خوا موسا وە داخوازی کابرای اعرابی لەپێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەو داوای وشترو مەڕو شتی وای کرد کەچی پیرێژنەکە دەڵێت دەمەوێ لەگەڵ تۆبم لەبەهەشت، موسا نەیتوانی وەعدی پێبدات خۆ خستنە بەهەشت بەدەست موسا نیە و بەدەست پێغەمبەران نیە ئەوە ئیشی خوای گەورەیە.

خوای گەورە بەموسا دەفەرموێت:ئەی موسا وەعدی پێبدە ئەوە من دەیخەمە بەهەشتەوە، واتە ئافرەتێک بێت ئاواتی ئەو چونە بەهەشت بێت هیچ لە دونیا ئاواتی نەبێت جگە لەبەهەشت وەعدی پێبدە ئەی موسا لەبەهەشت لەگەڵ تۆیە، جا بزانن نیەتی باش چەند گرنگە بەس نیەتی باشت هەبێت زۆر جار نیەتە باشەکە لەکردەوەکە گرنگترە، نیەتی خێرت هەبێت خوای گەورە سەرکەوتوت دەکات، بەڵام نیەتی شەڕت هەبێت ئەگەر کارەکانیشت چاکبن ئیللا ڕۆژێک دێت ئەو نیەتە خراپە وەک مار پێتەوە دەدات،بۆیە پیرەژنی بنو اسرائیل وتی وەرن، بردنی بۆسەر گۆمێک چاڵەئاوێک کەلەوێ بوو وتی ئەو ئاوە دەردەن و ئاوی تیانەهێڵن، بەهەرحاڵ زۆرن ئاوەکەیان دەردا وتی ئێستا ئەو گۆمە هەڵکەنن ئێرە قەبری یوسفە، فعلا قەبرەکەیان هەڵکەندو یوسفیان دەرهێناو دونیایان بۆ ڕوناک بۆوەو ڕێگایان

دۆزیەوەو کەوتنەوە ڕێگا ئەوجا وەسیەتەکەی یوسف -ﷺ- جێبەجێ یان کرد، واتە ئەم تفاصیل و وردەکاریانە کاتێک کەپێغەمبەری خوا -ﷺ- باسی کرد بۆیان ئێ ئەوە وادەخوازێ یەکسەر ئیمانی پێبێنن بڵێن تەواو ئەمە رسولی خوایە ئەمە نێردراوی خوایە ئەگینا ئەو وردەکاری و تفصیلاتە لەکوێ دەزانێت، ئێ محمد -ﷺ- نەخوێندەوارە لە مەککە ژیاوە لەکوێ ئەو عیلمە فێربوو کاتێ کەپرسیاری یوسفمان لێکرد هات بەو وردەکاریە بەو تفصیلیە بەسەرهاتی یوسفی بۆ ئێمە گێڕایەوە ئەوە ئێمە ئەمشەو نۆزدەهەمین شەومانە لەخزمەتی ئەم سورەتە موبارەکەداین واللە کەبێتو وردتر لەخزمەتیدابین سێ چوار نۆزدەشەوی تریش دەخوازێت {ذَٰلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ} ئەو شتەی کەباسکرا ئەم بەسەرهاتە هەمووی غەیبە هەموی خەبەری غەیبیە هیچی خەبەری زانراوو شتێک نیە کەبەچاو بیبینیت ئەی محمد -ﷺ- یا یەکێک بۆی باسکردبیت هەموی غەیبە {نُوحِيهِ إِلَيْكَ} ئێمە بەوەحی بۆتۆمان ناردووە بۆت دەنێرین فێرت دەکەین و تێت دەگەیەنین .

{وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ} ئێ خۆتۆ لای براکانی یوسف نەبویت کاتێک کۆڕابون و هاودەنگ بون لەسەر ئەوەی کە یوسف فڕێ بدەنە ناو بیرەکەوە .

{وَهُمْ يَمْكُرُونَ} ﴿١٠٢﴾ یەک دەنگبون و پلانی گڵاویان دادەنا لەیوسف ئەی محمد -ﷺ- خۆتۆ لەوێ نەبویت طبعا خۆ ئەو لەوێ نەبوە ئەوە سەردەمێکە ئێستا پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەمە باس دەکات سەردەمێکی ترە کەواتە خۆی لەوێ نەبوەو ئاگای لێ نەبوە کەچی بەو وردەکاریەش بۆی باسکردین کەچیان کرد براکانی چۆن چونە لای باوکیان چۆن قەناعەتیان پێکرد کە ئیزنی یوسف بدات چۆن یوسفیان برد لەڕێگا ویستیان چی لێبکەن دوایی ڕایان هاتە سەرچی دوایی چۆن فرۆشتیان ئەو وردەکاریانە کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە محمد

رسولی خوایە -ﷺ- ئەوەی کە دەیڵێ حەقە کەواتە ئەمە وادەخوازێت ئیمانی پێبێنن بەڵام تەماشای ئایەتی دواتر بکەن:

﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾﴾

{وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ} ﴿١٠٣﴾ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا ئەمە دەرکەوت بەهۆی ئەم چیرۆکەوە کەتۆ نێردراوی خوایت بەڵام زۆرینەی خەڵک هەرچەندە ئەی محمد-ﷺ- تۆ سوریش بیت لەسەر ئیمان هێنانیان ئیمان بەتۆ ناهێنن، نەئیمان بەتۆ دەهێنن کە رسولی خوای،نەئیمان بەقورئان دەهێنن کە پەیامی خوابێت،نەئیمان بەدینەکەدێنن کە ئیسلامە.

{وَلَوْ حَرَصْتَ} هەرچەندە هەوڵیش بدەیت،خوای گەورە ئاوا بەپێغەمبەر دەفەرموێت -ﷺ- ئەی ئێمە چی ؟

پێغەمبەرێکی کامل بەمانای کلمە تەواو لەوپەڕی عیلم و عملو ئەدەب و ئەخلاق و جمال و جلال و صیفاتی جوانی مرۆڤایەتی لەقیممەدابوو واش هەرچەندە سوربوو لەسەر ئیمان هێنانی قەومەکەی زۆرینە هەرچەندە کەتۆ سوریش بیت بتەوێ هیدایەتیان بدەیت لەجەهەننەم رزگاریان بکەیت رێگای راستیان نیشان بدەیت بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیاو قیامەت بن شادبن بە بەهەشتەکەی خوا لەگەڵ ئەوەش زۆرینەی ئیمانت پێ ناهێنن، کەواتە لێرە تێدەگەین زۆرینە هەمیشە سبحان الله لەگەڵ خراپەیە خوای گەورە دەفەرموێت {وَقَلِيلٌ مِنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ (١٣)} [سبأ: ١٣] کەمن لەعەبدەکانی من کە سوپاسگوزاری من دەکەن، جالێرەدا دێین بەراوردێک دەکەین لەنێوان سیستەمی دیموکراسی و لەنێوان شەرعی خوادا، سیستەمی دیموکراسی لەسەر چ بناغەیەک بەرپا دەبێت؟

لەسەر زۆرینەی دەنگ، زۆرینە فڵانیان دەوێت تەواو فڵانە کەس، زۆرینە دەیانەوێت دەستور بەوشێوازەبێت، تەواو دەستور بەوشێوازەیە، زۆرینە دەیەوێت جەندەر هەبێت نێرو نێر لەیەک مارەبکرێت، مێ و مێ لەیەکتر مارەبکرێت، زۆرینە دەیەوێت ڕێگا بدرێت خوشک و برا لەیەکتر مارە بکرێت لەو ماوەیەی پێشودا لەیەکێک لەو وڵاتانە بڵاو کرایەوە تەواو بڕیاری لەسەر درا کە ئاساییە خوشکو برا زواج بکەن شانازی بەوە دەکەن کە ئاساییە مرۆڤ هاوسەرگیری لەگەڵ سەگێک بکات، ئافرەتێک هاوسەرگیری لەگەڵ سەگ بکات جلی بوکێنی لەبەر کردووەو پەتێکی لەملی سەگەکە کردووەو ڕایدەکێشێت ئەمە ئاهەنگی گواستنەوەیەتی ئێ بۆ؟

ئاخر زۆرینە مادام دەڵێت ئەمانەش مرۆڤن قەیچێکە مافیان هەیە حەزی لێیە ببێتە ژنی سەگێک بابێت!ئەوە زۆرینە، ئایا مرۆڤ دەبێت شوێن حەق بکەوێت یان شوێن زۆرینە بکەوێت؟ طبعا شوێن حەق بکەوێت، تۆ لەماڵی خۆتدا بۆنمونە وەک باوکێک لەوانەیە کوڕوکچەکانت گەورەشبن بالغیشبن عاقڵیشبن بەڵام زۆرینەی لەوانەیە شتێکی بوێت کە بەرژەوەندی تێدا نیە تۆ بەتاقی تەنیا ئەڵێی نەخێر بەقسەتان ناکەم، ئێ ئەمە دیکتاتۆریە یان لە بەرژەوەندی ئەوانە؟

ئێ لە بەرژەوەندی ئەوانە، بۆنمونە کام گەنج حەزدەکات بخوێنێت؟

حەزی لەڕابواردنە حەزی لەوەیە موبایلی بدەیتێ تا بەیانی خەریکی یارییبێت بۆ نمونە کەڕۆژیش بۆوە بچێت بەولاولادا جەولەبکات و سەفرەو سیاحە بکات حەزی لەوەیە گەنج، زۆرینەی حەزی لەوەیە لەماڵێکدا بەڵام تۆ وەک باوک دەڵێیت نا ڕۆڵەکانم وانابێت، باوکە تۆ توندیت باوکە تۆ توندڕەویت تۆ زاڵمیت تۆ دیکتاتۆریت لەگەڵمان، نا ڕای ئەو باوکە کە بەتەنهاش بێت لە ڕای هەموو ئەندامی خێزان باشترە، کەواتە پەنابردن بۆ رای زۆرینەو دەنگی زۆرینە ئەمە

شتێکی حەق و ڕەوانیە هەمیشە دەبێت پەنا ببەین بۆ بەڵگەی حەق، ئەگەر نەوەتو نۆ کەس قسەیەک بکات بەڵگەی لەسەر نەبێت یەک کەس قسەیەک بکات بەڵگەی حەقی لەسەربێت دەبێ بەقسەی یەک کەسەکە بکەین نەک بڵێین کاکە جا زۆرینە جا چۆن زۆرینە.

{وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ} ﴿١٠٣﴾ زۆرینەی کەسیش کەتۆ سوربیت لەسەر ئەوەی کە ئیمان بێنن ئیمان ناهێنن کەواتە سبحان الله لەگەڵ ئەوەدا کەبۆیان ڕوون بۆوە پێغەمبەر -ﷺ- نێردراوی خوایە لەجیاتی ئیمان بێنن زۆرینەی هەر سورە لەسەر ئەوەی ئیمان نەهێنێت، کەواتە ئەی بانگخواز تۆش بێئومێد مەبە وەتوشی ڕوخان مەبە کەدەبینی تۆ هەرچەندە دەعوەو بانگەوازی بکەیت هەوڵبدەیت خەڵکێکی زۆر قەناعەت ناکات، خەڵکێکی زۆر وەڵام ناداتەوە ئێ ئاسایی بێت بەلاتەوە هیدایەت بەدەست من و تۆ نیە هیدایەت بەدەست خوایە، لێرەدا پرسیارێک دەکرێت کێ دەڵێت پێغەمبەری خوا -ﷺ- کە ئەوەندە سور بوو لەسەر هیدایەت دانیان ئەوان زۆرینەیان بۆیە وەڵامیان نەدایەوە؛ چونکە پێغەمبەری خوا -ﷺ- داوای پارەیەکی زۆری لێ دەکردن هەرکەسێک ببێتە موسڵمان بۆنمونە لەسەر دەستی من دەبێت دەفتەرێک دۆلار بدات ئێ کابرا دەڵێ کاکە من دەفتەرێ دۆلارم نیە لەکوێم بوو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ﴾ ﴿١٠٤﴾

{وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ} ئەی محمد -ﷺ- سەیر لەوەشدایە خۆتۆ داوای هیچ ئەجرو پاداشتێکیان لێ ناکەی لەسەر ئەو نەصیحەتەی کەتۆ دەیکەیت بۆ ئەوان،لەسەر ئەوەی کەتۆ دەتەوێ دەستیان بگریت نەچنە جەهەنەمەوە بێ بەهەشت هیچ داوایەکت لێیان نیە هیچ، نە پارەت لێیان دەوێت،نە سوپاست

لێیان دەوێت،نە شانیانت قورس کردووەو ئەرکیانت گران کردوە، هیچت لێیان ناوێت لەگەڵ ئەوەشدا تەماشا دەکەیت ئیمان ناهێنن؛ چونکە ئەم قورئانە قورئانی پارە پەیدا کردن نیە.

{إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ} ﴿١٠٤﴾ ئەم قورئانە جگە لەوە هیچی تر نیە تەنها ذیکرێکە مەوعیضەیەکە وە بیرخەرەوەیەکە کەحەقت دەخاتەوە بیر قورئان باطل و حەقت بۆ لێک جیا دەکاتەوە، حەڵاڵ و حەرامت بۆلێک جیادەکاتەوە، دەیخاتەوە یادت کەتۆ مرۆڤێکی بەگاڵتەو بێحیکمەت دروست نەکراویت مردن هەیە، زیندوبونەوە هەیە، ئەم قورئانە ئەوەیە پەیامێکی حەقە، ئەم قورئانە بریتی نیە لە نامەیەکی کۆمپیوتەری کۆمەڵێ کەس شەریکەیەک هاتوە دروستیان کردوە ئێستا بەپارە دەیفرۆشن کاکە هەرکەسێک دەیەوێ ئێمە بەرنامەکە ڕەقەم سرێکەی ئەیەینێ بۆخۆی بیکاتەوەو دایبەزێنێ، هەرکەس سیدێکەمان لێدەکڕێت نوسخەی ئەصلی بەپارەیە، ئیسلام وانیە .

{إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ} ﴿١٠٤﴾ ئەم قورئانە ذیکرێکە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی بۆ هەرهەمووی،بادینارێکت نەبێت باڕەش پێستێک بیت، بانەخۆشێکبیت،با فەقیرێکبیت ئەم قورئانە بۆتۆیە، دەوڵەمەندیش بیت ئەم قورئانە هەر بۆتۆیە، قورئان هی کۆمەڵی کەس نیە پارەیان هەبێت دەتوانن موسڵمانبن و پارەیان نەبێت ناتوانن موسڵمان بن شتی وانیە، ئەمە کولیەی طب نیە تا دەرەجەت زۆر زۆر نەبێت وەرناگیرێیت،پارەشت نیە ئێواران بخوێنیت بەپارە،شتی وانیە ئەمە دینی خوایە بەلاشە، باشە چۆن؟

وا دیارە شتێک بەلاشبێت نابێ زۆر قیمەتی هەبێت، واللہ ئەم لاشەیەت لەجەهەنەم بۆ ڕزگار ئەکات و بۆ بەهەشت دەتبات، بەڵام بەڵێ زۆرجار وایە کەسەیری سیاسەتی هەندێ لە حکومەت بکەی چۆن کولیەی شەریعەیان بێ

قیمەت و بێ نرخ کردوە، وە چۆن حوجرەو مزگەوتەکانیان بێ قیمەت و بێ نرخ کردون چۆن وای لێدەکات؟

سیاسەتێک حکومەت دەتوانێ وابکات کەخەڵک تێیدا فێری شەرعی خوابێت بەرزترین کولیەبێت خەڵک هەمووی هەوڵی بۆ بدات لەکولیەی طب زیاتر مەبەستی بێت، دەشتوانێت وەکو ئەمڕۆی لێبکات ٥٥ ت هەبێت وەردەگیرێیت کورە ٥٠ شت هەبێت وەردەگیرێیت، هیچ شوێنێک نەما ئنجا یلا فڕێت دەدەنە کولیەی شەریعە، سیاسەت دەتوانێت ئاوا بکات، ئێستا وەختێک کولیەی قانونیان والێکرد بەرزکرایەوە کاکە تۆ یەکسەر دەبیتە قایم قام مدیر ناحیە دەبیتە محافظ دەبیتە نازانم چی معاشەکەت باش دەبێت هەموی ڕادەکات بۆ قانون، کلیەی طب بەس ببە بە طبیب ئەوکاتە بەخۆت نازانی ئەزانی چ پارەیەکت دەست دەکەوێت! ئاوای لێکراوە، بەڵام بۆیە دەرەجەت دەبێ ٩٥ بەرەو سەرەوەبێت ئنجا وەردەگیرێیت طلبە هەوڵێکی زۆری بۆ دەدات، بەڵام شریعە دەریش دەچیت تخروجیش دەکەیت بڕۆ لەماڵەوە دانیشە هیچ مستەقبەلێکت نیە نەتعین دەبیت ئەگەر بتەوێ بەخۆبەخشیش لەمزگەوتێک ببیتە وتاربێژو دینی خوا ڕابگەیەنیت ئەوە ئەبێت چەند واستە بکەیت یلا بەخۆبەخش الحمدلله موافقەیان بۆکردم بەخۆبەخش لەمزگەوتێک وتاربدەم و پێش نوێژی بکەم!

چەند گەنج هەیە شەرعی خوای خوێندوە و عیلمی شەرعی خوێندوە حەزدەکات خزمەت بە موسڵمانان بکات دینارێکیشی ناوێت فەقیرە بەس لێیگەڕێن نا نابێت، ئێ وای لێ دێت قیمەتی نامێنێت خەڵک حەزی لێ نامێنێت ئێ کاکە بۆکوێ بچین منداڵی خۆت بۆکوێ دەنێریت، بێ مستقبل دەبێت خەڵک وابیر دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی تر پارەی تێدایە پارە هەڵدەڕێژرێت، طەبیبێک بێت لەوانەیە ڕۆژانە الله اعلم هەیە لەوانەیە ٥٠ وەرەقە بکەوێت ئێ دەڵێ من چیم داوە

خەریکی شەریعەبم، جا سیاسەت ئاوایە دەتوانێت وابکات خەڵک بەرەو دین ڕابکات دەشتوانێت وابکات خەڵک لەدین ڕابکات، دەتوانن بیکەن، خوا هیدایەتی کاربەدەستان بدات بۆ ئەوەی دین لەدڵی خەڵکدا بەقیمەت وشیرین بکەن نەک بەپێچەوانەیەوە ئیش بکەن، عجیبە گۆرانی بێژێکی راقیصە لەوڵاتان دەعوەت بکرێت ئەو هەموو پارەیەی بۆ سەرف بکرێت، چەندان کەسی شایستەو لێهاتوی خۆمان هەیە کە بەس قورئان بخوێنێت هەموو گۆرانیبێژە راقیصەو خراپەکان دەبێ فڕێبدرێنە زبڵدانەوە کەچی هەر حسابیشیان بۆ ناکرێت ابد قورئان دەخوێنی خۆ تەعزیەمان نیە کاکە قورئانی چی، ئەی کە ئافرەتێک بێت خۆی باداو گۆرانیمان بۆ بڵێت ئەوە دەبێ ئاهەنگی گەورەی بۆبگێڕن،جا سیاسەت ئاوایە خوا هیدایەتیان بدات بۆخاتری ناوەجوانەکانی و صیفاتە بەرزەکانی، ئەوانەی کە سیاسەتی چەوت دەگێڕن بەهۆش خۆیان بێنەوە لەخزمەن میللەتدابن خزمەتێک کەخوا دەیەوێت نەک خزمەتێک کەنەفسی خۆیان دەیەوێت، فیرعەون زۆر خەڵکی چەوسانەوەو خەڵکی والێکرد کە دژایەتی موسا بکەن بەڵام سەری نەگرت، وە ئەم چیرۆکەش دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر -ﷺ- هەڕەشەیە لەموشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر -ﷺ- ئەی محمد بیرکەرەوە هەر ئەمڕۆ قەومەکەت وەکو یوسفیشت لێبکەن، بیانەوێ بشت کوژن بیانەوێ زیندەبەچاڵیشت بکەن، بیانەوێ بتخەنە بیرێکەوە، بشیانەوێ بتکەنە کۆیلە، بشیانەوێ بتفرۆشن، هەرچی لەگەڵت بکەن ئەها عاقیبەت یوسف بوو بە پادشا، یوسف بوو بە دەسەڵاتدار، یوسف بوو بە خاوەنی هەموو شتێک، کەواتە ئەی محمد -ﷺ- چیرۆک و بەسەرهاتی یوسف بکە بە پیشەنگی خۆت مەترسە بڕۆ ڕێگات ڕاستەو بڕۆ، و ئەی موشریکەکان ئێوەش عیبرەت وەربگرن براکانی یوسف خراپەیان کرد بەرامبەر بەیوسف عاقیبەت پەشیمانیان بۆ مایەوە، بۆیە

هەرکەسێک دژایەتی دینی خوا بکات، دژایەتی ئەهلی خوا بکات زەرەر دەکات؛ چونکە نەک وەڵا ئەهلی خوا زۆر بەهێزن هەر یەکێ لەوان کۆنفۆیەکەو کاراتیەکە نا ئەوەنیە خوایان لەگەڵە {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا} [الحج: ٣٨] خوای گەورە دیفاع لە ئیماندار دەکات دیفاع لەدینی خۆی دەکات بۆیە ئەو کەسانەی کە سیاسەتەکەیان پێچەوانەی شەرعی خوا دەڕوات زۆر غەڵەتن، ڕۆژێک دەبێت لەئەژنۆی خۆیان بدەن، ڕۆژێک دەبێت کەپەشیمانن بەڵام پەشیمانی دادیان نادات، ڕۆژێک دێت چۆن خەڵک نەفرەت لە قەذافی و لەکێ و کێ دەکات ئاوا نەفرەتیان لێ دەکات ئەمە بۆ دونیا، بۆ ئاخیرەتیش پەنا بەخوای پەروەردگار.

وَكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾

{وكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} خوای گەورە دەفەرموێت ئەوهەموو ئایەت و بەڵگەو نیشانەو موعجیزەیەی خوا کەبەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی محمد -ﷺ-، بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی ئاینی ئیسلام، لەسەر وەحدانیەتی خوا، لەئاسمانەکان و زەویدا ئەوهەموو نیشانەیە هەیە کاکە جگە لەقورئان لەوانەیە خەڵکانێک بڵێن کەسێک ئەبێت شارەزابێت خوێندەواربێت عەرەبی بزانێت ئنجا تێی دەگات، ئێ واز لەو ئایەتە بێنە کە ئایاتی مقروئی خوای گەورە کە قورئانە تۆ ئەو هەموو ئایەتەی تر لە ئەرزو ئاسمان بۆ بیرناکەیتەوە، سەیری ئەو خۆرەکە، کاکە عیلم پێش کەوتوە!

ئەی کەعیلم پێشکەوتوە چی بۆ سەلماندوین؟

عیلم پێشکەوتووەو بۆی سەلماندوین کە ئەو خۆرە گەورەیە کەدەڵێن چەند قات لەزەوی گەورەترە کەدەڵێن لەبۆشایی ئاسمان وەستاوەو دەسوڕێتەوە، ئێ باشە عیلم ئەوەی دەرخست کەخوا زۆر مەزنە یان نا؟

وەرە تۆ بتوانە ئەو دەبە ئاوە لێرە ڕاگرە بێ ئەوەی لەژێرەوە هیچ هەبێ و لەسەریشەوە هیچ هەبێ ئەوە دەبەئاوێک چجای خۆرێک کەخۆتان دەڵێن چەند قات لەزەوی گەورەترە ئەو خوای گەورە ئاوا دەیسوڕێنێتەوە، ئەی ئەو مانگە، ئەی ئەستێرەکان، کە دێیتەوە ناو ارض ئەو هەموو مرۆڤە ئەو هەموو گیانلەبەرە ئەو هەموو دڕندەیە ئەو مارو مێروە کەلەزەویدا هەیە لەناو بەحرەکان ئێ ئەوە بەڵگەیە لەسەر چی؟

هیچی بەڵگەنیە لەسەر تاک و تەنیایەتی خوا؟

بەهیچ لەوانە استفادە ناکەیت؟

پێت وایە ئەم شتانە هەموی لەخۆیەوە دروستبێت، بۆ بەس بیر لەخۆت ناکەیتەوە ئەی مرۆڤ هەر بونی خۆت گەورەترین بەڵگەیەلەسەر تاک وتەنیایەتی خوا .

{يَمُرُّونَ عَلَيْهَا} موشریکەکان بیدینەکان بەسەریدا دەڕۆن، واتە ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانە دەبینن.

{وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ} ﴿١٠٥﴾ ئەوان پشتیان لێی کردوە بەس بۆ سود لێبینینی دونیایی ڕابواردنی خۆیان ئەرزو ئاسمان دەبینن ئەگینا غەیری ئەوە هیچ بەڵگەیەکی تیادا نابینێت ئەوەش موصیبەتە بەخوا.

بۆنمونە کەسێک دەرگای ماڵەکەی کردۆتەوە بۆ سێ چوار فەقیرو هەژار یەک ساڵی ڕێک هەموو ڕۆژێک سێ ژەم خواردنیان بۆ دادەنێت بەدەستی خۆی خواردنێکی خۆش دوای ساڵەکە تەنها ئەوەیان لەبیرە ئەو خواردنانە زۆر خۆشبون

یەکێک لەوانە عەقڵی نەبێت برام خواردنەکان خۆشبون ئیَ بۆ بیر لەوەناکەنەوە ئەو پیاوە زۆر چاک بوو لەگەڵ ئێمە یەک ساڵە خزمەتمان دەکات! ئێمە بەس دەبێت چاومان لەسەر نیعمەتەکە بێت ئەی منعیمەکە ئەوەی نیعمەتەکەی دا بەئێمە ئاگامان لەو نەبێت، واتە بەس ساڵێک فکرو هۆشمان لای ئەوەیە خواردنی ئەو ڕۆژە زۆر خۆشبو ئێوارەکەی نیە هەر لەوەدا نەبوو جارێک مرۆڤ عەقڵت بۆ ئەوەنەچێت ئەی کاکە خوا خێرت بنوسێت کاکە ئەوە ساڵێکە سێ ژەمە خواردنی ئێمە دەدەیت، جا زۆربەی خەڵک عەقڵی لای نیعمەتەکانە عەقڵی لای منعیم نیە،بیرناکاتەوە باشە ئەم ئاسمانە چۆن وەستاوە ئەم زەویە چۆن دروست بوو ئەم مرۆڤە چۆن دروست بوو لەدڵۆپە ئاوێک چۆن مرۆڤێک دروست دەبێت {وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ} ﴿١٠٥﴾ پشتی لێ هەڵکردوە.

## وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾

لەوەیە بوترێت کاکە یەکجار واشنیە ئیَ ئەوەنیە زۆرێک لەخەڵکی بڕوای هێناوە بەخوای گەورە، کابرای ئەمریکیە هەر شتێکی سەیر ببینێ یا ناڕەحەتیەک بێت هاوار دەکات ئەی خوایە هاوار یەکسەر الله ئەڵێن بڕۆنە شرق و غرب کەسانێک هەیە ئیمانیان هەیە بەخوا کەواتە بەو شێوازەش نیە بڵێین زۆرینەی خەڵک نا خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ} ﴿١٠٦﴾ زۆرینەیان ئیمان ناهێنن بەخوا ئیللا ئەوان لەگەڵ ئیمانەکەیان بەخوا موشریکن، یەعنی چی ئیمانیشی هەیەو موشریکیشە؟

ئیمانی بەوەهەیە کەخوا دروستکارە رازقە مالکە باوەڕی بە ربوبیەتی خوا هەیە بەڵام لە ئلوهیەتی خوادا شەریک بۆخوا دادەنێت، پێی بڵێ کێ دروستی کردویت؟

دەڵێت الله، ئەی کێ دەتژێنێت؟

الله، کێ دەتمرێنێت؟

الله، ئەی سوپاسی کێ دەکەیت؟

تەنها الله نا، ئەی سوپاسی کێ دەکەیت؟

تەنها الله نا، ئەی کێ دەپەرستیت؟

تەنها الله ناپەرستێت لەگەڵ الله یەکێکی تر دەپەرستێت لەگەڵ الله هاوار بۆیەکێکی تر دەبات پشت بەیەکێکی تر دەبەستێت، ئێ ئەوە شەریک بۆ خوا دانانە، بۆیە زۆربەی خەڵک ئیمانی هەیە بەڵام ئیمانەکەی ئیمانی توحیدی نیە، خوای گەورەش دەفەرموێت {حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ} [الممتحنة: ٤] کاتێک ئێوە تەواو ئیمان دەهێنن بەخوا بەتەنها، بەس خوا خالقتە، ئێ کابرای نەصرانی کام ئیمانەی هەیە لەکاتێک کە دەڵێ سێ خوا هەیە ئەمە چ ئیمانێکە؟

یا موشریک لەکاتی حەجدا دەیانوت لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ موشریکەکان دەهاتن حەجیان دەکرد، حەجی ماڵی خوا لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ دەیانوت خوایە تۆ هیچ شەریکێکت نیە ئیللا شەریکێک نەبێت کە ئەویش هەر موڵکی خۆتەو عەبدی خۆتە بەڵام شەریکی خۆشتە!

ئێ ئەمڕۆ خەڵکێک وایە دێ نوێژ دەکات و ڕۆژوش دەگرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بە قەبرێک هەیە کەچوە سەر ئەو مەرقەدە مناڵی نەبێ مناڵی دەداتێ، نەخۆشبێ شیفای بۆ دەنێرێ، شتێکی توشی بەڵایەکبێت لەسەری لادەبات، ئێ ئەوەش ئەوانەن کەخوا باسیان دەکات موشریکن، ئیمانی بەخوا

هەیە نوێژیش دەکات بەڵام موشریکیشە، بینیتان لەم شەوانە لە کەناڵی ڕوداو لەدەنگوباسدا باسی مەرقەدێکی کرد لەکوردستانی ئێران کەساڵانێکە خەڵک دەچنە سەر مەرقەدەکەو طەوافی بەدەوردا دەکەن و حەیوان سەردەبڕن و نەزری بۆدەکەن و هانای بۆدەبەن و سوجدەی بۆ دەبەن و ئێستا کەلێدراوەتەوە هیچی تێدانیە، ئێ ئاوایە براگیان لە ڕانیە قەبرێک بوو شێخ پیریسیان پێ دەوت یەعنی ئەو خەڵکە بیریان نەدەکردەوە پیریس ناوی موسڵمان نیە ئێ ئەویێ شوێنێکی موبارەک بوو خەڵک بۆنەخۆشی بۆی دەچوو دوایش کەلێیان دایەوە مۆمیا کراوبوو دەرکەوت و هاتن بردیان وتیان ئەوە هی ئێوەنیە جولەکەیە گاورە نازانم چیە، ئێ تۆ لەکەیەوە دەزانی هاوارت دەکردە کێ موسڵمانی فەقیر؟

یا هانا دەبا بۆ فلان شێخ فلان قەبر کاکە ئەمە کوفرە دروست نیە هانا بۆخوا بەرە تەواو، بۆ ئەوەی ئەو ئایەتە بەسەرتدا جێبەجێ نەبێت زۆرینەیان ئیمانیان بەخوا هەیە بەڵام موشریکیشن بەڵێ نوێژیش دەکاو ڕۆژوش دەگرێ و موشریکیشە، جاشتی وا ئەبێ!

بەڵێ بوە ئەوەنیە خوای گەورە باسی دەکات، بڵێ کێ خواتە؟

الله، ئەی ئەگەر نارەحەتیت بۆهات هاوار دەکەیتە کێ؟

غەوسی گەیلانی، غەوسی گەیلانی یەکاو یەکە!!

جارێ یەکەم والله غەوس نیە، غەوس بەس خوایە، غەوس واتە ئەوەی بەفریات دێت، شێخ عبدالقادری گەیلانی غەوس نیە، الله غەوسە خوا مغیثمانەو بەفریاماندێت، کەنارەحەتی بۆهات ئێمە کاک ئەحمەدی شێخمان هەیە لە سلێمانی تەواو هیچی ترمان ناوێت لەگەڵ ڕێزماندا بۆهەموو پیاوچاکان بەڵام نابێت لەگەڵ خوادا هانای بۆبەریت و هاواری بکەیتێ و بیپەرستی ئەوە ئەو ئایەتە بەسەرتدا جێبەجێ دەبێ زۆرینەی خەڵک ئیمان ناهێنێ ئیللا ئیمانەکەی

پۆخڵە، ئیمانێکە کە وەرناگیرێت؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت {وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ} [الأنعام: ٨٨]

{لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٦٥)} [الزمر: ٦٥، ٦٦]

{إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ} [المائدة: ٧٢]

ئەوەی شەریک بۆخوا دانێت خوای گەورەبەهەشتی لێ حەرام کردووە شوێنی جەهەننەمە بۆیە ئەی موسڵمان تەسلیمی خوابەو بەس.

أَفَأَمِنُوا أَنْ تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾

{أَفَأَمِنُوا أَنْ تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ} ﴿١٠٧﴾

باشە ئەوانە ناترسن لەوە ئەمینن کە عەزابی خوایان بۆ نایەت عەزابێک کە تەواو بیانگرێتەوەو لەناویان بەرێت کەسیان لێ نەجات نەدات، یان کاتی خۆیان بێت مردن تەواو بەهۆی شتێکەوە خوای گەورە بتمرێنێت هەستیش بەخۆت نەکەیت لەوە ناترسیت!

تاکەی ناگەڕێیتەوە لای خوا، تاکەی عیبرەتی لێ وەرناگریت ئەو هەموو چیرۆک و بەسەرهاتە سودی لێ نابینیت،بۆیە مرۆڤی موسڵمانی عاقڵ سود لە هەم ئایەتەکانی کەون وەربگرێت ئەوهەموو شتەی کەتۆ دەیبینیت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەتۆ عەبدێکی خوابیت وەهەم سود لەقورئان و بەسەرهاتەکانی قورئان بکەین وە با ئیمانیشمان بەوحدانیەتی خواهەبێت و شەریکی بۆ دانەنێین پێش

ئەوەی کەعەزابی خوامان توشبێت یان خوای گەورە ژیانمان لێ بسەنێتەوەو بەخۆشمان نەزانین ئەو کاتە بەرەو جەهەنەم بڕۆین خوا پەنامان بدات.

﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾

خوای پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەر دەکات -ﷺ- بفەرموێت:

{قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ} دوای ئەوەی کە بەسەرهاتی یوسفی هەموی باسکرد -ﷺ- وە دەعوەی یوسف لەناو سجندا بۆرەفیقەکانی ئەوەبو:

{يَاصَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (٣٩)} ئایا چەند خوایەک و چەند مەعبودو پەرستراوێکی ناکۆک و لێک جیاتان هەبێت باشترە یان تەنها ئەو خوایە بپەرستی کە تاک و تەنهایەو بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، دەعوەو بانگەوازی یوسف بۆ تەوحید بوو وەخوای گەورەش پشتیوانی ئەودەعوەیەی یوسفی کرد دەعوەکەی ئەوی سەرخست وە یوسفی سەرخست و بەرزی کردەوە، بۆچی خوای گەورە ئەم چیرۆکەی باسکرد بۆپێغەمبەری خۆمان -ﷺ- ؟

بۆئەوەی بۆقەومەکەی و بۆ ئێمەش باسبکرێت، بۆ ئەوەی سود لە بەسەرهاتی یوسف و براکانی و خەڵکەکە بکەین وئێمە دەرسی لێ وەربگرین کەواتە تەنها لەگەڵ خوابون و تەنها خواپەرستی سەردەکەوێت، ئەوەی کەلەگەڵ خوابێت خوای گەورە پشتیوانی دەکات هەرچەندە بەچەند قۆناغێک بەرزی و نزمیدابیبات بەڵام عاقیبەت للتقوی، یوسف کرایە ناوبیرێکەوە، یوسف کرا بە عبد، یوسف کرایە سجنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عاقیبەت یوسف بەرزبۆوە، دەعوەی پێغەمبەریش -ﷺ- هەر بۆ ئەوەیە هەر بۆ ئەو تەوحیدەیە کە یوسف دەیکرد -ﷺ-،

هەروەکوچۆن کەسانێک ناحەزبون بەرامبەر بە یوسف هیچیان بۆ نەکرا واتە کەسانێکیش لەمڕۆو لەسەردەمی پێغەمبەریش -ﷺ- ناحەزبون بەرامبەر بە دەعوەی پێغەمبەران و دەعوەی تەوحید و دەعوەی شوێنکەوتەی پێغەمبەران دیسان عاقیبەت هەر شەرمەزاریان بۆ دەمێنێتەوە، خوای گەورە بەپێغەمبەر دەفەرموێت -ﷺ- پێیان بڵێ {قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي} ئا ئەو تەوحیدو تەنها خواپەرستیە ئائەوە ڕێگای منە، ئەو ڕێگایەی کە پێشتر باسیکرد لە ئایەتەکان کە قورئان هەموی بەڵگەیە لەسەر وەحدانیەتی خوا، ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کەتیایدایە هەموی بەڵگەیە لەسەر وەحدانیەتی خوا، وە لەسەر دورکەوتنەوە لەسەر شەریک دانان بۆ خوا، پێیان بڵێ ئا ئەوە ڕێگای منە، کەواتە ڕێگای پێغەمبەری خوا -ﷺ- تەوحید بوو تەنها خواپەرستی بوو نەک شەریک بۆخوا دانان بێت {أَدْعُو إِلَى اللَّهِ} من خەڵک بۆلای خوا بانگ دەکەم ئەمە ئەوپەڕی اخلاصی تیا دەردەکەوێت، ئەمە جیاوازیە لەنێوان دەعوەی ئیسلام لەگەڵ دەعەواتی تر، لە ئیسلامدا هیچ کەسێک بۆی نیە خەڵک بۆلای خۆی بانگ بکات یان بۆلای حیزبەکەی خۆی بانگ بکات، یان بۆلای طائیفەکەی خۆی بانگ بکات، یان بۆلای قەومەکەی خۆی بانگ بکات، یان بۆلای ماموستاکەی خۆی بانگ بکات،شتی وانیە هەمومان عەبدی خواین من چیم تاخەڵک بۆلای خۆم بانگ بکەم؟

خەڵکینە دەبێ ئێوە سوجدە بۆمن ببەن،خەڵکینە دەبێ ئێوە ملکەچی منبن، ئێوە زەلیلی منبن!

لەئیسلامدا شتی وانیە جاهیلیەتە ئەوە، نافەرموێ من خەڵک بۆلای خۆم بانگ دەکەم پێغەمبەری خوا -ﷺ- کەسی بانگ نەکردوە سوجدەی بۆ ببەن و سوێندی پێ بخۆن و هانای بۆ ببەن شتی وانیە {أَدْعُو إِلَى اللَّهِ} خەڵک بۆ ئەوە بانگ دەکەم

بۆلای خوا تا خوا بناسن وخۆشیان بوێت و بپەرستن و پشتی پێ ببەستن،وە شەریعەت و بەرنامەی لێ وەربگرن،ئەمە اخلاص.

{عَلَىٰ بَصِيرَةٍ} وەچۆنیش خەڵک بانگ دەکەم بۆلای خوا؟

بە بەرچاوڕونی و بە عیلم و زانیاری و زانستەوە خەڵک بانگ دەکات، بەنەفامی و نەزانی خەڵک بانگ ناکەم، هەندێ کەس هەیە خەلەل لەمەرجی یەکەمیدا هەیە دەعوەکەی بۆلای خوانیە،خەڵک بانگ دەکات بۆ حیزب، حیزبەکەی ئێمە ئاواو حیزبەکەی ئێمە ئاواو دەنگ بۆ ئێمە بدەن و لەگەڵ ئێمە بن و ئێمە وا دەکەین و ئێمە ئاوا دەکەین خەڵک بانگ ناکات بۆلای خوا ئەگەر بەناوی ئیسلامیشەوە بێت، هەندێک هەیە خەڵک بانگ دەکات بۆلای خوا بەڵام علی بصیرە نیە ئەمە مەرجی دووەمە بانگکردنی خەڵک دەبێت بەعیلم و زانست و حیکمەت و بەرفق و نەرمونیانیەوە بێت،نابێت بەگوێرەی ڕاوبۆچونی خۆت بێت، هەواو ئارەزوی خۆت تێکەڵی دین مەکە دینی خوا چۆنە ئاوا بیگەینە {فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ} [هود: ١١٢] چۆن ئەمرت پێ کراوە ئاوا، خوای گەورە ئەمر بەپێغەمبەر دەکات -ﷺ- چۆن ئەمرت پێکراوە ئەی محمد -ﷺ- ئاوا بڕۆ نەک چۆن بۆخۆت حەزت لێیە یان چۆن بەباشی دەزانیت، چۆن فەرمانت پێکراوە ئاوا دەڕۆیت ئەی محمد

-ﷺ- لێرەش دەفەرموێت علی بصیرة بۆیە زۆر کەس دەعوە بۆلای خواناکات ئەگەر واشبڵێت ظاهیری دەعوەی بۆلای شەخص و نەفسە یا بۆلای حیزبە نیشانە چیە کە دەعوە بۆلای خوابێت یان بۆلای نەفس بێت یان بۆلای حیزببێت چۆن لێکی جیابکەینەوە خۆهەموی دەڵێت بۆلای خوایە؟

دەڵێم بەوە جیای بکەرەوە ئەگەر هاتوو بانگی کردیت بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خواو فەرمانی پێغەمبەر -ﷺ- بزانە بۆلای خوایە، ئەگەر تۆ فەرمانی

خواو فەرمانی پێغەمبەرت جێبەجێ کرد بەڵام نەچویتە ناو حیزبەکەی ئەو تورەبوو بزانە کەواتە دەعوەکە بۆخوا نیە،ئێ کاکە تۆ چیت لەمن دەوێت تۆ ناتەوێ من گوێڕایەڵی خوابم تەواو بەس نایەمە ناو حیزبەکەت، نا لەئێمە نیە ئەوە، کەواتە دەعوە بۆلای خوا نیە بۆلای حیزبە، دۆستایەتی و خۆشەویستیان بۆلای ئەو کەسەیە کەلەناو حیزبە ئەگەر بەگوێرەی شەرعی خواش هەڵسوکەوت نەکات، بەڵام ئەو دۆستایەتی و خۆشەویستیەیان بۆکەسێک نیە کە لەدەرەوەی حیزبە ئەگەر فەرمانی خواش جێبەجی بکات کەواتە ئەوە نیشانەیە کەمادام دۆستایەتی و ڕق لێبونەوەو علاقەو پەیوەندیەکە لەسەر ئەساسی حیزبە،دیارە ئەو دەعوەیە بۆلای خوای گەورە نیە، ئەگینا تۆ دەبێت ئەو عەبدەت خۆشبوێت کە عەبدایەتی خوا دەکات، لەگەڵ تۆیە یان لەگەڵ تۆ نیە،لەناو حیزبەکەی تۆ نیە دەبێت خۆشت بوێت مادام لەگەڵ خوایە ئەوە گرنگە کە لەگەڵ خوابێت، جا ئەو دائیرە تەسکە حیزبایەتی بێت بە ڕەسمی یان حیزبایەتیەک بێت بەنادیاری تۆ لەگەڵ ڕەئی شێخەکەی نەبیت دوژمنیت سەد جنێوی سوکت پێ دەڵێت ئێ بۆ کاکە! ئەوە لەگەڵ عولەما نیە لەگەڵ فلان عالم نیە، ئێ خۆمن خوای گەورە واجبی نەکردوە لەسەرم کەلەگەڵ فلانە عالمبم واجبی کردوە لەسەرمن شوێن رسولی خوا بکەوم پێغەمبەر -ﷺ- لە چشتێکدا موخالەفەی امری پێغەمبەر دەکەین پێمان بڵێ بیخەینە سەر سەرو سەرچاومان،ئەمما موخالەفەی شێخەکەی تۆ لەوانەیە لە بیست مەسەلەدا موخالفی بم چیە!

مرۆڤێکە لەوانەیە نەیپێکابێت یان لەوەیە من نەمپێکابێت هەر ئاساییە،کەواتە چۆن بزانین دەعوە بۆلای شەخصە یان بۆلای خوایە؟

ئەگەر هاتوو بەوە دڵخۆشبو کەتۆ فرمانی خوا جێبەجێ دەکەیت، حسابی بۆ ئەوە نەکرد کەتۆ لەگەڵ ڕاوبۆچونی ئەو یەیتەوە یان نایەیتەوە دیارە خالصا

بۆخوایە ئەو شتە، ئەگەر تۆی ملزم کرد ئیللا دەبێت وەکو من بیر بکەیتەوەو وەکو من قسە بکەیت و وەکو من بیر بکەیتەوەو یان وەکو شێخەکەی من ئەوە حیزبایەتیە بۆخوا نیە، بۆیە هەرچەندە عالمی گەورەبێت هەرچەندە پیاوی باشبێت لەگەڵ ڕاوبۆچونی نەیەتەوە ئەوە بەردبارانی دەکەن حیزبایەتیە ئەمە دینی خوا ئاوا نیە، هەندێ نەفام هەیە لەم چەند ڕۆژەدا کەشتی سەیرو گەورە ڕویدا، گەنجی وا حاشا بێ عەقڵ هەیە شتی وا دەنوسێت ئەوە علی بصیرە نیە تۆزێ عەقڵت هەبێ ڕۆڵە گیان تۆزێ تێبگە هەموو شتێک نانوسرێت نەک وەڵا ئەوەی بەعەقڵتا هات بینوسە بڵاوی بکەرەوە باسی بکە، موسڵمان دەبێت علی بصیرە بێت، بصیرە هەم عیلم ە هەم حیکمەتە خوای گەورە علیم ە و حکیم ە، فەرقی علیم و حکیم چیە؟علیم زانایە، حکیم دانایە، زانا ئەوەیە دەزانێت ئەمە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، دانا ئەوەیە ئەو حەڵاڵە لەکوێ دابنێت و ئەو حەرامەش لەکوێ دابنێت وە کەی بەخەڵک بڵێ ئەوە بکە وە کەی بەخەڵک بڵێ ئەوە مەکە؛ چونکە لەوانەیە تۆ نەهی خراپەیەک لەکەسانێک دەکەیت بەڵام توشی خراپتریان دەکەیت دوو منکر هەیە یەکیان گەورەترە ئێستا کە لەبچوکەکەدایە لێی گەڕێ؛ چونکە دەزانی کە ئەوە نەکات توشی گەورەکە دەبێت وازی لێبێنە براکەم، کەواتە بصیرە هەر ئەوەنیە وەڵامن ئایەتم لەبەرەو حەدیسم لەبەرە تەواو، نەخێر دەبێت حیکمەت و داناییت هەبێت چۆن مامەڵە دەکەیت چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت، مامەڵەکردنت لەگەڵ موسڵمانیش و لەگەڵ کافریش چۆنبێت، هەندێ نەفام و نەزان هەیە حسنی معاملە هەڵسوکەوتێکی جوان بە کوفرو بێ دینی تێی دەگات ئەوە تنازلە لەدینی خوا، خالصا بۆلای خوا خەڵک بانگ بکە بۆلای خۆت خەڵک بانگ مەکە گرنگ ئەوەیە خەڵک خوابناسێت بامن هەر نەناسێت و تۆش هەر نەناسێت نەک تانەیە من هەویەی بۆنەکەم جارێ نەبۆتە پیاوی چاک لەوانەیە سەد ئەوەندەی

منیش و تۆش پیاوی چاک بێت، من و تۆ تەرازو نین وەکەس تەرازو نیە جگە قورئان و حەدیس کەلامی خوا کەلامی رسولی خوا -ﷺ- علی بصیرة وتمان بەزانستەوە دەعوە بکرێت نەک بە حەماسەت و هەڵچون هەندێ گەنج هەڵدەچێ و حەماسەت دەیگرێت ئەو کافر دەکاو ئەو مبتدع دەکاو بەپەرۆشە بۆدینی خوا بەحساب، کاکە بەپەرۆشی وانابێت تۆ هەڵچویت جهالەتەکەش وای لێکردویت هەڵچیت.

{أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي} جا پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەوە دەعوەکەی بوو ئەو دومەرجەی تێدابو یەکەمیان الی الله خالصا بۆلای خوا دەعوەی دەکرد نەبۆلای شەخص نەبۆلای حیزب نەبۆلای طائیفەو جەماعەت، دووەمیان بەبەرچاورۆشنی دەیکرد بەزانایی و بەدانایی دەعوەی دەکرد پێغەمبەر -ﷺ- لە صولحی حودەیبیە کاتێک کە موشریکین هاتن پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەیویست بچێتە ناو مەککەوە عومرە بکات، وتیان قبوڵمان نیە بەهیچ شێوازێک قبوڵمان نیە ئەمساڵ بێیت، ئەی چۆن؟

ساڵێکی تر، دەی وەرە با ڕێکەوتنێک بکەین با ڕێکەوین لەسەرە ئەوەی دەساڵ شەڕ ڕاگرین، ئەوان ناوی دەنێن شەڕ لای موسڵمان جیهادە، پێغەمبەری خوا -ﷺ- وتی ڕازیم، ئێستا بەلای کەسێکەوە جیهاد ئەبێت بەردەوام هەبێت بڕۆ بکوژە، ئەی خۆ ئەوانە کافری ڕەسمی بون ابو جهل و ابو لهب، وتی ئەوە ڕامگرت دەساڵ؛ چونکە حەق لە ئەمن و ئاسایشدا بڵاو دەبێتەوە کەبو بە فەوزاو فیتنە حەقی چی و دەعوەی چی و ئیسلامەتی چی دزەکان دێنە پێشەوە، خوێنڕێژەکان و زاڵمەکان دێنە پێشەوە ئەوانە دێنە پێشەوە، بەڵام کەژیان ئاسایی بێت و ئاسایش بێت نا خەڵک لەعیلم دەگەڕێت لەحەق دەگەڕێت گوێ دەگرێت، مەرجێکی تریان دانا وتیان هەریەکی لەئێمەی کافر بێتە لای تۆو

موسڵمان بێت دەبێ تۆ بیگەڕێنیتەوە نابێت بیگریتە خۆت، تۆ دیقەت بدە ئەوە کەسێک لەناو موشریکەکان بڵێ ئەوە من دەبمە موسڵمان لەکافرەکان ڕابکات ڕاکا بۆلای پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەی محمد نابێت بیگریتە خۆت، وتی قبوڵمە، ئێستا ئێمە ئەمڕۆ ئەوە بە تنزل دەزانین، چۆن کابرا موسڵمانبێ و بێتە لای تۆ ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ- چۆن نایگریتە خۆ؟

چونکە پێغەمبەری خوا -ﷺ- مەصلەحەتی گەورەتر لەبەرچاو دەگرێت،مەصلەحەتی عام لەپێش مەصلەحەتی تاکەکەسێک، واتە چەند مەرجێک بەڵێ قبوڵمە؛ چونکە حکیم بوو دانابوو -ﷺ-،مؤید بوو بە وحی دەیزانی چۆن دەعوە دەکات، ئەمڕۆ لەگەڵ ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی زۆرم بۆ گەنج کە گەنج پیاوی مستقبلی میللەتن، هێزی دواڕۆژی ئەو دینە پاکەن، بەڵام گەنج کە لە طەوری خۆی چوە دەرەوە کە سنوری خۆی نەزانی و خۆی نەناسی و لەشتی گەورە گەورەدا قسەی کرد ئەوکاتە کاولکاری بەدواوە یەت، پێغەمبەری خوا -ﷺ- چۆن وەسفی خەوارج دەکات؟

حدثاء الاسنان سفهاء الاحلام هەموی گەنجەو هەرزەکارە هەموی هەڵخەڵەتاوە، بێ عیلم بێ تجروبە حتی کەم عەقڵ بەڵام خوێن گەرم،بڵێ وەرە تیەنتیەکت لێ دەبەستم بڕۆ خۆت بتەقێنەوە لەپێناو خوا دەڵێت ئامادەم، ئامادەیە بەس فەقیرە تێناگات، جا ئەی گەنج خۆت بە عیلم ەوە مشغول بکە، خۆت بە عیبادەتەوە مشغول بکە براکەم خۆت تکوین و تأسیس بکە واز لەوە بێنە مەبە بە موفتی و قاضي بەسەر ئومەتی ئیسلامیدا تۆجارێ دووکەلیمە نازانی، بەس ئەوەندە فێرکراویت فلان کافرەو فلان مبتدعە، فلان ملعونە فلان بۆ جەهەننەمە، سەلام لەفلان نەکەی، لەگەڵ فلان ڕانەوەستی، مەرحەبای ئەو نەکەیت!! براکەم دەعوە ئاوا ناکرێت، پێغەمبەری خوا -ﷺ- مامەڵەی لەگەڵ جولەکە دەکرد لەگەڵ

موشریکین دەکرد کەواتە ئێمە بڵێین بەو شێوازە نابێت کەواتە پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەر دەکەین -ﷺ- فەرمووی:

{وَمَنِ اتَّبَعَنِي} کەواتە کەسێکیش کە بەڕاستی شوێنکەوتەی پێغەمبەربێت -ﷺ- دەبێت ئەو دوو مەرجەی تێدابێت لە دەعوەکەی، خالصا بۆلای خوا دەعوە بکات وە بەبەرچاو ڕۆشنی بەبەڵگەو دلیل بەعیلم و زانست بەدانایی و لەسەرخۆیی و بەحیکمەتەوە بیکات، ئەی ئەگەر وانەبوو؟ کەواتە ئەوە شوێنکەوتەی پێغەمبەر نیە -ﷺ- {وَسُبْحَانَ اللَّهِ} وە سبحان الله خوای گەورە زۆر پاکترە لەو شەریکەی کەبۆی دادەنێن {وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ} ﴿١٠٨﴾ وە دەفەرموێت من لەکەسانی موشریک نیم کەشەریک بۆخوا دادەنێن.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ ۗ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۗ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْا ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠٩﴾

{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِمْ} ئەی محمد لەپێش تۆ نەماننادروە ئیللا پیاوانێک نەبێت، کەواتە لەنێوان ئافرەتدا رسول و پێغەمبەر نەبوە، هەر رسولێک هاتبێت لەجنسی پیاو بوە، ئەو ناڕەحەتی و مەشەقەتەی کەپیاو تحمولی دەکات ئافرەت تحمولی ناکات، وە ئەو صەبرەی کە پیاو هەیەتی ئافرەت نیەتی، پێغەمبەران چی نەماوە پێیان نەکرێت ئەوجا ئەو گونجانەی کە بۆ پیاو دەگونجێت کە بەتەنها بڕوات و دەعوە بکات و بۆ ئەو گوندو بۆ ئەو لادێ ئافرەت ناتوانی ئەوە بکات بەتەنها، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی هەموو لەجنسی پیاوان ناردوە، دووەم شت فەرمووی :

{مِنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ} (قرية لەقورئاندا بەمانای شار یەت) پێغەمبەران هەموو ئەهلی شاربوون هیچی خێڵەکی و واتا ئەهلی ڕەشماڵ و گوندە بچوکەکان نین پێغەمبەران بۆ؟

باسەیری سەردەمی خۆمان بکەین، ئێستا لەشاری سلێمانی لە ڕەوزەوە هەیە تاوەکو جامیعەو ماستەرو دکتۆرا دەخوێنێ هەیە، هەموو وسائیلێکی خوێندن ئەی ئەوە ئەکادیمی و حوکمی و رسمی ئەی مزگەوتەکان، بەردەوام مزگەوتەکان لەشارەکان ئاوەدانن دەرسی تێدایە ئەی چەند مەرکەزی قورئان هەیە کە خەڵک تیایدا فێری قورئان دەکرێت، چەند مەرکەزی ڕۆشنبیری هەیە، بەڵام لەگوندو لادێیەک ئەوە هەیە؟

ئەوە نیە، زۆری نەخوێندەوارە بۆ؟

وەڵا ئێمە لەگوند ژیاوین، هەچ پێغەمبەرێک کەخوای گەورە ناردبێتی لەخەڵکی شاربون ئەمەش بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ لەشاربژی باشترە لەوەی کەلەگوندێک بژیت، لەکاتێکدا کە ئەو شارە شارێکی فاسدو خراپ نەبێت بتوانێت کەسانی باش بدۆزێتەوەو جیرانی باشی هەبێت شارەکە باشترە.

{أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ} خوای گەورە دەفەرموێت باشە قەومەکەی تۆ ئەی محمد -ﷺ- قەت بەزەویدا نەگەڕاون بۆیی سەیرکەن بزانن عاقیبەت و پاشەڕۆژی ئەو قەومانەی پێش ئەوان چۆن بوو، ئەوانەی کە دژایەتی پێغەمبەرانیان کرد علیهم الصلاة والسلام خوای گەورە چی بەسەرهێناون ئەرێ نەگەڕاون؟ خۆی کەسەیر بکەین ئێمەی ئومەتی محمد -ﷺ- ئەخیری ئومەتەکانین یان ئەوەڵین؟ئەخیری ئومەتەکان، ئەوەش فەضڵێکی گەوەری خوایە بەسەرمانەوە، ئەگەر بێتو لە دائیرەیەکدا مودیرێک بڕیارێکی

دەرکردوە هەر مۆزەفێک بۆنمونە سەعات ٨:٣٠ نەیەتە دەوام غایب دەدرێت هەر مۆزەفێک لەسەعات ٢ دەوام کۆتایی پێدێت پێشتر بڕوات غایب دەدرێت، کەسێ جار ئەوە دووبارە بکرێتەوە ئەوە فەصل دەکرێت، باشە بڕیارەکە هەیە بەڵام جارێ تطبیق نەکراوە، یەکەم کەس لەوانەیە شتەکە بەسوکی بگرێ کورە شەرت نیە ئەوە هەر بۆ ئەوەیەتی ئێمە مەزبوت بین دوسێ ڕۆژ وایکرد فەصل کرا، ئێستا مۆزەفەکانی تر دەبێ گورج بنەوە یانن نا؟

کاکە مەوزوعەکە جدی دیارە، دووەمیش کردی هەر فەصلی کرد، سێیەمیش کردی هەر فەصلی کرد، چوارەم نەیکرد فەصلی نەکرد، پێنجەم نەیکرد فەصلی نەکرد، شەشەم کردی فەصلی کرد، حەوتەم کردی و فەصلی کرد، تۆ هەشتەم و ئەخیرەن مۆزەفیت چۆن مامەڵەدەکەیت ئێستا لەگەڵ ئەم مدیرە؟ کە عەقڵی هەبێت ئەبێ چۆن مامەڵە بکات؟ کاکە قەضیەکە گاڵتە نیە وەنەبێ تەنها بڕیارێکی نظری بێت و لەدیوار درابێت بەڵکو ئیشی پێکراوەو تطبیق کراوە؛ ئەی نابینی فڵان و فڵان و فڵان فصل کراون! کەواتە دەڵی بەخوا من ئەو غەڵەتە قەت ناکەم، ئێمە ئەخیری ئومەتەکانین خوای گەورە دەفەرموێ ئەرێ نەگەڕاون لەزەویدا نابینن خوای گەورە چی بەفیرعەون کرد، چی بەقارون و هامان کرد، نابینن خوای پەروەردگار چی بەقەومی نوح کرد چۆن بە طوفانێک غەرقی کردن، چی بەقەومی هود کرد، چی بەقەومی صالح کرد، چی بە هەموو ئەو قەومانەکرد کە دژایەتی پێغەمبەرانیان کرد ئێ ئەوە هەموی تأریخ نیە!

هەموی عیبرەت و دەرس نیە بۆ ئێوە ئەی ئومەتی محمد -ﷺ- بۆ دەرسی لێ وەرناگرن!

ئەگەر ئێوە یەکەم کەسانێک بونایە تەنها هەڕەشەتان بیستبا لەوەیە وتباتان جا کێ ئەڵێ تطبیق دەبێت بەس تطبیق بوو ئێوە ئەخیری ئومەتەکانن، هەق خۆیەتی

لەهەموو ئومەتەکانی تر بەتەقواترین و وریاترین {فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ} بۆ واناکەن؟

کەواتە گەڕان و خوێندنەوەی مێژو سودی زۆری هەیە بۆ مرۆڤی عاقڵ .

{وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا} شوێن مانەوەی ئاخیرەت خێرترە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورەدەکەن واتە ماڵی دونیا، خۆشی دونیا، دەسەڵاتی دونیا، هەرچەندە زۆربێت دەبڕێتەوە، ئومەتانی پێشو ماڵی دونیای بۆما یان جێیان هێشت؟ فیرعەون دەیوت {أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى (٢٤)} [النازعات: ٢٤] من خوای گەورەی ئێوەم، ئەی چی لێهات؟

ئەو خوا گەورەیە چی لێ بەسەرهات؟

ئەی قارون کەبەخۆی و بەهەموو زێڕو زیوو ماڵ و سامانەکەیەوە شانازی دەکردو فەخری دەکردو بەناو خەڵکدا دەڕۆی بەبازاڕدا چی بەسەرهات؟

ماڵەکەی بۆما؟

{فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ} [القصص: ٨١] بەخۆی و بەماڵەکەیەوە خوای گەورە لەزەوی ڕۆیبرد، ئەی ابو جهل و ابولهب و ئەوانە کەکاتی خۆی خۆیان بە رئیسی قەوم و عەشیرەت دەزانی خۆیان بە مهیم دەزانی لەکوێن چیان بەسەرهات؟

ئەی قەذافی چی لێهات؟

کێ دەیوێرا لەلیبیا پێچەوانەی فەرمانی قەذافی بکات، چی بەسەرهات؟

ئەی صەدام چی بەسەرهات؟

ئەی فلان و فلان چیان بەسەرهات؟

کەوڵاتەو وڵات خەڵک لێیان دەترسان، ئێ خۆنمونەی تازەونزیک زۆرە کە مرۆڤی عاقڵ سەیری بکات لەچ دەسەڵاتێکدایت و خەڵک لێت دەترسێت و

حسابت بۆ دەکرێت دوایش تەواو کەخوای گەورە وتی کۆتایت پێهات تەواو کۆتایت پێهات بۆیە لەدونیا هەرچەندە پارەت هەبێت و دەسەڵاتت هەبێت ئیللا ماڵی ئاخیرەت خێرترە دونیا هیچ نیەو دەبڕێتەوە، ئەگەر بێتو ئیختیارت بدرێتە دەست بۆنمونە تۆ لەدەشتێک کەوتویت هیچت نیە، پیاوێک دێتە لات کەسێکی دەوڵەمەند خێرخواز وەرە براکەم من دو ئیختیارم بۆت هەیە هەڵبژێرە بەدڵی خۆت، دەڵی بۆ پێنج شەو یان بۆ دەشەو یان بۆ مانگێک دەتبەمە خۆشترین ئوتێلی پێنج ئەستێرەیی مانگێک خۆتو منالّت لەوێدابن، ئەی دوای ئەوە؟

دوای ئەوە فڕێت دەدەمەوە ئالێرە لەبەر ئەوبارانە!

ئێ دەڵێ کاکە ئیختیاری دووەم چیە؟

ئیختیاری دووەم خێمەیەکت دەدەمێ و پێداویستیەکان و بۆخۆت لەناو ئەو خێمەیە بژی، عاقڵ کامیان هەڵدەبژێرێ؟

ئەوە ئەگەر بەراوردەکە بەو شێوازەش بێت ئەویان پێنج ئەستێرەیی بێت و ئەمیشیان خێمەیەک بێت، عاقڵ خێمەکە هەڵنابژێرێت!

جا باشە من دوای ئەو مانگە چی بکەم؟

ئەگەر خێمەیەکم هەبێت داپۆشێت بمپارێزێت، جێگاو ڕێگام هەبێت ئەوە تەواو ئەوەم دەوێ قەینا؛ چونکە ئەوە بەردەوامە ئوتێلەکە دەبڕێتەوە، ئەمە لەڕوانگەیەکەوە ئەگەر ئەوەی دەتداتێ بۆماوەی مانگێک خێمەیەک بێت ئەوەی بۆ هەتا هەتایی ئەتداتێ ئوتێلێکی نەک پێنج ئەستێرەیی با پێنج سەد ئەستێرەیی بێت هەتا هەتایی،عاقڵ ئێستا دەڵێ ئەوە هەر قسەی ناوێت یەکەمیان ئەوە دەبڕێتەوە ئەمیان نابڕێتەوە، دووەمیان ئەویان خۆشتریشە، دەی براکەم خوای گەورە بۆمان باسی ئاخیرەت دەکات دەفەرموێ ﴿وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى (١٧)﴾

[الأعلى: ١٧] واتە ڕۆژی دوایی هەم خیرترو باشترو خۆشترە، وە هەم مانەوەکەی زیاترە کە نەبڕاوەیە.

بۆ نمونە: ئاخیرەت هۆتێلە پێنج ئەستێرەکەیەو دونیاش خێمەکەیە، وە ئاخیرەت ئەمێنێتەوەو دونیا نامێنێتەوە، ئەو سەرۆک و دەسەڵاتدارانە چ شتێک مابوو نەیانبێت لەدونیادا؟

ئەو هەموو خزمەتکارە، ئەوهەموو حیمایە، ئەوهەموو سەیارە، ئەوهەموو تەیارەیە، ئەوهەموو خۆشی و لەزەتە هیچی نەما هەموی بڕایەوە، بۆیە دەرسێکی زۆر گەورەی تێدایە، ماڵی ئاخیرەت خێرترە بۆ ئەوانەی تەقوای خوا دەکەن، بەس تەقوای خوا بکە دنیا هیچ نیە دەبڕێتەوە لەخێمەیەکدابیت، لەشوقەیەکدابیت، لەقەصرێکدابیت، لەکرێچیدابیت، لەشساغبیت، نەخۆشبیت، فەقیر بیت، دەوڵەمەندبیت، دەبڕێتەوە بەس تەقوات هەبێت ئاخیرەتت زۆر خێرە.

{أَفَلَا تَعْقِلُونَ} ﴿١٠٩﴾ ئەی بۆ عاقڵ نابن!

ئێستا ئەو دوو نمونەیەی کەباسمکرد مرۆڤی عاقڵ کامیان هەڵدەبژێرێت؟

جارێ (خیر) وکە لێگەڕێین بەس (بقاء و انقطاع)وکە سەیر بکەین کاکە خێمەکەم دەوێت مادام بەردەوامە، ئەی کەچاکتریش بێت ئەوە گومانی تیانیە ئەویان هەڵدەبژێرین.

حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَاءُ ۖ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ ﴿١١٠﴾

{حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا} لەدەرسی ڕابردوو کۆتا ئایەتمان ئەوەبو کەخوای پەروەردگار لەهەموو شارێک و لەهەموو ناوچەیەک پێغەمبەرێکی ناردوە علیهم الصلاة والسلام بۆ ئەوەی حەق بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوەو ڕێگای

ڕاستیان نیشان بدەن مەنهەجی ژیانیان بۆ ئاشکرا بکەن، ئێستا خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

{حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ} واتە پێغەمبەران هەرچەندە لەلایەن خواوە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراو بەهێزەوە نێردراون، بەڵام قەومەکانیان هەر دژایەتیان کردون و هەر بەدرۆیان داناون هەر نکۆڵیان کردووە، جار وا هەیە بەشێوازێکی وا دژایەتی ئەو پێغەمبەرانە کراوە کە پێغەمبەرەکان علیهم الصلاة والسلام تەواو تەواو تیایدا توشی نارەحەتی بون لەدەستی قەومەکانیان {حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ} خەریبوە توشی بێ ئومێدی بن،ئەی کەی سەرکەوتنی خوا دێت، لەکاتێکدا پێغەمبەران لەسەر حەقن و قەومەکانیان لەسەر ناحەقن، وە پێغەمبەرانیش علیهم الصلاة والسلام مرۆڤن یەکێ لە تەفسیرەکانی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە خاطیرەیەک بەدڵی پێغەمبەرەکەدا هاتبێت باشە ئێمە نێردراوی خواین خوای گەورە وەعدی سەرکەوتنی پێداوین ئێستا چۆن بەم شێوازە مۆڵەت بەم کافرانە دراوە تا ئەم سنورە بێ ڕێزی و بێ ئەدەبی بکەن بەرامبەر بە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و بەرامبەر بە ئایینەکەی خوا.

{وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا} یاخود کذبوا هەردوو قیرائەتەکەی صەحیحە، وا گومانیان برد کە تەواو ئەو سەرکەوتنەی کەخوا وەعدی پێدابون نەهاتە جێ، هەندێ لە زانایانی تەفسیر دەفەرمون ئەو ظن ە ئەتباعی ئەنبیاء بو یاخود قەومەکانیان بێباوەڕان بون، شوێنکەوتەی پێغەمبەران گومانی ئەوەیان برد کە تەواو خوای گەورە پێغەمبەرەکەی سەرناخات و موسڵمانان سەرناخات ئەوە کافر سەرکەوتن، یاخود تەفسیری دووەمیان وظنوا کافرەکان قەومە خراپەکان گومانی ئەوەیان کرد کە خوای گەورە وازی لە پێغەمبەرەکەی هێناوە واتە سەری ناخات و

پشتی ناگرێت وە ئەوان بە کەیفی خۆیان چیان بوێت دەیکەن کە گەیشتە ئەو حاڵەتە شدەت و نارەحەتیە.

{جَاءَهُمْ نَصْرُنَا} خوای گەورە دەفەرموێت سەرخستنی ئیمەتان بۆهات، لە ئەوپەری حاڵەتی پێداویستی و موحتاجیان بۆ نەصری خوا، خوای گەورە زۆر بە صەبرە، دیقەت بدەنێ ئیبراهیم -ﷺ- لە چ کاتێکدا سەرکەوتنی خوای بۆهات؟ لەوکاتەدا بۆی هات کە هەڕەشەیان لێکرد کە بیسوتێنن؟

نەخێر، ئەی لەوکاتەی کە ویستیان بیخەنە ناو مەنجەنیقەکە یەکسەر خوای گەورە مەنجەنیقەکەی شکاند؟

نەخێر، بە مەنجەنیقەکەوە فڕێیاندایە ناو ئاگرەکەش کە گەیشتە ناوەڕاستی ئاگر ئەوکاتە خوای گەورە دەفەرموێت {قُلْنَا يَانَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ (٦٩)} [الأنبياء: ٦٩] ئەی ئاگر ساردبیتەوە بەڵام ساردیەک نا زەرەری لێبدەیت ئێستا لەبەر سەرما لەناوی ببەیت وسلاما ساردیەک کە سەلامەتیبێت بۆ ئیبراهیم، ئەی ئاگر ئیبراهیم نەسوتێنیت، لەکوێ سەرکەوتنی خوا هات؟ لەحاڵەتیکدا کە ئێمەی مرۆڤ هەموو دەڵێین کۆتایی پێهات ئەوە لەبەرچاومان ئیبراهیم فرێدرایە ناو ئاگرەوە،نەخێر لەوکاتەدا هات، ئەمە ئەوەمان فێردەکات کە بێئومێد نەبین لەرەحمی خوا هەرگیز توشی بێئومێدی نەبیت وانەزانیت کەخوای پەروەردگار پشتیوانیت ناکات کە ڕوبکەیتەخواو کە لەگەڵ خوابیت کام حاڵەت و زروفەی کەتیایدایت لەهەموو حاڵەتێک نارەحەتترەو قورسترە لەوکاتەش بێئومێد مەبە؛ چونکە هەمیشە سەرکەوتنی خوا لەوحاڵەتانەدا دێت، قەولێک هەیە دەڵێت یا أزمة أشتد تنفرج ئەزمەو نارەحەتی تا تەواو تەواو قورس نەبێت لاناچێت، بۆیە کاتێک کە بینیت ئەزمەکە نارەحەتیەکە لەوپەڕی قورسیدایە کە خەڵکانێکی ئیمان لاواز بێئومێد دەبن لەرەحمی خوا تۆ دەبێت لەوکاتەدا نوری ڕەحمەتی خوا ببینیت وەکو

ئیمانداریک دڵت گەشبێت و گەشبین بیت کەئیللا سەرکەوتنی خوا دێت، وەلە بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشو علیهم الصلاه والسلام بەئاشکرا دیارە.

{فَنُجِّيَ مَنْ نَشَاءُ} یاخود لە ئەصلدا ننجي من نشاء کە سەرکەوتنی خوا هات ئەوەی کەخوا ویستی سەرییخات سەریخست و ڕزگاری کرد،ئەوەش کەخوای گەورە ویستی لەناوی بەرێت ئەوە {وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ} ﴿١١٠﴾ کەس عەذابی خوا لەسەر گەلێکی موجریم و خراپەکار ناتوانێت لابدات، ئێستا ئەمە قاعیدەیەکی قورئانیە بائێمە لەگەڵی بژین، قەومێک کە موجریم و خراپەکاربن کەس ناتوانێت سزاو عەزابی خوایان لەسەر لابدات،ئەگەر هەزار سیاسەت مەدارو هەزار دەوڵەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی ئەو قەومە لە عەزابی خوا ڕزگار بکەن بەخوا ناتوانن، بۆیە والله زۆرجار کەبیر لەحاڵی ئەهلی عێراق دەکەمەوە، عێراق بەگشتی قەومێکی تێدایە الا من رحم الله خەڵکێکی زۆری شەریک بۆ خوا دادەنێت هانا بۆ غەیری خوا دەبات ئیعتیقادیان یا بە یەکێک لە آل البیت ە یا یەکێک لە اولیاء ە هیچی فەرقی نیە هەموی عیبادەتی غەیری خوایە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ئەم عێراقە نارەحەتیەکی بۆ بێت پێش ئەوەی هانا بۆ خوا بەرێت بۆ یەکێکی تری دەبات ئەوە هەر لەناوەڕاستەوە بۆ خوارەوە، لەناوەڕاستیشەوە بۆ سەرەوە هانا بۆ پیاو چاکان دەبرێت،وە پشت لە شەریعەت و دینی خوا دەکرێت، شوێن سوننەت ناکەون،نیفاق زۆرە لەناو ئەهلی عێراقدا،بۆیە سبحان الله ساڵ دوای ساڵ زیاتر بأس و عەذاب و نیقمەتی خوا دادەبەزێت بەسەریدا نەجاتی نابێت ئەم وڵاتە، لەبەڵایەک ڕزگاری دەبێت توشی بەڵایەکی تر دەبێت،لەفیتنەیەک دەردەچێت توشی فیتنەیەکی تر دەبێت، لەسەرکردەیەک ڕزگاریان دەبێت سەرکردەیەکی خراپتر دێت بەسەریدا، بۆ؟

{وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ} ﴿١١٠﴾ جەریمەت زۆر بوە،لەسەر
ئەوەی کەناوی عومەرە بە درێل سەروقاچ و پشت و سکی کون دەکات،
لەسەرئەوەی کەتۆزێ ڕیشی هەیە، لەسەر ئەوەی کەهاتوچۆی مزگەوت دەکات،
لەسەر ئەوەی کە شوێن سوننەتی پێغەمبەر دەکەوێت -ﷺ- یەعنی انواع و ئەشکال
جریمەت لەم ولاتەی ئێمەدا دەکرێت، بۆیە هەرچی بکرێت لەم ولاتە بێ
حیکمەت نیە کاتێک کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- دوعای کرد خوای گەورە بەرەکەت
بخەیتە مەدینەوە بەرەکەت بخەیتە شامەوە بەرەکەت بخەیتە یەمەنەوە وتیان ئەی
عیراقیش ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەی بۆ دوعا بۆ عێراق ناکەیت دەیزانی عێراق
چۆنە -ﷺ- فەرمووی زلازل و فیتنەو مشاکل و ئاژاوە هەموی ئالەو عێراقەوە سەر
هەڵدەدات، ئەوەش کە دەیبینن واقعەکە چۆنە، دەوڵەمەندترین وڵاتە لە حەقیقەتدا،
وڵاتێکین لەسەر نەوت دەژین بەڵام ئەوەش حاڵی میللەتەکەیەتی {وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا
عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ} ﴿١١٠﴾بۆیە مرۆڤ پێویستە لە بڕیارەکانی خواو لە
قانونەکانی خوا حاڵی بێت، ململانێ لەگەڵ قانونی خوا نەکەین، کاتێک وەزعمان
چاک دەبێت کە میللەت واز لە جەریمەت بێنێت، ئەمما بە جەریمەتەوە بێگومان
خەڵک چاک نابێت، وە وەزعیان باش نابێت، کەواتە زانیمان خوای پەروەردگار
ئەگەر کەسێک لەگەڵ خوابێت خوای گەورە فەرمووی:

{جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَنْ نَشَاءُ} سەرکەوتنی ئێمەیان بۆدێت و ڕزگاریان
دەبێت، لەگەڵ خوابیت خوا سەرت دەخات ڕزگارت دەکات، لەگەڵ خوای
پەروەردگار نەبیت ئەوە کەس ناتوانێت عەزابی خوا ڕەت بکاتەوە، یوسف -ﷺ-
لەگەڵ خوابوو، یعقوب -ﷺ- لەگەڵ خوابوو بەڕاستی خوای گەورە هەموو
میحنەت و نارەحەتییەکانی بۆ گۆڕین بە مینحەت و سەرفرازی و بەپلەی بەرز
لەدونیاو لەدواڕۆژ، هەمووی بۆ گۆڕین بەچاکتر، نارەحەتیەکت توش دەبێت بەڵام

ئەو ناڕەحەتیە دەبێتە ئەوپەڕی ڕەحمەت بۆت کە لەگەڵ خوابیت، ئەی ئەگەر لەگەڵ خوا نەبیت؟ گەورەترین مەنصەب و پلەو دەسەڵات و خۆشی دنیات بدرێتێ لێت دەبێت بە نیقمەت نیعمەتت لێ دەکات بە نیقمەت خوای گەورە، بەڵام لەگەڵ خوابە ئەگەر توشی نیقمەتیش بیت خوای گەورە بۆت دەسوڕێنێت بە نیعمەت {قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٦)} [آل عمران: ٢٦، ٢٧] هەموو شتێک بەدەست خوایە بۆیە مرۆڤی عاقڵ هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابێت لەگەڵ خوابێت، لەدونیادا مرۆڤ دەتوانێ فێڵ لە قانون و یاسا بکات بەڵام فێڵ لەخواناکرێت، واللە هەریەکێ لەئێمە نیەتی خۆی پاک پاک وە صاف صاف نەکاتەوە لەگەڵ خوا زۆر ترسناکە چاوەڕێی غەزەبی خوابکات، بەڵام کە لەگەڵ خوا ڕاست و پاک و چاک بویت مەترسە خوات لەگەڵبێت کەس ناتوانێت زەرەرت پێ بگەیەنێت بە ئیزنی خوا.

لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾

{لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ} کۆتا ئایەتی سورەتەکەمانە، ئەم سورەتە موبارەکە هەر هەموی چیرۆکێک بوو بەسەرهاتێکی واقعی و ڕاستەقینەبوو هی یوسف -ﷺ- لەگەڵ باوکی و براکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: بەڕاستی لەم بەسەرهاتی یوسف و براکانی و باوکیدا عیبرەت هەیە،پەندو دەرس و ئامۆژگاری هەیە، عیبرەت لە ئیعتیبارو لە عبورەوە هاتوە عبور واتە پەڕینەوە، واتە تۆ کەسەیری واقعی یوسف و براکانی و باوکی دەکەیت لەوەوە دەپەڕیتەوە بۆسەر

واقعی ژیانی خۆت، عیبرەت ئەوەیە کەتۆ پەند لەوشتە وەربگریت کە واقعە بۆشتێک کەجارێ واقع نیە یا بۆ شتێکی تر کەدەتەوێ حقیقەتەکەی بزانی و حوکمەکەی بزانیت، ئێستا چۆن بزانین عیبرەتی چی تێدایە!

هەرکاتێک کەهەستت بەنەفست کرد کە حەسودی تیادایە بەرامبەر برایەکی موسڵمانت ئەم چیرۆکە بێنەوە پێش چاوی خۆت،براکانی یوسف حەسودیان بەیوسف برد توانیان حەسادەتەکەیان بشارنەوە بەدرۆو بەفێڵ بەتلبیس،توانیان چەواشەکاری بکەن،توانیان بڵێن گورگ خواردی،بەڵام عاقیبەتەکەی ئیللا کەشف بوو کە ئەوان کەسێکی حەسودبوون ویستیان ئەو نیعمەتەی خوا بەیوسفی بەخشیوە پێی نەبەخشێت وە لێی بسەننەوە بەڵام بۆمان دەرکەوت خوای گەورە نیعمەتەکەی هەر پێبەخشی و بەرزی کردەوەو ئەوانیش چۆن دەرچون دوای عومرێکی دووروودرێژ شەرمەزاریان بۆمایەوە،ئەی باوکە داوای لێبوردنمان بۆ بکە لەخوا ئەی یوسف تۆ پیاوێکی باشیت و لێبوردەیت بەرامبەرمان ئەم هەموو عومرەتان بەو رێگە چەوتە هەڵەیەدابرد عاقیبەتەکەش چیبوو! بۆیە دەرسی تیادایە وەکەتۆ دەزانیت حەسودیت پێدەبرێت بامەوقیفت وەک مەوقیفی یوسف بێت فەرمووی {فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ} [١٨] هەمیشە مرۆڤ صەبر بگرێت لەسەر ئەزیەتدانی کەسانی حەسودبۆی پشت بەخوابەستێ لەگەڵ خوابە خوای گەورە دەتپارێزێ و سەرت دەخات،وە ئەوەشت بۆ دەکات بەخێرو بەرەکەت إن شاء الله، عیبرەتی زۆری تێدایە هەروەکو ئێستا باسی دەکەین إن شاء الله بەڵام بۆچی فەرمووی {لِأُولِي الْأَلْبَابِ} ؟

لأصحاب العقول دەرس و عیبرەتی تێدایە بەسەرهاتی یوسف و براکانی وەتێکرای بەسەرهاتەکانی تێکرای پێغەمبەرانیش علیهم الصلاة والسلام بۆکەسانێک کەخاوەنی عەقلبن، مرۆڤی عاقڵ پەندو ئامۆژگاری لێوەردەگرێت،

بەڵام کەسێ عاقڵ نەبێت دەڵێت بەخوا چیرۆکێکی خۆشبوو نایەت عیبرەی لێوەرگرێت وتمان عیبرەت ئەوەیە لەو واقیعەوە بپەڕێیتەوە بۆ واقعی ژیانی خۆت قیاسی بکەیت، ئەها براکانی یوسف نیەتیان خراپەبوو وهەوڵیشیان دا بەڵام سەرکەوتو نەبون دوایی خەجاڵەتی و پەشیمانیان بۆ مایەوە، ئەها یوسف ویسترا خراپەی لەگەڵ بکرێت خواپاراستی، وە انواع و اشکال دەرسی تری تێدایە بۆ کەسێک کەعەقڵی هەبێت خوای گەورە دەفەرموێت:

{مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ} ئەم چیرۆکەی کەباس کرا وەنەبێ ئەفسانەیەکبێت هەڵبەسترابێت، ئەفسانەش یا سیناریۆیەک ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین بۆنمونە من دابنیشم قەڵەم و کاغەزێک بگرمە دەست دەمەوێ ئێستا سیناریۆیەک دروست بکەم ئەفسانەیەک دابنێم بەسەرهاتێک لەخۆمەوە دروستی بکەم دوایی بکرێ بەفلیمێک بکرێت بە تەمسیلیەک نواندنی لەسەربکرێت و ئای کەشتێکی موهیم و خۆشە!

بەس ئەمە لە ئەصلدا نیە لە ئەرزی واقعدا نیە هەرخۆم هاتم ئاوام دارشت و فڵانەکەس ئاوابوو ئەوەندە ئازابوو کە شمشێرێکی دەوەشان بیست کەس ئاوا دەمردوو کەخۆی هەڵدەدا سەد مەتر بەرزدەبۆوەو!ئەمانە هیچ نیە واقع نیە ئەمە، ئەم چیرۆکانەی کەلەقورئاندایە واقعە خوای گەورە دەفەرموێت:

{مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ} وەنەبێ ئەم چیرۆکەی کەباسمانکرد ئای چیرۆکێکی خۆشبوو ئەرێ کێ ئەم چیرۆکەی نوسیوەتەوە نوسینەوەی چی! واقعی ژیانی عائیلەیەک بوو دوایی گەورەبوو واقعەکە بوە عائیلەی بۆ ژیانی وڵاتێک کە وڵاتی مصرە وەبۆ وڵاتانی دەوروبەری، خوای گەورە ژیانی پێغەمبەرێکی خۆی بۆ تۆمارکردین و بۆی نقل کردین هەر لەمناڵیەوە کەحەسودی پێبرا تاوەکو گەیشتە

لوتکەی دەسەڵات لەمصر وەتاوەکو دوعا ئەکات خوای گەورە بەئاخیر خێری و بە موسڵمانی بیگەڕێنێتەوە لای خوا ئەمە واقعێکە.

{وَلَٰكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ} وە هەروەها ئەم قورئانە کە باسی ئەم چیرۆکەو تێکڕای بەسەرهاتەکانی تریش هیچی درۆو هەڵبەستراو نیە لەلایەن خواوە هاتووە بەڕاست دانەری پەیامەکانی خوای پێش ئەم قورئانەیە هەر حەقێک لەتەورات و لەئینجیل و لە زەبور داهاتبێت قورئان تصدیقی دەکات، هەر شتێکی باش کە بگونجێ بۆ مرۆڤایەتی تاکۆتایی ئەوە قورئان تصدیقی دەکاو بەڕاستی دادەنێ و دەیهێڵێتەوە.

{وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ} ئەم قورئانە وردەکاری سەبارەت بەهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی تێدایە،واتە قورئان بکەینە بەرنامەی ژیانمان پێویستمان بەهیچ شتێکی تر نابێت ابدا، کاکە چۆن دەبێت ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین ئەم سەردەمە سەردەمی ئەوەنیەتۆبلێی بەقورئان ئیش دەکەم شتی وا چۆن دەبێت! یوسف -ﷺ- بەشەرعی خوا توانی ئیدارەی وڵات بکات یاننا؟

کێ هات مصریش و وڵاتانی دەوروبەری مصریشی ڕزگارکرد؟ بەئیدارەو بەڕێوەبردنی کێ بوو؟

بە ئیدارەو بەڕێوەبردنی پێغەمبەرێکی خوابوو یوسف بوو -ﷺ- بنو اسرائیل پێغەمبەران سەرکردەو دەسەڵاتداریان بوو، واتە چۆن پێغەمبەران و پیاوچاکان و عولەماو ئەهلی دین دەتوانن وڵات بەڕێوە ببەن؟

یوسف چۆن بەڕێوەی برد باشترین بەڕێوەبردن بەڕێوەی برد؛ چونکە دینەکەی خواو پەیامەکەی خوا .

{وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ} تفصیلی هەموو شتێکی تێدایە، شتێک نیە لەژیانی مرۆڤدا بۆ بەرنامەی ژیانی پێویست بێت و لەقورئان و حەدیسدا نەیەت، ئیللا

ئیشارەو ئاماژەی پێکراوە، یا بە تەفصیلی یا بە ئاماژەکردن و بەکورتی و بەپوختی {وَهُدًى} ئەم قورئانە هیدایەتە ڕێنمایی خەڵک دەکات بۆسەر ڕێگای ڕاست،بۆسەر ڕێگای خوا،بۆسەر ڕێگای سەرفرازی و بەختەوەری لەدونیاو لەقیامەت.

{وَرَحْمَةً} قورئان ڕەحمەتە بەڵام بۆ کێ ؟

{لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} ﴿١١١﴾ قەومێک کە ئیمانی پێ بێنن دەبێت بەڕەحمەت بۆیان قورئان دەبێتە ڕەحمەت ژیانت خۆشدەکات، ئەی کە ئیمانی پێ نەهێنێت نابێتە ڕەحمەت بۆی چۆن ببێت، ئێستا بابڵێین ئەمە عیلاجێکە زۆر بەسودە کاکە بۆ کەسێک کە بیخواتەوە، تۆبڵێی من نایخۆمەوە کوا کاکە من نەمبینی تا ئێستا ئەم دەرمانە سود بەمن بگەیەنێت باش پرسیارێک:خواردوتەتەوە؟

نا ناشیخۆمەوە!

ئەی چۆن کەنەیخۆیتەوە ببێت بەشیفا بۆت پێمانبڵێ، واتە کە ئێمە شوێن قورئان و حەدیس نەکەوین چۆن ئەو قورئان و حەدیسە ببێت بە هیدایەت بۆمان و بۆژیانمان، ئەوەی کەدەیبینین ئەمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری داوای ئەوەدەکات حوکم با بەحوکمی خوا نەبێت با حوکم حوکمی گەلبێت و نازانم حوکمی چی بێت و دوایش دێت هەرچی گلەیی و نەهامەتیەکبێت ئیسلام واو ئیسلام وا، ئێ خۆ تۆ بەقورئان و حەدیس ئیشت کردوە ئەو هەموو نەهامەتی و دەردەسەریەت بەسەر گەل و میللەتەکەتدا هێناوە، ئەگەر بەقورئان و حەدیس ئیش بکەیت بەڕاستی تۆشوێنکەوتەی یوسف دەبیت -ﷺ- یوسف چۆن وڵاتەکەی لەقەیرانی لایەنی ئابوری ڕزگارکرد؟

چۆن توانی وڵات بەڕێوە بەرێت؟

کەواتە قورئان ڕەحمەتە هیدایەتە تفصیلە، وردەکاری هەموو شتێکی تێدایە،بەرنامەی ژیانە ئەگەر دەستی پێوەبگرین، بەڵام ئایا دەستی پێوەدەگرین؟ کەم کەس هەیە ئەگینا بەرنامەیەکی دەستکردی مرۆڤی بەلاوە باشترە لە بەرنامەکەی خوای گەورە، بەهەرحاڵ {لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ} لەم چیرۆک و بەسەرهاتەدا عیبرەتی زۆری تێدابوو هەندێ لەعیبرەتەکان وهەندێ لەپەندوو ئامۆژگاریەکان بیهێنمەوە یادی خۆم و ئێوەی بەڕێزیش چی سودێکمان لەو سورەتە بینی و کردمان:

١. تێگەیشتین کە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بەتایبەت یوسف -ﷺ- خاوەنی صەبرو دان بەخۆگریەکی زۆر بوو وە لەبەرامبەر ناڕەحەتیەکان دەیفەرموو {صَبْرٌ جَمِيلٌ} ، صەبری دەگرت، صەبرێک کە شەکوای تیادا نەبوو بۆ خەڵک، وەناڕەزایی بونی تیادا نەبوو بۆ خالق.

٢. تێگەیشتین کە یوسف -ﷺ- وەهەروەها یعقوبیش لەناڕەخەتیەکانی ژیانیاندا استعانەیان بەخوا دەکرد {وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ} پشت بەخوا دەبەستین، کەسێکیش پشت بەخوای گەورە ببەستێت خوای گەورە پشتی بەرنادات.

٣. تێگەیشتین لەکاتێکدا کە نەفس و شەیطان دەیەوێت لە زەللەت بەرێت یوسف -ﷺ- فەرمووی {مَعَاذَ اللَّهِ} پەنای بەخوای پەروەردگار گرت بۆیە خوای گەورە پەنای دا.

٤. تێگەیشتین کەهۆکاری ڕزگارکردنی یوسف لەوەی کە توشی بەفاحیشەو زینابێت {كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ} (٢٤) بەهۆی اخلاصەکەیەوە خوای گەورە پاراستی، ئیخلاصی هەبوو خوای گەورە هەڵیبژاردوو دوایش پاراستی.

٥. تێگەیشتین کە کەسانێک کە بەهرەیان هەیە لەبوارێکدا پێشکەوتوو سەرکەوتووبن ئەوە لەلایەن نزیکەکانی خۆیانەوە حەسودیان پێ دەبرێت، وە زۆرجاریش حەسودەکان وەنەبێ لەولاتێکی تربن یان دوژمنت بن بەڵکو لەناو خێزانی خۆتدا لەوەیە هەبێت، لەنزیکترین کەستەوە هەبێت هەروەک چۆن بینیمان براکانی یوسف حەسودیان بەیوسف برد.

٦. تێگەیشتین کە شەیطان هەر لەهەوڵی ئەوەدا نیە کەسە دورەکان لێک دورتر خاتەوە بەڵگو لەهەوڵی ئەوەدایە کەسەنزیکەکانیش کەبرای یەکترن بیانکات بە دوژمنی یەکتر پەنا بەخوای پەروەردگار.

٧. تێگەیشتین کە نیعمەتەکانی خوای گەورە کەبەسەرتەوەیە پێویست ناکات لای هەموو کەس باسی بکەیت؛ چونکە چاوپیسی و حسادەت زۆرە بۆیە یعقوب -ﷺ- بە یوسفی کوڕی فەرموو {لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ} ئەو خەوەی خۆت نەگێڕیتەوە بۆ براکانت ئەگینا پلان و نەخشەیەکی خراپت بۆ دادەنێن ئەی کوڕەکەم، لای براکانیشت باسی مەکە، تۆ بەدڵێکی صافەوە شتەباشەکانی خۆت، انجازاتەکانی خۆت لەوەیە باس بکەیت بەڵام نازانیت بەرامبەرەکەت لەوەیە دڵ نەخۆش بێت، بەزیوو دۆڕاوبێت،ناتوانی وەکو تۆ بکات ناچار حەسودیت پێ دەبات و دژایەتیت دەکات.

٨. تێگەیشتین پێویستە باوک عدل و دادپەروەربێت لەنێوان کوڕەکانی؛ چونکە کە مناڵەکان هەست بکەن باوکیان کەسێکی تریانی لەوان خۆشتر دەوێت ئەوە ئاگر لەوماڵە بەردەدات، بەینی براکان تێک دەدات، کاتێک کە ئەوان هەستیان کرد یوسف -ﷺ- یوسف خۆشەویستترە لەوان لای باوکیان بزانە چیان کرد بەرامبەر بە یوسف و بەرامبەر بە باوکیشیان.

٩. تێگەیشتین کە ڕق و قینەی مرۆڤی حەسود کۆتایی نایەت ئیللا بەدوو شت نەبێت، یا بەمردنی تۆ لەپێش چاوی لاچیت و نەمێنیت، یان بەدوورکەوتنەوەت نەتبینێت، ئەوەتا وتیان {اقْتُلُوا يُوسُفَ} ئەوە مردنەکەیەتی {أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا} یان نەفی بکەن لەشوێنێ فڕێی بەن کە نەیبینینەوە، کەواتە بزانە حەسود ئیسراحەت ناکات وازیش لەدوژمنایەتی تۆ ناهێنیت ئیللا لەو دووحاڵەتەدا نەبێت، یان بمریت بکوژرێیت یان دورخرێیتەوە لەبەرچاوی نەمێنیت ئەگینا هەزار محاوەلە بکرێت بۆ نەمانی دوژمنایەتی و نەهێشتنی ڕق و قینەو دروستبونەوەی برایەتی سودی نیە ابدا بۆیە مرۆڤ پەنا بەخوا بگرێت لەشەڕی حەسود؛ چونکە حاسد زۆر خەتەرە، هەرچی دوژمنایەتیەک هەیە مەجالی چاکبونەوەو اصلاحی تیادایە، جاروا‌هەیە دوو بنەماڵە دە کەسیان لەیەکتر کوشتوە دوایش دادەنیشن و صوڵح دەکەن و دەست لەملی یەکتر دەکەن بەڵام لەگەڵ حەسود شتی وانیە، حاسد ئیسراحەت ناکات تاتۆ لەژیاندابیت.

١٠. تێگەیشتین کە هەمیشە مرۆڤی حەسود شەیطان فێڵی لێدەکات و ئیشەکەی بۆ دەڕازێنێتەوە بەبیانویەکی مقبول و معقول، وتیان یوسف بکوژن یان دوری بخەنەوە {يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ} (٩) ئەوکاتە باوکتان هەر ڕوو لەئێوە دەکات وهەر ئێوەی خۆشدەوێت دەبنە قەومێکی صالحیش بزانە لەڕوانگەی دینیشەوە بۆی دێت شەیطان، وەرە شەیطان وات لێبکات براکەت بکوژی و دواتریش خەمت نەبێ تەوبە دەکەیت و دەبنە قەومێکی صالح جا ئەمە تەوبەی پێش وەختی پێ دەڵێن جارێ تاوانەکەت نەکردوە شەیطان پێت دەڵێ بڕۆ تاوانەکە بکە دوایی تەوبە دەکەیت و دەبیتە پیاوێکی باشی چاک، ئەمە تەوبەیەکی فاشلە هیچ نیە بۆیە مرۆڤ ئەبێت وریابێت پەنا بەخوای پەروەردگار.

١١. تێگەیشتین کە بێئومێدی لەدڵمان دەرکەین و فڕێی بدەین بەرامبەر بەخوای پەروەردگار گومانمان باشبێت دائما، وابزانن کەخوا لەگەڵمان دەبێ و بەهانامانەوە دێت و فریامان دەکەوێت؛ چونکە ئەوەی بە یوسف کرا واش خوای پەروەردگار هەر نەجاتی داو ڕزگاری کرد و سەربەرزی کرد کەواتە تاکە شتێک کە پێویستە لەسەر ئێمە ئەوەیە کەلەگەڵ خوابین بەڕاستی ئیتر هەقت نەبێ، فڕێ بدرێیتە بیرێکەوە فڕێ بدرێیتە دۆڵێکەوە، فڕێبدرێیتە ناو ئاگرێکەوە، خوای گەورە خۆی ڕزگارت دەکات {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا} [الحج: ٣٨] چیت بەرامبەر بکرێت خەمت نەبێت خوا لەگەڵتە خوا قەویە والله اکبر لەهەموو یەکێک بەهێزترو گەورەترە خوای گەورە، کەواتە بێئومێدی فڕێدە لەجیاتی خەفەت خواردن و بێئومێد بون و مەراق خواردن پشت بەخوا ببەستە ودوعا بکەو لەخوا بپاڕێرەوە داوای یارمەتی لەخوا بکە چۆن یوسفی ڕزگار کرد ڕزگارت دەکات.

١٢. تێگەیشتین لەدوای ناڕەحەتی خۆشی دێت، لەدوای گرانی ساڵێک هات کەخۆشی و فەراحی و دەرگای خێری لێکردنەوە خوای گەورە، لەدوای دورکەوتنەوەی کوڕو باوک لەیەکتر دوای ناڕەحەتی فرج هات و بەیەکتر شادبونەوەو بەیەکتر گەیشتنەوە، لەدوای فڕێدرانە زیندان و ناڕەحەتی ئازادکردن و پلەبەرزبونەوەی بەدواداهات، کەواتە مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ خوابێت دڵنیابە هەر ناڕەحەتیەک بێت لەدوایدا خۆشی و ڕەحمەتی خوای گەورە فریات دەکەوێت.

١) تێگەیشتین کە کاتێک براکانی یوسف چونە لای باوکیان {أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ} ئەمانە کوڕانی پێغەمبەرن واش بۆ گاڵتەو یاری دەچن،کەواتە موشکیلەنیە مرۆڤ یاری بکات، سفرەبکات،خۆشیەک ببینێت، بەڵام بەحەلاڵی بێت، خوای گەورە پێغەمبەری خوا -ﷺ- یعقوب یوسفیشی ئیزندا کە یوسف ئەو

یوسفەیە، ئیزنی دا بچێت بۆ یاری بۆ سەفرە،کەواتە نەشتێکی عەیبەو نەشتێکی بێ شەرعیشە کەمرۆڤ یاری بکات کەیف و سەفایەک بکات کەشەرعی بێت و حەرام نەبێت.

٢) تێگەیشتین کە صەبر گرتن تاڵە نارەحەتە بەڵام عاقیبەتەکەی زۆر شیرینە، ئەو صەبرەی کە یعقوب و یوسف گرتیان ساڵانێک زۆر ناخۆش بوو بەڵام عاقیبەتەکەی زۆر شیرین و خۆش بوو.

٣) تێگەیشتین کەهەرکەسێ پشت بەخوا ببەستێ خوا لەپشتیەتی وەهەرکەسێک سیقەو متمانەی بەخوابێت خوای گەورە لەجێگای گومانە باشەکەی دەبێت، وەهەرکەسێک گوێڕایەڵی خوا بکات خوای گەورە خۆی پشتیوانی لێدەکات، بۆیە {فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا} یعقوب -ﷺ- صەبرێکی جوانی گرت و ئومێدێکی زۆری بەخوا هەبوو وتی بەشکو خوای گەورە هەرسێ کوڕەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە، کەواتە هەمیشە حسني ظن بەخوای گەورەو پشت بەستن بەخوای پەروەردگار.

٤) تێگەیشتین کەجیابونەوە زۆر قورسە، کاتێک کە یوسف لە باوکی دابڕا باوکی ئەوەندە گریا تاوەکو هەردوو چاوەکانی لەدەستدا، کەواتە لێک جیابونەوەی خزمان و دۆستان زۆر قورسە بەڵام بەیەک گەیشتنەوەشیان زۆر شیرین و خۆشە، کاتێک کە تەنها کراسەکەی یوسفی بۆهات خوای گەورە چاوەکانی پێ بەخشیەوە،بەیەک گەیشتن چ لەزەتێکی خۆشی تێدایە.

٥) تێگەیشتین کە مرۆڤ هەرچەندە پلەو مەقامێکی بەرزیشی هەبێت بەهی خۆتی نەزانیت هەموی بەفەضلی خوای پەروەردگارە، وەهەروەها هەرچەندە لەدینەکەت یان لەدونیاکەت بەرزبیتەوە هێشتا هەر موحتاجی خوای گەورەیت، بینیمان چۆن یوسف -ﷺ- دوای ڕۆیشتنی هەموو ناخۆشیەکان و دەست کەوتنی

خۆشیەکان وە شادبونەوەی بە باوک و براکانی ئەوپەڕی ئیحتیاجی و فەقیری بۆ خوای گەورە دەردەبڕێت {أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ} خوایە تۆ خاوەنی منیت تۆسەرخەری منیت لەدونیاو لە ئاخیرەت.

٦) تێگەیشتین کە مرۆڤ هەرچەندە ژیانێکی خۆشی دونیایی هەبێت ئاخیرەتی لە بیر نەکات؛ چونکە ئاخیرەت خێرترە باشترەو چاکترە، وەهەروەها هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابین دوعای حسني ختام بکەین خوای گەورە ئاخیرمان خێر بکات، بەوەنەخەڵەتیین ئەوەی ئەمڕۆ من و تۆی لەسەرین، هەمیشە ترسی ئاخیر شەڕیمان هەبێت، ترسی ئەوەمانبێت لاڕێ بین، پێغەمبەری خوا -ﷺ- دەفەرموێت کە فیتن دێت بەیانی لەخەو هەستاویت موسڵمانیت ئێوارەدێت کافرەو لەدین هەڵگەڕاوەتەوە واتە زۆری نەویست وەنەبێ ساڵێکە کابرا وردە دوور کەوتەوە،بەیەک ڕۆژ، جار واهەیە ئێوارە تۆ موسڵمانیت تابەیانی لەدینی خوا هەڵگەڕاویتەتەوە،کەواتە مرۆڤ لاوازە، یوسف ئەو یوسفەبوو لەوهەموو ئیمتیحانە سەرکەوت واش لەخوای گەورە دەپاڕێتەوە {تَوَفَّنِي مُسْلِمًا} خوایە بەموسڵمانێتی بمانمرێنیت.

٧) تێگەیشتین کە هیدایەتدانی خەڵک بەدەست ئێمە نیە ئەوەکوڕانی یعقوب هیدایەتیان بەدەست باوکیان نەبوو کوڕانی یعقوب پێغەمبەرن لەگەڵ ئەوەشدا چیان کرد کەواتە کاتێک کە دەبینیت کوڕی پاوچاکێک کوڕی ماموستایەک کوڕی ئیماندارێک یان کچی وەکو پێویست نیە تۆ بۆت نیە گلەیی بکەیت و عەیبەی کوڕ بخەیتە سەر باوک، کەباوک هەوڵی خۆی دابێت کوڕە خۆی باش نەبێت چی دەکەیت،کوڕی نوح پێغەمبەر کافر بوو،ژنی لوط و ژنی نوح کافربوون، باوکی ابراهیم پێغەمبەر کافربوو، مامی محمد رسولی خوا -ﷺ-

کافره {وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى} [الأنعام: ١٦٤] بۆیه ئێمه باخەڵک تاوانبار نەکەین بەتاوانی کەسێکی تر.

٨) تێگەیشتین کە پەروەردەکردن به چیرۆک و بەسەرهاتی پێغەمبەران و پیاوچاکانی پێشو زۆر گرنگه کاریگەری زیاتره لەتەنها قسەیەکی نظري، کەژیانی پێغەمبەران و پیاوچاکانی ڕابردوو باس بکەیت ئەوکاته زیاتر ئیمان لەدڵەکاندا دەچەسپێت.

٩) تێگەیشتین کەهەرکەسێک خۆی یەکلابکاتەوە بۆخوای پەروەردگار ئەوە خوای پەروەردگار ئەوەندە لطیف و بەسۆزو بەزەیی دەبێت لەگەڵی جۆرەها هۆکاری بۆ ڕێک دەخات بۆ ئەوەی ئەوکەسه بپارێزێ و سەرببخات،یوسف -ﷺ- زوڵمی لێکراو فڕێدرایه ناو بیرێکەوە کێ وای کرد که ئەو قافڵەیەی بەوێدادێن موحتاجی ئاوبن بچن لەوبیره ئاو دەربێنن بۆیی یوسف دەربێنن؟خوا، ئەی کێ وایکردعەزیزی مصر گەورەی مصر ئەو کۆیلەیه بکڕێت که یوسفه؟ الله، خوای گەوره وایکرد کەبچێته ناو عایلەیەکی بەرزەوە،نەچێته شوێنێکی نەناسراوو ون بێت -ﷺ- کێ وایکرد که عەزیزی مصر پێویستی بەمناڵ بێت و یوسف وەکو مناڵی خۆی تەماشا بکات؟ الله،کێ وایکرد که زەوی مصر حەوت ساڵ گرانی بەسەرردابێت وەپادشا خەوێکی ئاواببینێت لێکدانەوەی خەوەکەی لای کەس نەبێت یوسف نەبێت؟ الله،کێ وای کرد که گرانی بگاته کەنعان و شامیش براکانی یوسف موحتاجی ئەوەبکات بێن له مصر خۆراک بکڕن؟ الله، بزانه خوای گەوره چی ڕێکخست بۆ یوسف،کەواته {وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (٢)} [الطلاق: ٢، ٣] ئەوەی لەسەر ئێمەیه تەقوای خوا بکەین، تەقوای خوا بکه خوای گەوره دەرگای وات بۆ دەکاتەوە، هەلی وات بۆ دەڕەخسێنێت کەسانی وات بۆ ژێربار دەکات که خزمەتت بکەن بەخۆشت نازانی،بەس ئەوەی گرنگه تۆ

لەگەڵ خوای گەورەبیت، بزانە ئەم کۆمەڵە شتە بیری لێبکەرەوە،باشە عجبا ئەو قافڵەیە ئەبێت ئیللا بەلای ئەوبیرەدابێن و لەوێ ئاو دەربێنن؟ باشە بۆ عەزیزی میصر کوڕی نەبوو؟باشە بۆ پادشا ئەو خەوەی بینی؟ باشە بۆ لێک دانەوەکی ئیللا لای یوسف بوو واتە کۆمەلی هۆکار خوای گەورە ڕێکی خست بۆ بەرزکردنەوەی یوسف چونکە یوسف لەگەڵ خوابوو -ﷺ-.

١٠) تێگەیشتین کە بەقسەی نەفس و هەوای خۆمان بکەین دەستمان دەچێتە کوشتنی براکەشمان،کاتێک کەبراکانی یوسف کەوتنە شوێن وەسوەسەی شەیطانی و هەوای نەفسی خۆیان هەوڵی کوشتنی براکەیان دا کەواتە ئەو نەفسە کەشوێنی بکەویت بەهیلاکت دەبات،بەڵام کەخۆتی لێبپارێزیت و پەنا بەخوابگری و بەقسەی نەکەیت ڕزگارت دەبێت.

١١) تێگەیشتین کە دونیا هەرچەندێک بێت لەبەرامبەر نیعمەتی خوادا هیچ نیە،لەبەرامبەر ڕەزابونی خوا هیچ نیە، وەلەبەرامبەر خۆشیەکانی دوارۆژو قیامەت هیچ نیە، مرۆڤ لە قیمەی دەسەڵات و خۆشیدا نەخوای لەیادبچێت نەدوارۆژیش نەبەدونیاش بخەڵەتێت.

١٢) تێگەیشتین کە ڕزگاربوون صەبری سەعاتێکە، تیاچون صەبری سەعاتێکە،چەند گەنج بۆی ئەڕەخسێت زینا بکات،کەزینا دەکەیت نیو سەعات لەشەهوەتی نەفسی خۆتدادەبیت بەڵام قوڕبەسەرت بوو کۆتایت پێهات ئیللا مەگەر خوا ڕەحمت پێبکات ئەگینا تاوانێکت کرد لە موبیقات ە،موبیقات واتە مهلیکات تیادادەچیت، بەهۆی زیناوە تیادا دەچیت،پێغەمبەری خوا لەو حەدیسە درێژەدا کەهاتوە کە بردیان نیشانیاندا کەتەنورێک پڕبوو لە ژن و پیاوی ڕووت کە ئەوەندە بڵێسەی ئاگرەکە گەورەبوو کەبەرزی دەکردنەوە،فەرمووی وتم ئەوان کێن،وتیان ئەوانە زیناکارەکانن ئەو ژنو پیاوانەی کەزینا دەکەن دەی عاقیبەتی زینا

ئەوویە، بۆ شەهوەتی سەعاتێک بزانە خۆت توشی کوێ دەکەیت،بەڵام دان بەخۆداگرتنی سەعاتێک بزانە چۆن خوای پەروەردگار ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا دەڕێژێت،ئەمانە کۆمەڵێک لەپەندو ئامۆگاری بوو لەسورەتی یوسف کەواللە دەیان و سەدان سودی تری تێدایە.

١٣) تێگەیشتین کە بەرزبونەوەی یوسف بەئیمانەکەی بوو، بەتەقواکەی بوو، بەصەبرەکەی بوو، ئەوە وایکرد کە خوای پەروەردگار ئەو ڕێزە زۆرەی لێبنێت -ﷺ-.

١٤) تێگەیشتین لەڕەوشت بەرزی و جوانیە کەلەکاتی دەسەڵاتتدا لێبوردەبیت، یوسف -ﷺ- لەکاتی قیممەی دەسەڵاتیدا لەبراکانی خۆشبوو،براکانی چی نەما بەرامبەری نەکەن،بەڵام یوسف لێیان خۆشبوو -ﷺ- {لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ} هەر سەرزەنشتیشتان ناکەم خوای گەورە لێتان خۆشبێت،کەواتە مرۆڤی موسڵمان بیر لەوەنەکاتەوە دەسەڵات بگرێتە دەست بۆ تصفیە کردنی حساباتی خۆی،بەس ڕۆژێ دەسەڵاتم هەبێت بزانە چی لەو دەکەم و چی لەم دەکەم و چۆن دەکەم، ئەمە بیرکردنەوەیەکی سەقەتە،کاتێک کەدەسەڵاتت هەیە لێبوردەبە بەڕەحم بە عەفوکردنت هەبێت.

١٥) تێگەیشتین مرۆڤ کەلەسجنیشدابێت لەخوا دوورناکەوێتەوە وەلەدەعوەش وازناهێنێت، یوسف -ﷺ- سجنەکەی خەلوەبووبۆی وەئەوپەڕی حوریەت و ئازادیە لەسجنێکبیت و لەخوا نزیک بیت،نەک لە قەصرێکدابیت و لەشەهوەت و ڕابواردن و شەیطان نزیک بیت،لەناو سجن دەعوەی دەکرد، کەواتە سنوری ئەو شوێنەی کەتۆ دەعوەی تیادادەکەیت تەنها مزگەوت نیە،لەمزگەوت دەعوەو بانگەوازی دەکرێت بۆلای خوا، لەماڵ دەکرێت،لەبازاڕ دەکرێت، لەسجن دەکرێت، لەدائیرە دەکرێت،کەسێک کەلەگەڵ خوابێت هەمیشە هەموو

هەل و فرصەتەکان دەقۆزێتەوە بۆخزمەت کردنی دینی خوا وەبۆدەعوەکردن بۆلای خوای پەروەردگار.

١٦) تێگەیشتین کە یوسف دەعوەی کرد بۆلای توحید بۆلای خوا بۆلای خۆی نا {أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ} (٣٩) .

١٧) تێگەیشتین کە بەرامبەرەکەت هەرچەندە ظلمت لێبکات تۆ نابێت ظالم بیت تۆ هەقی خۆی پێبدەیت و انصافت هەبێت.

١٨) تێگەیشتین {وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ} [٥٧] دونیا هەرچەندە هەمانبێت لەچاو ئاخیرەت هیچ نیە، لەچاو بەهەشت هیچ نیە، لەچاو ڕەزابونی خوا هیچ نیە، بۆیە ئێمە لەنێوان دووشت داین،ئایا هەڵپەو هەوڵی دەست خستنی دونیا بدەین، دونیایەکی بێ قیمەت و براوە، یان هەوڵی ڕەزابونی خواو بەهەشتەکەی بدەین کەنەبڕاوەیەو خێرترین شتە، دونیا هەردەڕواو هەمومان دەمرین و ئەم دونیایە جێدێڵین،لەخۆشیدابیت هەرجێی دێڵیت،لەناخۆشیدابیت هەرجێی دێڵیت هیچی تاسەر نابێت، بەڵام ئەوەی تاسەردەبێت ئەوەیە کەتۆ لەگەڵ خوابیت خوای گەورە دەتخاتە نیعمەتێکی هەتاهەتایی،کەلەگەڵ خواش نەبیت خوای گەورە دەتخاتە جەهەنەمێکی هەتا هەتایی.

**وصلی الله علی نبینا محمد و آله وصحبه اجمعین**

**تەفسیری سورەتی یوسف**

**لەلایەن**

**بەڕێز: دکتۆر عبداللطیف احمد مصطفی**